# مستەفا پاشا یامولکی

## پۆرترێتی خەباتکارێکی کورد

مەجید سالّح

# مستەفا پاشا یامولکی

## پۆرترێتی خەباتکارێکی کورد

ناوی کتێب: مستەفا پاشا یامولکی، پۆرترێتی خەباتکارێکی کورد
نووسینی: مەجیدساڵح

کتێبی مێژوویی

دیزاین: جەلیل حسێن
تایپ و هەڵەچنی: سویبە عوسمان
دیزاینی بەرگ: ئەحمەد خۆشنوس - ئەحمەد سەعید
زنجیرەی (١٣)
تیراژ: ١٠٠٠
نرخ: ٥ هەزار دینار
چاپی یەکەم: سلێمانی ٢٠١٧
چاپخانەی شڤان
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (١٩٥٩)ی ساڵی ٢٠١٦ پێدراوە.

پێشکەشە بە  مامۆستا گیوی موکریانی کە ساڵی ١٩٥٦ نوسیبووی: «ئەگەر بمێنێم، شان و شکۆ و تەواوی ئاکاری مستەفا پاشا یامولکی لە ناو مێژوو و لە ناو ناودارانی کورددا بە چەشنێکی تەواوتر و بڕێك ڕێکوپێکتر دەخەمە بەر چاوی هەموو لایەکەوە».

بە هیوام بەم کارەم هەندێ لە خەونەکەیم بەدی هێنابێت.

## پێشەکی

لە نێو ئەو کەسانەی کە لە سلێمانیەوە دەرکەوتوون و دواتر لە دەوڵەتی عوسمانییدا پێگە و پلە و پایەیان گەیشتە ئاستێکی زۆر باڵا، مستەفا پاشا یامولکی، ناوێکی دیارە و لە ماوەی ژیانی سەربازی، دیپلۆماسی و رۆژنامەوانی و کۆمەڵایەتییدا، هەمیشە جێ پەنجەی بە سەر رووداوەکانی سەردەمی خۆیەوە دیار بووە.

وێستگەکانی ژیانی مستەفا پاشا یامولکی، پڕن لە کار و خەبات و سەرکەوتن و بڕینی پلە و پۆستەکان بەبێ بەربەست. منداڵێک لە شارێکی پەراوێزکەوتەی ئیمپراتۆرییەتێکی پان و بەرینی وەک عوسمانی بە مەبەستی خوێندن رێگەی بەغدا دەگرێتەبەر، دواتر لە ئەستەمبووڵ سەرهەڵدەدات. لە ماوەیەکی کەمدا دەبێتە ئەفسەرێکی سەرکەوتوو، پاشان دەبێتە دیپلۆماتێکی چالاک، دوایی دەکرێتە فەرماندەی سەربازی و سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن تۆمار دەکات، دوایین ئەرکیش کە لە دەوڵەتی عوسمانیدا پێی دەسپێردرێت، سەرۆکی دادگای عورفیی تایبەت بە مەحکەمەکردنی تاوانبارانی جەنگ بوو، بێ ترس و دوودڵی فەرمانی لە سێدارەدان بۆ (مستەفا کەمال ئەتاتورک) کە ئەو دەمە ئەستێرەی بەختی لە هەڵکشاندا بوو، دەردەکات.

دوای کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهانی، ئەو دەمەی هەموو ئەفسەرە غەیرە تورکەکان بڕیار دەدەن دەستبەرداری دەوڵەتی عوسمانی ببن و بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان و خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەیان بکەن، (مستەفا پاشا یامولکی)یش کە دەبینێ (کوردستان لە مەوقیعێک و زەمانێکی نازکدایە)، بە (ئومێدێکی عالییەوە) بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ (وەطنی کوردان)؛ لەو رۆژەوەی پێی دەخاتە سەر خاکی سلێمانی (کوردایەتی و خزمەت کردنی خاندانی موحتەرمی حەضرەتی حوکمداری کوردستان) دەکاتە بەرنامەی خۆی و لە رێگەی دامەزراندنی (جەمعییەتی کوردستان) و دەرکردنی (غەزەتەیەکی حوڕڕی وەک بانگی کوردستان) و گرتنە ئەستۆی (وەزارەتی مەعاریف)ەوە، بە (قەول و فیعل) کار بۆ (ئیعلانی مەوجوودییەت)ی کورد و کوردستان و گواستنەوەی کوردەواری لە دۆخی (بەدەوی)یەوە بۆ ژیانی (مەدەنی)، دەکات.

ئەو بەدرێژایی دە ساڵ زیاتر وەک کاراکتەرێکی سەرەکی نێو رووداوەکانی کوردستانی

جنوبی ڕۆڵ دەبینێت و کاتێکیش لە کۆمەڵگاکەی و ئینگلیز و سەرکردەکانی کورد بێ ئومید دەبێ، بەبێ دەنگی کونجی قەناعەت ناگرێ بەڵکو تا ئەو ڕۆژەی دڵی لە لێدان دەکەوێت، بەگوفتار و بەکردار و بەنوسین، کار بۆ سەربەخۆیی کوردستانەکەی دەکات بەڵام ئەفسوس بەو داخەوە (دەمرێت و بەختیاری وەطەن)ەکەی نابینێ، ئەو بە غەمگینی و دور لە کوردستان سەری نایەوە، لەسەر وەسییەتی خۆی لەسەر گۆڕەکەی دەنووسن:

ئەترسم ئەی وەتەن بمرم، نەبینم بەختیاریی تۆ

بنووسن با لەسەر قەبرم، وەتەن غەمگین و من غەمگین

مستەفا پاشا یامولکی یەکێک بووە لە مونەووەرە گەورەکانی سەردەمی خۆی، جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی تورکی، عەرەبی، فارسی، فەرەنسی و رووسیی زانیوە. خاوەنی چەندین پرۆژەی گرنگی نەتەوەیی بوو بۆ کوردستان، لە ژیانی خۆیدا هەندێکیانی هێنایەدی وەک دامەزراندنی جەمعییەتی کوردستان و دەرکردنی رۆژنامەی بانگی کوردستان، بەڵام پرۆژە ستراتیژییەکەی کە بەرپاکردنی شۆڕشێکی سەرتاسەری بوو دژ بە کەمالییەکان، نەهاتەدی.

مستەفا پاشا لە زۆربەی وتار و کردارەکانیدا باوەڕی بە مۆدێرنیزە کردنی کۆمەڵگای کوردی بوو، کاری زۆری لەو پێناوەدا کرد و رەنجی زۆریشی کێشا، ئەو باوەڕی وابوو بۆ ئەوەی کوردەواری بچێتە ریزی گەلانی پێشکەوتوو، پێویستی بە عیلم و سەنعەت هەیە و ئینگلیزەکان دەتوانن لەو پێناوەدا هاوکاری بکەن، هەر بۆیە بە دۆستێکی راستەقینەی ئینگلیزەکان لە قەڵەم دەدرا، هەرچەندە مستەفا پاشا کەسێکی قسەڕەق و توند بوو، هەرچەندە خاوەن نفوزێکی گەورەی کۆمەڵایەتی و خێڵەکی و ئاینی نەبوو، هەرچەندە کاریزمایەکی شەخسی دیاریش نەبوو، بەڵام مێژووی ژیانی پڕە لەو کارانەی کە کاریگەرییان بەسەر رووداوەکانەوە بەجێهێشتوە. لە هیچ یەک لەو بەڵگەنامە و نووسراوانەی کە لە لایەن دۆست و دوژمنەکانییەوە لە سەری نووسراون، ئاماژەیەک شک نابرێ بۆ لاوازی کەسایەتی و دڵسۆز نەبوونی بۆ گەل و نەتەوەکەی، هەموویان بە ڕێزەوە ستایشی دەکەن.

دەسپێکی نووسینی ئەم کتێبە زۆر قورس بوو، چونکە هەموو ئەوانەی لە سەردەمی ئەودا ژیابوون و بەجۆرێک لە جۆرەکان کاریان لە گەڵیدا کردبوو، بە دێرێکیش بوبێت قسەیان لەسەری کردبوو. جگە لەوە لە ئەرشیفی ئینگلیز و تورکەکاندا بەڵگەنامەیەکی زۆر

لەسەر مستەفا پاشا هەبوو، کۆکردنەوە و دەست ڕاگەیشتن بەو سەرچاوە و زانیارییانە کاری زۆری دەویست، بەڵام هاوکاری کۆمەڵێک خەڵکی دڵسۆز و خەمخۆر وای کرد کارکردنم لەسەر کتێبەکە ئاسانتر بێت و توانیم بەشی زۆری ئەو سەرچاوە و زانیاری و بەڵگانەی کە پەیوەندیدارن بە مستەفا پاشا کۆبکەمەوە بۆ ئەوەی کتێبەکە ببێتە مەرجەعێک بۆ ئەوانەی لە داهاتوودا لەسەر ئەم کەسایەتییە گەورەیەی کورد دەنووسن.

ئەم هەوڵەم بۆ ناساندنی کەسایەتی و بەرهەمەکانی پاشا غەمگینەکەی کوردستان، ئەگەر هەیبێ نرخ و فەڕێک، پێشکەش بە ڕۆحی نەمری (نەمروود)ەکەی سلێمانی بێت.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی زۆری خۆم ئاراستەی بەڕێز دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا بکەم کە پێداچونەوەی مێژووی بۆ کتێبەکە کرد و سوپاس وپێزانینی خۆمیش بۆ مامۆستا سدیق ساڵح دەربڕم کە جگە لەوەی هاندەری زۆرم بوو بۆ تەواوکردنی ئەم کتێبە، لە هەمانکاتدا ئەرکی پێداچوونەوەی زمانەوانی و ساغکردنەوەی دیکۆمێنت و وینەکانی گرتە ئەستۆ. لە ئەرشیفە دەوڵەمەندەکەی (بنەکەی ژین)یش چەندین وێنەی دەگمەنی بۆ کتێبەکە زیاد کرد.

هەروەها دەبێ سوپاسی بەڕێزان زریان ڕۆژهەڵاتی و سەردار عبدولحەمید محەمەد بکەم کە هاوکاری زۆریان کردم لە وەرگێڕانی بەڵگەنامە تورکییەکاندا.

نابێ هاوکارییەکانی جەمیلە یامولکی و سەلاح یامولکی نادیدە بگرم کە لە زۆر ڕووەوە بە پەرۆشەوە هاوکارم بوون لەم کارەمدا.

مەجید ساڵح

# بەشی یەکەم

# لە گەڕەکی (سابوونکەران)ogo

# بۆ کۆشکی یڵدز

## ڕەچەڵەک

ڕەچەڵەکی بنەماڵەی یامولکی، دەگەڕێتەوە بۆ حەیدەر ئاغا لە عشیرەتی بڵباس، لە ناو بڵباسیشدا لە تیرەی (کابائیزی، کە لە ساڵی ١٦٩٨ی زاینیدا هاتوونەتە ناوچەی سیوەیل. لە عەشیرەتی جوانڕۆ کچێکی هێناوە بەناوی (گوڵچین). پیاوانی ئازا و جەربەزەی لە دەور کۆبووەتەوە و لە هەرلایەک شەڕ و ناکۆکی و گیروگرفت ڕووی دابێت، ئازایەتیی خۆی نواندووە و لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکاندا سەرکەتوو بووە. دوو کوڕی بووە، مستەفا ئاغا و ڕۆستەم خانی جوانڕۆ. وەک دەگێڕنەوە (حەیدەر ئاغا) شەویک خەو بە پێغەمبەرەوە دەبینێ، هەر بەو بۆنەیەوە یەکەم کوڕی ناو ناوە مستەفا دواتر ئەم کوڕەی ناردوەتە حوجرە و بووەتە مەلا.

مستەفا ئاغا باری کردوە بۆ خورماڵ و لەگەڵ جافەکاندا دۆستایەتیی هەبووە، لە تیرەی سەدانی جاف کچی «حەسەن خان»ی هێناوە. تەنیا کوڕێکی دەبێ بەناوی باوکی ناوی ناوە حەیدەر.

حەیدەر دوای مردنی باوکی لەسەر خواستی دایکی چووەتە بیارە و جێنشین بووە و کچی مەلا عەزیز لە عەشیرەتی سەدانی جاف خزمی دایکی دەهێنێ. لەو ژنەی دوو منداڵی دەبێ عەلی و مەنیجە.

عەلی کوڕێکی بووە، ناوی ناوە مستەفا. مستەفاش بووە بە مەلا. لە بیارە خەریکی مەلایەتی بووە و ناوبانگی زیرەکی و بلیمەتیی لەو ناوەدا بڵاوبووەتەوە. مستەفا لەگەڵ (مەلەک)ی کچی سەردار محەمەد سەرۆکی هەورامان هاوسەرگیری کردووە. لەبەر زیرەکی و ئازایەتی پێیان وتووە (یامولکی). مەلەک ژنێکی ئازا و سوارچاک و نیشانەشکێن بووە، لە مەجلیسی پیاواندا، لە ڕاو و شکارا بەشداری کردووە.

مستەفا و یامولکی، خاڵوزا و پورزای یەکبوون. کوڕێکیان بووە، ناویان ناوە عەزیز. ساڵی ١٨٢١ بۆ ماوەیەک هاتوونەتە ناوچەی رانیە و نیشتەجێ بوون. مستەفا لە رانیە وەفاتی کردووە. یامولکی، عەزیزی کوڕی هاتوون بۆ سلێمانی، عەزیز بە ناوی یامولکی دایکییەوە ناوبانگی دەرکردووە، هەر لەبەر ئەوەش ئەم بنەماڵەیە بە (یامولکی) ناویان رۆیشتووە. عەزیز یامولکی دوای تەواوکردنی پلەکانی خوێندنی ئاینی، بووتە مەلا، لە ژیانیدا پێنج ژنی هێناوە، بەڵام تەنها لە (پیرۆز) منداڵی بووە، مستەفا پاشا و عەبدولقادر. (سایتی بنەماڵەی یامولکی.)

## سەردەمی منداڵی

مستەفا پاشا ساڵی ١٨٦٦ لە گەڕەکی (سابوونکەران)ی شاری سلێمانی لە دایک بووە. دواتر وەک هەموو منداڵەکانی سەردەمی خۆی، لە لایەن دایکیەوە لە (مزگەوتی سەید حەسەن) لای مەلا فەتاح و عیرفان ئەفەندی کە زانای بەناوبانگی ئەو سەردەمەی سلێمانی بوون، خراوەتە بەر خوێندنی ئاینی.

«دوای ساڵێک خوێندن لە سلێمانی، ئەمجا نێردراوەتە بەغدا پۆلەکانی تری روشدییەی عەسکەری تەواو دەکات، بڕوانامەی ئەو قۆناغەی خوێندنیشی لە ١٨٧٩/٦/١٣ وەرگرتووە خراوەتە ئیعدادیەی عەسکەری بەغدا». (عەبدولعەزیز، ل١١٠)

(زۆربەی سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە لە روشدیەی عەسکەری سلێمانی خوێندویەتی، گەر بەراوردی ساڵی لە دایک بوونی و ساڵی کردنەوەی ئەو قوتابخانەیە بکەین کە ١٨٩٣ بووە، تەمەنی ئەو کاتەی مستەفا پاشا دەکاتە ٢٧ ساڵ، بۆیە رێی تێ ناچێ لەو تەمەنەدا لە روشدییەی سلێمانی خوێندبێتی و لەوە دەچێ روشدیەی بەغداد بێت).

«بۆ تەواو کردنی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی سەربازی دەچێتە شاری بەغدا، لە ئیمتحاندا لە کۆی (٢٨٥) نمرە (٢٨٠) وەردەگرێت. تەمەنی ١٤ ساڵان بوە عەزیزی باوکی ساڵی ١٨٧٨ کۆچی دوایی دەکات». (عەبدولعەزیز یامولکی، ل ١١٠-١١١)

مستەفا پاشا دوای تەواوکردنی خوێندن لە بەغدا، بۆ ماوەیەک گەڕاوەتەوە سلێمانی.

## چوون بۆ ئەستەمبووڵ

لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەمدا، بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن، سلێمانی بەجێ هێشتووە روویکردووەتە ئەستەمبووڵ. ١٣ی ئابی ١٨٨٢ چووەتە ریزی سوپای

عوسمانی و سەرەتا وەک پیادەیەک ناونووس کراوە، بەڵام دواتر لە ١٨٨٥/٧/٢١ کۆلیژی حەربییەی بە پلەی نایاب تەواو کردووە و لە کۆی (١٥٠) نمرە، (١٤٦) نمرەی وەرگرتووە و بووە بە مولازمی دووەم لە لەشکری پیادەی ئەرکانی حەربی. لە ١٨٨٦/٦/٢٨دا پلەکەی بەرز بووەتەوە بۆ مولازمی یەکەم.

مستەفا پاشا هێشتا قوتابی بووە لە قوتابخانەی ئەرکانی حەرب، ٢٥ی ئابی ١٨٨٦ (صەفییە)ی کچی (حسێن پاشای خەندان)ی مارە کردووە. ١٨٨٨/٦/٣ کاتێک خوێندنی تەواو کردووە، ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی لە ئەسکەلەی (صلاجق)ی ئۆسکۆدار ساز کردووە. صەفییە هەرچەندە تەنها خوێندنی سەرەتایی تەواو کردبوو، بەڵام ژنێکی ژیر و وریا بووە.

دوای تەواوکردنی کولێژی ئەرکانی سەربازی، بووەتە ئەفسەری ڕوکن لە وەزارەتی جەنگی عوسمانیدا. نزیکەی ساڵێک لە دائیرەی ئەرکانی گشتی جەنگدا دەوامی کردووە. لە ١٨٨٩/١١/١١ پلەکەی بەرز بووتەوە بۆ صاغ (رائید) دوایی لەبەر ئەوەی (زەفەر خانم)ی خەسوی ویستویەتی بچێ بۆ حەج، ئەمیش لەبەر خاتری ئەو وەزیفەکەی گواستوەتەوە بۆ فیرقەی ئەرکانی جەنگ لە حیجاز و لەسەر چیای (ئەبو قوبەیس)ی مەککەدا بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک لە حیجاز وەک بەرپرسی حساباتی بنیادنانی باڵەخانە سەربازییەکان ماوەتەوە. لەو کاتەی کە لە حیجاز بووە، سەرپەرشتی تێکشکاندنی ئەو گرووپە جیایخوازانەی کردووە کە لە ناوچەی عەقەبە بە پشتیوانی ئینگلیزەکان راپەڕیوون. بە هۆی ئەو سەرکەوتنەوە، لە ١٨٩٢/١٠/١١دا پلەکەی بەرز دەکرێتەوە بۆ بینباشی (موقەدەم) و گوێزراوەتەوە بۆ مەرکەزی شەشەمین ئۆردوی هومایۆنی ئەرکانی حەرب لە بەغدا.

ئەو کاتەی لە حیجاز بوون، ٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٨٩٠ (عەبدولعەزیز) لە دایک بووە.

### سەردەمی دیپلۆماتی

١٨٩٢/٦/١٦ مستەفا پاشا دەگوازرێتەوە بۆ سیلکی دیپلۆماسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری (سەڵماس) و (خۆی) دەبێتە کونسوڵی عوسمانی.

لە ١٥ی شەعبانی ١٣١٠ - ٤ ئاداری ١٨٩٣دا کچی یەکەمی مستەفا پاشا (زهرا زەڕین تاج) لە دایک بووە. ١٦ دیسەمبەری ساڵی ١٨٩٤ پلەکەی بەرز بووتەوە بۆ سەرکونسوڵ، پاشان گوێزراوەتەوە بۆ شاری سنەی پایتەختی ئەمارەتی کوردستان. عەبدولعەزیز دەڵێ:

«لە سنە لە مەنتیەقەی ئەمانییە ئیقامەتمان کرد، لە نزیک ئەمانییە گردێکی بەرزی جوان هەبوو، ئێمە لەسەر لوتکەی گردەکە بووین، لە ناوەڕاستی گردەکە ئیقامەتگاهی حاکمی ویلایەت هەبوو، حاکمەکە ناوی (حسام ئەلمولک) بوو، کوڕەکەی ناوی ئیحتشام ئەلدەولە بوو، کچی شای ئێران موزەفەرەدین (قەمەر ئەلسەڵتەنە) ژنی بوو، دەرەجەی ئەمیر تومانی پێدرابوو». (ماموستای کورد، ژ ٢٧، ل ٥١)

کاتێک لە سنە بوون، هەرایەکی مەزهەبی لەنێوان خەڵکی سوننە مەزهەبی سنە و حکوومەت سەریهەڵداوە، زۆر لە گەورە پیاوانی شارەکە کوژراون و خەڵک دەورەی سەرای حکوومەتی داوە. (حیسامول مولک) و کوڕەکەی (ئیحتشامول دەولە) و (قەمەر ئەلسەڵتەنە) ی ژنی، پەنایان بردووەتە بەر مستەفا پاشا، ئەویش بە هۆی ئەو ناوبانگەیەوە کە لە ناو خەڵکدا هەیبوە، هەراکە دادەمرکێنێتەوە، کچەکەی شای ئێران رزگار دەکات و پاشان لە تاران تەسلیمی بنەماڵەکەی کردووەتەوە. بەو هۆیەوە شای ئێران میدالیای دەرەجە دووی شێر و خورشیدی ئێرانی پێ دەبەخشێ. سوڵتانی عوسمانیش لەبەر سەرکەوتنەکانی لە کاری دیپلۆماسیدا، میدالیای (مەجیدی سێیەم)ی پێ داوە.

لە سنە لە ٢٤ تشرینی یەکەمی ١٨٩٥ (ئەنجوم یامولکی) کچی دووەمی مستەفا پاشا لە دایک بوو.

هەمان رۆژ فەرمانی گواستنەوەی بۆ کونسوڵخانەی موستەحکەمی شاری قارس لە قەفقاسیای سەر بە رووسیا دەردەچێ. دوای نزیکەی سێ ساڵ لە کاری دیپلۆماسی، ساڵی ١٨٩٨ دەستی لە پۆستەکەی کێشاوەتەوە و لەسەر خواستی خۆی جاریکی دیکە گەڕاوەتەوە بۆ ریزەکانی سوپا.

**گەڕانەوە بۆ سوپا**

کاتێک گەڕاوەتەوە بۆ ریزەکانی سوپا، دەکرێت بە قائیمقامی رەئیسی ئەرکانی حەربی ئۆردوی شەشەم لە بەغدا. لە گەڕەکی مەیدان بە تەنیشت ماڵی والی بەغداد، نامیق پاشا (١٨٣١-١٩١٧)، خانوویەک دەکرێت و ماڵەکەی دەگوازێتەوە بۆ ئەوێ. مستەفا پاشا پێش ئەوەی بچێت بۆ بەغدا، بە مەبەستی بردنی منداڵەکانی، لە ساڵی ١٨٩٨ دوای چەندین ساڵ دوور کەوتنەوە بۆ یەکەم جار لە تەورێزەوە هاتووەتەوە بۆ سلێمانی.

ئەو کاتەی لە بەغدا بووە، کە (عەبدولوەهاب ئەفەندی) دەفتەرداری ویلایەتی بەغدا مووچەی

خانەنشینی ئەو شارەی نەداوە، خانەنشینەکان هاتوون بۆ لای مستەفا پاشا و سکاڵای حاڵی خۆیان دەکەن. عەبدولعەزیزی کوڕی بەم شێوەیە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە: «لەو سەردەمەدا مووچەی عەسکەری و موڵکی بە مانگ دوا ئەکەوت، ڕۆژێک چەند عائیلەیەکی موتەقاعیدین موراجعەتیان بە باوکم کرد و پێیان ڕاگەیاند کە مەعاشی چەند مانگیان وەرنەگرتووە. ئەویش جوابی نارد بۆ دەفتەرداری ویلایەت (عەبدولوەهاب ئەفەندی) کە بەشێک لەو مەعاشەی کە کۆبووەتەوە بیدات و یارمەتی ئەو زوڵم لێکراوانە بدات، ڕجای لێ کردبوو کە یارمەتیان بدات، بەڵام دەفتەردار لە جیاتی یارمەتی هەموویانی داوەتەبەر جوێن و قسەی زۆر ناشیرین و بێ ئەدەبانەی پێ وتبوون. چونکە ئەو عەبدولوەهاب ئەفەندییە بۆ سودی خۆی پارەی کۆ ئەکردەوە، باوکم کە ئەمەی بیست زۆری پێ ناخۆش بوو، تەواو بێ تاقەت بوو. ڕۆژێک لە ڕێگا توشی دەفتەردار دەبێ، باوکم شەڕی پێ ئەفرۆشێ و ئەڵێ تۆ بە کەرە سپییەکەت خۆت لێ داوم. لەسەر کەرەکە دایئەبەزێنێ و تێروپڕی لێ ئەدا، دوایی سواری کەرەکەی ئەکاتەوە. ئەم واقیعەیە هەموو خەڵکی بەغدا ئەزانێت، عائیلەی موتەقاعیدەکان هەموویان هاتن بۆ ماڵەوە، زۆر سوپاسی باوکمیان کرد.. لەم ڕووداوەدا موشیر ئەحمەد فەیضی پاشا لایەنی باوکمی گرت، بەینی عەسکەرییە و موڵکییە تێکچوو، هەندێ لە سەربازانی مەدفەعییە تاڵانی بازاڕیان کرد.. ئینجا دەفتەردار لە ترسا دەستی کرد بە دانی مەعاشی ئەوانەی کە مەعاشیان دواکەوتبوو.» (مامۆستای کورد ژ ٢٧، ل٥٤)

لەسەر ئەم ڕووداوە، لە ئەستەمبووڵەوە هەیئەتێکی لێکۆڵینەوە کە لە سێ پاشا پێکهاتبوو دێن بۆ بەغدا، دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بەسەر دەفتەرداردا شکاوەتەوە و لە کارەکەی دوور خراوەتەوە.

مستەفا پاشا لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٢ بە بیانوی ئەوەی هەوای بەغدای پێ ناکەوێ، داوای گواستنەوەی کردووە. لەسەر داوای خۆی بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی جەنگی فیرقەی سیواس گوێزاوەتەوە.

ساڵانی ١٩٠٣-١٩٠٤ پلەکەی بۆ میرئاڵا بەرز کراوەتەوە، کانوونی یەکەمی ١٩٠٥ ئیرادەی سوڵتانی بۆ پێکهێنانی دەستەی لێکۆڵینەوەی سنووری ئێران و عوسمانی، بە سەرۆکایەتی واحید پاشا دەرچووە، مستەفا پاشا بووە بە ئەندامی ئەو دەستەیە و بۆ ئاشتەوایی تیرە ناکۆکەکان سەردانی بەسرە و سلێمانی کردووە. هەر ئەو ساڵە لە ناوچەی لاچین سەرپەرشتی شاندی عوسمانی کردووە و تا سەردەمی مەشرووتە بەردەوام بووە.

٢٢ی شوباتی ١٩٠٨ گەڕاوەتەوە ئەستەمبووڵ و کراوە بە قۆماندانی لیوای نیزامیی بیستویەکەم لە ئۆردووی شەشەمی سوپای عوسمانی.

مستەفا پاشا ١٩٠٨/٣/٧ بوو بە قۆماندانی لیوای نیزامیە لە شەشەمین ئۆردوی نیزامی لە بەغداد. ساڵی ١٩١٠ کراوە بە قۆماندانی فیرقەی نیزامی لە ئازەربایجان.

**عەبدولعەزیزی کوڕی لە مردن رزگاری دەکات:**

٢٧ی نیسانی ١٩٠٩ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٤٢/٩/٢١- ١٩١٨/٢/١٠) لە لایەن تورکە لاوەکانەوە لە تەخت هێنرایە خوارەوە و سوڵتان محەمەد رەشاد (١٨٤٤- ١٩١٨) لە جێگەی دانرا.

عەبدولعەزیزی کوڕی باسی کردووە کە لە سەروبەندی ئینقلابەکەدا ئەو قوتابی پۆلی سێیەم بووە لە کۆلیژی حەربیە، ئینقلابچییەکان داوایان لێ کردوون بچن لە ماڵان نانیان بۆ کۆبکەنەوە، دوای کۆکردنەوەی نان، لە کاتی گەڕانەوەیاندا بە تەنیشتی مەرکەزێکی پۆلیسدا تێپەڕیووە، بینیویە باوکی لە ژوورێکی مەرکەزەکەدا لەسەر کورسییەک دانراوە چەند پۆلیسێکیش دەوریان داوە و تفەنگیان ئاراستە کردووە. عەبدولعەزیز نووسیویە: «باوکم کە منی بەدی کرد، بە ئیشارەت بانگی کردم، منیش خۆم و ئەو سەربازانەی کە لە گەڵما بوون، چووینە ناو مەرکەزەکەوە، ئەوانەی کە دەوری باوکمیان دابوو کە منیان دی وتیان:

- گەورەم پاشایەکی ئیستبدادمان گرتووە لە تەدبیری ئەوەداین کە بیکوژین!

لێیان پرسیم:

- ئێوە ئەفسەرتان لەگەڵ نییە؟

منیش لە وەڵامدا وتم:

- برادەران، ئێوە بە هەڵەدا چوون، ئەمە پاشای ئیستبداد نییە.

داوای لێبوردنم لە باوکم کرد و دەرحاڵ لەسەر کورسیەکەی هەڵمساند، خستمە ژێر حیمایەی خۆمەوە، بە دەم گۆرانی وتنی (ئارناوورد) بردمەوە بۆ ماڵەوە. لە بەردەمی ماڵەکەماندا تۆپێک دانرابوو، قشڵەی ماجەقەی تۆپباران دەکرد. لەبەر ئەوە باوکمم بردە لای دایکم و خوشک و براکانم، کە خۆیان لەژێر زەمینەکەدا شاردبووەوە، پێم وت نەیەتە دەرەوە. باوکم لە وەڵامدا وتی:

- کوره، ئەگەر حکوومەت لەگەڵ ئەم حاڵەدا بەدەس ئەمانە بمێنێ، تف لە تۆ و تف لە حکوومەت.

دەستم کرد بە پێکەنین و بەجێم هێشت». (مامۆستای کورد، ژمارە ٢٧)

کە شەڕی تورک و ئیتالی ساڵی ١٩١١ هەڵگیرساوە، مستەفا پاشا کراوە بە فەرماندی فیرقەی پێنجەم بۆ بەهێزکردن و قایم کردنی (گەرووی دەردەنیل)، پاشان لە جەنگی (بەلقان)دا بەشداری کردووە و کراوە بە فەرماندەی فیرقەی (٢٧) لە شەڕەکانی (گالیبۆلی و بولایر) بەشداری کردووە.(مامۆستای کورد، ل ٢١)

ساڵی ١٩١٢ بووەتە فەرماندەی فیرقەی نیزامیەی بەیرووت و لەگەڵ ئەم فیرقەیەدا بەشداری جەنگی ئەدرنە بووە.

لە کاتی یەکەمین جەنگی جیهانیدا پەیوەندیی بە ئەنوەر پاشاوە کردووە و داوای کردووە بکرێتە کونسوڵی عوسمانی لە لوڕستان و لای تیرەکانی بەختیاری، بیانوەکەشی ئەوە بووە کە خۆی لە بنەڕەتدا لە تیرەی بەختیارییەکانە و دەتوانێ ئەو تیرەیە لە دژی رووسەکان کە لەو کاتەدا گەیشتبوونە ئەو ناوچەیە راپەڕێنێت. ئەنوەر پاشا ئەم داوایەی داوە بە خەلیل پاشا کە فەرماندەی سوپای عوسمانی بووە لە بەغدا، بەڵام خەلیل پاشا رازی نەبووە.

**ئاشنا بوون بە کوردایەتی:**

هەرچەندە مستەفا پاشا هەمیشە گیانی کوردایەتی و هەستی نەتەوەیی تێدا بووە، بەڵام ئەوەی وای کردووە ئەو هەستەی لا بەهێزتر بێت، سیاسەتی تورانچێتی تاقمی ئیتیحاد و تەرەقی بووە. ئەم کۆمەڵەیە سەرەتا وەک کۆمەڵەیەکی نهێنی ساڵی ١٤ی تەموزی ١٨٨٩ بە ناوی (ئیتیحادی عوسمانی)یەوە دەرکەوت. دامەزرێنەرەکانی کۆمەڵێک قوتابیی کۆلیژی پزیشکی بوون لە نەتەوە جیاجیاکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی؛ لەوانە ئیبراهیم تەمۆ، عەبدوڵڵا جەودەت (١٨٦٩-١٩٣٢)، ئیسحاق سکوتی لە نەتەوەی کورد و حسێن زادە عەلی. دواتر لەسەر دەستی بەهائەدین شاکر ساڵی ١٩٠٦ بوو بە رێکخراوێکی سیاسیی و بیری تورانچێتی بەسەر رێکخراوەکەدا زاڵ بوو، مونەووەرەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکە لێی تەکیانەوە و رێکخراوی تایبەت بە خۆیان دروست کرد، لە کاتی لاواز بوونی خەلافەتی عوسمانیدا، گروپە تورانچیەکەی ناو ئیتیحاد و تەرەقی لە ٢٤ی تەموزی ١٩٠٨

کودەتاییەکی سەربازیان ڕێکخست و بڕیاریاندا بە گەڕانەوەی سیستمی پەرلەمانی و کارکردن بە پرەنسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسی. دروشمی ئیتیحادییەکان بریتی بوو لە (حورییەت، عەدالەت، نخووەت).

«لە سەرەتادا ئەو کودەتایە راچەنینێکی توندی لە ژیانی گشتی عوسمانیەکاندا دروست کرد، مەسەلەکە تەنها بە رووداوە سیاسییەکان و عەزلکردنی سوڵتانەوە نەوەستا، ئیتیحادییەکان لە ڕێگەی رۆژنامەکانیانەوە هانی ئازاد بوونی مرۆڤەکانیان دەدا لەو کۆت و بەندانەی پێشتر تێدا بوون، دەرگای بوون بە ئەندام لە کۆمەڵەکان و کاری سیاسیی بە رووی خەڵکدا کرایەوە، ئەو کارانەی پێشتر مایەی ترس و تۆقاندن بوون بۆ رەعیەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی». (مجلة الأقلام ج١، ص ٣١.)

کارکردن بە دەستور ڕێگەی بۆ رۆشنبیر و سیاسەتمەدارە کوردەکان خۆشکرد بە شێوەیەکی نوێ بڕواننە دەوروبەری خۆیان، بە چاوی رەخنەوە سەیری دۆخی ژیانی کوردەواری بکەن. سالانی یەکەمی کودەتا بە هۆی نەبوونی سانسۆر و چاودێرییەوە، نوخبەی کوردی چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی کوردییان دامەزراند، وەک (جەمعییەتی تەعاون وتەرەقی کورد، جەمعیەتی هیڤی) و چەند رۆژنامەو گۆڤارێکیشیان دەرکرد؛ وەک (کوردستان ١٩٠٨-١٩٠٩ خولی دووەم) ، (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی ١٩٠٨-١٩٠٩)، (رۆژی کورد ١٩١٣)، (هەتاوی کورد ١٩١٣-١٩١٤)، (بانگی کورد ١٩١٤). رۆشنبیرانی ئەو سەردەمەی کورد، بە دڵێکی پڕ لە ئومێدەوە کاریان بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی دەکرد. «ئەوەی جێگای سەرنجە، هەمو ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەی لەم ماوەیەدا دەرچون، ناوی (کوردستان)، یان (کورد)یان پێوەیە، ئەوەش نیشانەی هەوڵدانە بۆ سەلماندنی ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کورد و جیاکردنەوەی لە نەتەوەکانی تری عوسمانی». (نەوشیروان مستەفا ک٢ ب١، ل٢١)

ئەم دۆخە زۆری نەخایاند، سەرانی ئیتیحاد و تەرەقی بە دوای بیانویەکدا دەگەڕان بۆ ئەوەی پێگەی خۆیان لە دەسەڵات بەهێز بکەن، ١٩٠٩/٤/٢٧، کوشتنی چەند سەربازێکی سەر بە ڕێکخراوی ئیتیحاد و تەرەقیان کردە بیانوو، پەلاماری (ئەستەمبووڵ)یاندا و داگیریان کرد و (سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم)یان لە تەخت داگرت و لە جێگەی ئەو (سوڵتان محەمەد رەشاد)یان دانا کە وەک بوکەڵەیەک وابوو بە دەستیانەوە.

دوابەدوای ئەوە ئەرکەکانی سوپای عوسمانیش گۆڕانی ریشەیی بەسەردا هات، سوپا کە

پێشتر بەشێک بوو لە دەوڵەت، لە سەردەمی ئەواندا بوو بە داردەستێک بۆ جێ بە جێ کردنی مەرام و خواستە تورانچێتییەکانیان. ساڵی ١٩١٢ یاخی بوونێک لەناو سوپادا لە دژی سیاسەتەکانیان سەریهەڵدا، بەڵام زۆری نەخایاند، لە ساڵی ١٩١٤ لە ڕێگەی (ئەنوەر پاشا و تەلعەت پاشا)وە ئەو یاخیبوونە کۆنترۆڵ کرا.

دوابەدوای کودەتاکە، سێ ڕەوتی دژ بە یەک لە ناو سوپای عوسمانیدا سەری هەڵدا:

یەکەم: لایەنگرانی عوسمانیەت: پێیان وابوو دەبێ دەوڵەت بە فرە نەتەوەیی و فرە ڕەگەزی بمێنێتەوە و جیاوازی نەکرێت لەنێوان گەلانی عوسمانییدا. (لەو سەردەمەدا، مستەفا پاشا خۆی لەناو ئەم ڕەوتەدا دەبینییەوە).

دووەم: لایەنگرانی پان ئیسلامیزم: ئیسلامیان بە بناغەی فەرمانڕەوایی دەزانی.

سێ: لایەنگرانی تورانچێتی: کە ئیتیحادییەکان ڕێبەرایەتییان دەکرد و داوای دروستکردنی دەوڵەتێکیان دەکرد لەسەر بناغەی ڕەگەزی تورک.(د.نبيل حيدري، ص ٢٠)

دەرئەنجامی ئەو ململانێیە لە بەرژەوەندی ئیتیحادییەکاندا شکایەوە، لە ماوەی دەسەڵاتدارێتییاندا (١٩٠٩-١٩١٨) بە هەموو توانایەکەوە کاریان دەکرد بۆ زاڵکردنی ڕەگەزی تورک لە هەموو دام و دەزگاکانی دەوڵەت و دەرکردن و ڕاوەدوونان، تەنانەت کوشتنی ئەوانەی تورک نەبوون. ئەو سرودی نەتەوەییەی کە ڕێکخراوی ئیتیحاد و تەرەقی دوای هاتنە سەر دەسەڵات بۆ خۆی داینابوو، ئەوە دەردەخات کە ڕێکخراوەکە بەتەواوەتی بوەتە ڕێکخراوێکی ڕەگەزپەرەستی تۆرانچی:

ئێمە تورکین، کە وایە ئێمە شانازی دەکەین
مێژووی ئێمە لە دروستبوونی گەردونەوەیە
لەگەڵ تورکایەتی لە ناو دڵماندا لێ دەدا
ئێمە هیچ پێویستمان بە خۆشەویستێکی تر نییە
ئاڵا لەبەردەم، سەرنێزە لە دەست، خواوەند لە دڵمان
ئێمە دەمانەوێ ببینە سەرداری جیهان
ئەوە نیشتمانی تورکە کە پەرستگای ئێمەیە
ئەوە تورانی بەرز و درەخشانیش کەعبەی ئێمەیە (حەمید بۆزئەرسەلان، ل٣٢)

ئەم هەڵگەڕانەوەی ئیتیحادییەکان لەو بنەمایانەی کە پێشتر دەوڵەتی عوسمانی لە سەریان

ڕۆیشتبوو، لە دوو ئاستدا کاردانەوەی توندی لێ کەوتەوە:

یەکەم لە ناو نەتەوە نا مووسڵمانەکانی وەک ئەرمەنی، یۆنانی و ئاسوورییەکان.

دووەم لە ئاستی نەتەوە مووسڵمانە ناتورکەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەک کورد، عەرەب و ئەلبانییەکان کە تا ئەو کاتە پێیان وابوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هی هەموو مووسڵمانەکانە.

سەرەتا «ئەلبانەکان ساڵی ١٩١٠ ڕاپەڕین و ١٩١١ دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ڕاگەیاند، ساڵی ١٩١٠ عەرەبەکان حیزبی (اللامرکزیة الاداریة العثمانیة)یان دامەزراند. دوای ساڵی ١٩٠٨ ناسیۆنالیزمی کەلتوریی کوردی بەدیارکەوت و لە ساڵی ١٩١٤ لە ڕێگەی چەندین شۆڕشەوە، داخوازیی ئۆتۆنۆمییەکی کوردی دەربڕی». (حەمید بۆزئەرسەلان، ل٣٤)

وەدیع جویدە تێکچونی پەیوەندییەکانی کورد و تورکی دوای کودەتاکەی ئیتیحادییەکانی، گێڕاوەتەوە بۆ چەند هۆکارێک، لەوانە:

١. هەڵوێستی تورکە لاوەکان بەرامبەر بە خەلیفە و ئاینی ئیسلام، ئەو داستانی پەیوەندییە بەهێزەی نێوان کورد و دەوڵەتی عوسمانیی پوچەڵ کردەوە کە کوردەکان شانازییان پێوەدەکرد.

٢. دڵنیابوون لەوەی کە سیاسەتەکانی جوڵانەوەی تورکە لاوەکان لە سەپاندنی دەسەڵاتی مەرکەزی و بە زۆر بەتورک کردندا، دەبێتە هۆی لێکترازان و لێکدابڕان، کوردەکانیش وەک نەتەوەکانی دیکە بەرامبەر بە سیاسەتی بەزۆر بە تورک کردن ڕاوەستانەوە.

٣. سەرنەکەوتنی سیاسەتەکانی تورکە لاوەکان لە دژایەتیکردنی گەندەڵی و بەزۆر خۆسەپاندندا، بوونە هۆی وروژاندنی هەستی ناسیۆنالیستی لای کوردەکان و پاڵنەرێکیش بوو بۆ یاخیبوون لێیان. (ودیع جویدە، ص ٢٦٦-٢٦٧)

لە ساڵی ١٩١٤ بۆ پشتیوانی کردن لە ئەڵمانیا، دەسەڵاتدارانی ئیتیحاد و تەرەقی دەوڵەتی عوسمانییان بردە ناو یەکەمین جەنگی جیهانییەوە. ئاگری جەنگ بووە هۆی تێکچونی هەلومەرجی ژیانی سیاسیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی خەڵک، ئەمەش گڕوتینی بەرپەرچدانەوەی نەتەوەکانی دیکەی بۆ تورانچییەکان تا رادەیەک سست کردەوە، بەڵام لە بەرامبەردا تورانچییە لاوەکان، هەلومەرجی جەنگەکەیان بە هەل زانی بۆ پاکتاوکردنی ئەرمەن و یۆنانییەکان و سەرکوت کردن و ڕاگواستنی کورد و داپڵۆسینی شۆڕشی عەرەبەکان.

بە هۆی باڵادەستی تورانییەکانیشەوە لەناو سوپای عوسمانیدا، ئەفسەرە کوردەکان هەر

زۆر زوو لە سیاسەتی نەژاد پەرستانەی ئیتیحادییەکان تێگەیشتن.
لەنێو ئەو ئەفسەرانەدا مستەفا پاشا یامولکی، لە پێش هەموویاندا سیاسەتی تورکچێتی ئەفسەر و سەرکردەکانی ئیتیحاد و تەرەقی بەرامبەر بە نەتەوەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی بۆ دەرکەوتووە، یەکەم بەرخوردی مستەفا پاشا لەگەڵ سەرکردەکانی ئیتیحاد و تەرەقی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٣.
لەو ساڵەدا مستەفا پاشا یەکێک بووە لە فەرماندەکانی جەنگی ئەدرنە، کە تێدا سوپای عوسمانی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا. لەو کاتەی کە سوپا ئاهەنگی سەرکەوتنی دەگێڕا والی ئەدرنە (عادل بەگ) کە سەربە ئیتیحادییەکان بووە، تەنها باسی ئازایەتیی سەربازە تورکەکانی کردووە و ناوی سەربازە کورد و عەرەبەکانی نەهێناوە. عەبدولعەزیزی کوڕی لە بیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە «مستەفا پاشا زۆر موتەئەسیر بوو، لە پڕێکا قلیجەکەی راکێشا. هاتە ناوەڕاستی خەڵکەکە و وتی: ئەی حازیران، من کوردێکی خالیسم، ئەوانەی لەژێر ئەمری مندان هەموویان عەرەبن، بە تەجهیزاتێکی نوقسانەوە لە شەڕەکانی (ئەکسامیل و بولایر) بە ناوی عوسمانیەوە ٤٠٠٠ زیاتر شەهیدیان داوە، یەک لە فیداکارێتی ئەمانە باس نەکراوە، کە ئەمانە شایانی تەئەسوفە». (مامۆستای کورد ژ٢٨، ل ١٧)
دوابەدوای ئەوە قسەیەکی زۆری بە سەرکردەکانی ئیتیحاد و تەرەقی وتووە و ئاهەنگەکەی بە تەواوەتی لێ تێک داون. (ئەنوەر پاشا ١٨٨١-١٩٢٢) کە (وەزیری جەنگ) بوو، لە ١٩١٤/١/٦ بڕیاری خانەنشین کردنی بۆ مستەفا پاشا دەرکردووە و لە سوپای دووری خستوەتەوە، ئەو کاتە مستەفا پاشا فەرماندەی فیرقەی ٢٧ی نیزامی بوو. دوای خانەنشین کردنی هەر لە ئەستەمبووڵ مایەوە و چووە ریزی (حیزبی حورڕیەت و ئیتیلافی عوسمانی)یەوە، ئەم حیزبە لە تشرینی دووەمی ١٩١١ لە ئەستەمبووڵ لە بەرامبەر حیزبی ئیتیحاد و تەرەقی دامەزرا، داوای لامەرکەزیەتی ئیداری و ریفۆرمی ئابوری دەکرد بۆ ویلایەتەکانی عوسمانی.
هەڵگیرسانی یەکەمین جەنگی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤، هەلێکی گونجاوی بۆ ئیتیحادییەکان رەخساند تا هەمان سیاسەتی تەهجیر کردن کە دەرحەق بە ئەرمەنییەکان جێ بە جێ کرا، بەسەر کوردیشدا جێبەجێی بکات.
«لە سەرەتای ساڵی ١٩١٦ بڕیاری تەهجیر کردنی کوردەکانی باکوری کوردستان بۆ قووڵایی ئەناتۆڵی دەرچوو، بۆ ئەوەی لە ناو تورکەکاندا بیانتوێننەوە. یەکێک لە ئەفسەرە

تورکەکان وتویەتی؛ یەک کورد لەم ناوچەیە ناهێڵین، وەک چۆن ئەرمەنییەکانمان دەرکرد، ئەمانیش دەردەکەین». (هۆگر طاهر، ص٤٧٧)

تەلعەت پاشا بۆ خۆی سەرپەرەشتی ئەم پرۆسەیەی دەکرد. پرۆسەکە لە زستانی ١٩١٦ گەیشتە ترۆپک. ئەو کوردانەی کە بەسەر گوندی تورکەکانی ئەناتۆلیدا دابەشکران، ئێواران کە دەگەیشتنە گوندە تورک نشینەکان، لە ترساندا کەس دەرگای لێ نەدەکردنەوە، بۆ بەیانی لە سەرماندا رەقیان دەبردەوە، لە گۆڕی بە کۆمەڵدا دەنێژران. بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی باس لەوە دەکەن کە ژمارەی ئەو کوردە دوور خراوانە گەیشتوەتە یەک ملیۆن کەس، بۆ نمونە لە گروپێکی (٧٨٧) کەسیدا تەنها (٢٣) کەسیان دەربازیان بووە. (هۆگر طاهر، ص٤٨٤)

بەشێکی زۆر لەو کوردانە، لە ئەستەمبووڵ و شارەکانی دیکەی تورکیادا سەرگەردان بوون. مستەفا پاشا لە وتارێکدا دیمەنەکە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: «وەکو ئەسرای زەمانی جاهلیەت بە ماڵانا تەقسیم کران. زۆر ئەولادی مەعصومی خانەدانی کوردان کە بە نازو نیعمەت پەروەردە ببوون، لەژێر سەلەی بێ رەحماندا زار و زەبوون بوون، حەتا قسمێکیان دەستی ماڵە خریستیان کەوتن». (ب.ک ژمارە ٤)

سەبارەت بە رۆڵی خۆی و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دوای ئاگربەس بۆ بە هاناوە چونی ئەو کوردانە، یامولکی لە رۆژنامەی (بانگی کوردستان)دا دەنوسێ: «هەرچەندە جەمعییەتی کوردستان لە ئەستەمبووڵ بە تەشەبوث لە لای بەعضێ ئەجانب صاحیب ئینصاف بۆ ئیصلاحی ئەم کارە و ئەو کوردە بێچارە سەعی و کۆششیان کرد، حەتا هەر کوردێک کە مەنصوبی جەمعییەت بوو، دوو سێ منداڵی هەتیوی کوردی بۆ لای خۆیان برد، باز لە عوهدەی مەنعی پەرێشانی منداڵی بێ کەسی کوردان نەهاتن. هەزاران خانەوادەی عەشایەر و ئەهالی مەسکونەی کورد کە لە ئەطراف ئەرضرۆم، وان، خەربوط و سائیرەوە هیجرەتیان پێکرابوو، ئەکثریان بە تەلەف چوون ..».(ب.ک ژمارە ٤)

دوور خستنەوە لە وەزیفە و بینینی ئەو نەهامەتیانەی کە لەسەر دەستی تورکەکان بەسەر هاوخوێنەکانیدا دەهات، هەلێکی باشی بۆ مستەفا پاشا یامولکی رەخساند تا بەخۆدا چونەوەیەکی تەواو بە رابردووی خۆی و ئەو کارەساتانەی بەبەرچاویەوە بەسەر نەتەوەکەیدا دەهات، بکات. رۆژ لە دوای رۆژ هەستی نەتەوەیی و گیانی نیشتمان پەروەری لە لای بەهێزتر دەبوو.

لە ڕێگەی بەراورد کردنی دۆخی کوردستانەوە بەو وڵاتانەی کە دیونی، ئاشنای کێشە و گرفت و دەردەکان بووە و زانیویەتی کە کۆمەڵگای کوردی بەدەست داگیرکارییەوە ناڵاندبووی، بۆیە کەوتووەتە دانانی نەخشەیەک بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی لەو هەل و مەرجە نوێیەدا کە هاتبوە پێشێ.

سەرەتا یامولکی لە ڕێگەی شیعرەوە بۆچوونە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆی دەربڕیووە، لەم پارچە شیعرەدا کە ساڵی ١٩١٤ بڵاوبووتەوە، ڕووی لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کردووە و هۆشیاری کردونەتەوە کە وا تورکەکان بە هۆی باڵا دەستیی مولحید و ئەحمەقەکانەوە (مەبەستی ئیتیحاد و تەرەقیەکانە) وا دەسەڵاتیان لە دەست دەچێ، بۆیە داوای کردووە کوردەکان لە ناوخۆیاندا ئیتیفاق بکەن و لە ڕێگەی عیلم و سەنعەتەوە کارێک بکەن ئەوانیش بەو دەردە نەچن و نەبنە کۆیلەی نەتەوەی دیکە:

بـزانن ئــەی مـەلا و شـێخان، ئاغا و تـاجیر و ئـەصناف
درێـغا مـوڵکی ڕۆم وا چوو لـە ظوڵمی مولحید و ئـەجلاف
لـەگـەڵ یەک ئیتفاقێ کـەن، خـەریکی عیـلم و عیـرفـان بن
هـەتا کـەی وا بـەمسکێنی ئـەسیری قـەومـی دیگـەر بن

لە شیعریکی دیکەدا یامولکی هۆشداری داوەتە دەستە بژاردەی دەست ڕۆیشتوی کورد و پێی وتوون نەتەوەکانی دیکە وا خەریکی تەرەقین، کەچی ئێوە هەر لەگەڵ یەکدا ناکۆکن، شوێن عیلم و سەنعەت بکەون، وەکو گورگ بەرمەبنە گیانی یەکتری، سەردەمی گورز و رم بەسەرچووە:

هـەموو قـەومێ تەرەقیی کـرد و کوردان هەر لەگەڵ یەکتر
خـەریکی شۆڕشـن، یـارەب، وەکـو گـورگان لەگەڵ یەکتر
لە بۆ قەوم و وەطەن جەنگین، چ جەنگێ، جەنگی مەردانە
زەمــانـی گـورز و رم ڕۆیـی و ئێـستا پـاڵـەوان عیلـمە
لـە مـەیدانا نییە ڕەواجی، کـەسـێ بـێ صەنعەت و عیلمە

هەر لەم شیعرەدا داوای یەکگرتنی هەموو پێکهاتەکانی کوردی کردووە، وەک پێشبینی کردبێ کە ئەوروپاییەکان لە داهاتودا دەبنە سەردار و بڕیاربەدەستی ناوچەکە، داوای لێ کردوون کە ئەوروپاییەکان تێ بگەیەنن کە ئێوە خاوەنی شارستانێتیی پەهلەوین:

برا، ئەگەر کرمانج و کورد و لوڕ هەموو یەک بن لەگەڵ زازا
کە ئێوە پەهلەوی ئەصڵن، بزانن ئەهلی ئۆروپا
بە قەولی شێخ و ئاغای وشک، لەگەڵ یەک تێک مەچن ئیتر
ئەگەر غیرەت نەکەن، ئەمجا بە تۆپین چن هەموو چاتر
ئەگەر کوردان لە گوێ نەگرن بە دڵ ئەم پەندە، واوەیلا
نە ئاغایێ دەمێنێن، نە یایە و پوول و یا ئەڵڵا
دەترسێ مصطەفا پەندێ بە گوێی کوردا نەچێ دیسان
بڵێ چی و چی بکا، یارەب، لە تۆ ئیمداد ئەکا دیسان (یامولکی زادە، ل١٦)

موکەڕەم تاڵەبانی کەلتوری ناسیۆنالیزمی کوردیی دابەشکردووە بۆ چوار قۆناغ؛ قۆناغی کەلتوری دەرەبەگایەتی، قۆناغی کەلتوری ناسیۆنالیزمی بورژوازیی کوردی، قۆناغی کەلتوری ناسیۆنالیزمی پێشکەوتوخواز و قۆناغی دەرکەوتنی کەلتوری شۆڕشگێڕانە.

لەبەر ئەوەی مستەفا پاشا دەرچووی ئەکادیمیای سەربازی عوسمانی و ئاشنای بیروباوەڕی ناسیۆنالیزمی تورک و ئەوروپا بووە، بۆیە یامولکی بە پێشەنگی هەڵگری کەلتوری ناسیۆنالیزمی بورژوازیی نیشتمانی لە قەڵەم داوە و خواست و بۆچوونە نەتەوەییەکانی یامولکی و میکانیزمی کار کردنیی بە پێچەوانەی کەلتوری دەرەبەگایەتییەوە تەماشا کردووە. (مکرم طالباني، ٨٦-٨٧)

ناسیۆنالیزمەکەی مستەفا پاشا پێچەوانەی تورکەکان رەگەزپەرەستانە و نکۆڵی کردن نەبووە لە نەتەوەکانی دیکە، بەڵکو ناسیۆنالیزمێکی هیومانیستیانە بووە. ئەوەتا لە کتێبی «حەقیەتی کوردستاندا» دەڵێ:

«دڵنیابن لەوەی کە هەرچەند سەر بە نەژادی کوردم، لە بنەڕەتدا هەموو رۆڵەکانی مرۆڤ بە برا دەزانم و شانازی بە مرۆڤایەتییەوە دەکەم، وەک ئەوەی بەرگری لە نەتەوەی خۆم دەکەم پاراستنی مافەکانی هەموو نەتەوەکانی دیکە بە ئەرک دەزانم.»

ئەم وتانەی مستەفا پاشا هەڵقوڵاوی ئەزمون و رۆشنبیرییەکی دەگمەنی سەردەمەکەی خۆیەتی و کەم کەس هەیە لەو سەردەمەدا بەو رادەیە بەچاوی مرۆڤایەتییەوە بڕوانێتە مافەکانی خۆی و بەرگریکردن لە مافی گەلانی دیکەش بە ئەرکی خۆی بزانێت.

**ئەندامێتی لە جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا:**

دوای دامرکانەوەی ئاگری جەنگی جیهانی یەکەم و شکست و لاوازی دەوڵەتی عوسمانی، خانەدان و رۆشنبیر و ئەفسەر و مونەووەرانی کورد بە هەلیان زانی و کەوتنە خۆیان بۆ ئەوەی خواستە نەتەوەییەکانی خۆیان بەدی بهێنن. بۆ ئەو مەبەستەش لە کۆتایی١٩١٨ (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان)یان دامەزراند.

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە لایەن چەند کەسایەتیەکی ناسراوەوە بە سەرۆکایەتی (سەید عەبدولقادر ئەفەندی) دامەزراوە. (ئیسماعیل گوێڵداش. ل١٠) ئامانجی سەرەکی ئەم جەمعییەتە سەربەخۆیی کوردستان بوو، لە ماوەیەکی کورتدا لە زۆربەی شار و پارێزگاکانی کوردستاندا لقی خۆی کردووەتەوە. «رۆشنبیران و لاوانی کورد، زۆرتر روویان کردووەتە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئەو گەنجە کوردانەی کە لە ئەستەمبووڵ دەیانخوێند، کاتێک بۆ پشوو دەگەڕانەوە بۆ کوردستان، کاریگەرییان لەسەر گەنجان و ئەندامانی بنەماڵەکانیان دادەنا، ئامۆژگاریان دەکردن تا لقی جەمعییەتەکە لە ناوچەکانی خۆیان بکەنەوە» (ئیسماعیل گوێڵداش. ل٨٤)

مستەفا پاشا یامولکی و ئەنجوم یامولکی کچی، لە ئەندامانی دامەزرێنەری ئەو جەمعییەتە بوون، دواتر لە هەڵبژاردنەکاندا بووەتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر و بابەتی لە گۆڤاری (ژین)دا لەژێر ناوی (یامولکیزادە)دا نووسیوە. (ئیسماعیل گوێڵداش. ل٧٠)

لەو کاتەی کە لە ئەستەمبوول بوو، لە ٢ی کانونی یەکەمی ١٩١٩ لە گەڵ ئەمین عەلی بەدرخان و سەعید موللا، بە ناوی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە سەردانی مەندووبی سامی بریتانیایان کردوە و داوایان کردوە، کورد لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکاندا خودموختارێتی پێبدرێت.

ئامیراڵ (سومرست ئارسەر جوف کالت هۆرپ ١٨٦٤-١٩٣٧)، مەندووبی سامی بریتانیا لە ئەستەمبووڵ سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەو کۆبونەوەیە، نامەیەک ئاراستەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دەکات و پێی رادەگەیەنێت: «ئەو کەسانە دەڵێن بەشێک لە دانیشتوانی شارەکانی سێواس و ئەنقەرە و کۆنیا و حەلەب و ئادانا کوردن، هەر وەها زۆربەی دانشیتوانی شارەکانی ئەرزرۆم و وان و بەدلیس و خارپێت و دیاربەکر و مووسڵ کوردن و داوای پێدانی وڵاتێکیان بۆ کورد کردووە، کە سنورەکانی دیاریکراو بێ».
(Ferudun Ata,p ٨٦)

مستەفا پاشا جگە لە کارکردن بۆ راکێشانی پشتگیری دەرەکی، هەر کاتێک دەرفەتێکی بۆ رەخسابێت هەوڵی داوە پشتگیری زیاتر بۆ جەمعیەتەکە و سەرهەڵدانی شۆڕشی چەکداری بەدەست بهێنێت. لەو چوارچێوەدا پشتیوانی لەو ئەندامانەی جەمعییەتی تەعالیی کورد کردووە کە باوەڕیان وابوو دەبێ خاوەنی هێزی چەکدار بن، د. نوری دەرسیمی رێبەرایەتیی ئەم ئاراستەیەی کردووە. بۆیە داوای لە رائید مستەفا بەگ کە لە خانەدان و بنەماڵەی (ساری سالیک) بووە، چەکی بۆ دابین بکات. رائید مستەفا لە کاتی یەکەمین جەنگی جیهانیدا بەرپرسی وەرگرتنی سەرباز بووە لە ئەستەمبووڵ، جگە لەوە ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش بووە، گوێڵداش بەشێک لە چیرۆکەکەی بەم شێوەیە باس کردووە: «لە دوای جەنگ مستەفا بەگ بە بیانووی پێدانی چەک بەو کوردانەی کە لە دەوروبەری ئەنقەرە ئاژەڵ بەخێو دەکەن، (١٥٠٠) تفەنگی ئینگلیزی دەدات بە نوری دەرسیمی، ئەویش (١٢٠٠) دانەی بە سەر کرێکارە کوردەکانی ئەستەمبووڵدا دابەش دەکات، ئەوەی دەمێنێتەوە دەیەوێت لە رێگەی شەمەنەفەرەوە بە پێنج جانتا رەوانەی ئەنقەرەی بکات بۆ حەیدەر پاشا کە لە کوردەکانی ئەو شارەیە، بەڵام لەو کاتەی دەیانەوێت بیخەنە ناو فارگۆنی شەمەنەفەرەکەوە، بە هۆی قورسی جانتاکانەوە پۆلیس کەشفی دەکات و دەستی بەسەردا دەگرێت و نووری دەرسیمیش دەستگیر دەکرێت دوای لێکۆڵینەوە دەدرێتە دادگای دیوانی حەرب». (ئیسماعیل گوێڵداش، ل٧٧-٧٨).

نەقشبەندیش ئەوە دەخاتەروو کە «لەو کاتەدا مستەفا پاشا سەرۆکی ئەو دادگایە دەبێ، سەید عەبدولقادر ئەفەندی سەرۆکی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان نامەی بۆ دەنێرێت و داوا دەکات هاوکاری بکات، ئەویش ئازادیی دەکات». (عبدالرحمن علاالدین النقشبندی، ل ١٢٠)

فەریدون عەتا[1] نوسەری کتێبی (Süleymaniyeli Nemrut Mustafa Paşa) ئەو رووداوە پشت راست دەکاتەوە و نوسیویەتی: «شەخسێک، کە بە هاندانی ئینگلیزەکان هەوڵی داوە ١٥٠٠ تفەنگی ئینگلیزی بۆ ئاناتۆلیا بنێرێت، دوای دەستگیر کردنی، و دادگایی کردنی تۆمەتەکەی بەسەردا ساغ دەبێتەوە، مستەفا پاشا سەرۆکی دادگاکە دەبێ، کە زانیویەتی ئەو شەخسە خەڵکی دەرسیمە، پێی ووتوە، بڕۆ بە رێگای خۆتەوە و ئازادیی

[1]. فەریدون عەتا، ١٩٦٦ لە گوندی سازیل لە پارێزگای قۆنیا لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی وئامادەیی لە قۆنیا تەواو کردووە، ١٩٨٨ لە زانکۆی سەلجوق پسپۆری لە مێژوودا وەرگرتووە. ساڵی ١٩٩٢ لە زانکۆی سەلجوق ماستەری لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا وەرگرتووە، ساڵی ١٩٩٦ دکتۆرای لە هەمان بەش وەرگرتووە، لە ئێستادا لە زانکۆی سەلجوق وانە دەڵێتەوە.

کردوە، ئەم حاڵەتەش ئامانجە نەتەوەییەکانی مستەفا پاشا دەسەلمێنێت». (Ferudun Ata,p ٨٧)

مستەفا پاشا ئەو کاتانەی کە لە ئەستەمبووڵ بووە، لە گەڵ ئەرمەنی و یۆنانییەکاندا پەیوەندییەکی زۆر باشی هەبووە و لە گەڵ ئەواندا ئامانجێکی هاوبەش کۆی کردوونەتەوە، کە دژایەتیکردنی تورکەکان بووە. بۆیە کاری کردووە بۆ جوڵاندنی عەشیرەتەکانی کورد و هەوڵی داوە کەڵک لە ناکۆکی نێوان تورک و یۆنانییەکان وەربگرێ و پشتیوانی یۆنانیەکانیان بۆ مسۆگەر بکات.

فەریدون عەتا سەبارەت بەم هەوڵانەی مستەفا پاشا نوسیوویەتی: «یونانیەکان کە دەیانویست شاری ئیزمیر داگیر بکەن، بە مەبەستی لاواز کردنی ئەتاتورک پشتگیریان لە هەوڵی کوردەکان دەکرد، بە تایبەتی هەوڵیان دەدا لەگەڵ (کورد مستەفا پاشا- مەبەستی مستەفا پاشایە) و کوردانی تری جوداخوازدا شۆڕشێک هەڵگیرسێنن. لە بارەی ئەو هەوڵانە، یەکێک لە دیپلۆماتکارانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا (Lancelot Oliphant- لانسلۆت ئۆلیفانت) بەم شێوەیە باسی هەوڵەکانی بۆ مەندووبی سامی بریتانیا هۆراس رومبۆلد کردووە:

«ئەم زانیارییەتان بەنهێنی پێ رادەگەیەنم، کە کونسوڵی باڵای یونان، بە مەبەستی فشار دروستکردن لەسەر هێزە کەمالیستەکان، بەنیازە لەگەڵ هێزە کوردییەکاندا رێکەوتنێک بکات. لە لایەکی ترەوە کورد مستەفا پاشا، کە لە دەوڵەتی عوسمانیدا پۆستی باڵای هەیە و لە هەمان کاتدا ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانە و لەناو کار و چالاکی سیاسییەکاندایە، ئەوەش جێگەی پرسیارە». (Ferudun Ata,p ٨٥)

**دەبێت بە والی:**

١١ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەحمەد تۆفیق پاشا (١٨٤٥-١٩٣٦) سەدری ئەعزەمی ئەو دەمە، هەموو ئەو ئەفسەرانەی کە لە زەمانی دەسەڵاتدارێتی (ئیتیحاد و تەرەقی)دا غەدریان لێ کرابوو، گەڕاندەوە سەر کارەکانیان.

لە ٢٥ی ئەیلوولی ١٩١٩دا مستەفا پاشا کرا بە والی ویلایەتی (خوداوەندکار) لە بورسا، مستەفا کەمال میرئالا بەکر سامی دەنێرێت بۆ ئەوەی لە ئیعلان کردنی جمهوریەتدا هاوکاری بکات، بەڵام مستەفا پاشا کە ئاگاداری بیروباوەڕی تورکچێتی مستەفا کەمال بوو، رازی نەبوو پشتیوانی لێ بکات. لە بەرامبەردا مستەفا کەمال هێزێکی زۆری نارده سەری.

فەریدون عەتا هۆکاری لابردنی مستەفا پاشا لەسەر والێتی بورسا دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی گوایە مستەفا پاشا لە کۆبونەوەیەکدا لەگەڵ چەند کەسایەتی ئەرمەنی و موسوڵماندا وتویەتی: «یەکەمین شەڕی جیهانی شەڕێکی ڕەوا نەبووە و ئەو سەرباز و ئەفسەرانەی کە لە گۆرەپانی شەڕدا کوژراوون، وەکو سەگی تۆپیوو وان». (Ferudun Ata,p ل٤٠)، بەڵام مستەفا پاشا هەموو ئەو قسانەی لەبارەی کوژراوەکانی جەنگ، ڕەت کردوەتەوە، بە ڕۆژنامەیەکی ئەستەمبووڵی ڕایگەیاندوە، (لە کاتێکدا من خەریکی زیندووەکانیانم، کارم چییە بە مردووەکانیانەوە) (Ferudun Ata,p ٤٣)

مستەفا پاشا لە بەر نەبوونی هێزی پێویست بە ناچاری دوای ١٠ ڕۆژ لەو پۆستی والێتی بۆرسادا، لە ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩ گەڕایەوە بۆ ئەستەمبووڵ.

### سەرۆکی دادگای عورفیی عوسمانی

دوای شکستی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لە ١٩١٨/١٠/٣٠ ئاگربەستی (مودروس) لە نێوان وڵاتانی هاوپەیمان و دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیەندرا. دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨، لە دەوڵەتی عوسمانی حکوومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتی (داماد محەمەد عادیل فەرید پاشا ١٨٥٣ - ١٩٢٣/١٠/٦) لە ٤ی ئازاری ١٩١٩ ڕاگەیەنرا. دوای دەست بەکاربوونی کابینەی نوێ، دەست کرا بەهەڵماڵینی پەردە لەسەر تاوانەکانی حکوومەتی ئیتیحاد و تەرەقی. بە تایبەتی تاوانەکانی جەنگ و تاوانی دژ بە ئەرمەنەکان.

وڵاتانی سەرکەوتوو لەگەڵ حکومەتە نوێیەکەی دەوڵەتی عوسمانییدا لە ١٩١٩/١٢/١٨ دادگایەکیان لە پێنج کەس پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی کە لە کاتی جەنگدا ڕوویداوە، بە فەرمانی (داماد فەرید پاشا ١٨٥٣-١٩٢٣) و پشتیوانی کردنی ئینگلیزەکان، لە سەرەتادا مستەفا پاشا یامولکی کرا بە ئەندامی ئەو دادگایە.

بەڵام فەرید پاشا لە تشرینی یەکەمی ١٩١٩ دەستی لە کار کێشایەوە و (علی ڕەزا پاشا ١٨٦٠-١٩٣٠) لە ١٤ی ئۆکتۆبەری ١٩١٩ کابینەی نوێی پێکهێنا، ئەم کابینەیە زۆری نەخایاند و لە ٢ی ئازاری ١٩٢٠، عەلی ڕەزا پاشا دەستی لە کار کێشایەوە و جارێکی دیکە داماد فەرید پاشا لە ٥ی نیسانی ١٩٢٠ کابینەیەکی نوێی ڕاگەیاند.

فەرید پاشا لە ١٠ی نیسانی ١٩٢٠، واتە دە ڕۆژدوای دەستبەکار بوونی، ئیرادەییەکی

سنيەی دەرکرد و مستەفا پاشا یامولکی کرد بە سەرۆکی فەوقەلعادەی دادگای دیوانی عورفیی یەکەم. لە ١١ نیسانی ١٩٢٠، مستەفا پاشا دەستی بە دادگایی کردنی ئەوانە کرد کە تورکیایان راکێشابووە ناو جەنگەوە و لە سوڵتان یاخی ببوون.

دادگاکە چەند ئەرکێکی گرنگی پێ سپێدرا، لەوانە دادگایی کردنی سەرانی ئیتیحاد و تەرەقی. رۆژنامەی (العرب) کە دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئینگلیزەکانەوە لە ساڵی ١٩١٧ەوە دەرچووە، لە ژمارە (٥٤١)ی رۆژی ١ی ئایاری ١٩١٩دا جۆری ئەو تۆمەتانەی خستوەتەڕوو کە سەرانی ئیتیحاد و تەرەقیی پێ محاکەمە کراون، بریتی بوون لە:

١. بەشداری کردن لە جەنگدا بەبێ هۆ.

٢. بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست سەبارەت بە هۆکارەکانی جەنگ و پێدانی زانیاریی هەڵە لەسەر رووداوەکان و بەڕێوەچوونی جەنگەکە.

٣. رەتکردنەوەی داواکارییە شەرەفمەندانەکانی هاوپەیمانان، پێش سەفەربەلک و چوونە پاڵ ئەڵمانیا بێ هیچ گرەنتی و بەڵێنێک لە لایەن ئەو وڵاتەوە.

٤. سپاردنی جەنگەکە بە کەسانێک کە هیچ شارەزاییان لە کاروباری سەربازیدا نەبووە، هەروەها ئەنجامدانی کاری سەرشێتانە و بەکارهێنانی وزە و توانای ئومەت لە پێناوی بەرژەوەندی کەسیی.

٥. دەرکردنی فەرمان و بڕیاری وا کە لەگەڵ رێساکانی مافی مرۆڤدا نەگونجێن و دژ بە گیانی دەستوری مەملەکەتن و وڵاتیان گەیاندە رادەی کارەسات.

٦. رازی نەبوون بە ئاشتی، بە تایبەتی پاش روخانی رووسیا.

٧. وێران کردنی ئابوری وڵات و بەتاڵان بردنی داهات، لە پێناوی دەوڵەمەند کردنی هەندێ کەسدا.

٨. گرتنەبەری سانسۆری ناپێویستی سیاسیی و سەربازی و نەهێشتنی ئازادیی چاپەمەنی و پەیوەندیکردن و رێگەگرتن لە هاتنی چاپەمەنی ئەوروپایی بۆ ناو وڵات.

٩. دروستکردنی بێ سەروبەری لە ناوخۆی وڵات و واڵاکردنی دەستی چەتەکان بۆ دەستدرێژی کردنە سەر نامووس و موڵک و ماڵ و گیانی خەڵک.

دادگاکە لە نیسانی ١٩٢٠ دەستی بەکارەکانی کرد و تا تەموزی ساڵی ١٩٢٠ بەردەوام بوو. یەکێک لە دیاردەکانی نێو دادگاکە بەشداری کردنی دوو نوێنەری ئەرمەنی بوو، ئەو دوو کەسە راپۆرتێکیان سەبارەت کوشتنی یەک ملیۆن ئەرمەنی و راگواستنی ٢٥ هەزار

رۆمی و دەست بەسەراگرتنی ماڵ و موڵکیان خستە بەردەم دادگاکەوە، دادگاش تاوانی جینۆساید کردنی ئەرمەنییەکانی خستە بەرنامەی کارەکانییەوە.

**فەرمانی لە سێدارەدان بۆ مستەفا کەمال:**

یەکێک لە کارە هەرە دیارەکانی مستەفا پاشا یامولکی، دەرکردنی فەرمانی لە سێدارەدان بووە بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورک. رۆژنامەی (العراق) لە ژمارە (٤٤)ی رۆژی ٢٢ی تەموزی ١٩٢٠ بەم شێوەیە هەواڵی دەرکردنی فەرمانی لە سێدارەدانەکەی بۆ (مستەفا کەمال) بڵاوکردووەتەوە: «دادگای دیوانی حەربی لە ئەستانە، حوکمی ئیعدام کردنی بە غیابی بۆ مستەفا کەمال پاشا، قەرە ئاصف بەگ، عەلی فوئاد پاشا، رۆستەم بەگ، ژنە نووسەری ناوداری تورک خالدە ئەدیب خانم و دکتۆر عەدنان بەگ، دەرکردوە». ٢٤ی ئازاری١٩٢٠ دیوانی سەدری ئەعزەم رەزامەندی لەسەر بڕیارەکە دەربڕییوە.

هەموو ئەو حوکمانەی کە لە دادگای عورفیی سەربازی دەرکراون، لە لایەن سوڵتان (محەمەدی شەشەم)، دوایین سوڵتانی عوسمانی و (داماد فەرید پاشا)ەوە ئیمزایان لەسەر کراوە. دوای بڕیاری لە سێدارەدان بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورک، فەرمانی گرتن بۆ ئەو و تاوانبارانی دیکەی کەیسی ئەرمەنییەکان دەرچوو. بەڵام دوای بڕیاری دادگا، جگە لە مستەفا کەمال، تاوانبارە سەرەکیەکانی ئەو کەیسە، (تەلعەت پاشا و ئەنوەر پاشا) بۆ ئەڵمانیا هەڵهاتن.

مستەفا کەمال و لایەنگرانی دوای دەرکردنی ئەم بڕیارە، بە مستەفا پاشایان دەوت نەمروود[2]، کاتێکیش هاتنە سەر دەسەڵات یەکەم ئیشیان ئەوە بوو هەموو بڕیارەکانی دادگاکەی مستەفا پاشایان هەڵوەشاندەوە و ناوی مستەفا پاشایان خستە لیستی داواکراوەکانەوە.

**کەیسی جینۆسایدی ئەرمەنییەکان:**

کە باس لە جینۆسایدی ئەرمەنییەکان دەکرێت، لە پاڵ تۆمەتبارکردنی تورکەکان، یەکسەر پەنجەی تۆمەتیش بۆ کورد رادەکێشرێت. مێژوونوسانی کورد زۆر هەوڵیان داوە ئەو تۆمەتانە بسڕنەوە، یان کاڵ بکەنەوە. بەڵام هیچ کاتێک ئاماژەیان بەوە نەداوە

٢. تەبەری لە کتێبی (جامع البيان عن تاويل القرآن) بەشی دەیەم لاپەڕە ٤٣ دا پێی وایە نەمروود کورد بووە پێشنیاری ئەوەی کردووە ئیبراهیم پێغەمبەر بخرێتە ناو ئاگرەوە، ئەتاتورکیش مستەفا پاشای بە نەمروود ناوزەد کرد گوایە لە کاتی دادگایی کردنی خۆی و هاوڕێکانیدا وەک نەمروود دڵ رەق و بێ بەزەیی بووە.

که رۆژگارێک کەسایەتیەکی وەک (مستەفا پاشا)ی کورد دادگایی تاوانبارانی کوشتنی ئەرمەنییەکانی کردووە، بگرە لە بەر ئەو کارەی لە لایەن دادگاکانی ئەتاتورکەوە فەرمانی زیندانی کردنی بۆ دەرچووە.

لە نێو ئەوانەی بە کوشتنی ئەرمەنییەکان تۆمەتبار کرابوون، دوو کەس هەبوون کە رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە جێ بە جێ کردنی سیاسەتی جینۆساید کردنی ئەرمەنییەکاندا. (محەمەد کەمال بەگ ١٨٨٥-١٩١٩) کە حاکمی ویلایەتی (یوزگات) و (بەهرام زادە نوسرەت ١٨٩٩-١٩٢٠) حاکمی ولایەتی (بایبورت).

محەمەد کەمال بەگ لە لایەن مستەفا پاشا، کە ئەو کاتە داواکاری گشتی بوو، تۆمەتی کوشتنی ٦٢٠٠٠ ئەرمەنی لە (یوزگات) درایە پاڵیەوە. لە ٢٩ ئازاری ١٩١٩ دادگا سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرکرد. لە ١٠ی نیسانی ١٩١٩ سزاکە لە گۆڕەپانی بایزید لە ئەستەمبووڵ جێبەجێ کرا. (سایتی biyografi)

بەهرام زادە نوسرەت، لە ساڵی ١٩١٥ رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە جینۆساید کردنی ئەرمەنیەکاندا، لە ١٩٢٠/٤/٢٠ لە لایەن (مستەفا پاشا یامولکی)یەوە سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، دوای چەندین جار تێ هەڵچونەوە بە دۆسیەکەیدا، سێ ژنی ئەرمەنی لە دوایین دادگایی کردنیدا وەک شایەتحاڵ هاتنە دادگاکەو شایەتیاندا و وتیان دوای کوشتنی مێرد و کوڕەکانیان، نوسرەت بەگ دەستدرێژی کردووتە سەریان، بەمجۆرە مستەفا پاشا لە ١٩٢٠/٧/١٧ جارێکی دیکە سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرکردەوە. لە ١٩٢٠/٨/٤ سوڵتان ئیمزای لەسەر حوکمەکەی کرد و لە ١٩٢٠/٨/٥ لە گۆڕەپانی بایزید لە ئەستەمبووڵ لە سێدارە درا. لەو وەسیەت نامەیەی کە پێش لە سێدارەدانەکەی بۆ براکەی بەجێی هێشتبوو، نوسیویەتی (من قوربانیی رق و قینەکانی مستەفا پاشام). (سایتی .biyografi)

دوای ئەو بڕیارانە لایەنگرانی ئەتاتورک هێرشیکی زۆریان کردە سەر مستەفا پاشا و ناویان نا (نەمروود)، گوایە ناسیۆنالیستێکی کوردە و بڕیارەکانی وەک نەمروود نادادپەروەرانەیە. لە وەڵامی ئەواندا مستەفا پاشا لە ١٩٢٠/٩/١٥ بە رۆژنامەی (D›Orient) ی رایگەیاندوە: «من لایەنگری دادگایەکی کراوە و سەربەخۆم، ئەوان تۆمەتبارم دەکەن کە من لە بڕیارەکانمدا توندوتیژم، یان ناسیۆنالیستم، ئەو تۆمەتانە بۆ پەردەپۆش کردنی تاوانەکانیانە». (سایت-Nemrut Mustafa Paşa)

مستەفا پاشا هاوسۆزیەکی زۆری بۆ ئەرمەنییەکان هەبووە و بەچاوی خۆی زوڵم

و زۆری تورکەکانی بینیوە کە دەرحەقیان کراوە، بۆیە زۆرجار پشتیوانی خۆی بۆ دەربڕیون. تەنانەت لەگەڵ پارتی نەتەوەیی دیموکراتی ئەرمەنیدا کە لە لایەن پاتریارکی ئەرمەنەوە پشتیوانی لێکراوە، پەیوەندییەکی پتەوی هەبووە، ئەمەش هێندەی دیکە رقی تورکەکانی هەڵساندوە.

فەریدون عەتا سەبارەت بە نزیکی مستەفا پاشا لەگەڵ ئەرمەنییەکان و مەبەست لەو نزیک کەوتنەوەیە لە کتێبەکەیدا نوسیویەتی: «مستەفا پاشا دوای گەڕانەوە لە بورسا و ئەو کاتانەی کە سەرۆکی دادگا بووە، بەردەوام بووە لە دژایەتی کردنی میللەتی تورک، هەمیشە لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا لە پەیوەندیدا بووە، لەوەدا ئامانجی ئەوە بووە پشتگیری بۆ جوڵانەوەی کوردایەتی بدۆزێتەوە، لە رێگەی لێدوانەکانییەوە لەبارەی کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان، هەوڵی داوە سەرنجی ئەرمەنییەکان و وڵاتانی هاوپەیمانی رابکێشێت». (Ferudun Ata,p ٤٦)

**لە دادوەرەوە بۆ تۆمەتبار:**

کەمالییەکان رۆژ لە دوای رۆژ دەسەڵاتیان لە ئەنقەرە بەهێزتر دەبوو، بەشێوەیەک دەسەڵاتی حکوومەتەکەی فەرید پاشا تەنها لە ئەستەمبووڵ و هەندێ ناوچەی دەوروبەریدا مابووەوە. ١٩٢٠/٤/٢٣ لە ئەنقەرە مەجلیسی میللی تورکیایان دامەزراند، زۆربەی ئەندامەکانی لە ناسیۆنالیستە تورکەکان پیکهاتبوو، مەجلیسی میللی، (مستەفا کەمال ئەتاتورک)ی وەک یەکەمین سەرۆکی وڵات دیاری کرد، حکوومەتەکەی ئەتاتورک وردە وردە بەرەو ئەستەمبووڵ هەڵکشا.

لە ئەنجامی گوشاری کەمالیستەکاندا، داماد فەرید پاشا ناچاربووە لە ١٩٢٠/١٠/١٧دا دەست لە کاربکێشێتەوە و لە شوێنی ئەو تۆفیق پاشا دانراوە، هەڵوێستی تۆفیق پاشا بەرامبەر کەمالیستەکان پۆزەتیف بووە. یەکێک لە کارەکانی حکوومەتەکەی ئەنقەرە بریتی بووە لە هەڵوەشانەوەی دادگای عورفیی سەربازی لە ئەستەمبووڵ، کە مستەفا پاشا یامولکی سەرۆکەکەی بووە. ئەتاتورک دادگایەکی دیکەی دروست کردووە.

لە ماوەی دەسەڵاتداریی تۆفیق پاشادا، لە ١٩٢٠/١١/٨دا بڕیاری دەستگیر کردن بۆ ئەو دادوەرانە دەرکراوە کە لە سەردەمی فەرید پاشادا ئەندامی دادگای عورفیی بوون. ئینگلیزەکانیش کە زانیویانە دەسەڵاتی سوڵتان بەرەو لە ناوچوون دەچێت، دەستبەرداری

دادگاکە و بڕیارەکانی بوون. بەمجۆرە وەک دادوەر کۆتایی بە کارەکانی مستەفا پاشا یامولکی، هاتووە، کەمالییەکان ئەمەیان بە هەل زانیوە، (یامولکی)یان بە تۆمەتی دەرکردنی بڕیاری لە سێدارەدان بۆ دوو لە تاوانبارانی جینۆساید کردنی ئەرمەنییەکان، (محەمەد کەمال) و (بەهرام زادە نوسرەت)، دەستگیر کردووە، لە ٢ی شوباتی ١٩٢١دا سزای حەوت مانگ زیندانیان بۆ نەمرووود مستەفا پاشا دەرکردووە، بەڵام دوای ٨٥ رۆژ لە بەند کردن، لە لایەن سوڵتانەوە فەرمانی ئازاد کردنی دراوە.

ڕۆژنامەی (العراق) لە ژمارە (٢٠١) ی ڕۆژی ٢٧ کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢١دا ئەو هەواڵی دەستگیرکردنی مستەفا پاشای لە لاپەڕە یەکی خۆیدا بە مانشێتی (الانتقام)دا بەم شێوەیە بڵاوکردووەتەوە:

«لە سەردەمی کابینەی داماد فەرید پاشادا، هەوڵ درا کۆمەڵێک لەو تاوانبارانەی کە لە کاتی جەنگدا دەستیان هەبوو لە کوشتن و دورخستنەوەی ئەرمەنییەکاندا، بهێنرێنە بەردەم دادگا، بەڵام بەداخەوە وەک نەریتی باو ئەو ئەنجومەنە عورفییە بۆ هەندێ مەبەستی سیاسیی بەکار هات و هەندێ لە تورکە باشەکانیش بە بڕیاری جۆراوجۆر حوکم دران؛ گوایە بەشدارییان کردووە لەوەی وا ناویان ناوە (تاڵانکردنی کۆشکی یڵدز).

بەڵام چەرخی گەردوون سووڕا و دەسەڵات کەوتە دەستی گروپەکەی تر، ئەوانیش بەهەلیان زانی و سودیان لێ بینی، ئێستا (کورد مستەفا پاشا)ی سەرۆکی دادگای عورفیی لە سەردەمی داماد پاشایان بە تۆمەتی دەرکردنی بڕیاری نا دادپەروەرانە دەستبەسەر کردووە».

بە پێی هەندێ بەڵگەنامە، ئینگلیزەکان فریای مستەفا پاشا کەوتوون و دوای ماوەیەک، ئازادیان کردووە. دواتر ڕێگەیان بۆ خۆشکردووە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان، کەمالییەکان دەستیان بەسەر هەموو ماڵ و موڵک و کۆشکەکەیدا گرتووە. (ارا دمبكجيان)

# بەشی دووەم

# لە ئەستەمبووڵەوە

# بۆ سلێمانی

**بڕیاری گەڕانەوە بۆ کوردستان:**

مستەفا کەمال ئەتاتورک و دارو دەستەکەی بە ئاسانی دەستبەرداری مستەفا پاشا نەبوون و بە دوای دەرفەتێکدا گەڕاون بۆ ئەوەی لە ناوی ببەن. دوای سەرکەوتنیان، لیستیکی (١٥٠) کەسیان ئامادەکردووە بۆ تەسفییە کردنیان، مستەفا پاشا لە ریزبەندی (٣١) هەمین کەسدا بووە. ٣ی تەمووزی ١٩٢٠ لە لایەن مەحکەمەی ئەنقەرەوە (حکوومەتەکەی ئەتاتورک) بە تۆمەتی خیانەتی نیشتمانی سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرکراوە.

دوای ئەو هەموو تەنگ پێ هەڵچنینە، مستەفا پاشا بریاری گەڕانەوەی بۆ باشووری کوردستان داوە. سەرەتا چوەتە لای ئینگلیزەکان لە ئەستەمبووڵ، داوای لێ کردوون رەزامەندی دەسەڵاتدارانی بریتانیای لە عێراق بۆ فەراهەم بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵیک ئەفسەری دیکەی کوردی خەڵکی سلێمانیدا بگەڕێنەوە بۆ کوردستان.

بەڵام وا دیارە مەندوبی سامی بریتانیا (هۆراس رامبوڵد) تەنها بە گەڕانەوەی خۆی رازی بووە و پێی وتووە: «تۆ لێرە کەسێکی پەسەند کراو نیت، لە روانگەی بەرژەوەندی خۆتەوە، وا باشترە بەم نزیکانە بچێتەوە». (عزیز الحاج، ص ١٤٤)

دوای رازی بوونی ئینگلیزەکان، مستەفا پاشا لە ١٧ی نیسانی ١٩٢١ داواکاریەکی ئاراستەیی نەزارەتی حەربیە کردووە و داوای مۆڵەتی سێ مانگی کردووە، گوایە دەیەوێت زەهرای کچی و زبیدە خانمی خزمی ببات بۆ دیمەشق و هەندێ کاری شەخسی خۆی تەواو بکات، بەڵام نەزارەتی حەربییە لە ٢٣ نیسانی ١٩٢١ لە وەڵامی ئەو داواکاریەدا دەڵێ: «رێگەی پێ نادرێ». مستەفا پاشا رژد بووە لە ئەنجامدانی ئەو سەفەرە، بۆیە رێگەی دەست لەکار کێشانەوەی هەڵبژاردوە، بە عەبدولعەزیزی کوڕیدا داوای دەست لە کار کێشانەوەکەی ئاراستەی نەزارەتی حەربییە کردووە و پێش وەرگرتنی وەڵامەکەی بەرەو شام کەوتوەتەڕێ «لەسەر ئەم کارەی نەزارەتی حەربییە دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە و لە ئەنجامیشدا ئەو هەنگاوەی مستەفا پاشای وەک هەڵهاتن لە سوپا تۆمار کردووە و بڕیاری دادگایکردنی دەرکردووە». (Ferudun Ata, p ٧٩)

پاش وون بوونی مستەفا پاشا، (موشیر کازم پاشا) سەرۆکی دادگای ئەرکانی دیوانی حەربی، بە نووسراوێک داوای لە فەرماندەیی ناوەندی سوپا کردووە لەسەر رۆیشتنی مستەفا پاشا زانیاری پێ بدات. فەرماندەیی ناوەندی سوپا لە وەڵامدا دەڵێ: «لە رێکەوتی ٢ی تەموزی ١٩٢١ مستەفا پاشا لە گەڵ عەزیز ئەفەندی کوڕیدا، کە مولازمی ئەوەلە، لە ماڵی خۆی دەرچووە و کەس نازانێ بەرەوکوێ چووە.

رۆژێک دوای رۆیشتنی رۆژنامەکانی تورکیا، هەواڵی دەرباز بوونی ناوبراویان بۆ شام بڵاو کردوەتەوە. لەسەر ئەمەش کازم پاشا بە مەبەستی گرتنی رێوشوێنی پێویست سەردانی نەزارەتی حەربیەی کردوە». (Ferudun Ata, p ٨٠)

دوای ئەوەی مستەفا پاشا ئەستەمبووڵی بەجێ هێشتووە، نەزارەتی حەربییە و دەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکەی تورکیا، ناچار بوون بە غیابی هەموو بڕیار و حوکمێکی یاسایی لەسەر مستەفا پاشا بدەن. لەو چوارچێوەدا، یەکەم بابەت کە نەزارەتی حەربییە لە دژی یامولکی جوڵاندویەتی، کارکردن بووە لەسەر نامەی دەست لە کارکێشانەوەکەی، کە بە رێگای کەسێکی ترەوە ناردبووی، لەبەر ئەوەی ناوبراو چاوەڕێی وەڵامی نامەکەی نەکردووە، بەرەو دەرەوەی تورکیا سەفەری کردووە، جگە لە پەسەند کردنی دەست لە کار کێشانەوەکەی، بڕیار دەدرێت لە ریزی سوپای تورکیا دەربکرێت.

**هیچ لێبوردنێک نایگرێتەوە:**

دوای سەرکەوتنی مستەفا کەمال و لە ساڵی ١٩٢١ بە پێی یەکێک لە خاڵەکانی پەیماننامەی ئاشتی لۆزان لە ٢٤ی تەموزی ١٩٢٣دا، دەبوو لێبوردنی گشتی دەربکرێت بۆ هەموو ئەوانەی لە تورکیا داواکراون، یان تاوانی سەربازی و سیاسییان کردووە، بەومانایە دەبوو هەموو ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ مستەفا پاشا هەڵبوەشێنەوە.

بەڵام مستەفا کەمال ئەتاتورک بۆ ئەوەی مستەفا پاشا بەر هیچ لێبوردنێک نەکەوێت، ئەم خاڵەی بە هەندی تێبینیەوە قبوڵ کردووە.

«پارلەمانی تورکیا لە دانشتنی ١ی حوزەیران ١٩٢٤ دەربارەی ئەو ١٥٠ کەسە بڕیاریدا ئەوانەی کە لە وڵاتن بۆ دەرەوەی وڵات دەربکرێن و ئەوانەشی کە لە دەرەوەی وڵاتن، رێگە بە گەڕانەوەیان بۆ تورکیا نەدرێت. لە ٢٨ مانگی ئایاری ١٩٢٧، جارێکی دیکە پەرلەمانی تورکیا ناسنامەی تورکیایی لەو ١٥٠ کەسە سەندوەتەوە کە لە دەرەوە دژایەتی تورکیا دەکەن، ئەم بڕیارە بە تایبەت بۆ مستەفا پاشا دەرکراوە، چونکە یەکێک بوو لە سەرسەخترین ئەو کەسانەی دژایەتی ئەتاتورکیان کردووە».(Ferudun Ata,p ٨٢)

مستەفا پاشا کە ٣١ هەمین کەس بوو لەو لیستەدا، تا دوا ڕۆژەکانی تەمەنی لە لایەن تورکیاوە داواکراو و تاوانبار بووە، هیچ لێبوردنێک نەیگرتووەتەوە.

«لە ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٩ داوا لە «وەکالەتی دیفاعی مللی» دەکرێت کە ئاخۆ «میر لیوا مستەفا پاشا»، کە لە سەرۆکایەتی دیوانی حەربی عورفیی دورخراوەتەوە، ئایا تا ئێستا کادری دەوڵەتە یان خانەنشین کراوە، یان هیچ مووچەیەک بۆ کەسوکاری دابین کراوە، لەو بارەیەوە داوای زانیاری کراوە. لە وڵامدا وەکالەتی دیفاعی مللی، رایگەیاندووە مستەفا پاشا بۆ دەرەوەی سنورەکانی وڵات هەڵهاتووە و هیچ پەیوەندیەکی لە گەڵ سوپادا نەماوە».(Ferudun Ata,p ٨٤).

**دادگایی لە دوای دادگایی:**

پاش جێهێشتنی تورکیا، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بە بیانوی ئەوەی بێ وەرگرتنی مۆڵەت وڵاتی جێهێشتووە و چاوەڕێی نەکردووە وەڵامی نەزارەتی حەربیە وەربگرێتەوە، بڕیاریان داوە دادگایی بکرێت، جگە لەوە چەندین سکاڵای شەخسی لە لایەن ئەو کەسانەی کە لە ماوەی سەرۆکایەتی کردنی دادگای عورفییەوە سزادراون، لە دادگا لە سەری تۆمار

کراوە. ئەو داوا شەخسیانەی کە لەسەری تۆمار کرابوون ئەمانەن:
١. سکاڵایەک لەسەر ئەشکەنجە کردن، کە لە لایەن ئەسەد پاشا و قایمقام زیا بەگ تۆمار کراوە.
٢. سکاڵایەک لەسەر لە سێدارەدانی نوسرەت بەگ، گوایە مستەفا پاشا زیادەڕۆیی لە ئەرکی خۆیدا کردووە.
٣. ئەو سکاڵایەی کە لە لایەن کەسوکاری نوسرەت بەگی لە سێدارەدراو، تۆمار کراوە.
٤. سکاڵایەک گوایە لە دەرەوەی یاسا ژمارەیەک کەسی دەستگیر کردووە و بۆ ماوەیەکی درێژ لە زینداندا هێشتونیەتەوە.
٥. سکاڵایەک لەسەر دەستگیر کردنی ژمارەیەک کەس لەسەر داوای هەندێک کەسایەتی ئەرمەنی. (Ferudun Ata,p ٨٠)

ئەوەی جێی سەرنجە ئەم داوا یاساییانە لەو کاتەدا تۆمار نەکراون کە مستەفا پاشا لە ئەستەمبۆل بووە، بەڵکو دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لە لایەن ئەو کەسانەوە تۆمارکراون.

سەرەڕای جێهێشتنی تورکیا بۆ هەتا هەتایە، کەچی دەسەڵاتدارانی تورک وازیان لە مستەفا پاشا نەهێناوە، «لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٢٢دا بە غیابی چەند سزایەکی ٧ مانگی، ٦ مانگی و ١١ مانگیان بۆ دەرکردووە. هەروەها لەبەر ئەوەی بەبێ مۆڵەت ئەستەمبووڵی جێ هێشتووە، بڕیار دەدرێت مووچەکەی ببڕێت و هیچ مووچەیەکی خانەنشینی نەیگرێتەوە». (Ferudun Ata,p ٨١)

**لە شام میوانی حوسێن حوزنی موکریانی:**

مستەفا پاشا دوای ئەوەی دەگاتە شام، ماوەیەک لە حەلەب نیشتەجێ بووە،ماڵی مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانیی لەوێ دەدۆزێتەوە و چوەتە ماڵیان. گیوی موکریانی بەم شێوەیە بەسەرهاتی هاتنەکەی بۆ ماڵی ئەوان لە حەلەب گێڕاوەتەوە: «پاشا هەر ئەو ساڵەی هاتە حەلەب، ئەوجار دەوڵەتی تورکان سەخڵەت و تەنگاو بوون و سنووری سووریایان پڕ کرد لە لەشکر. ڕۆژنامە و ئاژانس و تلگراف پرۆتێستی دەوڵەتی فەرەنسەیان کرد، وتیان ئەگەر دەوڵەتی فەرەنسە نییەتی لەگەڵ ئێمە خراپ نییە، بۆچی ڕێگای بە پیاوێکی وا گەورە و گرنگ و سیاسیی داوە بێتە شیمالی سووریە. دەوڵەتی فەرەنساش شڵەژا

و (حوزنی-یان) (مەبەستی حوسێن حوزنی موکریانی برایەتی) تێکەوە پێچا و وتیان هەر ئێستا لازمە پاشا بگەڕێتەوە عێراق. حوزنی گوتی پاشا ئامۆزامە لە مێژە یەکترمان نەدیوە، بۆ دیتنی ئێمە هاتووەتە ئێرە، لە ماڵی ئێمە میوانە. ئەمن کەفیلم تا ئەو لێرەیە کەم و زۆر هیچ شتێک لەم سنورە نەقەومێ. ئیتر دوای یەک دوو ڕۆژ هاتووچۆ، کە مەندووبی سامی خۆشی لە بەیرووتەوە هاتبوو، بە کەفالەتی حوزنی وازیان لێ هێنا، تا بیست ڕۆژان بەو شەرتەی بە ڕۆژ نەیەتە دەرەوە، هەر ئەو ڕۆژەش وەڵامی تورکیا درایەوە کە مستەفا پاشامان ڕەوانەی عێراق کردووەتەوە». (گیوی موکریانی، ل ١٨)

دوای تەواو بوونی بیست ڕۆژەکە، مستەفا پاشا لە حوزەیرانی ١٩٢١ گەیشتووەتە بەغداد. سێر پێرسی کۆکس (١٨٦٤-١٩٣٧) مەندووبی سامیی بریتانیا لە بەغداد، لە نامەیەکدا کە بۆ وینستۆن چەرچەڵ (١٨٧٤- ١٩٦٥)ی وەزیری کاروباری موستەعمەراتی ناردووە، سەبارەت بە هاتنی مستەفا پاشا بۆ بەغداد ووتویە:

«مستەفا پاشا لەسەر داخوازی من ماوەیەک لە بەغداد مایەوە، بەڵام لەو ماوەیەدا بێ ئیش بوو، بێ تاقەت بوو، بۆیە حەزی کرد بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، بۆ ئەوەی کاروباری خۆی ساز بکا. لە بەر ئەوەی لە بەرامبەر داخوازییەکەی هیچ بەرهەڵستییەک نەبوو، ڕێگەی پێدرا بگەڕێتەوە بۆ سێلمانی، بەڵام بە مەرجێک لە سلێمانی لەژێر چاودێریی ئەفسەری سیاسیی بریتانیادا بێت، هەرچەندە وا بڵاوکرایەوە کە بۆ ئەوە نێردراوەتەوە بۆ سلێمانی تا ببێت بە موتەسەڕیف، بەڵام لەبەر ئەوەی لە بنەماڵەیەکی زۆر ناسراو نییە، گەڕانەوەکەی سەرنجی کەسی ڕانەکێشا، ئاگاداری ئەفسەری سیاسیی کرا کە ئاگای لە هەموو هەڵسوکەوتێکی بێت، بەبێ موافەقەت ڕێگەی پێ نەدرێ لە سنووری ئێران بچێت بەو دیودا». (م.ر.هاوار، ل ٣٥١)

**هەلومەرجی سیاسیی سلێمانی پێش گەڕانەوەی مستەفا پاشا**

بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لە دوای بەهێزبوونی کەمالییەکان، بە دۆخێکی زۆر ئاڵۆزدا تێپەڕ دەبوو. لە باکوری کوردستان، بەشی زۆری سەرکردە دیار و ڕۆشنبیرەکان، بە هۆی هەڕەشە و گوڕەشەکانی کەمالییەکان ئاوارەی وڵاتانی ئەوروپا و میسر و لوبنان ببوون، بەم جۆرە جولانەوە نەتەوەییەکانی کورد، کەوتبوونە دەست سەرۆک خێڵ و شێخ و مەلاکانەوە، ئەوانیش زیاتر لە خەمی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بوون، خاوەنی

بیروباوەڕی نەتەوەیی نەبوون و زیاتر بەلای ئایندا رایان دەکێشا.
هاتنەوەکەی مستەفا پاشا بۆ باشووری کوردستان، لە هەلومەرجێکدا بوو کە ئینگلیزەکان لە ١٩١٩/٦/١٨ (شێخ مەحمودی حەفید ١٨٨١-١٩٥٦)یان لە شەڕی دەربەندی بازیاندا بەدیل گرتبوو، دوای مەحکەمەکردنی دوریانخستەوە بۆ هیندستان. سلێمانی بە دۆخێکی زۆر ئالۆزدا تێپەڕیبوو، (مێجەر سۆن) کە پێشتر حاکمی سیاسیی سلێمانی بوو، جارێکی دیکە گەڕابوەوە بۆ سلێمانی و بە دەستێکی ئاسنین هەندێ ریفۆرمی هەمەلایەنەی ئابوری و ئیداری و کەلتوری ئەنجامدابوو بۆ کۆنترۆڵ کردنەوەی دۆخەکە، بەڵام هەموو ئەوانە نەبوونە هۆی ئارامکردنەوەی دۆخەکە و لە سلێمانی چەندین کۆمەڵەی نهێنی دژ بە ئینگلیز سەری هەڵدا بوو. بەرهەڵستکارییەکی زۆر لە دژی ئینگلیز رێک دەخرا و هەر هەموویان داوای سەربەخۆیی کوردستان و گەڕانەوەی شێخ مەحمودیان دەکرد. (عبدالرحمن ادریس صالح البیاتی. ص ١٦٧)

کەمالییەکان لە غیابی شێخ مەحموددا نارەزایەتییەکانی خەڵکیان بەهەل زانیبو، (عەلی شەفیق ١٨٨٥ - ١٩٥١) کە بە ئۆزدەمیر ناوی دەرکردبوو، رەوانەی رەواندز کردبووەوە، ئەویش دەستی کردبوو بە پەیوەندیکردن بە خەڵکی نارەزا و لایەنگرانی خۆیان و بەشێک لە سەرۆک خێڵەکانی بۆ لای خۆی راکێشابوو.

**ئۆزدەمیر کێ بوو:**

عەلی شەفیق (١٨٨٥ - ١٩٥١) کە بە ئۆزدەمیر ناسراوە، لە میسر لە دایک بووە، بە ئەسڵ چەرکەس و خەڵکی قەوقاز بووە، دەرچووی بەشی ئەدەبیاتی ئیسلامی زانکۆی ئەزهەر بووە، لە سەردەمی خدێوی ئیسماعیل پاشا چووەتە ریزی سوپا و دواتر بووتە بەرپرسی فەرماندەی پاسەوانەکان. لە کاتی یەکەمین جەنگی جیهانی، لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە کراوەتە فەرماندەی هێزێکی تایبەتی چەرکەس، بۆ لێدانی فەرەنسی و ئینگلیزەکان لە قوبرس و فەڵەستین. دوای داگیرکردنی ئەستەمبووڵ لە لایەن ئینگلیزەکانەوە ١٩٢٠، پەیوەندی کردوە بە مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە، لە شوباتی ١٩٢٢ لە لایەن ئەتاتورکەوە بۆ تێکدانی دۆخی کوردستان و دژایەتی کردنی ئینگلیزەکان رەوانەی کوردستان کراوە. لەو کاتەی لە کوردستان بووە، یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی گرتن یان کوشتنی مستەفا پاشا یامولکی بووە.

چوار جار هاوسەرگیری کردووە و سێ کوڕی هەبووە، زمانەکانی ئینگلیزی، عەرەبی، فەرەنسی، کوردی و تورکی زانیوە. لە ساڵی ١٩٣٩ خانەنشین کراوە، ماوەیەک لە غازی عەنتاب دەستی کردووە بە کشتوکاڵ، دواتر لە خولی شەشەمی پەرلەمانی تورکیادا بووتە نوێنەری (سعرد) و لە خولی حەوتەمیشدا بووەتە نوێنەری غازی عەنتاب، لە ئایاری ١٩٥١ کۆچی دوایی کردووە، لەسەر وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی گەورەی غازی عەنتاب بە ڕێوڕەسمێکی سەربازیی نێژراوە.لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا ئاراستەی بیرکردنەوەی نزیک بووە لە ئیسلامییەکانی تورکیا و یەکێک بووە لەو کەسانەی کە قورئانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی تورکی و تەفسیری بۆ کردووە. ٢٠١٢ لەسەر داوای ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا لە غازی عەنتاب پارکێک کراوە بە ناوییەوە و پەیکەرێکی گەورەشی بۆ دروستکراوە.

**یامولکی لە سلێمانی**

مستەفا پاشا لە هەلومەرجێکدا گەڕایەوە بۆ کوردستان کە سیاسەتی بریتانیا سەبارەت بە کوردستان بە هۆی جیاوازیی تێڕوانینی سیاسەتمەدارەکانیانەوە ناڕوون و نادیار بووە. بەڵام ئەوە هەر سیاسەتی بریتانیا نەبووە کە ناڕوون بووە، تێڕوانینی سەرکردە کوردەکانیش بەسەر چەند ڕەوتێکدا دابەش بوبووە، ئەبو قاسم لاهوتی (١٨٨٥- ١٩٥٧) ئەو ڕەوتانەی لە چوار جۆردا پۆلێن کردووە و م.س. لازاریف لە کتێبەکەیدا بەم شێوەیە نەقڵی کردووە:

یەک: ڕەوتی ڕۆشنبیران، کە داوای سەربەخۆیی تەواویان دەکرد.

دوو: کەمینەیەکی بچوک، کە داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد لەژێر سایەی تورکیا.

سێ: شەریف پاشا و هەندێ لە هاوەڵەکانی، داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد لەژێر سایەی ئێران.

چوار: مستەفا پاشا و حزبەکەی عەبدولقادر، داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد لەژێرسایەی بریتانیا. (لازاریف، ص ١٣٠)

مستەفا پاشا بەو مەرامەی کە بتوانێت بە پشتیوانی ئینگلیزەکان سەربەخۆیی بۆ کوردستان دابین بکات، لە ١٩٢١/١٠/٤ لە بەغداوە گەیشتە سلێمانی. ئەو کاتە شێخ

مەحمود (دوو ساڵ و سێ مانگ و ١٦ ڕۆژ) لە ئەسارەتدا بوو. ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) کە ئینگلیزەکان دەریان دەکرد لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١دا، واتە دوو ڕۆژ پاش گەیشتنی، هەواڵی گەڕانەوەکەی بەم جۆرە بڵاوکردووەتەوە: «جەنابی حاجی مستەفا پاشا یەک دوو مانگ لەمەو پێش لە ئەستەمبووڵەوە هاتبوە بەغدا، لە بەغدایشەوە تەشریفی هاتوەتەوە ئێرە، سێ شەمە ٤ی مانگ گەیشتە سلێمانی، بە ناوی خۆوڵاتەکانەوە بەخێر هاتنەوەی دەکەم». (پێشکەوتن، ژمارە ٧٦)

دەورانی گەڕانەوەی مستەفا پاشا، کۆمەڵگەی کوردەواری کەلتوری جووتیاری و سیستمی دەرەبەگایەتی بەسەریدا زاڵ بوو، چینەکان و لە ناو چینەکانیشدا (بورژوازی نیشتمانی) زۆر وون بوو، تەنها ئەو فەرمانبەر و ئەفسەرانەی کە لە ئەستەمبووڵ و شارە گەورەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ژیابوون، هەڵگری خەسڵەتەکانی بۆرژوازیی بوون، کاریگەرییان لە ناو کۆمەڵگا زۆر سست و لاواز بوو. (ئەبوقاسم لاهوتی) دوو سیفەتی سەرەکی ناسیۆنالیزمی کوردی لەو سەردەمەدا دیاری دەکات، ئەو پێی وایە:

«ناسیۆنالیزمی تازە دەرکەوتووی کوردی نە تموحی سەربەخۆیی تەواوی لە سەردا بوو، نە ناوەڕۆکێکی سیاسیی وای هەبوو کە ئامادەیی تێدا بێت بۆ سەربەخۆیی لەژێر سایەی ئینتدابی بیانیدا، بە هۆی دواکەوتوویی کوردەواری، ناسیۆنالیزمی کوردی لەو کاتەدا تا ڕادەیەکی زۆر ناسیۆنالیزمێکی نا کامڵ بوو». (لازاریف، ص ١٣٠)

پێچەوانەی شارەکانی دیکەی باشووری کوردستان، دوای هاتنی ئینگلیزەکان، سلێمانی بە ڕەوشێکی سیاسیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری قۆناغی گواستنەوەدا تێ دەپەڕی، بە هۆی هەوڵەکانی ئینگلیز و گەڕانەوەی ئەفسەر و فەرمانبەرە پلە باڵاکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە، جوڵانەوەیەکی کەلتوری و سیاسی و تەنانەت ئابورییش لە نەشونماکردندا بوو.

مستەفا پاشا ئەزموونێکی باشی خەباتی نەتەوەیی کوردەکانی باکوری کوردستان و ئەستەمبووڵ و تێکۆشانی ئەرمەنی و جولەکە و یۆنانەکانی لەگەڵ خۆیدا هێنابووەوە. بەو پێیەی خۆیشی لە چینی بۆرژوازی کۆمەڵگای عوسمانی بووە، باوەڕ و بۆچوونە نەتەوەییەکانی، گوڕوتینێکی مۆدێرنانە و پێشکەوتوانەی دابووە ئەو جوڵانەوەیەی کە خەسڵەتێکی دەرەبەگایەتی و سادەیی پێوە دیاربووە.

تورکەکان کە خەریک بوو لە نەخشەی پاکتاوکردنی ڕەگەزی کوردەکانی باکوری

دەبوونەوە، زۆر بە وردی چاودێریی ڕووداوەکانی باشووری کوردستان و مستەفا پاشایان دەکرد، دەیانزانی ژیری و هۆشیاری و ئەزموونەکانی ئەو دەتوانێ ناسیۆنالیزمی کوردی لە سلێمانی بگوازێتەوە بۆ قۆناغی باوەڕ بەخۆکردن، کە تا ئەو دەمە هەستی خۆبەکەم زانین لە ناو کورددا، زۆر زاڵ بوو. ئەوان دەیانزانی مستەفا پاشا بەتەمای چییە، بۆیە ترسیان لێنیشت و جارێکی دیکە دادگاکانی سەربە کەمالییەکان بە شێوەی غیابی دادگاییان کردەوە و بە کەسێکی هەڵهاتوویان لە قەڵەم دا و سزای جۆراجۆریان بۆ دەرکرد و داوایان لە بریتانیا کرد تەسلیمیان بکاتەوە.

(محەمەد ڕەسول هاوار) لەبارەی هۆکارەکانی گەڕانەوەی یامولکی بۆ سلێمانی نوسیوویەتی: «یامولکی، وەکو زۆربەی ئەو کوردانەی کە لە تورکیاوە گەڕانەوە، بە کۆڵێک ئاواتەوە هاتبوەوە بۆ کوردستان، خەوی بە ڕۆژی ڕزگاربوونی کوردەوە ئەبینی و بە تەمای ئەوە بوو کوردیش وەکو ئەو میللەتانەی تر کە لە کەڵەمەی عوسمانیەکان ڕزگاریان بووبوو، ئەویش ببێ بە خاوەنی دەسەڵاتی خۆی و سەربەست و ئازاد بێ لە ناو وڵاتەکەی خۆیان». (هاوار، ل٢٥٩)

ڕەفیق حیلمی (١٨٩٨-١٩٦٠) لە بەرگی دووەمی یاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات کە مستەفا پاشا بە مەبەستی هەڵگیرساندنی شۆڕش دژی کەمالییەکان هاتبوەوە بۆ سلێمانی، ئەویش چیرۆکی گەڕانەوەی مستەفا پاشای بەم جۆرە گێڕاوەتەوە:

«مستەفا پاشا بە خنکاندن بە دار و فەلاقەی دیوانی عورفیی (نمرە ١) لە ئەستەمبووڵ نیشتمان پەروەرەکانی تورکی پێ تەمیە نەکرابوو و کۆڵی دابوو. لە کوردستانی عێراقا (شێخ مەحمود)ی حوکمداری کوردستان بەدیل گیرابوو، نێرابوو بۆ هیندستان، خەڵق بۆ ڕزگاربوون لە حوکمی ئینگلیز، لە جەوری دەست و پێوەندە سوک و بێ شەرمەکانیان، دەستیان ئەدایە هەموو دوژمنێکی ئینگلیز و پەنایان ئەبردە بەر شەیتان! ئینجا مستەفا پاشا سەر لێشێواو تاوی ئەدایە خۆی و بە هیوای بزاوتنی کوردەکان بۆ نانەوەی شۆڕشێک لە کوردستانا دوای کڵاوی بابردوو کەوتبوو و بە هەڵەداوان گەڕایەوە سلێمانی». (ڕەفیق حیلمی، یاداشت، ل ٥١)

هاتنەوەی مستەفا پاشا بۆ سلێمانی لەسەر ئاستی دەرەوە دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو، لازاریف لە کتێبی مەسەلەی کوردا وتوویە: «ڕۆژنامەکانی بریتانیا وایان بڵاوکردەوە کە مستەفا پاشا سەرۆکی دادگای سەربازی لە سەردەمی حکوومەتی داماد فەرید پاشادا بەرەو

سلێمانی کەوتووەتە ڕێ و ڕاپەڕینێکی گەورەی بەرێ خستوە و ئەنقەرەی تۆقاندووە».
(لازاریف، ل ٢٢٨)

لەبەر ئەوەی مستەفا پاشا نەخشەیەکی نەتەوەیی هەبوو کە لەگەڵ ئاراستەی سیاسەتەکانی پێرسی کۆکس مەندووبی سامیی بریتانیا لە عێراق نەدەگونجا. بە مەبەستی ڕاگرتنی دڵی تورکەکان و حکوومەتە تازە دامەزراوەکەی عێراق، بۆیە کەوتە لەمپەردانان لە بەردەم هەوڵە دیپلۆماسی و ئیعلامییەکانی مستەفا پاشا. بۆیە لە ڕێگەی وەزارەتی موستەعمەراتەوە هەوڵی دا ڕێگری بکات لە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی مستەفا پاشا لە ڕۆژنامەکانی بریتانیادا. بۆ ئەو مەبەستە ٢٦ی ئابی ١٩٢١ نامەیەکی ناردووە بۆ وەزارەتی موستەعمەرات و گلەیی کردووە کە ڕۆژنامەی «دەیلی تلگراف» هەواڵی نابەجێ لەسەر مستەفا پاشا بڵاودەکاتەوە:

تلگرافی مەندووبی سامی عێراق

بۆ وەزارەتی موستەعمەرات

٢٦ی ئابی ١٩٢١

ڕۆژی ١٩٢١/٨/٢٨ لە کاژمێر ١٢.٤٠ بە دەست دائیرەی موستەعمەرات گەیشتوە ژمارە (٤٣١)

ڕۆژنامەی (Daily telegraph) ڕۆژی ١٣ی تەموزی ١٩٢١ وتارێکی لەژێر ناوی – کۆماری کوردی- تێدایە، ئەم وتارە تەفسیرێکی ناواقعی تەواو دەداتە باسی ئیعلان کردنی کۆماری کوردی لە دیاربەکر لە لایەن مستەفا پاشاوە و بە سەرۆکایەتی خۆی.

مستەفا پاشا لەو کاتەوەی گەیشتوەتە ئێرە، واتە چەند هەفتەیەک لەمەوبەر، بەغدای بەجێ هێشتوە ئاخۆ دەتوانرێ شتێ بکرێ بۆ هاندانی سەرنوسەری ئەم ڕۆژنامە لێپرساوە، بۆ خۆدوور خستنەوە لە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی تاکید نەکراو و نابەجێی وەها.

کۆکس (د. شێرکۆ فەتحوڵڵا، ل ٥٠)

**ئینگلیز و ئایندەی سیاسیی کوردستان**

لە ١٢-٢٢ی ئازاری ١٩٢١دا، لەسەر داوای ونیستۆن چەرچڵ کە تازە بووبوو بە وەزیری موستەعمەراتی بریتانیا، هەموو فەرماندە سەربازیی و مەندووبی سامی و بەرپرسە سەربازی و مەدەنییەکانی بریتانیا لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر ئامادەی کۆنگرەی

قاهیره بوون، بۆ وتوویژ کردن لەسەر بارودۆخی ناوچەکە و دانانی ستراتیژی بریتانیا بۆ سالانی ئایندە. ئەو وەفدەی کە لە عێراقەوە چووبوو، بریتی بوو لە پێرسی کۆکس مەندووبی سامی بریتانیا، جەنراڵ (ئیلمەر هاڵدن) فەرماندەی هێزەکانی بریتانیا، (وسلیتر) راوێژکاری دارایی عێراق، (مس گێرتروود بێڵ)، دوو کەسیش لە عێراق جەعفەر عەسکری وەزیری بەرگری عێراق و ساسۆن حسقێل وەزیری دارایی وەک راوێژکار بەشداریان لەو کۆنگرەیەدا کرد.

یەکێک لە بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیە دیاریکردنی چارەنوسی عێراق بوو، بڕیاردرا فەیسەڵی کوڕی حسێن (١٨٨٣-١٩٣٣) بکەن بە مەلیکی عێراق.

سەبارەت بە ئایندەی کوردستان، چەرچڵ پاکێجێکی چارە سەری کە هەر خۆی ئامادەی کردبوو، خستە بەردەم لیژنەی سیاسیی بۆ ئەوەی راوسەرنجەکانی خۆیانی لەسەر نیشان بدەن. لیژنەکە پێک هاتبوو لە سێر پێرسی کۆکس، مس گێرتروود بێڵ، کۆلۆنیل ت.ی. لۆرنس، مێجەر هیربێت یونگ، مێجەر بابکوک و مێجەر نۆئێڵ.

گرنگترین خاڵەکانی ئەو پاکێجە بریتی بوو لە:

یەک: نابێ ناوچە تەواو کوردییەکان بخرێنە سەر حکوومەتی عەرەبی لە میزۆپۆتامیا.

دوو: دەبێ سیاسەتی حکوومەتی خاوەن شکۆ بریتی بێت لە هاندانی یەکێتی کوردەکان و پشتیوانی کردن لە ناسنامەی نەتەوەییان.

سێ: دەبێ کار بکرێت بۆ دروستکردنی سیستمێکی مەرکەزی کوردی، لەژێر چاودێریی راوێژکارێکی ئینگلیزی کە سەر بە مەندووبی سامی بریتانیا دەبێ لە میزۆپۆتامیا». (جرجیس فتح الله، ص ٢٣٠-٢٣١)

پێرسی کۆکس مەندووبی سیاسیی لە عێراق سەبارەت بە ناوەڕۆکی پاکێجەکە لە کۆبوونەوەی ١٥ی ئازاردا رایگەیاند کورد تەنها لە سلێمانی و کەرکووک زۆرینەن و ویلایەتی مووسڵ بەشیکی دانەبڕاوە لە عێراق. بەڵام هیربێت یونگ ناڕەزایی دەربڕی و رایگەیاند؛ کە دەبێ بێ دواکەوتن دەوڵەتی کوردی دابمەزرێت و بخریتە ژێر ئینتدابی راستەوخۆی بریتانیاوە، مێجەر نۆئێڵ پشتیوانیی لە قسەکانی کرد.

چەرچڵ لەگەڵ ئەوەدا بوو بوونی دەوڵەتێکی کوردی لە بەرژەوەندی بریتانیایە، چونکە دەبێتە بەربەست لەبەردەم گوشارەکانی تورکیا، لە هەمان کاتدا گوشاریشە بۆ سەر هەر بزوتنەوەیەکی عێراقی دژ بە بریتانیا. لەگەڵ ئەو بۆچوونەی (مێجەر نۆئێڵ و یونگ)یشدا

بوو کە پێیان وابوو «گەر حکوومەتی عێراقی ببێتە خاوەن سوپایەکی بەهێز، خواست و هیواکانی کوردەکان نادیدە دەگرێت و وەک کەمینەیەک دەیچەوسێنێتەوە». (هەمان سەرچاوە، ص ٢٣١)

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا راسپاردەکەی هێربەرت پەسەند کرا، چەرچەڵ و نۆئێڵ و لۆرنس پشتیوانییان لێ کرد و کۆکس و مس بێڵ لە دژی وەستانەوە. دواجار کۆکس و بێڵ فێڵێکیان لە لایەنگرانی دروست بوونی دەوڵەتی کوردستان کرد و پێشنیازیان کرد کار بە ئەو بڕیارەی کۆنگرەکە بۆ سێ ساڵ دوابخرێت، تا کوردەکان نوێنەرایەتییەکیان بۆ ئامادە دەکرێت و بڕیار لەسەر لکاندن بە عێراقەوە دەدەن، یان نا. (هەمان سەرچاوە، ص ٢٣١)

کۆنگرەی قاهیرە لە ٢٢ی ئازاری ١٩٢١دا کۆتایی بە کارەکانی هێنا. دوای گەڕانەوەی وەفدی عێراق، کۆکس و مس بێڵ بە شەوقەوە دەستیان کرد بە ئامادە کاری بۆ هێنانی فەیسەڵی کوڕی حسێن بۆ عێراق، سەرەتا راپرسییەکی ساختەیان لە هەموو شارەکانی عێراق رێک خست، ٩٦٪ی خەڵک رازی بوون بە فەیسەڵ، بەڵام خەڵکی کەرکووک و سلێمانی ئامادە نەبوون بەشداریی ئەو راپرسییە بکەن. دواجار لە ٢٣ی ئابی ١٩٢١دا وەک مەلیکی عێراق تاجیان لەسەر نا.

پێرسی کۆکس و مس بێڵ لە جیاتی جێ بە جێ کردنی بڕیارەکانی تایبەت بە کوردستانی کۆنگرەکە، دەستیان دایە هەندێ رێوشوێن کە دژ بە ناوەڕۆکی بڕیارەکانی کۆنگرەی قاهیرە بوو. یەکێک لە مەترسیدارترین بڕیارەکانی کۆکس ئەوە بوو کە وەک پارێزگایەک مامەڵەی لەگەڵ سلێمانی دەکرد، ئەمەش سەرەتایەکی مەترسییداری سیاسەتەکانی ئەو بوو دژ بە کوردستان.

بەڵام لە وەزارەتی موستەعمەرات، بە تایبەتی لای خودی چەرچڵ خۆیەوە مەسەلەکە جیاواز بوو؛ حوزەیرانی ١٩٢١ چەرچڵ پێرسی کۆکسی ئاگادار کردەوە کە دەبێ سوود لە تواناکانی مێجەر نۆئیل وەرگیرێت و داوای کرد شێخ مەحمودیش ئازاد بکرێت و بگەڕێنرێتەوە بۆ کوردستان، بەڵام کۆکس خۆی لەو بڕیارانەی چەرچەڵ دەدزیەوە و دەیویست کەڵک لە نەبوونی ئەو دوو کەسە وەرگرێت بۆ ئەوەی سیاسەتی لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە جێبەجێ بکات. (هەمان سەرچاوە، ص ٢٣٦)

## کارەکانی مستەفا پاشا لە سلێمانی:

### یەکەم: سەردانی کردنی سمکۆی شکاک:

ئیسماعیل ئاغای شکاک، ناسراو بە (سمکۆی شکاک)، ساڵی ١٨٨٧ لە دایک بووە و بنەماڵەکەیان لە مێژەوە دەسەڵاتداری خێڵی شکاک بوون و پاش مردنی باوکی و کوژرانی جەعفەر ئاغای برا گەورەی، سەرکردایەتی هۆزی شکاکی گرتوەتە دەست. پاش تێکشکانی سوپای عوسمانی بەرامبەر هێزی هاوپەیمانان ساڵی ١٩١٨ی زاینی، سمکۆ بارودۆخەکەی بەهەل زانیوە، لە ماوەیەکی کەمدا، سەرتاسەری ناوچەکانی دەوروبەری لە هێزی عوسمانی و ئێران پاک کردووەتەوە و خستوویەتە ژێر قەڵەمڕەوی خۆی.

ساڵی ١٩٢١ لە ئەنجامی لەشکرکێشییەکی گەورەی هێزەکانی حکوومەتی ئێراندا، سمکۆ ناچار بووە پاشەکشێ بکا و پەنا بەرێتەبەر تورکیا. ١٩٢٤ بە بڕیارێکی لێبوردن گەڕاوەتەوە بۆ ئێران و ١٩٢٦ جارێکی تر شۆڕشی هەڵگیرساندووەتەوە، بەڵام ئەم جارەشیان شۆڕشەکەی تێک شکاوە و ماوەیەک لە تورکیا بە دەست بەسەری ماوەتەوە و پاش ئازاد کردنی گەڕایەوە ئێران. لە ٢١ی تەموزی ١٩٣٠ بە پیلانێکی کاربەدەستانی ئێران، لە شاری شنۆ تیرۆر کرا، بەمەش دوای یازدە ساڵ لە خەبات. شۆڕشەکەی سمکۆ کۆتایی هاتووە.

سمکۆ، لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە یەکێک لە سەرکردە دیار و خۆشەویستەکانی کورد، نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بگرە لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش. دۆست و دوژمن حیسابی تایبەتییان بۆ کردووە.

### مەبەست لە سەردانەکەی:

مستەفا پاشا کە گەڕایەوە بۆ سلێمانی، هێشتا شێخ مەحمود دیلی دەستی ئینگلیزەکان بوو، سەرکردەیەکی کاریزمی لە ئارادا نەبوو کە بتوانێ سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد بگرێتە دەست، کەڵکەڵەی بینینی سمکۆ دای لەسەری. سەرەڕای ئەوەی ئینگلیزەکان بەڵێنیان لێ وەرگرتبوو نابێ بێ پرسی ئەوان لە سلێمانی بچێتە دەرەوە، بەڵام دوای (٤٧) ڕۆژ لە هاتنەوەی بۆ سلێمانی، سەعات یازدەی ڕۆژی ١٩٢١/١١/٢١ بە مەبەستی بینینی سمکۆی شکاک، سلێمانی بەجێ هێشتووە.

(زەکی ئەحمەد هەناری) لە وتارێکدا کە لە گۆڤاری (هەتاو) بڵاوبووتەوە، باسی لەوە کردووە (حوزنی موکریانی) پاڵنەری مستەفا پاشا بووە بۆ بینینی سمکۆ و نووسیویەتی: «مستەفا پاشا نەمروود کە چووە ناو کوردستانی ژێر دەستی عەجەمان، بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی ژیکەلەی شارستانی بۆ ئیسماعیل ئاغای سمکۆ پێکەوە بنێ، لەسەر ئارەزووی حوزنی بووە». (هەتاو، ژمارە ١٧٩)

ئەم زانیارییە زۆر ڕێی تێدەچێ، چونکە مستەفا پاشا و حوزنی لە حەلەب یەکتریان بینیووە، بەو پێیەی حوزنی خۆی کوردی ڕۆژهەڵات بووە، پەیوەندیی لەگەڵ سمکۆدا هەبووە. جگە لەوە، لەو دێڕەدا ئەوەش ئاشکرا بووە کە مەبەستی مستەفا پاشا تەنها دیدار و ئاشنا بوون نەبووە لەگەڵ سمکۆدا، بەڵکو هاوکاری کردنی بووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی (شارستانی).

ئەو سەردانە مێژووییەی مستەفا پاشا بۆ لای سمکۆ، نابێ بە سەردانێکی ئاسایی و بێ بەرنامە لە قەڵەم بدرێ، ئامانجێکی دیکەی سەردانەکەی ئەوە بووە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکەونە ژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی (ئیتیحادییەکان)، لەو نامەیەدا کە ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٢١ بۆ (عەبدولعەزیز)ی کوڕیی ناردویەتی، سەبارەت بەو مەسەلەیە وتوویە:

«ئەوەی شایانی باسە، کوردەکانی کوردستانی باکور [مەبەستی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە] بانگەوازی ناسیۆنالیستەکان (لایەنگرانی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی)یان پێ گەیشتووە، کە هاوکارییان بکەن. سەرۆک هۆزەکانی ئەو ناوچەیە خەریک بوو مەیلیان بەرەو لای ئەو بانگەوازە بچێت، لە دوای ڕوونکردنەوەی من، لەمەڕ هەڵوێستی دوژمنکارانەی ئەوان، ئێستا لە جیاتی هاوسۆزی، ڕقیان لە ناسیۆنالیستەکان دەبێتەوە، ناسیۆنالیستە (تورکەکان) لەو گەشتەی من زۆر نیگەران بوون، هەتا هەزار لیرەیان داناوە بۆ کەسێ بمگرێ یان بمکوژێ». (د. عوسمان عەلی، ل٢١٥)

**نامە مێژووییەکە:**

دوای سەردانی کردنی سمکۆ و گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، مستەفا پاشا ١٩٢١/١٢/١٢ وردەکاریی بەڕێ کەوتنەکەی و چۆنێتی بینینی سمکۆ و ئەوەی لە نێوانیاندا ڕوویداوە، بە نامەیەک ناردوویەتی بۆ عەبدولعەزیزی کوڕی، کە هێشتا لە تورکیا بووە. ئەو نامەیە

دەستی ئینگلیزەکان کەوتووە، دوای وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی، لە ١٩٢٢/١/٢٠ مەندووبی سامی بریتانیا لە عێراق ناردوویەتی بۆ (وینستۆن چەرچڵ)ی وەزیری موستەعمەراتی بریتانیا.

لەبەر بایەخی ناوەڕۆکی نامەکە، ئەو بەشانەی کە تایبەتن بە پرسیارەکانی مستەفا پاشا و تێروانینەکانی سمکۆ بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لە خوارەوە بڵاودەکەینەوە:

کوڕی خۆشەویستم عەبدولعەزیز بەگ

نامەکەی (٢٠ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢١)م وەرگرت کە وەڵامی نامەی (١٩٢١/٩/١٣)ە، هەروەها نامەی (٥ی سێپتەمبەر و هی ٦ی ئۆکتۆبەر)، ئەو نامەیەی کە بۆ (کوڕانی نەقیب)ە، وەرمگرت.

دوای گەڕانەوەم لای ئیسماعیل خانی سمکۆ دەمەوێ هەندێ لەو شتانەی کە بە چاوی خۆم دیومن بۆتان باس بکەم.

کاتێک گەیشتمە چاری (چهریق)، بیستم پیادە و تۆپ و هەندێ سوارەی سمکۆ روویان کردووەتە سەڵماس بۆ بەیانی سمکۆمان دی گفتوگۆیەکی دورودرێژم لە گەڵدا کرد و لە دواییدا ئەم پرسیارانەی خوارەوەشم لێ کرد:

پرسیار: لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی رابردوودا، لە دژی حکوومەتی ئێران جوڵاویتەوە و دەجووڵێیتەوە، مەبەستت لەم بزوتنەوەیە چییە، بە تەمای چ جۆرە دەسکەوتێکت دەسگیر بێ؟

وەڵام: فارسەکان رقیان لە کوردە، لەبەر ئەوە من بە هەموو توانای خۆمەوە هەوڵ ئەدەم کوردەکان رێک بخەم، بۆ ئەوەی لە دەستدرێژی فارس رزگاریان بێت، هەر بۆیە ساڵی پار شاری ورمێم گرت، لەگەڵ ئەو ناوچەیەی کە لە رابردوا هی کورد بووە. دوای ئەوەش شاری سەڵماس، وا ئەمساڵیش فارسەکانم لە سابلاغ دەرپەڕاند.

پرسیار: باشە تۆ هەوڵ ئەدەی بۆ ئەوەی کورد رزگار و ئازاد بێت و سەربەخۆییان بۆ ساز بکەی، ئەی بۆچی پێش هەموو شتێک ناوچەی وان و ئەرزڕوم و بتلیس و هەکاری و خەرپووت رزگار ناکەیت و ئەو خەڵکەی رێک ناخەی کە ماوەیەکە لەژێر جەور و ستەمی تاقمەکەی مستەفا کەمالدان؟ بۆچی ئاڵای تایبەتی خۆت هەڵناکەی، هەتا دەری بخەی کە مەبەستت لەو جووڵانەوەیەت خوێنرشتن نییە، بەڵکو مەبەستت سەربەخۆییە، بۆچی هەوڵ نادەی بە ئاشتی و خۆشی لەگەڵ فارسەکاندا رێک بکەویت؟

وەڵام: من وای بە باش دەزانم، لە پێشدا لە ئێرانەوە دەست پێ بکەم، چونکە من هیچ بە چاکی نازانم لەم رۆژەدا لەگەڵ تورکەکاندا تێکی بدەم، چونکە ئەوان بە تفەنگ و فیشەک یارمەتیم دەدەن، من هیچ بە پێویستی نازانم کە (بەیان) بۆ بێگانە بڵاوبکەمەوە، چونکە ئەوان زۆر باش شارەزای ئەوەن کە ئێمە هێشتا بە شێوەیەکی خێڵایەتی دەژین، جگە لەوە بیستومە دەوڵەتە ئەوروپاییەکان لە ناو خۆیاندا لە کێشە و مشت و مڕدان، بۆیە ئێمە پێویستە تێکۆشین، پشتیش بە هێز و دەسەڵاتی خۆمان ببەستین و نەهێڵین فارسەکان بگەڕێنەوە بۆ ورمێ و سابلاغ، ئێمە بە هیچ جۆرێک کۆڵ نادەین، هەتا تاقە کەسێکی شوکاک مابێت لەم رووەوە بەرهەڵستی دەکەین.

پرسیار: هۆی کوشتنی ئەو (٨٠٠) دیلە فارسەی کە سێپتەمبەری ساڵی رابردوو گیرابوون، چی بوو؟

وەڵام: ئەوانە وەختی خۆی لە شەڕی ورمێدا گیرابوون و ئێمە لە دوای گرتنیان هیچ خراپەیەکمان لە گەڵیاندا نەکردن، بەڵکوو جل و پارەمان دانێ، بەو مەرجەی نەچنەوە پاڵ ئێران، دژی ئێمە نەبن، بەرەڵامان کردن، بەڵام هەر کە بەربوون، یەکسەر چوونە پاڵ ئێران و دەستیان کرد بە دەستدرێژی کردن و کوشتن و بڕین، بۆیە ئەم جارە ئێمە لێیان خۆش نەبووین و تۆڵەمان لێ کردنەوە.

پرسیار: هۆی تێکچوون و شەڕکردنت لەگەڵ ئاسوورییەکاندا چی بوو؟ تکایە پێم بڵێ، مار شەمعون کە ئاشتی دەویست و دۆستی کورد بوو، لەبەر چی کوژرا؟

وەڵام: بێ گومان ئاگاداری ئەوەیت کە تورک و رووس لە جەنگی جیهانیدا چییان بە کورد کرد! حەز دەکەم هۆی کوشتنی مار شەمعونت بۆ باس بکەم و بۆت روون بکەمەوە.

لەو هەرایەی لە باکوری کوردستاندا لە نێوان تورک و ئەرمەنەکاندا روویدا، ئاسوورییەکان چوونە پاڵ ئەرمەنیەکان و یارمەتیان دان. لە دوای شۆڕشی رووسیا (مەبەستی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە) رووسەکان هێزەکانیان لە سابلاغ و ورمێ کێشایەوە و ژمارەیەکی زۆری چەک و جبەخانە و تۆپ و رەشاش و تفەنگیان بەجێ هێشت و هەمووی بۆ ئاسوورییەکان مایەوە. چەند ئەفسەرێکی رووس و ئاسوورییەکان و هەندێ کاربەدەستی ئەوروپایی دەیانزانی ئێران بە هۆی لاوازی و کەم دەسەڵاتی و کەم دەرامەتییەوە ناتوانێت داکۆکی لە خۆی بکات، بۆیە ئاسووریە چەکدارەکان ویستیان ئەم دەرفەتە لە کیس نەدەن و ئازەربایجان کە ناوچەیەکی گرنگی نێوان ئەرمەن و تورک و فارسەکانە بگرن.

لە دوای ئەوەی ئاسووریەکان بەسەر فارسەکاندا سەرکەوتن، بانگەوازی سەربەخۆییان بڵاوکردەوە، هاتنە لام و داوای هاوکارییان لێ کردم، بۆ ئەوەی پێکەوە بچینە ناو ئێرانەوە، منیش بەڵێنی یارمەتیدانم پێدان، بەڵام ئێرانییەکان بەمەیان زانی کە ئاسوورییەکان داوای یارمەتیان لە من کردووە، نوێنەری ئێرانی هات و داوای لێ کردم کە پشتی ئاسووریەکان نەگرم، بەرامبەر بەوە بەڵێنێ پاداشت و چاکەدانەوەیان دامێ. لە بەر ئەوەی دەمزانی ئاسووریەکان نیازیان وابوو کوردستان بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە و داگیری بکەن، بۆیە مار شەمعونم کوشت، ئێرانییەکانیش لە بەڵێنی خۆیان پاشگەز بوونەوە، بۆیە پەلاماری ئێرانییەکانیشم دا و (ورمێ)م گرت و کاربەدەستانی خۆمانم لێ دانا.

پرسیار: ئایا هیچ رێکخراوێکی نەتەوەیی لە کوردستاندا هەیە؟ بۆ نمونە، ئایا هیچ بەیداغێکی تایبەتی هەیە؟ ئەی تۆ چۆن حوکمی ئەو شوێنانە کە دەیانخەیتە ژێر دەسەڵاتی خۆتەوە، دەکەی؟

وەڵام: ئێستا جارێ هیچ رێکخراوێک نییە، من هەر خۆمم لە کوردستاندا، بەڵام چاوەرێ بکە، با ئەم وەڵاتە رزگاری بێت، ئەوسا بزانە چۆن حکوومەتێک دێتە کایەوە. گرنگ نییە کێ دەبێتە فەرمان رەوا و کاربەدەست. من خۆم هیچ چاوم نەبڕیوەتەوە ئەوە. دەربارەی ئاڵا و شتی تر، بڕوا ناکەم جارێ شتی وا پێویست بێت، لەگەڵ ئەوەشدا شوکاکەکان هەروەکو ئێستا خۆت دەیانبینیت بۆ هەر ناوچەیەک ئاڵایەکیان هەیە.

پرسیار: وادیارە بڕیاری هێرش بردنتان بۆ سەر ئێران بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوەیە، چونکە باپیرە گەورە و خزم و کەس و کارتان و برا خۆشەویستەکەتان (جەعفەر ئاغا) لە لایەن ئێرانەوە کوژرابوون و دوو ساڵی لەمەوبەر بۆمبایەکیان بۆ کوشتنی خۆت ناردبوو کە برایەکتی پێ کوژرا بوو، دەڵێن ئەم بزوتنەوەیەت دوای ئەو کوشتارە کردووە، ئایا ئەمە وانییە؟

وەڵام: تەواو تێ گەیشتووم کە ئێوە (مەبەستی مستەفا پاشایە) شارەزاییەکی تەواوتان هەیە دەربارەی رووداوەکان و ئەزانی کە ئێرانییەکان هەموو دژی کورد بوون، دەزانی کە چۆن باو و باپیرم (عەلی خان) و زۆر کەسی تر، چۆن بە دەستی ئێرانییەکان کوژرابوون، من هەرچەندە ئێستا بۆ میللەتی کورد خەبات دەکەم و تێ دەکۆشم، بەڵام تۆڵەی خۆشم لە ئێرانییەکان دەکەمەوە.

رۆژی دووەم جارێکی دیکە مستەفا پاشا و سەید تەهای شەمزینی پێکەوە لە ژوورێکی

تایبەتدا لەگەڵ سمکۆ کۆ دەبنەوە، مستەفا پاشا بە وردی باسی لە گۆڕانکارییەکانی لە کۆبوونەوەکەدا بۆ سمکۆ کردووە و ویستوویە قەناعەتی پێ بهێنێ پشت لە کەمال ئەتاتۆرک بکا و لەگەڵ یۆنانییەکاندا پەیوەندی بگرێ کە ئەو کاتە لە شەڕێکی خوێناویدا بوون لەگەڵ تورکیا. داوای ئەوەیشی کردووە ئینگلیزەکان ئاگادار بکاتەوە، چونکە ئینگلیز و ئەورووپییەکان لەو کاتەدا پشتیوانیتان لێ دەکەن.

لەوەڵامدا سمکۆ وتوویە: «منیش زۆر رقم لە تورکە نەتەوەییەکانە، بۆ کورد منیش ئەوان لە فارسەکان بە دوژمن تر دەزانم، من چەند جارێک نامەم بۆ ئینگلیزەکان ناردووە، ئاگادارم کردوون کە نامەوێ دژی سیاسەتەکانی ئەوان بم. ئێمە هەمیشە پێویستمان بە یارمەتی بریتانیا هەیە، با ئەوان لایەنگری کورد بکەن منیش ئامادەم بە پێی ئارەزوی ئەوان بجووڵێمەوە، ئێمە پێویستمان بە چەک و فیشەک هەیە و ئەگەر لەو رووەوە فریامان نەکەوێ توشی کێشە و سەر ئێشە دەبین. سەید تەهام نارد بۆ بەغدا، بەڵام هیچ سوود و ئەنجامیکی نەبوو. ئەوا من ئێوە و سەید تەها دەکەم بە وەکیل، ئەگەر حکوومەتی بریتانیا راستەوخۆ، یاخود بە هۆی دۆستە دڵسۆزە پشدەرییەکانەوە بتوانێ یارمەتی چەک و جبەخانەمان بداتێ، بەبێ ئەوەی بمانخاتە ژێر رەحمەتی ئەفسەرەکانیەوە، ئەوا دەتوانین وان و ئەرزرۆم و سێواس و هەکاری لە تورکەکان پاک بکەینەوە، ئەوسا دەتوانن دەرسێکی چاکیش بەوانەی رەواندز (مەبەستی ئۆزدمیرە) و شوێنەکانی تریش بدەین، ئەمە پێشنیاری ئێمەیە. دەتوانین دڵنیات بکەین کە ئێمە لەم گفتوگۆیەماندا راستین، ئێمە دەتوانین ئەنگۆڕەش بگرین، ئەگەر ئینگلیزەکان بێ دەنگ بن لە ماوەیەکی کەمدا شاری سنەش دەگرین»

مستەفا پاشا لە کۆتایی نامەکەیدا بۆ عەبدولعەزیزی کوڕی نووسیوە: «کوڕی خۆم بەتەمام یەکسەر بە هۆی دەسەڵاتدارانی بەغداوە، ئەو بەڵێن و پەیمانەی سمکۆ و سەید تەها بگەیەنم». (م. رسول هاوار. ل ٣٦١)

ئەم گەشتەی مستەفا پاشا نە بە دڵی بریتانییەکان بووە و نە بە دڵی سەید تەهای نەهری، مەندووبی سامی بریتانیا لە ئەستەمبووڵ (هۆراس رامبۆڵد) دەقی یاداشت نامەیەکی (مستەر رایان)ی بۆ (ئیرەل بەلفۆر) ناردووە بۆ دائیرەی مەندووبی سامی. تێبینی دوو خاڵی گرنگ لە نامەکەی (مستەر رایان)دا دەکرێت: سەید تەها وتوویەتی: «پشت بەستن بە خەڵکی وەک مستەفا پاشا و کەسانی تر کە لەم ناوەدا دەسوڕێنەوە، بێ ئەنجامە و ئەمانە

کاریگەریی راستەقینەیان لەسەر کورد نییە». لە وەڵامدا رایان پێی ووتوە «بە تەواوەتی لە گەڵیدا موافق بووم سەبارەت بەوەی مستەفا پاشا و کەسانی تر کە ئەو باسی کردن، تا رادەیەک گرنگیان کەمە و حکوومەتی مەلەکی بەکاری نەهێناون و خەتی ئەوان ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەک مەبەستی جووڵاندنی کورد – کە لە ناو خۆیاندا هیچ یەکگرتوو نین- بەکار نەهێنن». (د.شێرکۆ فەتحوڵڵا، ل ١٠٢-١٠٣)

**دووەم: هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی ئەفسەرە کوردەکان:**

دوای بڕانەوەی جەنگ، دەبوو دەوڵەتی عوسمانی بە پێی رێککەوتننامەی ئاشتی، ژمارەی هێزە چەکدارەکانی کەم کاتەوە و بەشی هەرە زۆری ئەفسەر و پلەدارەکانی سوپا یا خانەنشین یان دەریان بکات. رۆژنامەی (العراق) لە ژمارە (١٠٥)ی رۆژی ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠ هەواڵی دەرکردنی ئەو ئەفسەرانەی بەم شێوەیە بڵاوکردووەتەوە: «دوای حیساب کردن و وردبوونەوە، وەزارەتی جەنگ لە ئەستانە بۆی دەرکەوت دەبێ بە پێی رێککەوتننامەی ئاشتی ١٦ هەزار ئەفسەر و فەرمانبەر لە وەزارەتی جەنگ و دەریاییدا دەرکات، بۆ ئەم مەبەستە ئەنجومەنی وەزیران بە گرنگییەوە دەروانێتە ئەم مەسەلەیە تا رێووشوێنی پێویست بگرێتە بەر بۆ دامەزراندنی ئەوانە لە کارێکدا کە لەگەڵ دۆخەکەیاندا بگونجێ».

دوابەدوای ئەو بڕیارە، بەشێکی زۆر لە ئەفسەرە غەیرە تورکەکان بەر شاڵاوی دەرکردن کەوتن، تەنانەت ئەوانەشی کە چەندین ساڵ لە ئەسارەت و دیلیدا ژیابوون. ئەو نامانەی کە ئەو ئەفسەرە کوردانە بۆ هەموو لایەکیان ناردووە، زۆر بەڕوونی نەهامەتی و چەرمەسەریی ئەوانی دەرخستووە.

بەشی زۆری ئەفسەرە عەرەبەکان و هەندێ لە کوردەکانیش کە هیچ هەستێکی نەتەوەییان نەبووە، پێویستیان بە رەزامەندی ئینگلیز و فەرەنسا نەبووە، گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتە تازە دامەزراوەکانی وەک عێراق و سوریا و پلە و پۆستی گەورەیان وەرگرتووە و رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە دامەزراندنی سوپای ئەو وڵاتانەدا. بەڵام ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە هیچ وڵاتێک لە خۆی نەگرتوون و ئینگلیزەکانیش لێیان دڵنیا نەبوون، ئامادەش نەبوون بچنە ریزی سوپاکەی ئەتاتورکەوە، لە نەهامەتی و دەردەسەرییەکی زۆردا ژیاون.

مستەفا پاشا ئەو کاتەش کە لە ئەستەمبووڵ بووە، ئاگای لەم مەسەلەیە هەبووە، بۆیە

پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان داوای لە مەندووبی سامی بریتانیا لە ئەستەمبووڵ کردووە لەگەڵ خۆیدا ئەو ئەفسەرە کوردانە بگەڕێنێتەوە. بەڵام وەک لە بەڵگەنامەی Fo: ٦٣٤٦/٣٧١ کە تلگرافێکی مەندووبی سامی بریتانیایە لە ئەستەمبووڵ بۆ وەزارەتی موستەعمەراتی بریتانیایی، داواکەی رەت کراوەتەوە «مستەفا پاشا پرسیاری ئەوەی لێ کردم ئاخۆ دەتوانێ هەندێ لەو ئەفسەرە کوردانەی کە بە ئەسڵ خەڵکی سلێمانین، لەگەڵ خۆیدا بباتەوە، بۆ ئەم مەوزوعە هانم نەداوە». ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بریتانییەکان دڵنیا نەبوون لە لایەنگریی ئەم ئەفسەرانە، بۆیە رێگەیان پێ نەداون بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان و عێراق.

بەڵام مستەفا پاشا کۆڵی نەداوە، کاتێک گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، کەمپینێکی کۆمەک کۆکردنەوە دەست پێ کردووە بۆ ئەو ئەفسەرانە. سەرەتا دەقی ئەو نامەیەی کە ئەفسەرە کوردەکان ١١ی تەمووزی ١٩٢٢ لە ئەستەمبووڵەوە ناردوویانەتەوە بۆ سلێمانی، لە ژمارە (٤)ی ٢٨ی ئابی ١٩٢٢ رۆژنامەی (بانگی کوردستان)دا بڵاوکردووتەوە، ئەوەی جێگەی تێبینییە، ئەوەیە کە ئەو نامەیە ئاراستەی رۆژنامەی (پێشکەوتن) کراوە، بەڵام کاتی گەیشتنی نامەکە، ئەو رۆژنامەیە داخراوە و لە جێگەی ئەو (بانگی کوردستان) دەرچووە:

ئەمانەوێ بە واسیطەی ئێوەوە مەسەلەیەکی زۆر گەورە عەرضی هەمشەهرییەکانی خۆمان بکەین، زۆر ئومێدمان هەبوو کە ئەم ئیشە لە پێش موراجەعەتی ئێمەدا لە طەرەف (پێشکەوتن) بەیان و تەعقیب بکرێت. فەقەط وا ئەسف، تا ئێستا لە ئەم خصوصە هیچ شتێکمان نەدی. و بە طەبیعەت موتەئەسر بووین، ئەم موراجەعەتەمان نەتیجەی ئەم تەئثیراتەیە.

مەعلومی ئێوەیە کە قیسمی کوللی ضابطان و مەئموورینی عێراق، لە حەربی عمومیدا بۆ طەرەفی قافقاس و حەلەب و لەم لا و لەولا فڕێ دران، بەعضێکیان تەلەف بوون و قسمێکیان ئەسیر مانەوە، قسمێکی زۆر کەمیان بە ساغی نەجاتیان بوو. ئێستا ئەوانەی کە ئەجەلیان نەهاتبوو و کە نەمردوون، لە ئێرە، لە ئەستەمبووڵدا غەریب و بێ کەس، موحتاج و پەرێشان ماونەوە. لێرە نە کەس رەحم بە حاڵمان دەکا و نە ئێوە لەوێ فکری ئەمانە دەکەنەوە. ئەم حاڵە هیچ شوبهە نییە کە خیلافی رەضای خودا و پێغەمبەر و موناف‌ی حەمییەت و غیرەتی ئەهلی وەطەنە. باخصوص ئەم فەقیرانە کە عومدەی مونەووەرانی ئەهلی وەطەن و لازمە

فکر بکەنەوە کە لە مودەتی چەند ساڵەدا پێ گەیشتوون و ئایا لەسەر هەمووتان فەرض نییە کە چارەیەکیان بۆ بدۆزنەوە، کە بیانگەیەنن بە وەطەنی خۆیان. بێ شوبهە ئەمانە بۆ مەملەکەت عونصریکی لازم و موفیدن و هیچ کەس لە خزمەتی ئەمانە ئیستغنا ناکات. ئەگەر بینا لەسەر ناوی غەزەتەکەتان، بەراستی فکر و ئارەزووی (پێشکەوتن)تان هەیە، بە تەواوی موحتاجی خزمەتی ئەمانەن و ئیللا تەهلوکەی پاش کەوتن بۆ وەطەن مەووجودە، حەتا موحەققەقە نا قابیلی ئیجتنابە.

لەم خصووصەوە بۆ هەموو لایەک نووسراوە، باخصووص (بە مەندووبی سامی کە لە بەغدایە) موراجەعەتی پێ کراوە، ئەزانین لە هەموو لایەکەوە غیرەت بۆ نەجات بوونمان دەکەن. فەقەط لەسەر رۆژنامەی (پێشکەوتن)یش فەرضی عەینە کە صەرفی هیممەت و غیرەت بکا، چونکە ئەم فەلاکەت زەدانە کە لێرە کەوتوون، زۆریان خەڵقی سلێمانییە هیچ شوبهە نییە ئەهلی سلێمانی و ئەطرافی، کە بەصەلابەتی دین و غیرەتی وەطەن و هەمشەهرێتی مەشهوورن، لە هەموو لایەک زیانزەدەن، سەماحەت و جەوانمەردی پیشان دەدەن و بە قەدەر حالی خۆتان هەرچەندە مومکین بوو، بە سورعەت بۆ ئەمانە ئیعانەیەک گرد بکەنەوە، بە ناوی ئێمەوە کە لە طەرەف ئەوانە بۆ ئەستەمبووڵی ئەنێرن و ئینشائەڵڵا لە سایەی غیرەت و حەمییەت ئەهلی وەطەنەوە ئەم فەقیرانە لێرە رزگار دەبن و بە خزم و ئەقرەبای خۆیان شاد ئەبنەوە. باقی تەوفیق لە خودا، غیرەت لە ئێوە.

زەهاوی زادە یووزباشی

حاجی عەبدولرەحمان باپیر زادە

مستەفا کامیل بینباشی ئەرکانی حەرب

محەمەد ئەمین بینباشی ئەرکانی حەرب

ئالووسی زادە طەیب

ثابت بگ زادە نووری

جگە لەو نامەیە، نامەیەکی محەمەد ئەمین زەکی بۆ مستەفا پاشا لە لاپەڕە چواری هەمان ژمارەی (بانگی کوردستان)دا بە فارسی بڵاوبووەتەوە، کە ئاراستەی مستەفا پاشای کردووە؛ ئەمە دەقەکەیەتی:

سەرداری بەڕێزی ئێمە

پاش دەست ماچ کردن، ئارەزوومەند پێتان رادەگەیەنم کە لەو کاتەوەی بەڕێزتان

چوونەتەوە بۆ نیشتمان، تا ئێستا، لە لوتف و پرسیاری بەڕێزتان بێ بەشین. بۆیە لە دڵەراوکێدا دەژین و هەر کاتێک هاتوچۆی دەوڵەتخانە دەکەین، پرسیاری ئەو گەورەیەمان لە عەزیز بەگ دەکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی تا ئێستا لە لایەن بەڕێزتانەوە فەرمان و ئیشارەتمان پێ نەکرابوو، یارای ئەوەم نەبوو کە بە چەند وشەیەک بێ توانایی خۆم دەربڕم و چاوەڕێی بەندە نەوازیی ئێوە بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا هیچ شتێک دەرنەکەوتووە، بە پێویستم زانی بە چەند وشەیەک خۆمتان بیر بخەمەوە، بۆ ئەوەی لە ریزی بێ وەفایاندا نەبم.

دۆخی رووداو و ئەحواڵی ئێرە رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو خراپتر دەچێ، وەک چۆن چەندین جار لە لایەن بەڕێزتانەوە باس کراوە، نیشانەکانی باش بوونیش دەرناکەون، خوا بەزەیی بە هەژار و بێ گوناحەکاندا بێتەوە، ئامین.

دوای چوونی بەڕێزتان، زۆر لە هاونیشتمانانمان لە دیلێتی بەربوون و هاتن بۆ ئێرە، لەوپەڕی پەرێشانیدان، بەزەیی و شەفەقەتی حکوومەت لای خۆتان ئاشکران، بۆیە کەسێک نییە چاوی لە حاڵ و ئەحواڵی ئەم داماوانە بێ، ئێمە لێرە ناچار بووین بە ناوی هەمووانەوە موراجەعەتی بەغداد و مەندووبی سامی بکەین و کردمان، لەم بارەوە لە پێناوی دەرخستن و کۆمەک بۆ هەموو کەسیک و هەموو شوێنێکمان نووسی، لەوانە بۆ موتەسەڕیف و سەرۆکی شارەوانی سلێمانیمان نوسیوە. لەم بارەوە داواکارم لە جەنابتان کارێک بکەن ئەم داماوانەی نیشتمان کە لێرە گیریان خواردووە و تا ئێستا بۆ هیچ لایەک نەچوون، بە هەر رێگەیەک دەکرێ بگەڕێننەوە بۆ نیشتمانیان. ئەم کارە بەلای ئێوەوە گران نییە، دڵنیام لەوەی کە ئەگەر جەنابتان لێرە بونایە و پەرێشانی هاوشارییەکانت بدیبایە، چۆن دەگریان، بە خێرایی چارەیەکت دەدۆزییەوە، بەندە لێرە پشت بە مەعنەویاتی جەنابتان دەبەستم و لەگەڵ چەند هاوڕێییەکی دیکەدا خۆمانمان بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخان کردووە و داوادەکەین ئێوەش لای خۆتانەوە پشتیوان و هاوکار بن و بە زوویی چارەیەک بدۆزرێتەوە، وەگەرنا هەمووان لێرە لە برسان و پەرێشانیدا لەناودەچن. لێرە کەس بەزەیی بە حاڵیاندا نایەتەوە، خۆتان دۆخی ئێرە دەزانن و پێویست بە باس کردن ناکات. بەندەش تا ئێستا چاوەڕوانی بەڕێزتانم، بە پێی ئەو فەرمانەی کە لە کاتی گەڕانەوەتاندا لە رێگەی نووری چاوتان عەزیز بەگ (مەبەستی عەزیزی کوڕی مستەفا پاشایە)ەوە پێم گەیشت، ئامادەم و چاوەڕێی هیممەتی بەرزی ئێوە و وەڵامی راستم، بەو پەڕی رێزەوە

دەستی کەس و کار و منداڵەکان ماچ دەکەین.

حاجی عبدولرەحمان زادە
بینباشی محەمەد ئەمین

هەر لەو ژمارەیەدا مستەفا پاشا سەروتارێکی لەژێر ناوی (لە ئەستەمبووڵ ئەحواڵی ضابطانی کورد)ەوە نووسیوە.

پێشەکیی سەروتارەکەی باسی بارودۆخی کوردستانی لە کاتی جەنگی عومومیەدا کردووە کە چۆن ببووە دارولحەرب و نووسیویە: «حەربی عومومی کە حەربێکی مەشئووم بوو تەخریبی مەدەنیەت و ئینسانییەت و فەلاکەتێکی عەظیم و مەعلووم بوو. ... کوردان کە لە شیمالەوە بۆ جنووب قیسمی ئەعظەمی وەطەنیان بوو بە دارولحەرب».

دواتر وێنەیەکی خەماویی کوردی خستووەتەڕوو کە بەچاوی خۆی دیویەتی و نووسیویە: «ئەوانەی کە ئەم مەنطەقەی دارولحەربی کوردستانەی دیبێ، دڵخوێن بوونیان بەم پەرێشانیە و مومکین نییە صەرف ئەلنەظەر لە صەد هەزاران کە بە دانەی تۆپ و بە ئاگری مەترالیوز و تفەنگ بە طەراقەی بۆمبای مەلعوون مەحوو بوونەوە، هەزاران یەتیم و یەتیمەی کوردان، عەجەزەی نیسوان، پیرانی خەستە و ناڵان لە ئەثنای هیجرەتی جەبریدا لەناو بەفردا، لەسەر شاخاندا لە ئەملا و لە ئەولادا، لە برسانا و لە سەرمادا تەلەف بوون».

ئەم دیمەنە پڕ لە کارەساتە هەستی شاعیرێتی مستەفا پاشای جوڵاندووە و بەم شیعرە کارەساتەکەی زیاتر خستووتەڕوو:

لە کوێیە قەوم و خوێشانم، ببینن چۆن پەرێشانم
بزووتم لێم دەدەن، بۆچی بڵێم؟ چی تورکی نازانم
بە حاڵم مەرحەمەت تو خودا، زبان نازان وبیمارم
لە کوێ ما دایک غـەمخوارم، ببینێ چاوی گریانم

پاشان دێتە سەر چیرۆکی ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە بەشداریی جەنگەکەیان کردووە و چۆن بوونەتە خۆراکی جەنگێک کە هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەوە نەبووە:

«لە ضابطانی تەحصیل دیدەی کوردانیش، قیسمێکی زۆر لە بەر نامووس و شەرەفی خۆیان، یا لە جەبهەی حەربدا شەهید و مەجرووح وە یا لە ئەسارەتدا پەرێشان بوون».

لە دوای ئەوە هاتوەتە سەر بارودۆخی ئەو ئەفسەرانەی سوپای عوسمانی دوای وەستانی

جەنگ، کە چۆن لە وڵاتە تازە سەربەخۆکانی وەک (سووریا و عێراق و میسر) بۆ کەڵک وەرگرتن لە تواناکانیان هەموو کارئاسانییەکیان بۆ گەڕانەوەیان کردووە و لەو پێناوەدا کۆمەڵەی تایبەت بە هاوکاری کردنیان دروست کراوە: «لە پاش موتارەکە، یەعنی زەمانێ کە ئەقوام بە ئیدیعای قەومییەت و سەربەستی، هۆشیاری و بێدارییان بۆ حاصڵ بوو، ئارناوود و عەرەب و سائیرە، هەر قەومێ لە شوێن ضابطانی خۆیان گەڕان، جەمعییەتیان تەشکیل کرد، موعاونەتییان نواند، هەموویان بۆ وەطەن دەعوەت کرد، ئەهالیی سووریە بۆ شام، عەرەبی عێراق بۆ بەغداد، ئارناوود بۆ ئەشقودەرە، و سائیرە بەرەفاهی عەوەدەتیان مویەسر بوو».

دواتر هاتووتە سەر دۆخی ئەفسەرە کوردەکان کە چۆن لە بەر بێ خاوەنی و دۆخی کوردستان بە ناو تورکیادا سەرگەردان بوون: «کوردستانی جنووبی ئێمە، چونکە وەضعیەتی حاضرە و موستەقبەلەی بۆ قەراردانی مونەووەران و ضابطانمان کافی نەبوو، ئەو ضابطە گەنجانەمان چار ناچار قیسمەن لەبەر ضیقی مەعیشەت چوون بۆ ئەنقەرە، قیسمەن لە ئەستەمبووڵدا بێ وەظیفە مانەوەیان ئیختیار کرد و دائیمەن مونتەظری ئیختیاری موساعەدەی وەطەن بوون و - هەن- چونکە لە ئەووەڵ سەفەر بەریەوە فیکری ئیفتیراقی ئەقوام یەک لەگەڵ یەک هەتا بێ کەسبی شیددەت دەکا بۆ کوردان، لە ئەناطۆلیدا لە ناو کەمالییەکاندا مانەوە، رۆژ بە رۆژ موشکیلات پەیدا دەکا».

ئەنجا هاتووتە سەر دۆخی ئەفسەرە کوردەکانی خەڵکی سلێمانی کە لە چ دۆخێکی خراپدا و لە بەر بێ توانایی و نەبوونی خەرجی رێگا ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی: «لەبەر ئەمە ئەحواڵی ضابطانی کورد، باخصووص خەڵکی سلێمانی کە لە ئەستەمبووڵدان، زۆر خراپە. هەموو بۆ عەودەتی وەطەن بە هەموو لایەکدا موراجەعەتیان کردووە و دەیکەن، فەقەط لەبەر مەصاریفی عەظیمەی رێگا بۆ عەودەت کردنەوە مووەفەق نابن».

دواتر باسی ئەو نامەیەی کە «بینباشی ئەرکانی حەرب ئەمین بەگ» لە ئەستەمبوولەوە بە ناوی ئەفسەرانی کوردی خەڵکی سلێمانییەوە ناردوویەتیەوە بۆ کوردستان بە مەبەستی کۆکردنەوەی هاوکاری بۆیان تا بێنەوە، نامەکە لە هەمان ژمارەی (بانگی کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە.

مستەفا پاشا بۆ وەدەنگ هاتنی ئەو ئەفسەرانە، رووی لە خەڵکی سلێمانی کردووە (چ کورد پەروەرەکان بێت یا ئەوەی خۆی ناوی ناوون موحەبەتییان بۆ تورکیا هەیە)

هاوکارییان بکەن و داواشی کردووە هاوکارییەکە بگەیەننە بارەگای ڕۆژنامەکەی:
«کەسانێ کە ڕەحم و ئومێدیان بە هاووەطەن و گەنجانی کوردان هەیە، دەبێ بۆ عەودەت کردنەوەیان ئەمانە هیممەتی عالی بفەرمون و ئەوانەش کە ظاهیرەن موحەبەت حکوومەتی تورکیان هەیە، چونکە ئەم ضابطانەمان لە خزمەتی تورکان بوون و ئێستا لە ئیحتیاجێکی عەظیمەن و تەهی دەست و بێدەسەڵات ماونەوە، دیسان هیممەت فەرموونیان طەبیعییە. لە ئەم ئیشی خێرەدا هەر کەس سەعی بکات و معاونەتی بنوێنێ هەم لە دونیادا بۆی باعیثی مەفخەرەتە و هەم لە ئاخیرەتدا ئینشائەڵڵا موستەجیبی مەغفەرەتە.
هەرکەسێ چی دەدا، لوطفەن ناوی خۆی بۆ ئیدارەخانەی غەزەتە بنێرێ تا ئیعلان بکرێ و ئەو مەبلەغەی کە گرد دەبێتەوە بۆ ئیسلامبول بۆ ضابطانی خۆمان، بە ناوی ئەشخاصی موحتەرەمەوە بنێرێ.»

**سێیەم: هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی شێخ مەحمود**

مستەفا پاشا کاتێک گەیشتە سلێمانی، لایەنگرانی شێخ مەحمود و هەندێ لە خێڵە کوردەکان لە هەموو لایەکەوە کەوتبوونە دژایەتی کردنی ئینگلیزەکان، تورکەکان ئەمەیان بە هەل زانی و پەیوەندییان بە بەشی زۆری سەرۆک خێڵەکانەوە کرد و بەڵێنی هاوکاری و پشتگیرییان پێدان. جگە لەوە «مەفرەزەیەکیان ناردبوو بۆ ڕەواندز و خەریکی هاندانی سەرانی کورد بوو لە دژی داگیرکەرانی ئینگلیز، کێشەی گەورەیان بۆ دروست کردبوون».
(نەوشیروان مستەفا، ل٢٣٥)

ئەو کاتە (مێجەر گۆڵد سمیس) حاکمی سلێمانی بوو، نەیدەویست وەک مێجەر سۆن فەرمانڕەوایی سلێمانی بکات، دەترسا دۆخەکەی زیاتر لە دەست دەرچێت. هەمیشە بە دوای کەسێکدا دەگەڕا چارەسەرێک بۆ باری لاری ئینگلیز لە سلێمانی بدۆزێتەوە. بۆیە ئینگلیزەکان بەردەوام پرسیان بە کەسە دەست ڕۆیشتوو و ناودارەکانی کورد دەکرد.
سەرەتا ویستیان (حەمدی بەگی بابان) لە بەغداوە بهێننەوە و بیکەن بە حوکمداری کوردستان، بەڵام ناوبراو جگە لەوەی کە زمانی کوردیی نەدەزانی، دەمێک بوو لە کوردستان دوور کەوتبووەوە و ئەو توانایەی نەبوو خەڵک لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. دواتر گەڕان بە دوای (سەید تەهای کوری محەمەد سدیق نەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری)، ئەویش مەرجی زۆری هەبوو، پێی ڕازی نەبوون.
مستەفا پاشا یامولکی کە لە نزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ شێخ مەحموددا نەبوو، چارەسەری

تەواوی کێشەکەی تەنها بە گەڕانەوەی شێخ مەحمود دەزانی، لەو بارەوە خۆی نوسیوویەتی: «هەموو کەس دەزانێ کە لەو رۆژەوە واصڵی عێراق بوم، هەر بۆ کوردایەتی، هەر بۆ هاتنەوەی حەضرەت، هەر بۆ تەعالیی خانەدانی موحتەرمی حەضرەتی حوکمدارم سەعی دەکرد، حەتا زۆر دەفعە ئینگلیزەکان بە منیان دەوت نازانم تۆ بۆچ ئەوەندە حەز بە هاتنی جەنابی شێخ دەکەی؟!». (ب.ک، ژمارە ١٢)

گۆڵد سمیس ئەو باوەڕەی لاپەیدا ببوو کە تاکە چارەسەر بۆ ئارام کردنەوەی دۆخەکە و رێگری لە هاتنەوەی تورکەکان بۆ کوردستان، ئەوەیە شێخ مەحمود بگەڕێنرێتەوە بۆ سلێمانی و دۆخەکە وەک جارانی لێ بکرێتەوە.

(جەی. چاپمان) لەو راپۆرتە نهێنیەدا کە ١٩٢٣/١/٢٣ ناردویەتی بۆ راوێژکاری بریتانیا لە کەرکووک، باسی ئەوەی کردووە کە شێخ قادری برای شێخ مەحمود- کە سەرۆک وەزیرانی حکوومەتە- دڵنیای کردووەتەوە لەوەی کە دوای گەڕانەوەی شێخ مەحمود، «سەردەمی بێ متمانەیی لەنێوان ئینگلیز و شێخ مەحمود کۆتایی هاتووە»؛ هەروەها وتوویە: «حاجی مستەفا پاشا هەمان بۆچوونی هەیە». بەڵام ئەوەشی وتووە: «مستەفا پاشا پێی وایە تا ئێستا زۆر کۆسپ هەن لەبەردەم دامەزراندنی حکوومەتێکی مەدەنی هاوچەرخدا لە کوردستان و هەموو بەرپرسانیش ئەو راستییە دەزانن». (د. عوسمان عەلی، ل ١٢٥)

لەسەروبەندی گەرانەوەی شێخ مەحمود، مستەفا پاشا لە ٢٥ی ئازاری ١٩٢٢دا بەسەردانێکی یەک هەفتەیی گەڕایەوە بۆ بەغداد، رۆژنامەی (پێشکەوتن) لە ژمارە ١٠١ی رۆژی ٣٠ ئازاری ١٩٢٢ بە بێ ئەوەی ئاماژە بە هۆکار و ئامانجی سەفەرەکەی بکات، هەواڵی چوونی مستەفا پاشای بۆ بەغداد بەم شێوەیە بڵاوکردووەتەوە: «جەنابی حاجی مستەفا پاش رۆژی یەک شەمە ٢٥ مانگ تەشریفی چووە بەغداد، رەنگە هەفتەیەک لەوێ بمێنێت و تەشریفی بێتەوە سلێمانی».

ئەم سەفەرەی حاجی مستەفا یامولکی هاوکاتە لەگەڵ گەڕانەوەی (مێجەر گۆڵد سمیس) لە بەریتانیا بۆ بەغداد و دواجار بۆ سلێمانی، پێ دەچێ ئەو سەفەرە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە گەڕانەوەی شێخ مەحمودەوە بۆ سلێمانی هەبێت.

**چوارەم: دامەزراندنی جەمعییەتی کوردستان**

تورکەکان لەوەدا بەهەڵەدا نەچووبوون کە مستەفا پاشا بەبێ بەرنامە نەگەڕابووەوە بۆ سلێمانی، ئەو کە بە چاوی خۆی دەیبینی کەمالییەکان لە کوردستانی باکوور خەریکی

لەخشتەبردنی کوردەکان و تەفروتونا کردنی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان و کوشتنی شۆڕشگێڕەکانن، لە باشووریش دەیانویست پەیوەندی نێوان کورد و ئینگلیز تێک بدەن و ئەو دەستکەوتانەی بەدەست هاتبوون لەناو بەرن. لە ڕۆژهەڵاتیش، لە ڕێگەی هەڵخەڵەتاندنی (سمکۆی شکاک)ەوە، کاریان بۆ تێکدانی برایەتی کورد و گەلە دراوسێکانی دەکرد. مستەفا پاشا سەرەتا بێ گوێدان بەو کۆت و بەندەی وا لە سەری دانراوە کە نابێ بەبێ پرسی ئینگلیز لە سلێمانی دەرچێت، دوای مانەوەی مانگ و نیوێک لە سلێمانی، بەمەبەستی بەڕێ خستنی شۆڕشێکی سەرتاسەری دژ بە تورکە کەمالییەکان بەرەو لای سمکۆ بەڕێ کەوت. (لە لاپەڕەکانی داهاتوودا باسی ئەو مەسەلەیە دەکەین).

بەڵام ئەم نەخشەیەی کە مستەفا پاشا هەیبوو لەگەڵ واقعی کۆمەڵگای کوردیدا نەدەگونجا. ئەو گەڕابووەوە ناو کۆمەڵگایەک کە ئامادەیی تێدا نەبوو لە پێناوی مافەکانیدا هەڵوێست وەرگرێت، تەنانەت مەندووبی سامی ئینگلیزەکان لە بەغدا لە ڕاپۆرتی ژمارە (١٤٢٦٩) دا کە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩ بۆ وەزارەتی دەرەوەی ناردوە، وەک تانەدانێک لە کۆمەڵگای کوردی لە خاڵی ژمارە (٩)دا وتوویە: «شێخ مەحمود کە دەیەوێت وەک حاکمی سەربەخۆ دانی پێدا بنرێت، تەنها توانی ٥٠٠ کەس لە کۆی ٢٠٠ هەزار کورد لە دەوری ڕاپەڕینەکەی کۆکاتەوە». (د. وليد حمدي، ص٨٢)

بۆیە کە گەیشتە سلێمانی سەرەتا خەڵک لە دەوری کۆ نابنەوە، نەوشیروان مستەفا نووسیویەتی: «مستەفا پاشا ڕۆشنبیرێکی هاوچەرخ بوو، دوای دەیان ساڵ دوری لە وڵات گەڕابووەوە، نە شێخی تەریقەت و نە سەرۆکی عەشیرەت بو و نە کوێخای دێ بو، خۆی بە تەنیا دەست و پێوەندێکی نەبو، لەبەر ئەوە نفووز و دەسەڵاتی نەبوو».

بەڵام هەموو ئەو کۆسپانە نەیانتوانی ببنە ڕێگر لە بەردەم خواستەکانی مستەفا پاشادا، بۆ دەرباز کردنی کۆمەڵگای کوردی لە باشوور، هەستا بە بەڕێکخستنی جوڵانەوەیەکی سیاسیی و کەلتوری لە سلێمانی، تا ئەو کاتە هیچ کۆمەڵە و ڕێکخراوێکی سیاسیی و کەلتوری فەرمیی لە سلێمانی نەبوو، بۆیە مستەفا پاشا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە و بە مەبەستی ڕێکخستن و ئاراستە کردنی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی هاوچەرخ و دوور لە دامەزراوەی دینی و خێڵەکی و تەقلیدی، داوای وەرگرتنی مۆڵەتی کردنەوەی (جەمعییەتی کوردستان)ی لە ئینگلیزەکان کردووە و ئەوانیش ڕێگەیان پێ داوە.

٢١ی تەموزی ١٩٢٢، لە کۆبوونەوەیەکی گەورەی شاری سلێمانیدا لە مزگەوتی (حاجی

سەید حەسەن موفتی)، (جەمعییەتی کوردستان) بە شێوەیەکی فەرمی دامەزرا، مستەفا پاشا یامولکی بە سەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵبژێردرا و ئەمانەش بوون بە دەستەی بەڕێوەبردن: رەفیق حیلمی، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ، ساڵح قەفتان، فایەق بەگی مارف بەگ، حاجی ئاغا فەتحوڵڵا، عیزەت بەگی عوسمان پاشا، ئەدهەم ئەفەندی، ئەحمەد بەهجەت، شێخ محەمەدی گولانی، شێخ عەلی سەرکار، عەلی باپیر ئاغا، عەبدوڵڵا ئەفەندیی محەمەد ئەفەندی و شوکری عەلەکە.

دامەزراندنی (جەمعییەتی کوردستان) وەک یەکەمین رێکخراوی سیاسیی و کەلتوریی کوردی لە باشووری کوردستان، جگە لەوەی پرۆژەیەکی گرنگی بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگایەک بوو، کە تا ئەو دەمە بنەما خێڵەکی و شێخایەتییەکان ئاراستەیان دەکرد؛ لە هەمان کاتدا دانانی بەردی بناغەی قۆناغێکی نوێ بوو لە خەباتی نەتەوایەتی کوردستاندا. هەموو کەسایەتی و تێکۆشەرەکانی ئەو سەردەمەی خستە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی نوێ، یان خۆیان و شێوازی تێکۆشانیان پێش بخەن، یان ئەوەتا بە دواکەوتویی بمێننەوە و کێشەی کوردیش لە پەراوێزی رووداوەکاندا بهێڵنەوە.

مستەفا پاشا لە ژێر کاریگەریی کەلتوری پێشکەوتووی (ئەستەمبووڵ)دا یەکێک لە نوێترین کەرەستەکانی رێکخستنی کۆمەڵگای گواستەوە بۆ سلێمانی، بە دامەزراندنی جەمعییەتی کوردستان، بناغەیەکی رێکخستنی مۆدێرنی بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی لە باشووری کوردستان دارشت.

جەمعییەتی کوردستان، دەیویست ناسیۆنالیزمی کوردی تەنها لە بەرگریکردن لە زمان و مێژوو و کەلتوری کوردیدا قەتیس نەکات، بەڵکو بیکاتە خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی نەتەوەیی و لە مەسەلە ئابوری و سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکاندا، خاوەنی گوتاری خۆی بێت. جگە لەوە دەیویست کێشەی کورد لە کاردانەوەوە بکاتە کار و لە بەکارهێنانی لە ململانێ ئیقلیمییەکاندا بکاتە کاراکتەرێکی چالاک.

ناسیۆنالیستە کوردەکانی ئەستەمبووڵ و باکوری کوردستان کە بە هۆی هاتنە سەر تەختی دەسەڵاتی کەمالییەکانەوە پەرتەوازە و بێ لانە ببوون، بەدوای جێگایەکدا دەگەران کار و چالاکییەکانیانی بۆ بگوێزنەوە، بەشێکی زۆریان پەرتەوازەی وڵاتانی ئەورووپا و شام و میسر بوون، بە هاتنەوەی مستەفا پاشا بۆ سلێمانی و دامەزراندنی جەمعییەتی کوردستان، زەمینە خۆش کرا بۆ گەڕانەوەی ئەو ئەفسەر و کارمەند و تەکنۆکراتانەی کە

لە دەوڵەتی عوسمانیدا دەژیان. بەم جۆرە بناغەی قوتابخانەیەکی مۆدێرنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە باشووری کوردستان دامەزرا و تا ئێستا هەر بەردەوامە.

دامەزراندنی ئەم جەمعییەتە لە هەلومەرجێکی سەختی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا بوو، شێخ مەحمود لەو کاتەدا لە هیندستان دەست بەسەر بوو، ئینگلیزەکان بە دوای ئەڵتەرناتێفێکی گونجاودا دەگەران بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان، بۆیە گەر خۆیان هاندەری سەرەکی نەبووبن بۆ دامەزراندنی، پێ ناچێ ئینگلیزەکان دامەزراندنی جەمعییەتەکەیان پێ ناخۆش بووبێت. ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات دوای ئەوەی دەنگی دووەمی هەڵبژاردنەکەی بەدەست هێناوە، بۆ ئەوەی لەوە تێبگات ئاخۆ ئینگلیز دژی ئەم جەمعییەتەیە یان نا، سەری (هۆڵت)ی داوە و ئەویش پیرۆز بایی لێ کردووە و پێی وتووە: «پیرۆز بێت، بە راستی ئەم باوەڕەی کە خەڵک بە تۆی هەیە، جێی پیرۆزبابییە. هیوام وایە بتوانی خزمەتی قەومەکەت بکەی». (رفیق حیلمی، ل٤٩٠)

«جەمعییەتی کوردستان مۆری تایبەتی خۆی هەبوو، کە ناوی بەم جۆرە لەسەر هەڵکەندرابوو (جمعیت کردستان) لە سەروی ناوەکەشیەوە وێنەی رۆژ هەڵکەندرابوو، ئەم مۆرە لای خوالێخۆشبوو عەبدولعەزیز یامولکی کوڕی مستەفا پاشا پارێزراوە». (کەمال مەزهەر، ب.یەکەم، ١٤٧)

بە هاتنەوەی شێخ مەحمود لە هیندستان «مستەفا پاشای سەرۆکی جەمعییەت و شێخ قادری حەفید توانییان قازانجی ژیانەوەی کۆمەڵەی (جەمعییەت)ی پێ بسەلمێنن و بیکەن بە سەرۆک، ئەمە هەنگاوێ بوو بەرەو مەسەلەی کورد ئەهاوێژرا، لە مانادا شێخ مەحمودی لە تورک دوور ئەخستەوە»(رەفیق حیلمی، ٦١٦)

جەلال تاڵەبانی رای وایە: «جەمعییەتی کوردستان کاری دەکرد بۆ یەکخستنی تواناکانی رۆشنبیر و خوێندەواران و کاسبکارە نیشتمان پەروەرەکانی کورد، هەرچەندە جەمعییەتێکی بچوک بووە، بەڵام زۆر چالاک بووە لە سلێمانی و موژدەی ریالیستیانەی پێ بوو بۆ زەرورەتی ئەوەی حکوومەتەکەی شێخ مەحمود بکات بە حکوومەتێکی نیشتمانی کوردی و دوریخاتەوە لە عەشائیریەت و بنەماڵەیی.. جەمعییەتەکە رەخنەی لە هەوڵەکانی شێخ مەحمود گرتووە کە ویستوویەتی ئۆرۆستکراتیەتێکی خێڵەکی بەسەر شاری سلێمانیدا بسەپێنێت و داوای دانانی دەستور و ریفۆرمی ئیداری کردووە». (جلال طالبانی، ص ٥٩)

هەر سەبارەت بە جۆری پەیوەندی نێوان شێخ مەحمود و جەمعییەتی کوردستان

جەلال تاڵەبانی لە کتێبەکەیدا بۆچونەکانی (پرۆفیسۆر بوخارد برنتیس)ی خستووەتەڕو و نوسیوویەتی: «هیچ یەک لە سەرکردە سیاسییەکانی خەڵکی شارەکان پەیوەندیەکی خێڵەکیان لەگەڵ شێخ مەحمودا نەبووە، ئەوان لە جەمعییەتی کوردستاندا بوون کە ساڵانی ١٩٢٢-١٩٢٥ چالاک بووە، سەرکردەی ئەوانە مستەفا پاشا یامولکی بووە کە وەزیری پەروەردە بووە لە حکوومەتەکەی شێخ مەحموددا ، پێشتریش لە سەردەمی عوسمانییەکاندا حاکمی سەربازی بووە». (جلال طالباني، ص ٥٩)

بەڵام بە هۆی زاڵ بوونی لایەنگرانی تورک و زۆربوونی ناکۆکی لە نێوان مونەووەرەکانی سلێمانی، تا دەهات نێوانی شێخ مەحمود و جەمعییەتی کوردستان زیاتر تێکدەچوو، دواتر لەسەر راسپاردەی ئوزدەمیر، هەم رۆژنامەی (بانگی کوردستان) هەم (جەمعییەتی کوردستان) داخران و (مستەفا پاشا)ش خرایە لیستی ئەو کەسانەی کە شێخ مەحمود خۆشی بە چارەیاندا نەدەهات.

**پێنجەم: دەرکردنی رۆژنامەی (بانگی کوردستان)**

یەکێک لە گرنگترین چالاکییەکانی (جەمعییەتی کوردستان) دەرکردنی رۆژنامەی (بانگی کوردستان) بوو. ئەم رۆژنامەیە دوای رۆژنامەی (پێشکەوتن) بە دووەم رۆژنامە دادەنرێت لە مێژووی رۆژنامەوانی شاری سلێمانیدا. بە زمانەکانی کوردی و فارسی و تورکی دەردەچوو. (بانگی کوردستان) بوارێکی گرنگی بۆ ئەو ئەدیب و نوسەرانە رەخساند کە هەڵگری بیری نەتەوەیی کورد بوون بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی خۆیان بە ئازادانە دەرببڕن.

مستەفا پاشا یامولکی لە پاڵ سەرۆکایەتی جەمعییەتی کوردستان، کاری سەرنوسەری رۆژنامەکەشی دەکرد. رۆژنامەی بانگی کوردستان توانی دیارترین نوخبەی رۆشنبیری کورد لەو سەردەمەدا لە دەوری خۆی کۆکاتەوە. دەستەی نوسەرانەکەشی بریتی بوون لە (رەفیق حیلمی، عەلی کەمال، (م.نووری) شێخ نوری شێخ ساڵح). بە هۆی ئەوەی تەنها ئەو چاپخانەیە هەبوو لە سلێمانی، رۆژنامەکە لە روی شێوە و روخسار و قەبارەوە وەکو رۆژنامەی پێشکەوتن بوو، بەڵام لە بارەی ناوەڕۆک و خستنەڕوی بابەتە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسییەکان لە رۆژنامەی پێشکەوتن جیاواز بوو، ئەو وتارانەی کە لە بانگی کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە دەربڕی ئەوەن کە نەوەی یەکەمی ناسیۆنالیستەکانی کورد لە سلێمانی هەڵگری بیروبۆچونی نەتەوەیی بوون و سنووری کارکردن و بیرکردنەوەیان

زۆر بەربڵاوتر بووە لەو جوگرافیایەی تێدا ژیاون.

ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا دەڵێ: «دوای دامەزراندنی کۆمەڵەکە لە ماڵی مستەفا پاشادا کۆبوینەوە، لە ناو بڕیارەکانی تردا بڕیاری ئەوەش درا کە ڕۆژنامەکەمان بە سێ زمان (کوردی و فارسی و تورکی) بنووسرێ. ژمارەی یەکەمی (بانگی کوردستان) لە ٢ی ئۆغۆستی ١٩٢٢ بڵاوکرایەوە». (رفیق حیلمی، ل٤٨٨)

بانگی کوردستان ١٣ ژمارەی بەبێ وەستان لە کاتی خۆیدا لێ دەرچوە، مستەفا پاشا دێڕێک لە شیعرەکانی خۆی کردبوو بە دروشمی سەرەکیی ڕۆژنامەکەی، کە دەربڕی ئەو سیاسەتە بووە ڕۆژنامەکەی لەسەر ڕۆیشتووە:

زەمـانی گـورز و ڕم ڕابـورد، ئێـستا پاڵەوان عیلمە
سیـلاح دەستە، صـەنعـەت باریقەی تیغ وسینان عیلمە

بەڵام ژمارە (١٤)ی ڕۆژنامەکە دوای هەشت مانگ لە ١٩٢٣/٦/٨دا بڵاوکراوەتەوە، ئەو ژمارەیە هۆکاری دواکەوتنی بڵاونەکردنەوەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی «لە تەرەف مەتبەعەوە نوقسانی پەیدا بووە» (ب.ک، ژمارە ١٤) بەڵام نەوشیروان مستەفا هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە «دوای ئەوەی نێوانی شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان تێکچو، هەندێک لەوانەی کە پێشتر هاوپەیمان و هاوکاری بوون، ململانێیان لەگەڵ ئینگلیز بە شەڕێکی دۆڕاو ئەزانی، وازیان لە شێخ مەحمود هێنا، لەوانە شێخ قادری حەفید (برای شێخ مەحمود) و مستەفا پاشا یامولکی...» (نەوشیروان مستەفا، ل٣٠٥)

سەرەڕای ئەوەی دەیزانی بەشی زۆری خەڵک نەخوێندەوارن، بەڵام مستەفا پاشا هەمیشە لە وتارەکانی خۆی و ئەوانەی دیکەش کە بۆ بانگی کوردستانیان دەنووسی، ڕووی دەمیان لە زۆرینەی خەڵک بوو. تا بۆیان بکرایە بۆچوونەکانی خۆیان سادە دەکردەوە، زیاتر جەختیان لە مەبەست و ئامانجەکان دەکردەوە، ئەوان دەیانویست لە ڕێگەی ڕۆژنامەکەوە ئەو دابڕانە کەلتورییە گەورەیەی کە کورد تێی کەوتووە، کۆتایی پێ بهێنن.

ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) بە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی دادەنرێت لە باشووری کوردستاندا کە لە لایەن قوتابخانەی ناسیۆنالیستە کوردەکانی سلێمانییەوە دەرچووە.

**(بانگی کوردستان) و گرنگیدان به هەواڵی سەرکەوتنەکانی سمکۆی شکاک:**

خۆشەویستی و هیوای مستەفا پاشا بە سمکۆی شکاک لەرادەبەدەر بووە، بە جۆرێک کە بەشێکی زۆری لاپەڕەکانی رۆژنامەی (بانگی کوردستان)ی بۆ هەواڵی شەڕ و دەرگیرییەکانی سمکۆی تەرخان کردووە. لەبەر ئەوەی خۆی هەواڵەکەی دارشتوە، هەندێ جار شیکردنەوەیەکی کوردانەی بۆ کردووە، لە کۆتاییشدا پارچە شیعرێکی خۆی نووسیوە:

لە بەشە فارسییەکەیدا لە ژمارە (٣)ی (بانگی کوردستان)دا، بە دوور و درێژی باس لە سمکۆ و بنەماڵەکەی و مێژووی ململانێیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێراندا کراوە.

هەواڵێکی کورتی دیکەی لە ژمارە (٤)ی ٢٨ی ئابی ١٩٢٢دا بڵاوکردووەتەوە:

«وەکو خەبەرمان زانیوە لە ئەطرافی (شەرفخانیە) لە سەروی تەبریز لە ساحیلی شیمالی گۆلی ئورمیە لەشکری سمکۆ لەگەڵ لەشکری عەجەم شەڕێکی بە شیدەتیان بووە، کوردان غالیب و عەجەم وەکو پێشوو هەر مەغلووبن.»

هەواڵێکی لە ژمارە (٥)ی ٤ی ئەیلوولی ١٩٢٢دا لەژێر ناوی (سمکۆ و عەجەم) بڵاوکردەوەتەوە، تێیدا هاتووە: «بینا لە ئەخباری ئەستەمبووڵ غەزەتەی ئەلرافیدەین نووسیویە کە لەشکری سمکۆ داخیلی تەبریز بووە. وەزارەتی تەهران لە خەوفا طەڵەبی مەعاونەت و ئیمدادی لە فیرقەی یازدەهمی بۆلشەفیک (رووسیە) کردووە.»

لە دوای هەواڵەکەش، ئەم دێڕە شیعرەی خۆی بڵاوکردووەتەوە:

صەبا هەڵسە دەخیلت بم، بڕۆ بۆ (چاری) لای سمکۆ
بڵێ تاوی بدا ئەسپی هەتا تەبریز و قافڵان کۆ
هەموو کرمانج و کرمانشاه بە ئاواتن بە جان و دڵ
سنە حاضرە، هەموو خەلقی دەڵێن بێ لەشکری سمکۆ (بانگی کوردستان، ژ٥)

لە ژمارە (٦)ی ١٨ ئەیلوولی ١٩٢٢دا راپۆرتەهەواڵێکی دیکەی لەسەر شۆڕشەکەی سمکۆ لەژێر ناوی (دیسان سەرداری نوسرەت (سمکۆ) ئیسماعیل خان)دا بڵاو کردووەتەوە:

«بە ئەخبارێکی تازە کە لە بانەوە وەرگیراوە، جەنابی ئیسماعیل خان (سمکۆ) لە پاش ئەمەی کە مەقەڕی خۆی، یەعنی چاری، تەرک و تەحصینی بە مەوقیعی مەنیعی شاخانی سۆمای و لەشکرێکی عەجەمی بێ شومار چاری و ئەطرافیان هەموو ئیستیلا و یەغما کرد،

سمکۆ چەند ڕۆژێ ئەم ئەحواڵە سەیر و تەماشا و بەم وەسیلەوە عەجەمەکانی ئیغفال و تەداروکاتی خۆیشی ئیکمال دەکرد. لە پاش ئەم ئیستحضارانە شەوێک بە سەر لەشکری عەجەمدا شەبیخونێکی ماهیرانەی کرد و بە ریوایەتێکی موثوقە قەریبی پێنج هەزار نەفەر تەلەفات و بریندارى بە ئوردووی عەجەم دا و لە پاش ئەمەش بۆ ئەطراف تەعمیمی نووسی کە حەسەبی ئەلئینسانییە هەر کەس و هەر عەشیرەتێکی کورد بە قەدەری ئیمکانی خۆی بۆ کفن و دفنی ئەو عەجەمانە موعاوەنەتی نەقدییەی کرد.

لەسەر ئەم غالیبییەش دیسان جەنابی سمکۆ عەودەتی بۆ چاریە موناسیب نەدیوە لەگەڵ تەرتیباتێکی مەخصوصەی خۆی مەشغوڵە. بزانین تا ئەم حەملەی دووەمە بۆ کوێیە. وەلحاصڵ جەنابی سمکۆ دیسان غالیبە، ئێمە ناتەن تا ئێستا بە مەغلوبێتیی ئەو چونکە بەراستی باوەڕمان نەکردبوو، هەر بەحثی غالیبیەتی ئەومان دەنووسی. ئینشائەڵڵا هیچ کوردێک لەسەر حەق مەغلوب نابێ، لە خودا تەمەنا دەکەین کە ئەم ئیختیلاف و موناز‌ەعاتە لە بەینی کوردان، یەعنی قەومی پەهلەوی و عەجەمدایە، بە زوویی موبەدەلی خێر بێ، تا لە هەردوو طەرەف نەوعی بەنی بەشەر و مووسڵمانان ئیتر زەرەر دیدە نەبن، چونکە کورد بۆ ئێمە چەند مەطڵووبە، دۆستیی هەموو ئێران و عەجەمان کە خانەدانی موحتەرەم و مونەووەرانی بەقیمەتی زۆرە، بۆ ئێمە ئەوەندە بە قیمەت و پێویستە.»

لە کۆتایی هەواڵەکەشدا ئەم پارچە شیعرەی خۆی کە مەدحێکی زۆری بۆ سمکۆ تێدایە بڵاوکردووەتەوە:

بەشارەت بێ دەڵێن سمکۆ هجوومـی کردە سەر ئێران
بڵاوەی کرد عـەجەم، تێک چوون وەکو ڕێوی لەبەر شێران
شـەبیخونـێکی مـەردانـە شکاک و هـەرکییان کـردی
بڵندی کـرد بـەحەمـدیلا کـولاوە طەبڵەکـی کوردان
دەسا کوردان فیداتان بم هەموو هەڵسن بە یەکپارچە
نەتیجەی ئـەم شەڕە خێرە کـە ئیستیقلالە بـۆ کوردان

هەواڵێکی دیکەی لە ژمارە (٩)ی ڕۆژی ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢دا لەژێر ناوی (ئیسماعیل ئاغا سمکۆ)دا لەسەر ڕاپەڕینەکەی سمکۆ بڵاوکردووەتەوە، تێیدا هاتوە: «مودەتێکە لە طەرەف ئیسماعیل خانەوە هیچ خەبەرێ نەبووە، دوێنێ لە بانەوە خەبەرێ

هاتووه که سەردار نوصرەت (سمکۆ) له پاش ئەمەی که چاری (مەقەڕی قەدیمی خۆیان) له عەجەمان به زۆر گرتەوه، لەشکری موظەفەری شکاکانی بۆ طەرەف سەڵماس رەوانه کرد و دیلمان که مەرکەزی محاڵ (قەزا)ی سەڵماسه، له دوشمنانی خۆی پاک و ئیستیرداد کردووه. خودا کوردان لەسەر حەق له هەموو جێگایەکا غالب بکا و به مەئموورانی مەشرووری عەجەمان دۆستمانیش ئینصاف و فەهمێکی با سیاسەت بدا تا ئەم خوێن رژاندنه له بەینی دوو فیرقەی ئیسلامدا تەواو بێ:

بکێشـه خەنجەرت سمـکۆ، بـده نـەعـره هـەتا تـووران
سـەلامـێ کـه لـه شاه رای کـه یاره بۆ هەموو کوردان
نیهایـەت ده به قـاجاران کـه جـای قـاجار لـه توورانه
وەلـێ جای پەهلەوی و فورسان تـەواوی موڵکی ئێرانه
دەسا دێبوکریان هـەڵسن لەگەڵ مـەنگور بـه ئازانه
ببەستن رێـی فیرار ( .... ) ئەسیری کـەن به مـەردانه

**ئامانجەکانی (جەمعییەتی کوردستان) و (بانگی کوردستان):**

مستەفا پاشا له سەروتاری ژمارەی یەکەمی رۆژنامەی (بانگی کوردستان)دا سیاسەت و ئامانجەکانی (جەمعییەتی کوردستان) و رۆژنامەی (بانگی کوردستان)ی بەم شێوەیه نیشانداوه: «سەلام و عەلەیکوم ئەی قەومی قەدیمی پەهلەوی.. گوێ بگرن له بانگی کوردستان، ئەم بانگه بۆ خەبەرداریی هەموو کوردانه، بۆ هۆشیاریی شێرانه، بۆ بیستنی باوک و دایکانه، گوێ بگرن ئەم بانگه چیی تێدایه؟ ..

قسەی پڕوپوچی کۆلانان، درۆ هەڵبەستنی رێژگاوان بەسیه. تەماشای عالەم بکەن لەو صەنعەت و مەعریفەتدا له ئێمه پاشکەوتوتر کێ هەیه؟ کاڵایەکمان نییه بۆ سەتری عەورەتمان کافی بێ، دەرزی و دەزویەکمان نییه که دەستکردی وڵاتمان بێ، نیشانەی عەظەمەت و خانەدانی که ئێستا عیبارەته له شەکر و چای، ئەوانیش هی کوردستان نییه، له جێگای تر دێن. پارچه کاغەزێک که بۆ نوشتەی چەور و شیرینی بێ ئەویش له فەرەنگستانەوه دێ، له سەدا چوارمان تیا نیه که کاغەزێ بۆ کەس و کاری و سیرێکی مەحرەمی بۆ عائیلەی خۆی بنوسێ. مشکی و مێزەرمان له ئێران و فەرەنگستان، گورونی گوڵ ئۆقیەیمان له هیندستان، عەبای گەورە گەورەی نازدارانمان له عەرەبستان، کفنی

مردوومان له ئەوروپاوە، مەلۆتکەی منداڵمان له ئەمەریقاوە دێت».

مستەفا پاشا دەیەوێت لە چەند رستەیەکی سادەدا خەڵک تێگەیەنێت کە لە کوردستاندا شتێک نییە ناوی ئابووری مۆدێرنی بەرهەمهێنان بێت، بە مانایەکی دیکە دەیەوێت بڵێت کە ئێوە هیچ بەرهەمێکتان نەبێ کەواتە لە کۆمەڵگایەکی سروشتی بێ کەلتوردا دەژین. ئەو دەیەوێت لە رێگەی ئەم وتارەوە ناخی خەڵکەکە بریندار بکات و پێیان بڵێ ئێوە هێشتا خێڵن و لەو قۆناغەدا دەژین.

لە برگەیەکی دیکەدا هۆکاری ئەو دۆخە دەبەستێتەوە بۆ نەبوونی (زانست و هونەر)، نەبوونی ئەو دوو خەسڵەتەش وا دەکات پەرتەوازەیی و رەخنەی نابەجێ و لێکدانەوەی خراپ بۆ رووداوەکان بکرێت.

«وەلحاصڵ لە هەموو چشتێک مەحروومین، لە حەوادیثی عالەم بێ خەبەرین. ئەمە هەمووی سەبەبی بێ عیلمییە، لە فنوونی جیهان بێ بەهرەییە، لەگەڵ ئەمەیش هەر یەکتری تەنقید و هەر کەس ئیش بکا، لە پێش بینینی نەتیجە، لەبەر جەهل و حەسودی، ئەو ئیشە بە خراپی تەئویل دەکەین».

بەڵام یامولکی تەنها بە رەخنە گرتنەوە ناوەستێ، وەک پەیامبەرێک بە ئومێدەوە دەڕوانێتە ئایندە و رووەدەکاتەوە خەڵکەکە و پێیان دەڵێ من لە رێگەی (جەمعییەتی کوردستان) و (بانگی کوردستان)ەوە دەمەوێ ئەو کەلتورە نێگەتیڤەتان بگۆڕم بۆ کەلتورێک کە سەرفرازی لە دوایە، پاشان پەیامەکەی خۆی لە شیعرێکدا چڕ دەکاتەوە و دەیەکاتە سیاسەتی رۆژنامەکەی: «ئەی برادران، کوردان، وەرن گوێ لە بانگی کوردستان بگرن، بزانن چی لێ حاصڵ دەبێ، چ ثەمەرەیەک دەدا. حوسنی نییەت و برادەری سەبەبی سەرفرازییە، نیفاق غەیبەت باعثی پەرێشانی و سیاهییە، زەمانە گۆڕاوە، عیلم و دانش بەسەر هەموو کارێکا حاکمە، گوێ بگرن لە بانگی کوردستان دەڵێ:

زەمـانی گـورز و رم ڕابـورد، ئێـستا پاڵەوان عیلمە
سیـلاح دەستە، صـەنعـەت باریقەی تیغ وسینان عیلمە

هەر کەسێ فکرێکی چاکی هەیە بۆ ئەولادی وەطەن ومیللەت بە خێری دەزانێ بە پیاوەتی ئاشکرای بکا تا لە دائیرەی عیلم و ئەدەبدا بخوێنرێتەوە، قسەی پڕو پوچی شەوان ببڕێتەوە، ئەوە بانگی کوردستان دەستی پێ کرا، ئەوا پەند و ناصیحی برادەری

بە ئاشکرایی نووسرا:

بێ عیلم و سیاسەت ئەی بە قوربان
مەحاڵ و ئەندەر مەحاڵە ژینی کوردان
قصە خۆشە، فەقەط چاکەی لە دوو بێ
نەوەک بۆ روپیە و تەحکیمی جێ بێ
لە ترسی دەنگی پۆلیس سەر بە کون کا
لە پەنهانی دووصەد فیتنە بەرپاکا» (ب.ک ژمارە ١)

یەکێک لە کارە گرنگەکانی جەمعییەتی کوردستان، ئەوە بوو لە ١٩٢٤/١٠/١دا موزەکەرەیەکی نارد بۆ کۆمەڵەی گەلان و بە توندی نارەزایی لە داواکارییەکانی تورکیای بۆ لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە تورکیاوە تێدا دەربڕی، رایگەیاند: «جگە لە ئاین، کورد و تورک هیچ هاوبەشی و پەیوەندییەکیان لە نێواندا نییە، ئێستاش کە تورکیا بوەتە وڵاتێکی عەلمانی، ئەو هاوبەشیەش نەما، هەروەها ئیدانەی پرۆسەی بەتورک کردن و مامەڵەی زۆر خراپی تورکەکانی لەگەڵ کوردەکاندا کرد و لکاندنی ویلایەتی مووسڵی بە تورکیا بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بە گشتی و کورد بە تایبەتی لە قەڵەم دا.

لە کۆتایی موزەکەرەکەشدا داوای لە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان کردووە و هاوکاری گەلێکی لەبیرکراو و پەراوێزخراو بکات، بۆ ئەوەی ببێتە رەگەزێکی گرنگ بۆ ئاشتی و پێشکەوتنی رۆژهەڵاتی دوور و لەگەڵ گەلانی ئەرمەن و کلدان و نەتەوەکانی دیکەدا بە ئاشتی پێکەوە بژین». (د.فاضل حسین، ص ٢٣١)

حاجی مستەفا پاشا لە زۆربەی نووسینەکانیدا جەختی لە بوونی رۆژنامە و بایەخی رۆڵی رۆژنامە لە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەییدا کردووەتەوە، ئەو کاتەی هێشتا شێخ مەحمود لە کوەیت بووە، مستەفا پاشا ژمارە (١)ی رۆژنامەکەی بە دیاری بۆ ناردوە، ئەویش لە بەرامبەردا دووسەد رووپیەی بە تەلگراف بۆ حەواڵە کردووە. ژمارەی (٧)ی رۆژنامەکە ئەو هەواڵەی بەم جۆرە بڵاوکردووەتەوە: «هیممەتی عالیی مەحمودی.. جەنابی جەلالەت مەئاب حەضرەتی شێخ مەحمود ئەفەندی دام ئیجلالەهو کە لە کوەیت بوو، ئەوەڵ نوسخەی بانگی کوردستانمان بۆ ناردبو، لەگەڵ گەیشتنی ئەم نوسخەیە بە خزمەتی دووصەد روپیەی بۆ ئیدارەی غەزەتەکەمان بە تەلغراف حەواڵە فەرمووبوو. ئێمە بۆ ئەم حەرەکەتە

عالی جەنابانەیە، لە ئەدای تەشەکور عاجزین، لە دیاری بەعید و غوربەتاش بۆ ئیبذالی هیممەتی عالیی دەرحەق بە وەطەن و کوردان، بۆ نەشری مەعاریف لە کوردستاندا بێ درێغی لوطف و ئیحسان، هەر لایەقی شەئنی حەضرەتی مەحمودە کە ئەم زاتە بە سەبەبی حوسنی خولق و مەتانەتی فکری لە نەظەر هەموو کورداندا موحتەرەم و مەحبووبە، خودا دەوامی عومری بدات و بە زوودی بە وجوودی موبارەکی چراغی خانەدانی ئەحمەدی لە کوردستاندا رۆشنتر بکات».

**شەشەم: دامەزراندنی مەجلیسی میللی لە سلێمانی**

هەرچەندە دامەزراندنی (جەمعییەتی کوردستان) و دەرکردنی رۆژنامەی (بانگی کوردستان) تا رادەیەک رۆڵیان لە هێور کردنەوەی سلێمانیدا هەبوو، بەڵام نەیانتوانی هەموو مەترسییەکان برەوێننەوە، ئەحمەد تەقی کە دوای بەدیل گیرانی شێخ مەحمود چوبووە رەواندز، لەگەڵ بەشێک لە سەرۆک خێڵەکانی دەوروبەری رەواندز بڕیاریاندا پەیوەندی لەگەڵ تورکەکاندا بەهیز بکەن و وەک خۆی وتویەتی: «وای بە باش ئەزانین کە هێزی تورک بهێنین بۆ رەواندز بۆ پارێزگاری خۆمان لە ئینگلیز و ئاسوورییەکان».
(ئەحمەد تەقی، ل٤٥)

لە حوزەیرانی ١٩٢٢ تورکەکان مەفرەزەیەکی بچووکیان بە رێبەرایەتی ئۆزدەمیرو هەندێ چەکیان رەوانەی کوردستان کرد، بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا بوونە سەرئێشەیەکی گەورە بۆ ئینگلیزەکان. پشتیوانی کردنی هەندێ لە خێڵە کوردەکان لە ئۆزدەمیر، پشێوییەکانی عێراق و لاوازیی ئەو حکوومەتەی کە لە بەغدا دایانمەزراندبوو، تەنگیان بە کاربەدەستانی ئینگلز هەڵچنیبوو. خەرجییەکانی جەنگ زیاتر دەبوون. بارودۆخی کوردستان زیاتر لە دەستی ئینگلیزەکان دەردەچوو، سلێمانی هەم لە رووی دارایی و هەمیش سەربازییەوە ببوو بە بار بەسەریانەوە، بۆیە کەڵکەڵەی کشانەوە لە سلێمانی و دامەزراندنی ئیدارەیەکی لۆکاڵی بەسەرۆکایەتی شێخ مەحمود جارێکی دیکە سەری هەڵدایەوە.
سەرەتا رێگەیاندا بە گەڕانەوەی شێخ قادری حەفید بۆ رێ خۆشکردن بۆ گەڕانەوەی شێخ مەحمود. «لە یەکی ئەیلوولی ١٩٢٢دا شێخ قادر گەڕایەوە سلێمانی ... لە لایەن مستەفا پاشا و مونەووەران و ئەشرافیی شار و سەرۆک عەشایر و خەڵکی شارەوە، پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، بوو بە جێگری سەرۆکی حکوومەتی کورد. نوێنەرانی ئینگلیز، چی خەزنە

و چەک و ماشین و شتومەکی دەوڵەت هەبوو، دایانە دەستی. دوای ئەوەی شێخ قادر فەرمانڕەوایی وەرگرت، ئاسایشی خستە شارەوە، ئەو ئەفسەرانەی لە سوپای ئینگلیزدا بوون، گەڕانەوە ناو سوپای کورد». شێخ لەتیف حەفید، ل٨٤)

لە ٥ی ئەیلوولی ١٩٢٢دا ئینگلیزەکان بڕیاریاندا لە سلێمانی بکشێنەوە. (گۆڵد سمیس) کە لە دوای (مێجەر سۆن) ببوو بە حاکمی سیاسیی شار، داوای کۆبوونەوەیەکی بە پەلەی لەگەڵ پیاو ماقوڵانی شارەکە کرد. شێخ قادر، مستەفا پاشا، حەمە ئاغای عەبدولڕەحمان ئاغا و چەند کەسێکی دیکە چوون بۆ بینینی. بەپێی راپۆرتێکی دوورودرێژ لەسەر ئەو مەسەلەیە کە لە ژمارە (٦)ی رۆژنامەی (بانگی کوردستان)دا بڵاوبووەتەوە، (سمیس) پێیانی وتووە: «بینا بە ئەمرێک کە لە بەغداوە لە مەندوبی سامی وەرم گرتووە، ئێستا سلێمانی تەخلیە دەکەین، عەسکەر، پۆلیس، ئەسلەحە، جبەخانە، پارە، ئەرزاق و سائیرە هەمووی لە جێی خۆیانا تەرکمان کرد. بۆ ئیدارەی خۆتان فکر بکەنەوە، ئەمە کلیدی خەزێنەیە تەسلیم بە کێی بکەم، کێ بە رەئیسی مەجلیستان ئینتخاب دەکەن، هەموو حاضرون وتیان جەنابی شێخ قادر ئەفەندی ئێستا موناسیبە، فەقەط لازمە سەعاتی ئەوەڵ جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندی بێتەوە ئێرە تا ئیدارەی ئموور تەئمین بکرێ». (ب.ک ژمارە ٦

شێخ لەتیفی حەفید لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باسێکی ئەو رووداوەی بەم شێوەیە گێڕاوەتەوە: «مستەفا پاشا یاملکی و شێخ محەمەدی گوڵانی هەستان و هەریەکەیان وتاری خۆی خوێندەوە و داوای بەربوونی شێخ و هاورێکانییان کرد و وتیان بەبێ ئازاد کردنی شێخ مەحمود، حکوومەتی کوردستان دروست ناکرێت. لە وەڵامدا گۆڵد سمیس وتویەتی؛ ئەم داخوازییە دەگەیەنینە جێی خۆی». (شێخ لەتیف حەفید، ل٨٢)

سەبارەت بە رۆڵی مستەفا پاشا و کۆمەڵەی کوردستان شێخ لەتیف نوسیویەتی: «مستەفا پاشا و کۆمەڵەکەی داوایان لە حاکمەکە کرد کە رازی بێت شێخ قادر بکرێت بە جێگری شێخ مەحمود و ئیش و کار بەڕێوە ببات تا شێخ دەگەرێتەوە، حاکمی سیاسیی رازی بوو». (سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣)

دوای بگرە و بەردەیەکی زۆر، سمیس دواین قسەی بۆ خەڵکەکە دەکات کە بریتیی بوو لە: «ئێمە ئێستا دەڕۆین، ئێوە فکری ئیدارەی خۆتان بکەن، مەجلیستان هەیە، مادام شێخ عەبدولقادر ئەفەندیتان بە رەئیسی مەجلیس قەبووڵ کرد، ئیعتیمادتان پێی هەیە بۆ ئیدارەی هەموو ئموورتان، بۆ موحافەظەی ئاسایشتان بە قەراری مەجلیس ئیش بکەن،

ئێمە بە موجبی ئەمری قەطعی کە وەرمان گرتووە، هەرچی مەئمووری ئینگلیسە دەبێ سلێمانی تەخلییە بکات». (ب.ک ژمارە ٦)

بە پێی راپۆرتەکەی رۆژنامەی (بانگی کوردستان)، وابڕیار بوو (مێجەر نۆئیل)یش بهاتبایە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، بەڵام نازانرێ بە چ هۆکارێک نەهاتووە. دوابەدوای ئەو کۆبوونەوەیە «حاکمی سیاسیی خۆی و موعاونی و قۆماندانی عەسکەریی ئینگلیس، لەگەڵ حاضیرون ویداعیان کرد و هەیئەتیش جێی تەیارەی تەرک کرد، عەودەتیان کردەوە بۆ شار... ئەم مولاقات و خیتامی رۆیینی ئینگلیسە، لە سەعات یەکی رۆژەوە هەتا سەعات شەشی رۆژ دەوامی کرد». (ب.ک ژمارە ٦)

ئەندامانی مەجلیس گەڕانەوە بۆ شار، کۆبوونەوەیەکی گەورەیان لە دائیرەی حاکمی سیاسیی سازدا بۆ پاراستنی شاری سلێمانی لە تالانی و کوشت و کوشتار و هەڕەشەکانی ئوزدەمیر و (مەجلیسی میللی)یان بە سەرۆکایەتی شێخ قادری حەفید راگەیاند.

شێخ لەتیفی حەفید، ناوی ئەندامانی ئەو لیژنەیەی کە لەو کۆبوونەوەدا هەڵبژێران بۆ بەڕێوەبردنی شار بەم شێوەیە ریزکردووە:

١. مستەفا پاشا یامولکی
٢. ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ
٣. مەجید حاجی رەسوڵ بەگ
٤. محەمەد ئاغای حاجی ئەورڕەحمان ئاغا
٥. شێخ محەمەدی گولانی. (شێخ لەتیف حەفید، ل٨٤)

لەو کۆبوونەوەدا سێ مەسەلەی گرنگی رۆژ خرانە بەر باس:

یەکەم: تەشکیلی حکوومەت بۆ کوردستان

دووەم: قەبوڵ و ئیستقبال کردنی عەسکەری تورک.

سێیەم: هەر کەس دەیەوێ ئارەزووکردنی حکوومەتی ئینگلیس بە صەراحەت وتن. (ب.ک ژمارە ٦)

لایەنگرانی تورک بەم کۆبوونەوەیە پەست بوون، هەوڵی تێکدانیان دا. بە گوێرەی راپۆرتەکەی (بانگی کوردستان) «لە طەرەف مستەفا پاشاوە تەنبیهات و ئیخطاراتی لازیمە بە هەیئەتی عەسکەرییە کرا، هەموو ضابطەکان و عەسکەر هەتا تەشەکولی حکوومەتێک، لازم بوو بۆ موحافظەی میللەت و وەطەن و عەلەل خصوص بۆ ئەسلحە و جبەخانە و خەزێنە، هەموو عەهد و میثاقیان کرد. بۆ شەو و رۆژ دەورییەی سائیرە تەرتیب کرا، هەر

ئەو رۆژە ئینتیظام و هیممەتی عەسکەرییە و قەطەعاتی ضابطەکانیان مەشهوودی عامە بوو، لە داخیل و ئەطرافی شاردا ئاسایش موحافیظە کرا». (ب.ک ژمارە٦)

لایەنگرانی تورک هێندەی تر بەم کارە نیگەرانبوون، کەریم بەگی فەتاح بەگ کە تازە لە رەواندز لای ئوزدەمیرەوە گەرابووەوە بۆ سلێمانی، بە خۆی و چەند کەسێکەوە چوونە سلێمانی. رۆژی هەینی ٨ی ئەیلوول پڕوپاگەندەی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە لەشکرێکی بێ شوماری تورک لە رانیەوە بەڕێ کەوتووە بۆ ئەوەی سلێمانی داگیر بکەنەوە. «کە نوێژی جومعە تەواو بوو، بە ئەمری جەنابی شێخ قادر ئەفەندی، وجوهی و ئەعیان و مونەوەرانی مەملەکەت لە دەرو ژووری دائیرەی سیاسییدا بە ئیزدیحامێکی عەظیم ئیجتیماعیان کرد».

مستەفا پاشا داوای کرد دەفتەرێک بێنن، هەر کەسە و بیر و رای خۆی بە ئیمزاوە بنوسێ. بەڵام ئەم بۆچوونە رەت کرایەوە. تەنانەت رەزا بەگ کە لە ترسی هاتنی تورک دەستی لە (جەمعییەتی کوردستان) کێشابوەوە، وتویە: «لەسەر کاغەز بۆچی بنووسین، هەچ کەس طەرەفداری هاتنەوەی ئینگلیسە، دەست هەڵبڕێ، بابزانین».

خەڵکەکە وتیان: «حکوومەتی میللیمان دەوێ، حکوومەتی کوردستانمان دەوێ». لەو کاتەدا مستەفا پاشا وتی: «مادام لەسەر کاغەز فکر نانوسرێ، ئەکثەرییەت چلۆن مەعلوم دەبێ، فکری من بۆ خەلافەت و ئیسلامیەت، بۆ سەلامەتیی وەطەن و تەشکیلی حکوومەتی میللییە، هەر کەس فکری لەم مەرکەزەدایە، بە ئاشکرا بیڵێ وە یا بینووسێ. لەگەڵ ئەمە هەرچی موعتەبەران و مونەوەرانی کوردستان و حاضیرون بوون، غەیری ٣-٤ کەس، هەموو بە جارێک ئەم فکرەیان پەسەند کرد». بەڵام رەزا بەگ تووڕە بوو، وتی «ئەمانە منداڵن، بە قصەی ئەمانە چۆن دەبێ؟» لە وەڵام دا مستەفا پاشا وتی «تۆ بۆچی فکری خۆت بە موافیقی قەرار نانووسی، یاخود بە ئاشکرا نایڵێی».

لایەنگرانی تورک دەستیاندایە کارێکی تێکدەرانە، بۆ تێکدانی کۆبوونەوەکە و ترساندنی خەڵک، کابرایەکی روتەڵە لەلایەن قۆمیسەر حیلمی ئەفەندییەوە هێنرایە ناو مەجلیسەکەوە و داوای لە خەڵکەکە کرد گوێ لەو هەواڵە بگرن کە هێناویەتی. کابراش وتی: «هەر ئێستا لەشکرێکی زۆری تورک طاقم طاقم، طابوور طابوور، پیادە و سوار لە شیوی ئاودار کە نیزیکی شارە، خۆم چاوم پێی کەوت، هاتووم خەبەر بدەم».

دیارە پڕوپاگەندەکە کاریگەریی بووە و کۆبوونەوەکە تێکچووە، خەڵک چوونە دەرەوە تا بزانن چی روویداوە. مستەفا پاشا کە بەرپرسیارێتی رێکخستنی سەربازی و ئارامی

شاری لە ئەستۆدا بووە «بۆ موحافەظەی ئاسایشی مەملەکەت و ئیتیخاذی تەرتیبات، بە عەسکەرەکان ئەمری کرد لەژێر قۆماندانی ضابطەکان خۆیاندا گرد ببنەوە، هەتا مەعلوم بێ چییە؟». بەڵام کەریم بەگ وتی: مستەفا پاشا لە لایەن تورکیاوە داوا کراوە و دەینێرینە لای ئوزدەمیر. بۆیە قۆمیسەر حیلمی بەگ لەگەڵ چەند پۆلیسێک بە زۆر مستەفا پاشایان دەستگیر کرد و بردیان لە سەرا حەبسیان کرد.

ئەم کارەی کەریم بەگ نارەزایەتییەکی گەورەی لێ کەوتەوە، رەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا دەڵێ: «شێخ قادر و خەڵکی شار بڕیاریاندا بە رزگار کردنی مستەفا پاشا لە بەند و رێگەگرتن لەوەی تەسلیمی تورکەکان بکرێتەوە، دەستەی لاوانی نیشتمان پەروەر هاتنە خرۆش و لەگەڵ حەشامەتێکی گەورەی ئەهالی تاویان دایە سەر بەندیخانەکەی سەرا، بە زۆر مستەفا پاشایان هێنایە دەرەوە بە نمایشێکی گەورە و بە رێزەوە بردیانەوە ماڵی خۆی..» (رەفیق حیلمی، ج٥، ل ٨٩)

هەواڵی رزگارکردنی مستەفا پاشا لە لایەن خەڵکەوە و پشتیوانی کردنی لە لایەن شێخ قادری حەفیدەوە، گەیشتە ئوزدەمیر، لەسەر پشتیوانی کردنی شێخ قادر لە مستەفا پاشا، لە ٣٣٨/٩/١٥ بەرامبەر بە ١٩٢٢/٩/١٠ لە رەواندزەوە نامەیەکی بۆ شێخ قادری حەفید ناردووە و پێی راگەیاندووە کە بە پێی میساقی میللیی ئەتاتورک هەموو ویلایەتی مووسڵ سەر بە خاکی تورکیایە و رێگە نادەین هیچ هێزێکی خائین لەسەر خاکی تورک فەرمانڕەوایی بکات. لە نامەکەدا وادەردەکەوێت ئوزدەمیر (نەمرود- واتە مستەفا پاشا) بە خاوەنی بیرۆکەی دامەزراندنی مەجلیسی میللی زانیوە، بۆیە لە دوایین دێڕەکانی نامەکەدا وتوویە: «باوەڕ ناکەین کە شێخ مەحمود بیەوێت ببێ بە سەرۆکێکی وا کە تەفروتونایی مووسڵمانانی لە دوبێ و ببێتە هۆی بەد ناوی، ئێوەش کە هەر لەو شەجەرە پیرۆزەن، بە بیرما نایەت بە دەسیسەی (نەمرود) و هاوبیرەکانی تەفرە بخۆن و شوێن بیروباوەڕی ئەم مەلعونە [مەبەستی مستەفا پاشایە] بکەون». (رەفیق حیلمی، ج٦، ل ٦٦)

**تەداروکاتی گەڕانەوەی شێخ مەحمود:**

مستەفا پاشا رۆڵێکی زۆری لە نزیک کردنەوەی بۆچونی ئینگلیزەکان و بنەماڵەی شێخ مەحموددا گێڕاوە. رەفیق حیلمی لەو بارەوە لە یاداشتەکانیدا گێڕاویەتەوە «مستەفا پاشا

یامولکی له ڕێی هاتوچۆی لای ئینگلیزەکانەوە، گفتوگۆ لەگەڵ بەرەی شێخانا و بە تایبەتی لەگەڵ شێخ قادری حەفید و حەپسەخانی نەقیب (١٨٩١- ١٩٥٣) لەم باسەدا بەشدار بوو».
(ڕەفیق حیلمی، ج٥، ل ٨٥)

**شێخ مەحمود لە بەغدا:**

پاش سێ ساڵ لە بەندکردن، سەرئەنجام ئینگلیزەکان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە جارێکی دیکە شێخ مەحمود بکەنەوە بە حوکمداری کوردستان. وەک ڕێخۆشکردن بۆ ئەو کارە، سەرەتا بەهاری ١٩٢٢ هێنایانەوە بۆ کوەیت. بۆ کارئاسانی کردنیش، ڕێگە بە شێخ قادری حەفیدی برای درا بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و وەک باس کرا، ببێت بە سەرۆکی مەجلیسی میللی.

ڕۆژی ١٢ ئەیلوولی ١٩٢٢ شێخ مەحمود لە (کوەیت)ەوە گەیشتە بەغداد. ١٤ی ئەیلوول لە بەغداد سێر پێرسی کۆکس حاکمی سیاسیی عێراق و هاوڕێی دێرینی مێجەر نۆئێڵ سەریان لێدا. (مس بێڵ) لە نامەی ٢٤ی ئەیلوولی ١٩٢٢دا سەبارەت بە دیداری پێرسی کۆکس و شێخ مەحمود، وتوویە: «شێخ مەحمود گیانێکی هێجگار بەجێ و لۆژیکی نواند، پێوەی دیار نەبوو کە هیچ ڕق و کینەیەکی لە دڵدا بێت بەرامبەرمان لەسەر ئەو سێ ساڵ بەند کردنە و هەرگیز وای دەرنەخست، بەپێچەوانەوە ئەوەی دەردەبڕی کە ئێمە چ میهرەبانییەکی گەورەمان لەگەڵ کردووە لەسەر ئەوەی کە بەرمان داوە». (محەمەد حەمە ساڵح، ل ٢١٧)

پاش دوو ڕۆژ لە دیدارەکەی کۆکس، ١٦ی ئەیلوولی ١٩٢٢ شێخ مەحمود و مەلیک فەیسەڵی یەکەم کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵیان بووە. مس بێڵ هەر لەو نامەیەدا باسی دیدارە دوو قۆڵییەکەی هەردوو مەلیکی کردووە و مەلیک فەیسەڵ بە شێخ مەحمودی وتووە: «بەرژەوەندییەکانی عێراق و کوردستان هەر یەکن و سلێمانی بە قەڵایەکی دژ بە تورکان دادەنێت و هەرچییەکی پێ بکرێت بۆ یارمەتی درێغی ناکات و ئەگەر حەز بکات ئەفسەر و پیاوانی کورد لە سوپای عێراقدا دەکرێ بچنەپاڵی ».

دوای ئەوەی شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان و مەلیکی عێراق، ڕێککەوتنێکی سێ قۆڵیان کردووە، بڕیاریان داوە شێخ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. مس بێڵ وتوویەتی: «شێخ مەحمود تکای لە مێجەر نۆئێڵ کرد لە گەڵیدا بچێت بۆ سلێمانی» .

ڕەفیق حیلمی هۆکاری ڕازی بوونی ئینگلیز بە گەڕاندنەوەی شێخ مەحمود ئاشکرا دەکات

و لەو بارەوە نوسیوویە: «ئینگلیزەکان لەگەڵ شێخ مەحمود لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە بە ناوی (رەئیسی مەجلیسی میللیی کوردستان)ەوە کاروباری حکوومەتی سلێمانی بگرێتە دەس، و لەبەرامبەر ئەوەدا (ئوزدەمیر) و تورکەکان بە هێزێکی میللیی کورد کە زابتەکانی جەیشی عێراق بۆ دامەزراندنی ئەو هێزە هاتبوون، لە رەواندز بکاتە دەرەوە. بە وشەیەکی راست و رەوان عێراق لە ئاژاوە و لە غایلەی تورک بپارێزێ». (رفيق حيلمى ج٥، ل ١١٤)

مستەفا پاشا و رۆژنامەی (بانگی کوردستان) بە پەرۆش و گرنگیەوە چاوەڕێی هاتنەوەی شێخ مەحمودیان کردووە. یامولکی، ئارەزوویەکی زۆری لەسەر گەڕانەوەی شێخ مەحمود هەڵچنیووە. هەر بۆیە هەنگاو بە هەنگاو هەواڵی گەڕانەوەکەی بڵاو کردووەتەوە و هانی خەڵکی داوە پێشوازییەکی گەرم و گەورەی لێ بکەن. لە ژمارە (٧)ی رۆژنامەکەیدا لە لاپەڕە چواردا ئەم هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە: «حەضرەتی حوکمداری کوردستان، جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندی کە لەسەر عەینی مەسەلە گیراوە و (٣) ساڵ و نیوە حەبسە، ئێستا تەشریفی هێناوە، نزیکە. بزانن میللەتی کورد بە چی نەوعێک ئیستقبالی ئەکەن؟ وە ئیحتیرامی ئەگرن، لە حەق موشار ئیلەیهی بە چ حیس و حورمەتێک خۆیان نیشان ئەدەن».

هەر لە ژمارە (٧)ی ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٢٢دا، رۆژنامەی (بانگی کوردستان) هەواڵی بەڕێکەوتنی وەفدی پێشوازی کردن لە شێخ مەحمودی بۆ کفری بەم جۆرە بڵاوکردووەتەوە: «بینا بە ئەمرێ کە لە کفرییەوە لە طەرەف حەضرەتی حوکمداری کوردستان شێخ مەحمود ئەفەندییەوە هاتوە، بۆ بەعضێ موذاکەرە و کاری کوردستان، شەوی سێ شەمە ١٩ی ئەیلوولی ١٩٢٢ جەنابی مستەفا پاشا، ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ، محەمەد ئاغای عەبدولرەحمان ئاغا، عیزەت بەگی عوسمان پاشا و ئیبراهیم ئەفەندی ضابط عەسکەری، بە ئۆتۆمبێل تەشریفیان حەرەکەتی کرد بۆ کفری. دۆعای موەفەقییەتیان بۆ ئەکەین.. بانگی کوردستان»

لە ژمارە (٨)دا بۆ پێشوازی کردن لە گەڕانەوەی شێخ مەحمود شیعرێکی ئەحمەد فوزی بڵاوکردووەتەوە:

شـوکـور ولیـللاهـ مـوژدە بـێ وا نووری ئیمان هاتـەوە
ئـەرشـەدی ئـەولادی حـەیدەر، شـێری یـەزدان هاتـەوە
هـەر وەکوو یـوسـف لـە زیـندانـی ئـەسـارەت هاتـەوە

شاهـی میسره، صـەد شوکور وا روو بە کەنعان هاتـەوە
جـەژنـــی کـوردستانـە، قـوربـان، مـەوقعـی قـوربانییە
چـۆن بـە قـوربانـی نەبم وا فـەخـری کوردان هاتـەوە

بۆ پێشوازی کردن لە شێخ مەحمود، لە هەموو لایەکەوە خەڵکی کوردستان روویان لە کفری کرد. «کاتێک شێخ مەحمود دەگاتە کفری، ژمارەیەکی زۆر لە هاولاتییانی کورد و عەرەب لە گەڵیدا هاتن، کفری لەو رۆژەدا جمەی دەهات.. کاتێک شێخ گەیشت دوای پێشوازیی کردنی، مستەفا پاشا یامولکی لە ناو جەماوەرەکەدا هەستا و خوتبەیەکی بایەخداری پێشکەش کرد و پێ خۆشحاڵی خۆی و گەلی کوردی تێدا پیشاندا بە هاتنەوەی شێخ و گەڕانەوەی بۆ کوردستان و هێنانی موژدەی دامەزراندنی حکومەتی کوردستان. جەماوەر بە پەرۆشەوە بە ژیانی پێشەوا و سەربەخۆیی کوردستاندا هوتافیان دەکێشا. کەژاوەی شێخ، لە ئیزگەی شەمەنەفەری کفرییەوە بۆ ناو شاری کفری جولا، جەماوەرێکی زۆر لە دەشتاییەکەدا بە گۆرانی و هەڵپەڕکێوە خەریک بوون. دوایی گەورە پیاوانی وەک مستەفا پاشا و ماژۆر نۆئێڵی راوێژکاری رامیاریی و محەمەد ئاغای عەبدولڕەحمان ئاغا و سەرۆک عەشایرەکانی لیوای کەرکووک، بە کورد و عەرەبییەوە، لەگەڵ شێخ محەمەد غەریبی هاوڕێی راستگۆ و بە وەفای رۆیشتنەماڵی موحسین ئاغا». (شێخ لەتیف، ل٨٥)

لە سلێمانیش بۆ پێشوازی کردن لە شێخ مەحمود لیژنەیەک پێکهات. (رەفیق حیلمی)یش لە یاداشتەکانیدا دەگێڕێتەوە «لە خەڵقی دێهات و دەوروپشت و لە عەشایر و لەوانەی کە لە رۆژی وادا خۆیان لە شێخ مەحمود نزیک ئەخستەوە، حەشاماتێکی ئیجگار زۆر رژابوونە سلێمانی». (رەفیق حیلمی،ج٥، ل ٩١)

لە ژمارە (٩)ی رۆژنامەی (بانگی کوردستان)دا کە ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢، واتە دوای هەشت رۆژ لە گەڕانەوەی شێخ، دەرچووە، راپۆرتێکی دورو درێژ لەسەر پێشوازی کردن لە شێخ مەحمود و رێورەسمی ئالا هەڵکردن، بڵاوکراوەتەوە.

(مەجلیسی میللی سلێمانی) لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی کۆبوونەوەیەکی گەورەی سازداوە و نزیکەی ١٠ هەزار کەس ئامادە بوون، شێخ قادر و مستەفا پاشا سەرقاڵی تەرتیباتی پێشوازی کردنەکە بوون، قوتابیانی کچ و کوڕ راهێنانیان پێ کرابوو و سرودی میللییان پێ خوێندراوەتەوە و بە دەم گۆرانییەوە ئالای کوردستان هەڵکراوە. شێخ مەحمود بە شکۆیەکی شاهانەوە لە٣٠ی ئەیلوولی ١٩٢٢دا، دوای سێ ساڵ لە ئەسارەت، گەیشتوەتەوە

سلێمانی. مێجەر نۆئێڵ کە راوێژکار و هاوسەفەری شێخ بووە، بە هۆی پەرەسەندنی رووداوەکان و بەهێزی و کاریگەریی شێخ مەحمودەوە، ناچار بووە بە سیفەتی (حوکمدار) و نوێنەری ئینگلیز، بە خەڵکی سلێمانی بناسێنێ.

سەبارەت بە رۆڵی مستەفا پاشا لەو پێشوازیەدا، رەفیق حیلمی نوسیوویەتی: «مستەفا پاشا زۆر کارا بوو، نەی ئەزانی وەستان چییە. لەگەڵ شێخ قادر تەگبیری ئەوەیان دەکرد وەفدێک بنێرن بە پیر شێخ مەحمودەوە. وەفدی شاری سلێمانی لەژێر سەرۆکیی رەئیسی مەجلسی میللی رێک خرا کە ئەندامە ناسراوەکانی مستەفا پاشا و هەندێ لە پیاوە بەرێزەکانی سلێمانی بوون». (رەفیق حیلمی،ج٥، ل ٥١٣)

مستەفا پاشا، لە هەموو کەس زیاتر بە هاتنەوەی شێخ دڵخۆش بوە و، هیوای زۆری لەسەر هەڵچنی و پێی وابووە رۆژی سەربەخۆیی کوردستان دەستی پێکردووە، ئیتر زەمەنی دوورڕوەکان کە رۆژێک پیاوی ئینگلیزن و رۆژێکی دی پیاوی تورانی بەسەر چووە.

ئەم پارچە شیعرە کە لە ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٢٢دا هەفتەیەک پێش گەڕانەوەی شێخ لە ژمارە (٧)ی (بانگی کوردستان)دا بڵاوبووەتەوە تێڕوانینی پاشا بۆ دوای گەڕانەوەی شێخ دەردەبڕێ:

هومایی دەوڵەتی نیشتووە بەسەر کوردا بیحەمدیللا
دوعا بۆ بەختی کوردان کەین دەوامی بێ بعەونیللا
بەڵێ رۆژێکی ئیستقیلال، هەزاران رۆژی تـر دێنێ
بەڵێ رۆژێـکی ئازادیی لە بۆ کوردان، جیهان دێنێ
ئەوەی کوردی نەوێ، هەڵسێ، بەجێ بێڵێ سلێمانی
نەماوە وەقتی دوورڕوویی لە بۆ ئینگلیس و تۆرانی
فیدات بم بانگی کوردستان، بدە بانگێ بە ئازادیی
کە رۆحی ئەحمەدی کاکە، بکەین شادان بە ئازادیی

**دەست بەکاربوونی حوکمداری کوردستان:**

پاش پشوویەک، ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ حوکمداری کوردستان بە دەرکردنی ئیرادەی حوکمڕانی ژمارە (١) بە شێوەیەکی فەرمی دەستی بەکارەکانی کردووە. لەو

ئیرادەیەدا شێخ مەحمود بەرنامەی کاری خۆی بەم شێوەیە دیاری کردووە:

«ئەی میللەتم، ئەمین بن کە زامنی سەعادەت و موەفەقییەتی ئەقوام، ئیتیحاد و ئیتیفاقە، میللەتێ کە خوێنی رشتبێ بۆ حەقی خۆی، قەطعییەن مەحروم و ئەسیر نابێ. قەراری عالەمی مەدەنییەتیش ئەمەیە کە هەر قەومێ و عونصرێ خۆی بە خۆی ئەبێ ئیدارە بکات. ئەوەڵەن ئێمە کە میللەتی کوردین، ثانییەن بۆ ئەم غایەیە قوربانییەکی زۆرماندا، بە ئەو شەرتە کە یەک دڵ و یەک زوبان و یەک وجود بین، بە ئیزنی خودا هیچ کەس زەفەرمان پێ نابا و منیش تا ئاخیر قەترەی خوێن و ماڵی خۆم و ئەولاد و ئەتباعم، بۆ سەعادەتی ئێوە صەرفم کردووە و تیکراری ئەکەم.. هیممەت لە ئێوە و موەفەقییەت لە خودا .. حوکمداری کوردستان مەحمود». (ب.ک، ژمارە ١٠)

**مستەفا پاشا رەئیسی مەعاریف:**

ئیرادەی حوکمڕانیی ژمارە (٢) لە١٠/١٠/١٩٢٢دا بڵاوکرایەوە، تایبەت بوو بە کابینەی دووەمی فەرمانڕەواییەکەی شێخ مەحمود. لەو ئیرادەیەدا مستەفا پاشا پۆستی (رەئیسی مەعاریف)ی پێ سپێردرا. دەقی ئیرادەکە بەم شێوەیە:

صوورەتی ئیرادەی عەلییەی حەضرەتی حوکمدار

عەدەد (٢)

لە مەملەکەتی سلێمانی دا نووسرا.

بۆ تەشکیلی حکوومەتی کوردستان، نەصب و تەعینی ئەم ذاتانەم لە قابینەی حکوومەتدا موناسیب دی:

سپەسالار.... شێخ قادر

رەئیسی داخلییە... محەمەد غەریب

رەئیسی مالییە... عەبدولکەریم عەلەکە

رەئیسی مەعاریف... میر لیوا مستەفا پاشا

رەئیسی شەرع و عەدل...

رەئیسی گومرک.. ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ

رەئیسی نافیعە... محەمەد ئاغای عەبدولرەحمان ئاغا

رەئیسی ئەمنییەتی عومومییە.. سەیید ئەحمەد بەرزنجی

هەر كەسە مەقام و وەظیفەی خۆیم پێ سپاردن، ئیراد ئەكەم دەرحاڵ دەست بە تەدویری ماكینەی حكوومەت بكەن. ومن الله التوفیق

حوكمداری كوردستان

مەحمود

لە ئیرادەی ژمارە (٣)ی ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢دا، جارێكی دیكە جەخت لەسەر بەڕێوەبردنی كاروباری مەعاریف كراوەتەوە و تێدا هاتووە: «ریئاسەتی مەعاریف بیلجوملە ئوموری مەعاریف و هەرچی تەرتیباتێ كە ئیجاب بكات، لەم خصووصەوە راجیع بە ریئاسەتی مەعاریفە».

لەو ماوە كەمەی كە وەزیری مەعاریف بووە، سەرەڕای نەبوونی داهات و كەمیی مامۆستا، مستەفا پاشا توانی دوو قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی (مەحمودییە) و (قادرییە) لە سلێمانی دروست بكاتەوە.

بە هۆی نەبوونی مامۆستای پێویستەوە بۆ پڕكردنەوەی كەمیی مامۆستا، مستەفا پاشا داوای لەو ئەفسەرە كوردانەی كە گەڕابوونەوە بۆ سلێمانی كرد، تا جێگەی ئەو مامۆستایانە پڕكەنەوە كە قوتابخانەكان پێویستیان پێیان بوو. جگە لەوە، هەردوو ئەفسەری نیشتمان پەروەر (عەزیز قەزاز و ئەمین رەواندزی) وانەی وەرزش و مەشقی عەسكەریان بە قوتابیانی قوتابخانەی ئامادەیی وتووەتەوە و (رەفیق حیلمی)ش وانەی (هەندەسەی موجەسەمە و مثلثات)ی وتووە و (صدیق پاشا) كە موفەتیشی حكوومەتی كوردستان بووە، هەموو رۆژێك وانەی وێنەكێشانی بە قوتابیان وتوەتەوە.

مستەفا پاشا ئەو كاتەی وەزیری پەروەردە بوو، وەك مامۆستا وانەی بە قوتابیان وتوەتەوە «كاتێك رەشید زەكی وازی لە دەرس وتنەوە هێنا، مستەفا پاشا (رەئیسی مەعاریف) لە پۆلەكانی ئەعدادیيا دەرسی (جەبر)ی گرتە ئەستۆ». (رفیق حیلمی ج٦، ل ٦)

یەكێكی دیكە لە كارە گرنگەكانی رەئیسی مەعاریف، ئەوە بوو كە بڕیاریدا هەموو قوتابییەكان بە دەوڵەمەند و هەژارەوە یەك چەشن جل و بەرگ بپۆشن. لە رۆژانی هەینیدا پارەیان لە خەڵك كۆ كردووەتەوە و جل و بەرگیان بۆ هەژارەكان پێ كڕین و دەوڵەمەندەكانیش بە هەمان دەستوری قوتابییە هەژارەكان ئەو جلانەیان لەبەر كردووە. «كڵاوێكی تازەشمان داهێنا كە لە كڵاوی عەسكەرە ئیسكۆچەكان ئەچوو، لە ناوچەوانی ئەو كڵاوە بە سورمەیی وشەی مەحمودی دادەدورا». (رفیق حیلمی ج٦، ل ٩)

ژمارەی قوتابیان گەیشتە ٨٠٠ قوتابی، تیپێكی سروود و مۆسیقاش دامەزرا و رۆژانە

کاتێک بە ناوشاردا بەدەم گۆرانی میللیی و سرود و مۆسیقاوە چوون بۆ مەشق، خەڵکی ناوشار بە گەورە و بچوکەوە شوێن ئەو قوتابیانە کەوتوون و چەپڵەیان بۆ لێ داون و فرمێسکی شادیان ڕژاندوە. تا ئەو کاتە سلێمانی خۆشی و بزوتنەوەیەکی پەروەردەیی وای بە خۆیەوە نەدیبوو.

**ڕاکێشانی شێخ مەحمود بۆ ناو ململانێکان:**

هاتنەوەکەی شێخ مەحمود بێ کێشە نەبوو، ململانێیەکی توند لە سلێمانیدا لە نێوان لایەنگرانی تورک و ئینگلیزدا سەری هەڵدا. نەوشیروان مستەفا سەبارەت بەو هەل و مەرجە سیاسییەی کە سلێمانی تێدا دەژیا وتوویە:

«بیرو بۆچونی سیاسیی و ڕۆشنبیر و سەرانی کورد بەرامبەر بە تورک و ئینگلیز جیاواز بوە. هەندێکیان پێیان وابوە کە ئینگلیز گەورەترین و پێشکەوتوترین هێزی دونیایە، ئەبێ دۆستایەتی لەگەڵ ئەو بکرێت و هەوڵ بدرێ بە یارمەتی ئەو کورد دەوڵەتی خۆی دامەزرێنێ، هەندێکی تر لایان وابوو کە ئینگلیز کافرە و دوژمنی کوردە، ئەبێ پشت بە تورک ببەسترێ، پەیوەندی دینی کورد بە تورکەوە ئەبەستێتەوە». (نەوشیروان مستەفا، ل ٢٣٩)

لەو ڕۆژەوەی شێخ مەحمود هاتبووەوە بۆ کوردستان، ململانێی ئەم دوو بەرەیە تا دەهات توندوتیژتر دەبوو، هەریەکەیان هەوڵی ئەوەی دەدا شێخ بەلای خۆیدا ڕاکێشێ. دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی ئەو سەردەمەی ناوناوە (قۆناغی یەکبوونی کاتی و دوودڵی لە نێوان لایەنە دژ بەیەکەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان) (مكرم طالباني، ل٦٩) تاڵەبانی لەژێر تیۆری مارکسیزمدا ئەو قۆناغەی شی کردووەتەوە و پێی وایە لەو سەردەمەدا «یەک هەڵوێستییەکی کاتی دروست بوو لە نێوان شێخ مەحمود و ڕاوێژکارەکانی کە پێکهاتبوون لە سەرۆک خێڵەکان و پیاوانی ئاینی و هەندێ ڕۆشنبیری وەک مستەفا پاشا یامولکی، ڕەفیق حیلمی، ماجید مستەفا، کەریمی عەلەکە، جەمال عیرفان و جەمیل صائیب.. بەڵام لە هەناوی ئەم یەکبوونە لەرزۆکەدا، ململانێیەکی توند هەبوو لە نێوان هەردوو ئایدۆلۆژیای دەرەبەگایەتی و ئایدۆلۆژیای بورجوازی کوردی و دواتر ململانێکە هێندە توند بووەوە، شێخ مەحمود (مستەفا پاشا و جەمال عیرفان)ی زیندانی کرد و سانسۆری لەسەر بیروباوەڕی ڕۆشنبیرەکان دانا». (مكرم طالباني، ل٦٩).

ڕەمزی قەزاز لەسەر ئەو سێ ڕەوتە کە لە سلێمانیدا لە ململانێیەکی توندا بوون

و کاریگەری هەریەکەیان لەسەر بڕیار و هەڵوێستەکانی شێخ مەحموود بەم شێوەیە خستوەتەڕوو:

ڕەوتی یەکەم: خزم و کەسانی شێخ مەحمود، کە «بەرزەنجییەکان» بوون، ئەمانە چونکە خزمی شیخ مەحمود بوون و لە شێوەیەکی خێڵەکایەتییدا ژیابوون، بۆیە بێ سڵەمینەوە لەوە پێش چۆن و چیان کردبوو لەگەڵ شێخ مەحمودا، ئەمجارەش بێ سڵەمینەوە وایان دەکرد. کەس نەبوو دەست بەرێتەبەریان و هێجگار بەوەش دەیاننازی و پشتیان قایم بوو کە دەسەڵاتداریی بە دەست شێخانەوەیە. بۆیە ئەمانە وەک جاری جاران دەڕۆیشتن بەرێوە، شوڵیان لێ هەڵکێشابوو..... هەمیشە گوێچکەی شێخ مەحمودیان پڕ ئەکرد لە دژی رژێمی حوکم و بوونی ئینگلیز و لە دژی خەڵکی تر. وا چوو بە مێشکیانەوە کە مادام شێخ مەحمود بوو بە حوکمڕانی کوردستان و تورکیش نەما، ئیتر هەموو شت بڕاوەتەوە و هەموو شتێکیان بۆ تەخت بووە، پێویست ناکا ئینگلیزی کافر لە سلێمانی و کوردستاندا بمێنێن. ئەمانە خۆیان هەموو کاروبارێکی حکوومەتی کوردستان ئەبردبەرێوە. ئیتر عەوجە ناکا بەبونی راوێژکاری سیاسیی و راوێژکاری سەربازی ئینگلیز. بەدبەختی کورد و حکوومەتی ساوای کورد لەوەدابوو، کە هەر یەکێک لەوانە خۆیان بە دیپلۆمات و راوێژکارێکی سیاسیی دەزانی. لەبەر ئەوە، ئەمانە یەکەم هۆ بوون بۆ تێکدانی و گۆڕینی بیر و باوەڕی شێخ مەحمود و ئەوان بە زۆری کاریان لە دەمار و بیرو باوەڕی ئەکرد. بە ناوی ئایین و ئیسلامەوە لە ڕێی ڕاست لایاندا.

ڕەوتی دووەم: بەرەی تورکخوازەکان بوون، کە لەو وەختەدا ناتۆرەییەکی تازەیان لەم بەرەیە نابوو، پێیان دەوتن (جلخوارەکان)، ئەمانە سەربە حکوومەتی تورک بوون، زۆریان لەو کاربەدەستانە بوون کە لای تورکەکان بوون و ئێستا بێ ئیش ماونەتەوە و تەقاویت بوون. ئەمانەش زۆر لە شیخ مەحمودەوە نزیک بوون، بە هۆی ناسیاوی کۆنییانەوە، سەرۆکی ئەم بەرەی جلخوارە «تایەری ئەمین ئەفەندی» بوو، ئەمانە بە ناوی ئیسلامێتییەوە شێخ مەحمودیان هان ئەدا و دەماریان ئەجولاند کە ئینگلیزەکان کافرن و پارەیان حەرامە، ئەویش پیاوێکی دڵسۆز و دڵ ساف بوو، باوەڕی پێ ئەکردن. دڵیشی لە ئینگلیزەکان ڕەنجابوو. ئەمانە بە شێخیان ئەوت لەگەڵ تورکەکاندا ڕێکەوێت باشە، با ئەم کافرانە لە وڵاتەکە دەرکەین.

ڕەوتی سێیەم: ڕۆشنبیران و ئەفسەرە کوردەکان بوون، کە بە دڵ و بە گیان لەگەڵ شێخ

مەحمود بوون، هەمو دنیادیدە و خاوەن تەجرەبە بوون. هەموو لە تورکیا ئەفسەری گەورە گەورە و سەرکردەی لەشکر بوون، شارەزاییان هەبوو لە سیاسەتی ئەو رۆژەی دەوڵەتانا، ئەو رۆشنبیرانەش ئەمانە بوون:

١. مستەفا پاشا یامولکی
٢. سالًح زەکی ساحێبقران
٣. عەزیز حیکمەت قەزاز
٤. مەحمود جەودەت
٥. رشید جەودەت
٦. رشید زەکی کابان
٧. تۆفیق وەهبی
٨. سدیق پاشا قادری
٩. ئەمین رەواندزی
١٠. قالەی ئایشەخان
١١. کامل حەسەن ئەفەندی
١٢. جەمال عیرفان
١٣. عارف صائیب
١٤. عزەت تۆپچی
١٥. ماجد مستەفا

ئەم رۆشنبیرانە هەموویان لە تورکیاوە گەڕابونەوە و هاوکاری شێخ مەحمود بوون، هەموو دڵسۆزانە ئامۆژگاری شێخ مەحمودیان دەکرد دەیانوت: «ئێمە لەدەست زۆرداری و خراپی تورک رزگار بوین، بە هۆی هاتنی ئینگلیزەوە، ئەبێ ئێمە تا خۆمان دەگرین و دەوڵەتەکەمان بەهێز دەکەین و لە غەم دەرەخسێنین، لەگەڵ ئینگلیزا شان بە شان برۆین بەرێوە، تا بەتەواوی سەربەست و ئازاد ئەبین و سیاسەتی ئەمرۆ چۆنە و چۆن ئیجاب ئەکا، ئەبێ لەسەر ئەو سیاسەتە برۆین بەرێووە. ئێمە ئەبێ واقعی بین، لە بەر ئەوە لەم بابەتەوە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆریاندا لەگەڵ شێخ مەحمود، بەڵام بەرەی جلخوارەکان و خزمەکانی شێخ مەحمود کە بەتوندی لە دژی رۆشنبییرەکان و ئەفسەرەکان بوون و بە ناوی ئاین و ئیسلامیەتەوە ئەمانەیان لای شێخ لەکەدار کردبوو، دڵی شێخییان لەمانە کرمێ کردبوو، وایان لە شێخ گەیاندبوو، ئەمانە کافرن و کفر دەکەن و عەرەق دەخۆنەوە،

ناویان نابوون «فەرمەسۆن» مانای بێ دین، جا بۆیە شێخ هەرگیز قسەی ئەمانەی نەدەچوو بە گوێدا و گوێی نەئەدایە ئامۆژگارییان، و هەمیشە بە چاوی نزم تەماشای دەکردن. (رەمزی قەزاز، ل١٠٦-١١٠)

رەفیق حیلمی کە هەردەم ویستویەتی خاڵی هاوبەشی هەردوو ئاراستەکە بێت، لەو بارەوە لە یاداشتەکانیدا نوسیوویەتی:

«شێخ مەحمود واقی وڕمابوو، نەی ئەزانی رووبکاتە کام لا، لەبەر بێقەراری خەڵق و شێواوی و تێکەڵ و پێکەڵی بیروباوەڕ، ئەویش سەری لێ شێوابوو، متمانەی بە کەس نەئەکرد..» (رفیق حیلمی ج٦، ل ١٠) بەڵام هەم رەفیق حیلمی و هەم لایەنگرانی ئینگلیز غافڵ بوون لەوەی شێخ مەحمود پێش ئەوەی بگاتەوە کوردستان، بڕیاری خۆی دابوو. کەمال مەزهەر دەڵێ «شێخ مەحمود بەر لەوەی بگاتە سلێمانی بە ماوەیەک، بە نهێنی پەیوەندی بە کەمالییەکانەوە کردبوو». (کەمال مەزهەر، ب.دوو، ل١١٠)

ململانێی ئەم دوو ئاراستە پێچەوانەیە بە دوو شێوازی زۆر جیاواز ئەنجام دەدرا؛ لایەنگرانی تورک کە بە هاتنەوەی شێخ مەحمود هەستیان بە بەهێزی دەکرد، دەستیان دایە هەڕەشە و گوڕەشە و تەنانەت تیرۆرکردنی کەسانی مونەووەری وەک جەمال عیرفان. بەڵام لایەنگرانی ئینگلیز کە رۆژنامەی (بانگی کوردستان) و (جەمعییەتی کوردستان)یان لە بەردەستدا بوو، دەیانویست بە شێوازی دیپلۆماسی و لە رێگەی رۆژنامەکەوە بیرو بۆچونەکانی خۆیان بە ناو خەڵکدا بڵاوکەنەوە.

مستەفا پاشا خۆی سەرۆکی (جەمعییەتی کوردستان) و سەرنوسەری (بانگی کوردستان) بوو، لایەنگرێکی بێ پێچ و پەنای ئەو ئاراستەیە بوو کە پێی وابوو ئینگلیزەکان دەستبەرداری کوردستان نابن. رەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا وا باسی ئەو بۆچونەی پاشا کردووە کە لە ترسەوەیە «مستەفا پاشا داخەکەم زیاد لە پێویست سڵی لە ئینگلیزەکان ئەکردەوە، لەبەر ئەمە لای کوردە خوێن گەرم و نیشتمان پەروەرەکان، ئەوەندە جێی متمانە نەبوو. جلخوارەکان بە پیاوی ئینگلیزیان ئەزانی، زۆریان ئەبوغزاند». (یاداشت بەرگی دوو، بەشی دوو ل ٤٩٢) بەڵام لە حەقیقەتدا بۆچونەکانی ئەو لە بەر ترس و سڵ کردنەوە نەبوون، بەڵکو دەیزانی رووداوەکان بۆ کوێ دەچن. دونیابینی و بۆچونەکانی مستەفا پاشا هەڵقوڵاوی ئەزمونی سەربازی و دیپلۆماسیەتی دورودرێژی خۆی بوو، ئەو کەسێکی واقعی و پراگماتیک بوو، بە باشی لە هەلومەرجی کوردستان و ناوچەکە تێگەیشتبوو، ئەو کاتەی

شێخ مەحمود لە ئەسارەتدا بوو، بەردەوام لە هەوڵدا بوو بۆ ئەوەی ئینگلیزەکان بێنێتە سەر ئەو باوەڕەی تاکە کەسێک کە بتوانێ دۆخی سلێمانیان بۆ راگرێ (شێخ مەحمود)ە. تەنانەت ئینگیزەکان لێی تووڕە ببوون و پێیان وتبوو «نازانم تۆ بۆچ ئەوەندە حەز بە هاتنی جەناب دەکەی؟!».

**دوورکەوتنەوەی مێجەر نۆئێڵ:**

دوای مانگێک لە گەڕانەوەی شێخ مەحمود، ئینگلیزەکان خۆیان لە دۆخێکی چاوەڕوان نەکراودا بینییەوە و بە پێویستیان زانی هەڵسەنگاندێکی نوێ بۆ دۆخی کوردستان بکەنەوە؛ چونکە شێخ مەحمود پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکەکاندا زۆر توندووتۆڵ کردبوو. جگە لەوە، هەستی بە بەهێزی دەکرد و پێی وابوو کاری بە ئینگلیزەکان نەماوە، وەدیع جویدە لەو بارەوە نووسیویەتی: «شێخ مەحمود هەرچەندە نەیدەویست بە راشکاوی بەڵێنەکانی لەگەڵ ئینگلیزدا بشکێنێ، بەڵام لە هەوڵی پتەوکردنی پێگەی خۆیدا بوو. گوێی بە راوێژی ئەفسەرە سیاسییەکان نەدەدا، گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ بریتانیا هیچی دەست ناکەوێت، پێی وابوو ئەوەندە بەهێز بووە ئینگلیزەکان ناتوانن هەرگیز لە دەسەڵاتەکەی بکەن و دەتوانێ چی بوێت بیکات». (وديع جويده، ص٤١٥)

هەڵسوکەوتەکانی شێخ مەحمود لەگەڵ خواستەکانی ئینگیلزەکان یەکانگیر نەدەبوون، «شێخ مەحمود لە تشرینی دووەمی ١٩٢٢ عینوانی خۆی گۆڕی بۆ (مەلیکی کوردستان)». (رفيق حيلمى ج٥، ل١١٦)

مێجەر نۆئێل کە لایەنگری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بوو. لەم هەڵسوکەوتەی شێخ مەحمود توشی سەرسووڕمان ببوو، چەند جارێک سەردانی بەرپرسانی ئینگلیزی کرد لە بەغدا، بۆ باشکردنی پەیوەندییەکانی شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان.

مس بێڵ لە نامەی ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢دا، باس لە یەکێک لە سەردانەکانی مێجەر نۆئێڵ بۆ بەغداد دەکات و نوسیوویەتی:

«مێجەر نۆئێڵ کە لە سلێمانییەوە هاتبووەوە، ئەوەی ئاشکرا کرد کە بارودۆخ لەوێ لەدەست دەرچووە، چونکە شێخ مەحمود دەیەوێت لە کوردستانێکی یەکگرتوودا ببێتە مەلیک». (محەمەد حمە ساڵح، ل ٢٢١)

(رەفیق حیلمی)ش پێی وابوو شێخ مەحمود پۆستی (حوکمدار)ی پێ کەم بوو. دەیویست

بێ به (مەلیک)، حەزی بەوەش ئەکرد خزمەتی کورد بکات و خۆی له پێناوی کوردستاندا بەخت بکات، بەڵام دەیزانی له سایەی ئینگلیزەکاندا چاوی به (مەلیک)ی ناکەوێت. بۆچونەکانیشی دروست بوون، چونکه (مس بێڵ) که دوای هاتنی سێر پێرسی کۆکس بووو به داڕێژەری سیاسەتی بریتانیا له عێراق، رقێکی تایبەتی له شێخ مەحمود بوو، له نامەی ١٢ی نیسانی ١٩٢٣دا بۆ باوکی نووسیویەتی: «ئەوان هەموو پیاوی ئاینی نیمچه خوێنەوارن، نیمچه برسین و درِندەن، هەریەکەیان به ئەندازەی رقی له شەیتان، رقی لەوی تره، کەواته ئیتر چۆن دەتوانین دەوڵەتێکی کوردی بۆ دامەزرێنین؟!» (محەمەد حەمه سالّح، ل ٢٤٩)

رۆژنامەی (بانگی کوردستان) هەواڵی ئەو هاتوچۆیەی نۆئێڵی له چەند ژمارەیەکی خۆیدا بڵاوکردووەتەوە. رۆژی ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢دا له ژماره (٩)ی رۆژنامەکەدا هەواڵی بەجێهێشتنی سلێمانیی له لایەن (مێجەر نۆئێڵ)ەوە بەم جۆره نووسیویه:

«وەکیلی مەندووبی سامی عێراق جەناب میجر نۆئێڵ که له بەغدادەوە له خزمەت حەضرتی حوکمداری کوردستاندا هاتبو بۆ سلێمانی، شەوی جومعه ٦ی تشرینی ئەوەڵی ١٩٢٢ لەگەڵ چەند زاتێ به ئۆتۆمبێڵ چوو بۆ کەرکووک، بزانین کەی عەوەدەت دەکا، خودا خێرمان بۆ بکا».

وشەی (خودا خێرمان بۆ بکا)، ئەوه دەردەخات که مستەفا پاشای سەرنوسەری رۆژنامەکە، سەبارەت گۆڕانی هەڵوێستی ئینگلیز ترس و گومانێکی لەلا دروست بووه. دوای هەفتەیەک، واته له ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢، له ژماره (١٠)ی هەمان رۆژنامەدا هەواڵی هاتنەوەی بەم جۆره بڵاوکردووەتەوە:

«وەکیلی دەوڵەتی فەخیمەی بریتانیا جەنابی مێجەر نۆئێل که له کەرکووکەوە به تەیاره تەشریفی بۆ بەغداد چووبوو، له مودەتی غەیبوبەتیدا جەنابی کاپتن چاپمان (حاکمی سابقی چەمچەماڵ) وەکالەتی دەکرد، فەرموەوه بۆ سلێمانی و وەکیلەکەی به طەیاره رۆیشتەوه بۆ کەرکووک».

رەفیق حیلمی سەبارەت به وازهێنانی نۆئێل له کارەکەی بۆچوونی خۆی بەم جۆره نووسیوەتەوە: «نوئێل سلێمانی بەجێ هێشت و جارێکی تر نەگەرایەوە، ئیتر له هەواڵ تێگەیشتبوو، هیوای له شێخ مەحمود بڕیبوو». (رەفیق حیلمی ج٦، ل٤٣)

نۆئێڵ به هۆی پشتگیری سەرسەختانەیەوه له کورد و له خودی شێخ مەحمود، لەژێر

گوشارێکی زۆری ئینگلیزەکانی نەیاری کورددا بوو، بە تایبەتی (مس بێڵ) کە دوژمنی باوە کوشتەی شێخ بوو. سەجادی لە بارەی هەوڵەکانی مێجەر نۆئێڵ بۆ دورخستنەوەی شێخ مەحمود لە تورکەکان نووسیویە: «مێجەر نۆئێڵ گەلێ کۆششی کرد کە مەلیک لە باوەڕەکانی بازگەشت بکاتەوە، بە تایبەتی نەکەوێتە شوێن فرۆفێڵی میکافیلی ئۆزدەمیر، هیچ کەڵکی نەبوو، بۆ ئەمەش کە بە تەواوی خۆی پیاوخراپ نەکا «چەپمەن»ی کرد بە وەکیلی خۆی لە سولەیمانی و خۆی سولەیمانی بەجێهێشت». (عەلائەدین سەجادی، ل٩٧)

هەواڵی بەجێ هێشتنی مێجەر نوئێل لە ژمارە (١١)ی (بانگی کوردستان)دا بەم شێوەیە بڵاوکراوەتەوە: «وەکیلی دەوڵەتی جەنابی مێجەر نوئێل پێرێ بە طیارە دیسان چوو بۆ کەرکووک، حاکمی سابقی چەمچەماڵ کاپتن چاپمان بۆ وەکالەتی ئەو هاتە سلێمانی».

پاش ماوەیەکی کەم (چاپمان)یش کە دەبینێ تورکەکان کۆنترۆڵی بڕیارەکانی شێخ مەحمودیان کردووە، بڕیار دەدا سلێمانی بە جێ بهێڵێ. شێخ لەتیفی حەفید لە بیرەوەرییەکانیدا دواین گفتوگۆی ڕاشکاوانەی نێوان شێخ مەحمود و (چاپمان)ی بەم شێوەیە نووسیوەتەوە:

-دەڵێن بۆ بەغداد دەڕۆیت، هیوام وایە بەڵێنەکانتان بەرامبەر بە کورد لە بیر نەکەن.

-ئێوە لە لایەکی دییەوە کاری خۆتان مەیسەر دەکەن.

-ئەگەر ئێوە ڕاستگۆ بن، ئەم باسە لای کەس ناکەینەوە

-وتیان میوانت هاتووە، دەزانم میوانەکانت ئەفسەرانی تورکن، وای بۆ دەچم پلانێک هەبێت.

-ئەوانە کە تۆ دەیڵێیت ئەفسەرانی کوردن و پەیوەندییان بە تورکەوە نییە.

-من ئەڕۆم بۆ بەغدا، ناگەڕێمەوە سلێمانی.

-(شێخ بە تووڕەییەوە) شەڕ تازە مەکەنەوە، ئەگەر بەڵێنەکانتان جێبەجێ نەکەن، بەهێزی بازوو لێتان دەسێنین.. لاپەڕەی مێژووش بە کرداری خراپتان ناشیرین مەکەن.

-من پەیوەندیی بە لێپرسراوانەوە دەکەم و قسەی ئێوەشیان پێ دەگەیەنم، بەڵام تکام وایە ڕێگە بە پیاوانی سەر بە فەرمانڕەوایی تورک مەدەن.

ڕەفیق حیلمی سەبارەت بە گەڕانەوەی چاپمان لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی: «چاپمان بە ناوی گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئینگلیزەکان، ئیزنی لە شێخ مەحمود خواست و چووە کەرکووک، ئەمە بە دڵی شێخ مەحمود بوو. چونکە ئەیزانی ناگەڕێتەوە و بەم جۆرە بێ دەرکردنی بە ئاشکرا لە (چەپمەن)یش ڕزگار بوبوو..» (ڕەفیق حیلمی، ج٦، ل ٤٤)

**مستەفا پاشا هۆشداری دەدات:**

لایەنگرانی تورک لە مانگەکانی کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٢٣دا بە تەواوەتی بڕیاری سیاسیی خۆیان بەسەر شێخ مەحموددا زاڵ کرد، شێخیان هاندا لایەنگرانی ئینگلیز و نەیارەکانی خۆیان زیندانی، یا شاربەدەر بکات. بەشێکی زۆر لەو ئەفسەر و فەرمانبەرە کوردانەی کە بە دیدێکی هاوچەرخەوە هاتبوونەوە بۆ خزمەتکردنی کوردستان، ناچار کران سلێمانی بەجێ بهێڵن. بەوەشەوە نەوەستان ڕۆژی ١٩٢٣/١٢/٢٣ (جەمال عیرفان)یان تیرۆر کرد.

ترس و تۆقین و بێ دەنگییەکی زۆر باڵی بەسەر سلێمانیدا کێشابوو، بەڵام مستەفا پاشا ئامادە نەبوو ملکەچ بکات و سلێمانی بەجێ بهێڵێت، یان بەبێ دەنگی لێی دانیشێ. ڕەفیق حیلمی لە بەشی شەشەمی یاداشتەکانیدا لە بارەی ئەو دۆخە و چاونەترسی مستەفا پاشا وتوویە: «مستەفا پاشای لێ دەرچێ کە تا ماوەیەک لە زمان درێژی و قسەکردن نەکەوت و بەدزی و بە ئاشکرا توانجی لەم کردەوانەی تورکەکان ئەگرت، کەسێکی تر نەبوو کە ناوی تورک بە خراپە بەرێ». (ڕەفیق حیلمی،ج٦، ل ٤١)

لە تەلگرافی ژمارە (١/٥٢٠)ی هێزی ئاسمانیی بریتانیادا کە ١٣ی ئازاری ١٩٢٣ نێردراوە، باسی لەوە کردووە کە «مستەفا یامولکی وتەبێژی فەرمیی ئەو کەسانەیە کە نارازین لە نزیک کەوتنەوەی شێخ مەحمود و تورکەکان، و یەکێکە لەو کەسانەی کە زۆر بە توندی ڕەخنە لە سیاسەتەکانی شێخ مەحمود دەگرێت، لە بارەی نزیک کەوتنەوەی لە تورکەکان، پێی وایە ئەو کارەی هۆکاری ڕاستەوخۆی نارەزایەتیی ئینگلیزەکانە لە کورد».
(عوسمان عەلی، ص ٤٥٩)

مستەفا پاشا یامولکی لە مەترسییەکانی دۆخەکە تێ گەیشتبوو، دەیویست لە ڕێگەی چەند وتارێکەوە شێخ مەحمود و کاربەدەستانی کورد تێ بگەیەنێت کە هەڵەیەکی گەورە دەکەن وابزانن ئینگلیز دەست بەرداری کوردستان و سلێمانی دەبێت. وتاری (ئینگلیس سلێمانیی بۆ چی دەوێ؟) یەکێکە لە وتارە جوان و پڕواتاکانی. نووسینی ئەو وتارە هاوکاتە لەگەڵ زاڵ بوونی لایەنگرانی تورک و جلخوارەکان بەسەر بڕیارەکانی شێخ مەحمود دا.

وتارەکە بە زانیارییەکی جیۆسەربازی دەست پێکردووە: «سلێمانیش کە لە کوردستانی

جنوبی دا نوقطەیەکی موهیمی سەوقل جیشییە، بە نەظر ئەوروپائیی - ئاسیائیدا ئەهەمییەتی ئینکار ناکرێ....

گەرچی کوردستانی جنووبی ئەوەی لە ئێستادا بەقیمەتە وەکو مەعادنی نەفت، خەڵوز و سائیرە زۆری هەیە، فەقەط ئەڵبەتە وەکو هیندستان، ئوستراليا، ترانسۆال (لە ئەفریقای جنوبیدایە) عێراق و سائیرە بۆ ئینگلیس فەوائید و مەنفەعەتی مادی و مەعنەویی نابێ، فەقەط لە بەر موطالەعاتی پێشوو، بۆ تەثبیت و تەحکیمیی نفوذیان لە عێراقدا، سلێمانی زۆر لازمە» .

دوابەدوای ئەو وتارە، لە ژمارە (١١)ی رۆژی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ی (بانگی کوردستان)دا لە وتاری (عیبرەت)دا، جارێکی دی هۆشداریی داوە لەوەی وا ئەم دەسکەوتەی کە بەدەست هاتووە لە بەر دووبەرەکی و ناکۆکی وەک ئەزمونەکانی دیکە لە دەست دەچن. سەرەتای وتارەکەی بە ئاورێک لە مێژووی دووبەرەکی ناو کوردان و سلێمانی بەتایبەت دەستی پێ کردووە:

«تا ئێستا هەرچی وەقایعێ بەسەر کورداندا هاتبێ کە مووجیبی ضلال و ملال بووبێ، ئەکثر لەبەر نیفاق و شیقاقی بەینی خۆیان بووە. ئەم نیفاق و شیقاقە کە لە کوردستاندا مەوجودە لە مودەتێکی مەدیدەوە مەرکەز و جەریان و فەوەرانی ئەم سلێمانی یە، کە ئەم شارە بە ئاشووبە خودا ئیصلاح و ئیعماری بکا، لە تاریخ ١١٩٩دا لە وەقتی حاکمانی بەبەدا ئیعمار کراوە، کە لە پێشدا لە قەڵاچوالانا ئیدارەیەکی مەخصوصی کوردییان بووە.

لەو رۆژەوە کە سلێمانی بینا کراوە تا ئەم ڕۆژانە، لەبەر ئیختیلافات لە بەینی عەشایر و ئەهالی و لەبەر تێ نەگەیشتنی فەوائیدی ئیتفاق یەک جیهەتی، سلێمانی وەکوو ئێستا کە دەیبینین، نەوەک مەملەکەتانی تر مەعمورییەتێکی پەیدا کردووە، لە ئەهالی و عەشایر راحەتییەکی تاممەیان بۆ حاصڵ بووە».

مستەفا پاشا ئاگای لە جووڵانەوەی تورکەکان بوون، کە ویستوویانە لە رێگەی ناردنی چەند چەتەیەکەوە و بە هاوکاریی دەسکێشە کوردە ناوخۆییەکانەوە ئەو ئەزموونە لە کار بخەن و ناکۆکی بخەنە ناو کوردان: «خودایە، ئەوانەی لە باتیی سەعی بۆ تەحەکومی حکوومەتی میللیی، بۆ ظهوری ئیغتیشاش، بۆ تەشویقی فیرقە لەگەڵ فیرقە، بە شەفاهی خەبەروە یا بەکاغەذ نووسین تەشویقات دەکەن، وەک لە دونیادا تەریق بوونەوە، لە

ئاخیرەتیشدا جەزایان بدەی.

ئەم عیللەتە، ئەم مەرەضی ناهەمواره و ئەم نەزانی لە کوردستاندا، هەر مەوضعییە، مەگەر هەر لە کویسنجاقیشدا، لە بەعضە جێگای تریشدا هەیە».

**هەوڵدان بۆ داخستنی بانگی کوردستان:**

تورکخوازە کوردەکان (جلخوارەکان)، کە زانیویانە (بانگی کوردستان) و مستەفا پاشا کاریگەریی زۆریان لەسەر خەڵک داناوە، ئەو وتارانەی کە مستەفا پاشا و هاوڕێکانی نووسیوبویان کردەیان بە بیانوو و چوونە بن کلێشەی شێخ مەحمود، شەو و رۆژ لە مستەفا پاشا و رۆژنامەکەیان خوێندووە، هەوڵی زۆریان داوە ناکۆکی بخەنە نێوان خۆی و شێخ مەحمودەوە، بەڵام یامولکی تەسلیم نەبووە. رۆژی ٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ لە ژمارە (١٢)ی (بانگی کوردستان)دا وتارێکی لەژێر ناوی (مەطبووعات و صەداقەت)دا نووسیویە، لەو وتارەدا وەڵامێکی توندی (جلخوارەکان)ی داوتەوە سەرەتای وتارەکەی گرنگیی رۆژنامە و ئەرکەکانی رۆژنامەی بۆ خوێنەر شی کردووەتەوە. دواتر ئەو پڕوپاگەندانەی لە سەری بوون گوایە دژایەتی ئاینی ئیسلامی کردووە و لەگەڵ ئینگلیز رێک کەوتووە، رەتی کردووەتەوە و لایەنگری خۆی بۆ شێخ مەحمود دەربڕیوە.

سەرەتا بەرگریی لە دەرکردنی (بانگی کوردستان) کردووە کە (جلخوارەکان) زۆر دژی دەرکردنی بوون، پێی وتوون بۆ ئەوە رۆژنامەکەی دەرکردووە تا کوردەواری لە خێڵەکییەوە بگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی: «قەومێ لەم زەمانەدا مەعاریفی نەبێ و بۆ تەرجومانی ئەفکاری و ئیعلانی مەوجوودییەتی و بۆ موستەخبیرات لە یار و ئەغیاری، مەطبووعاتێکی غەزەتەیەکی، حوڕڕی نەبێ، ئەو قەومە، ئەو میللەتە، پێێ ناڵێن قەومی (مەدەنی)، پێی دەڵێن (بەدەوی)، کە لە جیهانی مەدەنیەتدا نە حورمەت و نە ئیعتبارێکی دەبێ و نە بە قەول و فیعلی برەو ئەدرێ».

ئازادیی رۆژنامەوانیی لە وتارەکەدا بەستووتەوە بە ئازادیی گەلەوە، پێی وتوون ئەرکی رۆژنامە ریایی و ستایش کردن و هەواڵی تەشریفاتی نییە، بەڵکو رۆژنامە دەبێ سەربەست بێ و کۆت و بەندی بۆ دروست نەکرێت: «هەر قەومێ بڵێ حوڕڕم و ئارەزوی تەرەقیی بێ، مەطبووعاتیشی، رۆژنامەشی دەبێ سەربەست بێ، لەژێر قەیدی ریادا نەبێ، بۆ عیبرەت کردنی ئەفرادی میللەت، هەرچی لازمە تیا بنووسرێ، بۆ تەمەدوحی عەمر و زەید کە

نەورسیدەگانی میللەت فێری ریا و ئاخری ئەو قەومە لەژێر باری ئیستبداد و تەبدیدا بەرباد دەکا و ستونی مەخصووصی نەبێ . وەلێ بۆ تەحکیم و تەثبیت حکوومەتێکی عادیلە لە نەظەر یار و ئەغیاردا حەرەکات و ئیجرائاتی مەشکورە و ئەقوالی پەسەندیدەی رەئیسی قەوم و بوزورگان دائیمەن نەشر و ئیعلان بکرێ، ئەمە فائیدەی ئینکار ناکرێ. وئیللا فڵانە کەس هات و ئەمەیە و ئەوەیە، فیسارەکەس رۆیی و ماشەڵڵا وەهایە و وەهابو، وەکو لە بەعضە جێگایان لێرە هەیە بۆ فائیدەی شەخصی غەزەتە پڕ کەن لە دووڕوو لە ریا، ئەمە چاک نیە، بەوە میللەت هەڵخەڵەتاندن دەبێژرێ، ریاکەری دەبێژرێ».

مستەفا پاشا رایگەیاندووە، رۆژنامەکەی هەموو هەواڵێک کە خزمەت بە گەل و نیشتمان بکات بڵاودەکاتەوە، بەڵام هەرگیز نایکاتە کەناڵێک بۆ زەم و شکاندنی خەڵک: «فەقەت کەسێک کە بێتە شار، بە واسیطەی مەطبووعاتەوە، یاخود بە تەرزێکی تر کە مەطبووعات خەبەردار بێ، جوانمەردییەک بنوێنێ، مەثەلەن ئیعانەی بۆ مەداریس و مەکتەب دابێ، عائیلەیەکی فەلاکەت زەدەی ئیحیا کردبێ، یاخود لەسەر حەق ئازادییەکی مەشرووع و عەدالەتیەکی مەقبوولی بەجێ هێنابێ، بۆ مەدح ئەوە غەزەتە بە زبانی راستگۆیی خۆی بە هەموو لایەکدا هاوار و وەظیفەی خۆی ئیظهار و ئیفتخار دەکا. فەقەت تا ئێستا نەماندی ئێمەش نەمانوسی، ئەمی ئەشخاصیش حەز لێ ناکەین، ئەگەر موعتادمان بووایە، بە صەرەی ئەلف با تا ئێستا چەند موئەلەفاتێکمان دەبوو؟!.»

لە برِگەیەکی دیکەدا باسی ئەوەی کردووە کە رۆژنامەکەی رەخنە لە کەم و کورِییەکان دەگرێت و نابێ کەس دڵگران بێت، چونکە بە مەبەستی شکاندنی کەس نەنووسراوە و هەرکەسێک گلەیی هەیە، دەتوانێت لە دادگا سکاڵا بکات:

«دیسان بڵێین وەلێ وەلێ، وەکو ئێستا لە هەموو نوسخەیەکی غەزەتەکەماندا نیکر و بەیان کراوە، چشتێ بۆ حکوومەت و میللەت موضیرِ بێ، لە مەملەکەتدا لە طەرەف چەند کەسانێکەوە قەصدی یاخود لە بەر بێ مەغزی ئیعتیاد کرابێ، نە بە رِەنگی شەخصیەت، بەڵکو بە نەوعی ئیخطار و نەصیحەت نووسراوە و دەنوسرێ. ئەمینم ئەوانەی کە لەمانە حاڵی بێ و حوسنی نییەتی بێ، لەم نەوعە نووسینانە نابێ دڵگیر و موتەهەور بێ، چونکە بیلفەرض موباحەثاتێک کە بەلای ئەربابێ بۆنی شەخصیەتی لێوە بێ، مەحکەمە حاضیرە، رای شکایەت نەبەستراوە، لە سایەی حەضرەتی حوکمدارمانەوە، حقوقی هەموو کەسێک دەبیسرێت و دەپرسرێ».

لە کۆتایی وتارەکەیدا روی دەمی کردووتە ئەو کەسانەی کە رەخنەیان لێ گرتووە و ویستوویانە بەینی ئەو و شێخ مەحمود تێک بدەن و پێی وتوون: «ئەو وەقتە زۆر کەسان هەر بۆ لوقمە سەعییان دەکرد، ناوی شێخانیان بە زباندا نەدەهات، من مەسەلەکەم هەر ئەو مەسەلەیە، هەر ئەو پیاوەم، دەست و قەڵەمم ناگۆڕێ».

رۆژنامەی ئازاد لە کۆمەڵگایەکی ئازاددا دیاری بکات. لە دوای ئەم وتارە تەنیا یەک ژمارەی (بانگی کوردستان) لەژێر فەرمانڕەوایی شێخ مەحموددا دەرچووە.

**داخستنی بانگی کوردستان:**

نە وتارەکانی مستەفا پاشا و نە هەوڵەکانی کاریگەرییان لەسەر شێخ مەحمود نەبووە، دوای ماوەیەک بە بیانوی ئەوەی مستەفا پاشا سەرقاڵی کاروباری حکوومەتە، رۆژنامەکەی پێ داخراوە و رۆژنامەیەکی دیکە بە ناوی (رۆژی کوردستان)ەوە کە زمانی حاڵی حکوومەتەکەی شێخ مەحمود بوو دەرکراوە.

لە سەروتاری ژمارە یەکی رۆژنامەی (رۆژی کوردستان)دا هاتوە «صاحێبی ئیمتیازی غەزەتەی بانگی کوردستان جەنابی حاجی مستەفا پاشا لە بەر مەشغەڵەتی وەزیفەی رەسمییە ئیستعفای کرد...» (رۆژی کوردستان، ژمارە ١)

بەڵام نەوشیروان مستەفا پێی وایە «ئەم گۆڕینە تەنها لە بەر (مەشغەڵەتی رەسمیە) نییە، بەڵکو هۆیەکی سیاسیی لە پشتەوە بوە. لەو سەردەمەدا لایەنگرانی شێخ مەحمود دابەش ببوون بەسەر دوو ئۆردوگادا، ئۆردوگایەکیان لایەنگری هاوکاری بوون لەگەڵ ئینگلیز و ئۆردوگایەکیان لایەنگری هاوکاری بوون لەگەڵ تورکیای کەمالی کە بۆ گاڵتە پێکردن بە جلخوار ناویان بردون، مستەفا پاشا لەوانە بوو کە زۆر بە توندی دژی تورکخوازەکان و لایەنگری هاوکاری بوو لەگەڵ ئینگلیز..». (نەوشیروان مستەفا کتێبی دووەم بەرگی یەکەم، ل ٢٦٩)

**هاتنی سمکۆی شکاک بۆ سلێمانی:**

دوای سەردانەکەی مستەفا پاشا بۆ لای سمکۆ، رووداوەکان بەوشێوەیە بەڕێوە نەچوون کە سمکۆ نەخشەی بۆ کێشابوو، لە زۆربەی شەڕەکانیدا لەگەڵ ئێران توشی شکست هات، تورکیاش وەک چۆن مستەفا پاشا پێشبینی کردبوو، کە بەو جۆرە بینییان، پشتیان لێ کرد و دەستیان کرد بە دژایەتی کردنی. بۆیە سمکۆ بە کاریگەریی قسەکانی مستەفا پاشا و سەید تەها، هەوڵی خۆ نزیک بوونەوەی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا.

لەو لاشەوە ئینگلیزەکان کە تورکەکان تا دەهات تەنگیان پێ هەڵدەچنین، تێکچونی نێوان سمکۆ و تورکەکانیان بە هەل زانی بۆ لاواز کردنی رۆڵی تورکیا لە کوردستانی باشوور. (کاپتن لاین) لەو بارەوە نووسیویە: «پاش ئەوەی دەرکەوت شێخ مەحمود سەرکردەیەکە ناتوانرێت چاوی لێ بپۆشرێت، لە لایەن نۆئێڵ و ئەدمۆنزەوە پێشنیاز درایە (سێر هێنری دۆس)ی کۆمیسێری باڵا سەبارەت بە سود وەرگرتن لە سمکۆ و سەید تەها وەک رێگایەکی گونجاوی قوتارکردن لەو هەلومەرجە ئاڵۆزەی کورد و هەروەها قەزای رەواندزی لیوای هەولێر کە ئێستا لە لایەن کارمەندێکی تورکەوە بە ناوی رەمزی بەگ کە بۆ هاوکاری ئۆزدەمیر هاتبوو بەڕێوە دەبرێت، لەسەر ئەو بنەمایە سمکۆ و سەید تەها بە مەبەستی گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلانە، بانگهێشت کران. ئەدمۆندز بە نوێنەرایەتی کۆمیسیاری باڵا و چارلس لیتڵدیڵ و ئەحمەد ئەفەندی موتەسەریفی هەولێر هاتبوون».
(کاپتن لاین، ل١١٠)

هەرچەندە پێشنیاری کۆبوونەوەکە لە بنەڕەتدا هی ئەدمۆندز و مێجەر نوئێل بووە و لەو کاتەدا هیچیان کاربەدەست نەبوون، بەڵام (کاپتن لاین) کە بەرپرسی لیوای هەولێر و مووسڵ بوو وەک خۆی ووتویە: «لەو باوەڕەدا بووم کە دانانی کەسێکی غەداری تاوانباری وەک سمکۆ، هیچ ئاکامێکی باشی بۆ ئێمە لێ ناکەوێتەوە». (کاپتن لاین، ل١١٣) لە ١٩٢٢/١٠/٢٦ کۆبوونەوەکە لە گوندی بەحرەکە دەستی پێ کردووە، و دوای وتووێژێکی زۆر لێک تێگەیشتنێک لە نێوانیاندا دروست بووە (کاپتن لاین) لەو بارەوە دەڵێ «کاتێک وتوێژەکان کۆتاییان هات، سەید تەها تا دوا ئاست لەبار بوو، بەڵام سمکۆ بە بێزارییەکی گەورەوە ئامادەیی دەربڕی لە گەڵماندا بێت» (کاپتن لاین، ل١١٤)

سمکۆ بە تەمای ئەوە بوو ئینگلیزەکان یارمەتی بدەن بۆ سەرکەوتنی ئەو ئاواتەی کە بریتی بوو لە رزگار کردنی میللەتی کورد لە چنگی ئێران و تورک. دوابەدوای ئەو کۆبوونەوەیە، سمکۆ و شێخ مەحمود رێک کەوتوون کە سمکۆ سەر لە سلێمانی بدا. لە دوای شەڕی دەربەندی بازیان و ئەو کاتەی شێخ مەحمود بە دیل گیرا، بنەماڵەکەی ئاوارە بوون، سمکۆ هاوکاریەکی زۆری کردبوون، رەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی: «ئێستا نۆرەی شێخ مەحمودە، ئەیوسیت بە زیادەوە چاکەی سمکۆ بداتەوە». دوای رەزامەندی ئینگلیزەکان، سمکۆ بەرەو سلێمانی بەڕێ کەوت. سلێمانی لە خۆشیدا خرۆشا و گەورە و بچوک چاوەڕوانی هاتنی ئەو سەرکردە کوردە بوون.

بەڵام لە ناو شاردا یەکێک لە هەمووان زیاتر بەشەوقەوە چاوەڕوانی سمکۆی دەکرد، ڕەفیق حیلمی نووسیویەتی: «مستەفا پاشا لە هەموو کەس زیاتر بە کەیف بوو، لەو حاڵەی کە تیابوو، چووە حاڵەتیکی ترەوە، خۆی قیت کردەوە، ببو بە کوڕی چواردە ساڵە، ئەویش لە سەودایەکی ترا بوو، بە تەما بوو سمکۆ و شێخ مەحمود بەرەو ئامانجی خۆی بەرێ، لەو خەیاڵەدا بوو کە سیاسەتی ئینگلیز پێ دەچێ، لە پێش هەموو شتێکدا تورک لە ڕەواندز بکرێتە دەرەوە، خەبات و ئاژاوە بگاتە کوردستانی تورکیا، بە کورتی بۆ شکاندنی پشتی مستەفا کەمال هەوڵی ئەدا..» (ڕەفیق حیلمی ج٦، ل ٤٨)

خەڵک و کاربەدەستانی سلێمانی شاریان وەک بوک ڕازاندەوە، ڕەفیق حیلمی وتوویە: «شەوی پێش هاتنی سمکۆ کاغەزێکم لە مستەفا پاشا (کە ئەو کاتە وەزیری مەعاریف بووە) وەرگرت و داوای ئەوەی لێ ئەکردم کە هەر بەو شەوە گورانییەکی جوانی میللی ڕێک بخەم و فێری قوتابیەکانی بکەم، بۆ ئەوەی کە لە بەرەو پیری سمکۆدا بخوێنرێتەوە، منیش گۆرانییەکم ئامادە کرد..». (ڕەفیق حیلمی ج٦، ل ٤٩)

لە ١٩٢٣/١/٨ سمکۆ گەیشتە سلێمانی، پێشوازی کردنە شاهانەکەی شێخ مەحمود و خەڵکی سلێمانی لە باسکردن نایێ و ئەوانەی ئەو ڕۆژەیان دیوە و دواتر لە بیرەوەریەکانیاندا باسیان کردووە، پێیان وایە سلێمانی دوو جار ڕووداوی وای بە خۆیەوە دیوە، یەکەم جار لە پێشوازی هاتنەوەی شێخ مەحموددا و دووەم جار ئەو ڕۆژەیە کە سمکۆ هاتە سلێمانی.

ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا بەم جۆرە باسی لە ڕۆڵی مستەفا پاشا لەو مەراسیمە گەورەیەدا کردووە: «مستەفا پاشا یامولکی، دۆستی دێرینی سمکۆ، بە وتارێکی گەرم و بەهێز داستانی دورو درێژی ئەم بێچووە شێرەی بۆ گێڕاینەوە، مێژووی پاڵەوانێتی و نیشتمان پەروەرێتی سمکۆ و ئەو کارەساتانەی بۆ هۆنینەوە کە لەم ڕێگەیەدا بەسەریا هاتبوو.

گومان نییە تورکەکان لەم هاتنەی سمکۆ کەوتبوونە ترسەوە، چونکە مستەفا پاشا یامولکیی دوژمنی خۆیان باش دەناسی و بە خۆڕایی ناویان نەنابوو (مستەفا نەمرود)، هەر لەبەر ئەمەش بوو تورکەکان لە کاتی خۆیدا هەڵیان کوتایە سەر سمکۆ، تورکەکان وەنەبێ سمکۆیان نەناسیبێت، بەڵکو هەر لە دەمێکەوە دەیانناسیەوە، دەیانزانی سمکۆ بۆ سەربەخۆیی کورد خەباتی ناوەتەوە .» (ڕەفیق حیلمی ج٦، ل ٥٢)

### مستەفا پاشا لەژێر چاودێریی رەسمیدا:

چەند رۆژێکی سەرەتا نەبێت، شێخ مەحمود نەیهێشت مستەفا پاشا لە سمکۆ نزیک بێتەوە، رەمزی قەزاز هۆکارەکەی بەم شێوە دەگێڕێتەوە:

«ئەمجارەش کە دییان مستەفا پاشا چوە بن دەستی سمکۆوە، تورکەکان دیسان ئارامیان لێ بڕایەوە و مەترسییان کەوتە دڵەوە، لە بەر ئەوە «رەمزی»یە شەل و «فەوزی بەگ»ی یۆزباشی چەند ئەفسەرێکی تری ئۆزدەمیر لە رەواندزەوە بە دزییەوە هاتن بۆ سولەیمانی و لە لای شێخ مەحمود دابەزین، لەولاشەوە (فەتاح ئەفەندی) ژن برای شێخ مەحمود بە پەلە لە رێگای مووصڵەوە هاتەوە بۆ سولەیمانی، لەسەر پیلانی (تایەر ئەمین ئەفەندی) و عەباس ئاغای مەحمود ئاغای پشدەری.

بە هاتنەوەی فەتاح ئەفەندی لە رێگای مووصڵەوە و دیدەنی شێخ مەحمود و گفتوگۆ کردن لە گەڵیا، بووە هۆی بەهێز کردنی پەیوەندی بەینی شێخ مەحمود و تورکەکان، سمکۆ زۆر رقی لە تورک بوو، چونکە برینی تازە بووەوە، لەبەر ئەوە بۆی بکرایە و بە هیوای سەرکەوتن بوایە بە هەموو جۆرێک هەوڵی ئەدا تۆڵەیان لێ بسێنێتەوە، بەڵام ئەمجارە باری سیاسەت بە جۆرێکی تر کەوتە بەرچاو، چونکە پڕوپاگەندەی ئۆزدەمیر و دەستەو دایرەکەی زۆر بەتین و بەهێز وەستایەوە» (رەمزی قەزاز، ل٢٠٠)

(رەفیق حیلمی)یش سەبارەت بە رۆڵی خراپی (فەتاح) و (تایەر) لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی: «لە خزمەتی تورکەکان و بەجێهێنانی ئەو تەعلیماتانەی کە لە ئەنقەرەوە وەری گرتبوو، هیچی تری بەبیردا نەدەهات، شێخ مەحمود کەوتبوە ناو داوی تاقمی ئۆزدەمیر و فەتاحی ژن برای و تایەری ئەمین ئەفەندی لە سێ لاوە دەورە درابوو، هەرچی بیر و تەگبیرێکی تری هەیە لە سەریا نەمابوو..». (رەفیق حیلمی،بەشی سێ، ل٥٤)

ئەو ماوەیەی کە سمکۆ لە سلێمانی بووە، جارێک شێخ مەحمود سەعات دوازدەی نیوە شەو ناردویە بەدوای (رەفیق حیلمی)دا، کە گەیشتووتە بەردەستی، سمکۆ لە لای راستی دانشتبوو و تایەری ئەمین ئەفەنی لە لای چەپی. خۆی لە یاداشتەکانیدا بەم جۆرە رووداوەکەی گێراوەتەوە:

.. سەڵاوم کرد، وابزانم وەڵامیان نەدامەوە، بۆ دانیشتنیش خولْقیان نەکردم، منیش بە پێوە مامەوە، ئەمە رەسم و عادەتی شێخ مەحمود نەبوو. ئەو رێزی لە هەموو میوانێک دەنا،

لەبەر منداڵێک هەڵ ئەسا، بە تایبەتی دڵی منی زیاد لە خەڵقی تر رائەگرت، بە چاوێکی تایبەتی تەماشای ئەکردم، تەنانەت لە هەندێ کەم و کورتیشم ئەبورد،.. ئەو شەوە لە بەر هەڵامەت هیچم نەخواردبوەوە، ئەمویست وەکو جاران دەمم بۆن کا، کەچی نەیکرد، بە رووی ترش و گرژییا شتێکی لە دڵا هەبوو. ئەبو راوەستم تا دەری ئەخا.. لە پڕ رووی تێ کردم  و وتی:

- لە کوێ بوی؟
- لەماڵەوە.
- وام بیست کە ئەمشەو کۆبوونەوەیەکتان بەدەستەوەیە
- یەعنی چی؟
- خۆت ئەیزانی..(نەیهێشت من قسە بکەم یا وەڵامی بدەمەوە)
- تا ئێستا مستەفا پاشایەک هەبوو،، ئێستا هەمووتانم لێ بوون بە مستەفا پاشا! ئیتر لە وزەما نەما، ناتوانم لەمە زیاتر چاوتان لێ بپۆشم، ئەبێ یا ئێوە بن یان من! چیتان لە من داوە و ئەتانەوێ چی بکەن؟ (هەرچەند من ئەمویست بێمە جواب و شتێ بڵێم ئەو وەکو مەبەستی لە قسە برینی من بێ، ماوەی نەئەدام، یەک لە دوای یەک هەڵی ئەڕشت، جار جارە دەنگی بەرز ئەکردەوە بەدەم هەڕەشەوە ئەیوت):
- بڵێ بزانم ئەتانەوێ چی بکەن، بە تەمای چین؟. من بە خائین و بە دوژمنی کورد دائەنێن؟ من کورد نیم؟ سمایل ئاغا (مەبەستی سمکۆ بوو) کورد نییە؟ ئێوە کوردن و بۆ کوردستان هەوڵ ئەدەن! وە نییە؟ ئێوە کوردستان دروست ئەکەن وە یا ئینگلیز بۆتانی دروست ئەکا؟ مستەفا پاشای دۆستی ئینگلیزەکان، بۆچی دەنگی نییە و کوردستان بە ئینگلیز دروست ناکا؟ (دیسانەوە تەکانی خۆم دا قسە بکەم، بەڵام ماوەی نەدام و وتی):
- بڕۆن لە بەرچاوم هەستن بڕۆن بۆ کەرکووک، بۆ بەغدا، لەوێ لەگەڵ مستەفا پاشا، لەگەڵ هەرکەسێ بەدڵتانە و خۆتان ئەتانەوێ داوا لە ئینگلیزەکان بکەن و کوردستانی پێ دامەزرێنن... (رەفیق حیلمی ج٦، ل ١٠١-١٠٢)

ئەو قسانەی بەحوزوری سمکۆ و سەرکردەی جلخوارەکان، دەرخەری ئەوەن کە شێخ مەحمود بە تەواوەتی دەستی لە مستەفا پاشا شۆردوەتەوە و بێ دەنگی سمکۆ و بەرگری نەکردنی لە دۆستە دێرینەکەی، ئەوە دەسەلمێنێ کە سمکۆش بە تەمای ئەوە بووە تورکەکان دەرگای لێ بکەنەوە.

به گشتی جلخوارەکان بەردەوام شێخیان لە دژی مونەووەرەکان هاندەدا. باری مونەووەرەکانی سلێمانی بە تایبەتی مستەفا پاشا، کەوتە لاری، تەنانەت ئەوەندەیان لە سەری خوێندبوو شێخ مەحمود ئامادە نەبوو، بیبینێ، رەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا بەم جۆرە دابڕانی شێخ مەحمود و مستەفا پاشای گێڕاوەتەوە:

«پاش نیوەڕۆیەک لەگەڵ شێخ چامان دەخواردەوە، نۆکەرێک هات و عەرزی شێخ مەحمودی کرد، وتی قوربان مستەفا پاشا دیسان هاتوە و ئەیەوێ بێتە خزمەتتان. فەرموی بڵێن نوستوە! کە کابرای نۆکەر گەڕایەوە، وتی پاشا ئەڵێ، (نەنووستوە، بەڵام خەریکی تورکەکانە!)؛ شێخ مەحمود بە زەردەخەنەیەکەوە فەرموی: حەقیەتی، ئەیەوێ بە دیاری بینێرم بۆ مستەفا کەمال». (رەفیق حیلمی ج٦، ل ٩٦)

وەشەی (دیسان)، ئەوە دەگەیەنێ مستەفا پاشا چەند جارێکی دیکە هاتوە بۆ بینینی شێخ، بەڵام وەک ئەم جارە بە بیانوی جیا جیا دەست نراوە بە روویەوە، پەیامەکەی پاشاش (خەریکی تورکەکانە)، ئەوە دەگەیەنێت کە مستەفا پاشا قسەی لە روو بووە و ئاگاداری کەین و بەینەکەی نێوان شێخ و تورکەکان بووە. بەوەشەوە نەوەستاوە خستوییەتە ژێر چاودێریەوە. رەفیق حیلمی وتویەتی: «مستەفا پاشا خرایە ژێر چاودێری رەسمیەوە لە ماڵی خۆیدا چەند پۆلیسێکی بەسەرەوە دانرا، رێگەی هاتوچۆی لێ قەدەغەکرا..». (رەفیق حیلمی. بەشی سێ، ل٥٥)

سمکۆ بۆ ماوەی مانگ و نیوێک لە سلێمانی مایەوە، میوانی مەلیکی کوردستان بوو. ئینگلیزەکان بە وردی چاودێری دۆخەکەیان دەکرد. بۆیە زۆر بە خێرایی لەگەڵ شێخ مەحموددا تێکیاندا، بڕیاری بۆمباران کردنی سلێمانیان دا و داوایان لە سمکۆ کرد بە خێرایی شارەکە بەجێ بهێڵێ. سمکۆ لە ١٩٢٣/٢/٢٨ سلێمانی بەجێهێشت.

**تورکەکان زیاتر تووڕە دەکات:**

کەمالییەکان بە وردی چاودێریی جوڵە و تەقەلاکانی مستەفا پاشایان دەکرد، بەشی زۆری کارەکانی پاشا لە دژی تورکەکان بوو. رەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا نوسیویەتی: «هەرچەندە مستەفا پاشا لە سلێمانی دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام بەلای تورکەکانەوە زۆر جێی ترس بوو، بە تایبەتی دوای دامەزراندنی (جەمعییەتی کوردستان) و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی (بانگی کوردستان)، ئەوەندەی کە ترسیان لێ پەیدا بوو. لەبەر ئەوە زۆریان

تەقەلا ئەکرد لەناوی بەرن.. بە نزیک بوونەوەی سمکۆ و مستەفا پاشا، تورکەکان ئەوەندی تر عەقڵ لە کەللەیانا نەما، مستەفا کەمال (ئەتاتورک) بە دوژمنی خۆی ئەناسی، ناوی لێ نابوو (نەمرود)، زۆری لێ ئەترسا». (رەفیق حیلمی ج٦، ل ٧٨)

دوای دامەزراندنی کابینەی دووەمی حکوومەتی شێخ مەحمود، ئۆزدەمیر لە ١٣٣٨/١١/١ بەرامبەر بە ١٩٢٢/١١/١ نامەیەکی ناردووە بۆ فەرماندەی هیزەکانی جەزیرە و تێدا جگە لەوەی باسی لەوە کردووە کە (نەمروود) لە کابینەکەی شێخ مەحموددا بوەتە وەزیر، ئەوەشی خستووەتەڕوو کە «مستەفا نەمروود لە رۆژنامەی کوردستانا دەربارەی حکوومەتی تورک، وتاری زۆر خراپ بڵاو دەکاتەوە». (رەفیق حیلمی ج٦، ل ٧٦)

دوای نزیک بوونەوەی ئۆزدەمیر لە شێخ مەحمود، خودی ئۆزدەمیر هاتووتە سەرخەت و داوای لە شێخ کردووە مستەفا پاشا تەسلیم بکات، تاکو بیکەن بە دیاری بۆ مستەفا کەمال ئەتاتۆرک، بەڵام شێخ مەحمود بەمە رازی نەبوو. رەفیق حیلمی لەو بارەوە نووسیویەتی: «شتێک کە دەبێ وەک مەردایەتی بۆ شێخ مەحمود بدرێتە قەڵەم و لە بیر نەچێتەوە، ئەوەیە مستەفا پاشای نەدا بە دەستەوە». (رەفیق حیلمی. بەشی سێ، ل٥٦)

ترسی تورکەکان لە مستەفا پاشا و چاودێری کردنی، تا دوایین ساتەکانی ژیانیشی بەردەوام بووە، پێنج مانگ پێش کۆچی دوایی، لە بەڵگەنامەی باڵوێزی تورکیا لە بەغدا لە نووسراوێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، بەم شێوەیە هەواڵی نەخۆش کەوتنی مستەفا پاشای بۆ تورکیا ناردووتەوە.

بۆ وەزارەتی دەرەوە

سیاسیی

لەگەڵ هاوپێچەکانی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری کە لە ١٩٣٥/٩/١١ و بە ژمارەی ١٨٢٤٦/٢٢٨ هاتووە یەک دەگرێتەوە.

ئەمڕۆ نەمروود مستەفا و زەینەلعابدینی ئادانالی، کە لە لیستی ١٥٠ کەسەکەدان، لە عێراقدان.

نەمروود مستەفا لەگەڵ خێزانەکەی لە بەغدادە و زۆر نەخۆشە و بە مووچەی خانەنشینی حکوومەتی عێراقی دەژی.

زەینەلعابدین لەگەڵ خێزانەکەی لە رەواندز دەژی و کاری دەلالی توتن دەکات.

بەڕێزێکی زۆرەوە پێتان ڕادەگەیەنم کە هیچ یەک لەو ١٥٠ کەسە لە عێراقدا نەمردوون.

باڵوێزی تورکیا لە بەغداد

**چارەسەر لای ئینگلیزە:**

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێگەی عێراقی تازە دامەزراو بە هۆی سیاسەتەکانی پێرسی کۆکس و پشتیوانی مس بێڵ و لێهاتووی دەوڵەتمەدارانی عێراق، لەسەر ئاستی هەرێمی و نێو دەوڵەتی پتەوتر دەبوو. شۆڕشی بیستی عێراقییەکان، جۆرێک لە ناسنامەی بۆ ئەو قەوارە تازە دامەزراوە لێکەوتەوە.

«لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢دا بە پێی پەیمانێک کە لەگەڵ حکوومەتی عێراقیدا بەستی، بریتانیا دانی بەوەدا نا کە مەملەکەتی عێراق سەربەخۆیە، لە هەمانکاتدا عێراق بە لای کۆمەڵەی گەلانەوە سەرزەمینێکە لەژێر ئینتدابی بریتانیادایە، بەم جۆرە بریتانیا هەم بوو بە هاوپەیمانی عێراق، هەمیش ئینتدابی بەسەریەوە هەیە». (د.فاضل حسین، ص ٤٥)

یامولکی کە بەم وردەکارییەی دەزانی، ئاگای لەوەبوو خەریکە نەخشەی ناوچەکە بە شێوەیەک دەکێشرێت لە دژی خواستە نەتەوەییەکانی کوردە، بۆیە دەیویست وەک چۆن ئینگلیزەکان دەیانەوێت کەڵک لە کورد ببینن لە دژی تورک، ئەمیش لە ڕێگەی ڕازی کردنی دڵی ئینگلیزەکانەوە پشتیوانێکی بەهێز بۆ کورد لەبەرامبەر تورکە کەمالییەکاندا دروست بکات، یامولکی بە ئاشکرا و بێ پەردە دژی تورکەکان بوو، بە هەمان ڕادەیش پێی وابوو دەبێت کورد دۆستایەتیی ئینگلیزەکان لە دەست نەدات، بۆیە ڕووی لە کاربەدەستانی کورد و کۆمەڵگای کوردی کردووە و لە ڕێگەی ئەم شیعرە بەراوردێکی لە نێوان شێوازی دەسەڵاتداریێتی ئینگلیز و تورک و هەڵوێستیان بەرامبەر بە کورد کردووە:

ئێمە کـــوردین، دۆسـتی ئینـگلیزیـن، ئـەگـەر گوێ لێـمە
ئیـددیـعای ئێمە ئـەمـەس: تـەسلیـمی گـورگانمان نەکا
بـۆ ژیـــانی کـوردەواری گـیان دەدەیـــن، عـــەیبی نـییە
چـونـکی مـەرگی بـەشـەرەف خـۆشترە لـە ژینی بڵحییە

مـن کـەراماتـم نـییە، بـاوکـم قسـەم بگـرن لـــە گـــوێ
قـاز و سیسارک لە کوێ، سەر پۆپـی هـەورامان لـە کوێ
چۆن بە هەڵواسین و کوشتن تورک لە کوردان تێر ئـەبێ
قەومی نەوشیروان و جەنگیز چۆن لەگەڵ یەک دۆست ئەبێ
وا ئەسەف بۆ کوردی ژووروو، کـەوتە ژێر ظوڵم و ضەلاڵ
هـەر کەسێ (شەبقە)ی[3] نـەبێتن، مـاڵیشی و خوێنی حەڵاڵ (ب.ک ژمارە ١٤-٢)

**کۆتایی پەیوەندیی شێخ مەحمود و ئینگلیز**

پێچەوانەی مستەفا پاشا، شێخ مەحمود بە تەواوەتی لە ئینگلیزەکان بێ ئومێد کرابوو، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر لە تورکەکانیش دڵنیا نەبوو. ئەو واقعبین بوو، دەیزانی ئەو ماوەیەی کە ئەو لە کوردستان نەبووە، تورکەکان ئەوەندە بەهێز بوون، دەرکردنیان ئاسان نییە و ناتوانێ بەڵێنی دەرکردنی تورکەکان لە کوردستان جێ بەجێ بکات.

تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ نامەیەکی بۆ (فەوزی بەگ) کە ئەفسەرێکی تورک بوو، لەگەڵ ئوزدەمیردا هاتبوو، نووسیوە، داوای چوار شتی تێدا کردووە:

یەک: ئەگەر هێزێکی رێکوپێکی واتان بەدەستەوەیە، بتوانن شارەکانی سلێمانی و کەرکووک و تا سنووری (جەبەل حەمرین)ی پێ بگرن و بیانخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆتانەوە، بە بێ وەستان وەرن بۆ سلێمانی. ئەوسا منیش مستەفا (نەمروود) و ئەوانەی هاوبیری ئەون، هەموویان ئەگرم و بە گەیشتنتان بۆ ئێرە، لەگەڵ شارەکەدا بە دەستی بەستراو تەسلیمی ئێوەیان ئەکەم، دوای ئەوەش خۆم لەگەڵ ئێوە و یا بەو هێزەی کە هەمە و بە دەستمەوەیە (تا جەبەل حەمرین) هەموو شارەکانی ترتان بۆ ئەگرم.

دوو: ئەگەر هێزی واشتان بەدەستەوە نییە کە ئەم کارە بباتە سەر و تەنها لە من ئەوەتان پێویستە کە خزمەتی دوژمنتان نەکەم، وە یا مەبەستان ئەوەیە کە دۆستی و یەکێتی و فیداکاریی خۆمتان بۆ دەرخەم، ئامادەم کە ئێستا بەم شەوە بە ماڵ و منداڵەوە سلێمانی بەجێ بێڵم و بۆ هەر جێگەیەک کە حکوومەتی تورک ئەیەوێ و بۆم دائەنێ، بچم لەوێ دانیشم.

---

٣. ساڵی ١٩٢٥ بە فەرمانی مستەفا کەمال ئەتاتورک، پەرلەمانی تورکیا (یاسای شەبقە)ی دەرکرد، بە پێی ئەو یاسایە هەرکەسێک تەربوش یان کڵاوی لە سەر بوایە سزا دەدرا و دەبوو هەموان شەبقە لەسەر بکەن. لە ١٩٢٦/١/٢١ لە شاری گیرسۆن خەڵک لە دژی ئەم یاسایە راپەڕینێک بە ناوی (راپەڕینی شەبقە) سەری هەڵدا و زۆر بەخێرایی دامرکایەوە و خەڵکێکی زۆر لە سێدارەدران.

سێ: ئەگەر هات و حكوومەتی تورك ئەمەی بەباش نەزانی و ویستی لە بوونی من لەم وڵاتەدا بە جۆرێكی تر كەڵكی پێ بگا، ئامادەم كە بە دڵ و گیان خزمەتتان بكەم، بەو مەرجەی كە ئەگەر بە عەسكەر و هێزێكی دەوڵەتیش ماوەتان نەبێ، بە چەك و جبەخانەیەكی زۆر بڕیاری یارمەتیم بدەن.

چوار: گەرهات و ئەمانەی سەرەوە هیچان بە مەسڵەحەت نەزانرا، وەیا نە ئەو هێزەتان بەدەستەوەیە كە سلێمانی پێ بگرن و ئاسایشی ئەم هەرێمەی پێ راگرن، و نە لەو وەستاوەدان (مەوقف) كە بە چەك و جبەخانە چەكدارمان بكەن كە بۆ ئەم كارە پێویستە، ئەم هێزەتان بكشێنەوە، تا ئێوە ئەمانە جێ بەجێ ئەكەن و ئامادەی بزوتنەوەكە ئەبن، منیش لێرە لەگەڵ ئینگلیزەكانا بە سەر زاری رێ ئەكەوم و بەشی خۆم چەك و جبەخانە و پارەشیان لێ ئەسێنم، بۆ ئەوەی كە لە كاتێكا هێزەكانی ئێوە لە سەرەوە دێنە خوارەوە، منیش بە خۆم و هێزەكانمەوە راست ئەبمەوە بەو چەكانەی لە خۆیانم وەرگرتووە، بكەومە وێزەیان و بیاندەمە بەر چەپۆك. (رفيق حيلمى ج٦، ل ٧٢-٧٤)

لەو نامەیەدا ئەوە دەردەكەوێت كە شێخ مەحمود زۆر ئاگای لە قەبارەی هێزی سەربازی بریتانیا نەبووە، چی لە رووی راهێنان و چی لە رووی جۆری ئەو چەكە پێشكەوتووانەی كە هەیبووە، ئەوە جگە لەوەی دەبوو بیزانییایە بریتانییەكان، هێزێكی ئاسمانی زۆر بەهێزیان لە عێراق جێگیر كردبوو، سوپای عێراقیشیان بە نوێترین راهێنان و چەك ئامادە كردبوو.

خاڵێكی دیكەی جێگەی تێبینی لەم نامەیەدا ئەوەیە شێخ مەحمود ئامادەیی دەربڕیوە (مستەفا پاشا- نەمروود) و هاوڕێكانیان (بەدەستی بەستراو) تەسلیم بە توركەكان بكات.

ئینگلیزەكان، لە پێناوی دەركردنی توركەكان لە كوردستان تەماحێكی زیاتریان خستە بەردەم شێخ مەحمود. شێخ خۆی لەو نامەیەی كە بۆ (فەوزی بەگ)ی ناردوە، دەنووسێ: «ئینگلیزەكان كەركووك و هەولێر تا عەقرە، هەموو ئەو جێگایانەی كە لە ویلایەتی مووسڵدایە و كورد زمانن ئەخەنە سەر كوردستان، بەو مەرجەی كە منیش داوای رەواندزتان لێ بكەم، یا لە خۆتانەوە بۆم چۆڵ بكەن». (رفيق حيلمى ج٦، ل ٧١)

جگە لە تێگەیشتن لە سیاسەتی ئینگلیزە نەیارەكانی، لە هەمان كاتدا شێخ لە «لە دڵا باوەڕی بە توركیش نەبوو و بە پەیمانەكانی ئۆزدەمیر زۆر فریووی نە ئەخوارد و ئەیزانی نزیك كەوتنەوە لە تورك جێی هیوایەكی تەواو نییە، تەنانەت زۆر لەوە ئەترسا كە ئەم

سیاسەتە ببێتە هۆی دۆڕانی هەموو شتێک، بەڵام لەژێر فریودان و پڕوپاگەندەی (تایەر) و (فەتاح) و ئەو تورکانەی کە دەورەیان دابوو، هیچ چارەیەکی نەمابوو، لەو رۆژەدا هیچی تری پێ نەئەکرا». (رفیق حیلمی ج ٦، ل٣٥)

شێخ مەحمود بۆ تێگەیشتن لە نیازی راستەقینەی تورکەکان، داوای لە ئۆزدەمیر کردووە لەسەر ئیدارەیەکی هاوبەشی کوردی - تورکی لە گەڵیدا رێک کەوێت؛ «بەڵام ئۆزدەمیر وەڵامی دەداتەوە کە ئەو مەسەلەیە لە سەڵاحییەتی ئەودا نییە، پێویستە یەکسەر لەگەڵ ئەنقەرەدا قسە بکات، شێخ مەحمود نەیتوانی چاوەڕێ بکات داوای لە ئۆزدەمیر کرد کە وەفدێک بنێرێ بۆ سلێمانی بۆ گفتوگۆ کردن، ئۆزدەمیر، فوزی بەگی یۆزباشی و رەمزی بەگ و منی (ئەحمەد تەقی) ناردە لای جەنابی». (ئەحمەد تەقی، ل٦٨)

پاشان داواکەی دووبارە کردووەتەوە و بە تورکەکانی وتووە دان بەو ئیدارەیەدا بنێن لە چوارچێوەی تورکیادا، بەڵام دیسانەوە ئۆزدەمیر بە بیانوی نەبوونی دەسەڵات، هیچ بەڵێنێکی پێ نەداوە. دواجار لەسەر ئەوە رێک کەوتوون وەفدێک بە نوێنەرایەتی شێخ مەحمود و ئۆزدەمیر سەر لە ئەنقەرە بدا بۆ وتووێژ کردن لەسەر چارەنوسی کوردستان. وەفدە هاوبەشەکە بریتی بووە لە «رەفیق حیلمی، فەتاح بەگی ژن برای شێخ مەحمود، ئەحمەد تەقی، لە پاڵ فەوزی بەگی یوز باشی، رەمزی بەگی قائیمقامی کۆیە». (ئەحمەد تەقی، ل٧٠)

وەفدەکە، هێشتا نەگەیشتبوونە ئەنقەرە، هێزێکی ئینگلیز پەلاماری رەواندزیان دا، ئۆزدەمیریان دەرپەڕاند و لە دیوی ئێرانەوە گەڕایەوە تورکیا. بەم پێیە وەفدەکە هیچی لە ئەنقەرە پێ نەکرا و بەڵێنی هیچی پێ نەدرا. هەر ئەو رۆژە ئەحمەد تەقی و فەتاح بەگ کەوتنە خۆیان و ویستیان لە مەجلسی میللیی تورکیادا بن بە نائیب، بەڵام داواکەیان رەت کرایەوە بە بیانووی ئەوەی کە ویلایەتی موصڵ پەیوەندیی بە تورکیاوە نەماوە.

مستەفا پاشا کە چاودێریی دۆخەکەی کردووە، بە هەلی زانیوە و بەم پارچە شیعرە پلار لەو وەفدە بدا کە چۆن بە قسەی ئۆزدەمیر هەڵخەڵەتاون و بە بەڵێنی - گوایە - تۆپ و لەشکر ناردن بۆ هاوکاریی شێخ:

ئۆزدەمیر هاتە لام دوێنێ
وام زانی طۆپم بۆ دێنێ
کەچی سواری ئێسترێ بوو

له جیاتی طۆپ هینی (..) پێ بوو
چ بڵــێم بــه تـۆ کـافـری ڕەق
نەمدی لە تۆ گفتێکی حەق
لە ئــەشکــەوت تا زراوم تۆقی
کوا ئۆردوەکەی ئەحمەد تەقی؟! (ب.ک. ژمارە ١/١٤)

ئینگلیزەکان، ئاگاداری هەموو وردەکارییەکانی ئەم کەین و بەینەی نێوان کەمالییەکان و شێخ مەحمود بوون، هاوکات لەگەڵ ئەم ڕووداوانەی کوردستاندا حکوومەتەکەی کەمال ئەتاتورک لە ئەنقەرە کە لە شەڕی لەگەڵ یۆنانییەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو، لەسەر ئاستی دەرەوە دەستی دابووە هەڵمەتێکی دیپلۆماسی و بەدوای شەرعییەت و دان پێدانانەدا دەگەڕا، بەڵام بە هۆی پشتیوانی کردنیەوە لە لایەن بەلشەفییەکانی یەکێتیی سۆڤێتەوە، وڵاتانی ئەوروپا بەگشتی و بریتانیا بە تایبەت لە دژی وەستانەوە و ڕازی نەدەبوو لە کۆمەڵەی گەلاندا ببێتە ئەندام.

دوای ساڵی ١٩٢٣ ئینگلیزەکان گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی کە شێخ مەحمود ئەو کارەی وا پێی درابوو، واتە دەرکردنی تورکەکان جێ بەجێ ناکات، بەڵکو ئێستا خەریکە دەستی بەلشەفیەکانیش دەکێشێتە ناوچەکەوە. شێخ مەحمود باوەڕی وابوو کە دەکرێت لە ڕێگەی پشت بەستن بە تورکەکانەوە مافی زیاتر بۆ کوردەکان بەدەست بێت. ئینگلیزەکانیش زانیارییان پێ گەیشتبوو شێخ لە سەرەتای مانگی ئازاری ١٩٢٣ بە پاڵپشتی تورکەکان هێرش دەکاتە سەر کەرکووک. ئەدمۆندز لەو بارەوە نووسیویەتی: «ئێمە سەرەتا دەمانویست لە ڕێگەی دەرکردنی تورکەکانەوە لە ڕەواندز، کێشەی سلێمانی چارەسەر بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەوەمان پێ نەدەکرا، بۆیە دەبوو دژ بە شێخ مەحمود دەست بەکار بین». (ادموندز، ص ٣٣٥)

ئەدمۆندز کە ئەو کاتە نوێنەری ئینگلیزەکان بوو لە ناوچەکەدا، سەرەتا داوای لە شێخ مەحمود کرد بۆ وتووێژ بچێتە بەغدا، بەڵام شێخ بەوە ڕازی نەبوو، بۆیە فڕۆکەکانی ئینگلیز نمایشێکی گەورەیان بۆ ترساندن و گوشار خستنە سەر خەڵکی سلێمانی و شێخ مەحمود، بە سەر ئاسمانی سلێمانیدا ئەنجامدا و لە ڕێگەی بەردانەوەی ئاگادارییەکەوە دوا مۆڵەتیان بە شێخ دا کە خۆی و ئەندامانی کابینەکەی بچن بۆ بەغدا، ئەگینا شار بۆمباران

دەکرێت. شێخ بەمەش رازی نەبو.
شێخ مەحمود لە ١٩٢٣/٢/٢٠دا داوای لە ئەدمۆندز کرد کە بێتە سەر تەلەگراف و رونکردنەوەی زیاتری پێ بدات، ئەدمۆندز لە وەڵامدا وتی: «من مافی ئەوەم نییە قسە لەسەر بڕیاری سەرۆکەکەم بکەم، و دەبێ چیی پێ وتراوە جێ بەجێی بکات». (ادموندز، ص ٣٣٧)
شێخ مەحمود لە ٣ی ئازاری ١٩٢٣دا شێخ قادری برای و مستەفا پاشا یامولکی کە تا چەند رۆژێک پێشتر لەماڵەکەی خۆیدا دەست بەسەربوو، بە نوێنەرایەتیی خۆی بۆ وتوێژ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا نارد بۆ کەرکووک. «وەفدەکە داوایان لە بەرپرسانی بریتانیا کرد دان بەوەدا بنێن کە شێخ مەحمود مەلیکی هەموو کوردستانی سەربەخۆیە، جگە لەوە وەفدەکە هەموو جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵ حکوومەتی عێراقیدا رەت کردەوە» (عوسمان عەلی، ٤٤٨)

بەڵام ئەدمۆندز پێی وابوو داخوازیی کوردەکان سنووریان تێپەڕاندوە و شێخ مەحمود هاتنی تورکەکانی بە هەل زانیوە بۆ زیاد کردنی داخوازیەکانی. ئەدمۆندز لە کتێبی (کوردەکان و تورکەکان و عەرەبەکان)دا دەرئەنجامی وتوێژەکەی بەم شێوەیە گێڕاوەتەوە: «لە بەر ئەوەی گفتوگۆکان بێ سود بوون، ئەو شەوە مستەفا پاشا تا بەربەیان لە تلگراف خانەکە لەگەڵ شێخ مەحمود و سەرانی شار قسەی کرد، سەرئەنجام سەعات چوار و نیوی بەرەبەیان منی لە خەو هەڵساند، وتی شێخ مەحمود دوو سەعات دەبێ شاری بەجێ هێشتوە و بۆ شوێنێکی نادیار چووە، هەرچی لە خەزێنەکەدا هەبوە، بردویەتی و بەشی زۆری هێزەکانیش لە گەڵیدا چوون». (ادموندز، ص ٣٣٨)
ئەحمەد خواجە لە بەرگی دووەمی (چیم دی)ەکەیدا نوسیویەتی شێخ مەحمود کە سلێمانی بەجێ هێشت ئەم دێڕە شیعرەی خۆی خوێندوەتەوە:

ما بعزم این سفر پا از میان برداشتیم
تا که ننگ کفر را از کردستان برداشتیم

گەر لە ماناکەی ورد ببینەوە بۆمان دەردەکەوێت، پێچەوانەی شیعرەکانی دیکەی، کە زیاتر مەسەلەی نەتەوەیی بەسەریدا زاڵ بوو، ئەم جارەیان بۆ سڕینەوەی کافرەکان لە کوردستان عەزمی شەڕی کردووە.
لە دوای کشانەوەی شێخ مەحمود بۆ دەرەوەی سلێمانی، ئەشکەوتی جاسەنەی کردە

بارەگای سەرەکیی خۆی و بەو چاپخانەیەی کە لەگەڵ خۆیدا بردبووی، دەستی کرد بە دەرکردنی رۆژنامەی (بانگی حەق). پەیوەندی خۆی لەگەڵ تورکەکاندا بەهێزتر کرد و خودی ئۆزدەمیریشی بانگ کرد بۆ لای خۆی، ئەدمۆندز کە حاکمی سیاسی ناوچەکە بوو، بەم کارانەی شێخ مەحمود زۆر بێزار و تووڕە بووە و زۆر بە چڕی و توندی دەستی دایە بۆمباران کردنی بارەگاکانی شێخ و ئەو گوند و ناوچانەی کە تێیدا هاتوچۆی کردووە.

هەڵوێستەکەی شێخ مەحمود، بە دڵی زۆرێک لە ئەفسەرە کوردەکان و مونەووەرەکانی سلێمانی نەبوو، بۆیە بەشی زۆریان یان لە گەڵیدا نەچوون، یان کە چوون زۆر زوو گەڕانەوە «ئەم هەڵوێستەی شێخ مەحمود وای کرد زۆرێک لە کەسە میانڕەوەکان لە شێوازی فەرمانڕەوایەتییە توندوتیژەکەی و هەڵسوکەوتە چاوەڕوان نەکراوەکانی بێزار بن. تەنانەت هەندێ لە ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆی کە پێش چەند مانگێک داوای گەڕانەوەیان دەکرد، ئەو باوەڕەیان لا پەیدا بوو کە چیتر توانای بەڕێوە بردنی کاروباری ناوچەکەی نییە». (وديع جويده، ص ٤٦٤)

ئەمیری حەسەن پوور ناکۆکی لە نێوان ئەفسەرە کوردەکانی پێشوی سوپای عوسمانی و شێخ مەحمود بە شتێکی حەتمی دەزانێت، چونکە پێی وایە ئەوان لە بیرکردنەوەدا هەڵگری بیری بورژوازی نیشتمانی بوون، بەڵام شێخ مەحمود لە بەر ئەوەی لە ژینگەیەکی فیوداڵیدا پەروەردە ببوو، حکوومەتەکانیشی تەواو فیوداڵی بوون. (امير حسن پور، youtube)

ئینگلیزەکان بۆ جێ گرتنەوەی شێخ مەحمود پەنایان بردە بەر سەید تەهای شەمزینی، بەو هیوایەی کە بتوانێت تورکەکان لە ناوچەی رەواندز و سەر سنورەکان وەدەرنێت، ئەدمۆندز پێشنیاری کردووە سوپایەک لە خێڵەکانی ئەو دەڤەرە بۆ سەید تەها پێکبهێنرێت، تا ئۆزدەمیر لە کوردستان دەرکات، دوای رەزامەندیی کۆکس، بەڵام لە بەر ئەوەی هەم خێڵەکانی ئەو ناوچەیە وەک پێویست بەدەم سەید تەهاوە نەهاتن؛ هەم ئینگلیزەکانیش لە بەڵێنەکانیاندا زۆر راستگۆ نەبوون و هاوکارییە سەربازی و داراییەکانیان وەک پێویست نەبوون، ئەوە جگە لە باری خراپی کەش و هەوا، ئەو پلانە سەرنەکەوت.

نزیک کەوتنەوەی ئینگلیزەکان لە سەید تەها هێندەی دیکە شێخ مەحمودی لە بریتانییەکان بێ ئومێد کرد و زیاتر لە تورکەکانی نزیک خستەوە، ئەم هەڵوێستەی شێخ مەحمود هەڵوێستی لایەنگرانی ئینگلیزی لە سلێمانی لاواز کرد، لە هەمان کاتدا بووە هۆی پتەوبوونی هەڵوێستی لایەنگرانی تورک و بەهێز بوونیان.

دوای سەرنەکەوتنی دانوستانەکانی نێوان وەفدەکەی شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان، ڕۆژە سەختەکانی سلێمانی دەستیان پێ کرد، ئینگلیزەکان جارێکی تر کەڵکەڵەی دەست بەسەردا گرتنەوەی سلێمانی کەوتەوە سەریان، بەڵام ئەمجارە بە سیاسەتێکی نوێوە. وەدیع جویدە لەوبارەوە نووسیویەتی: «بریتانییەکان دەیانویست چارەسەرێکی کاتی بدۆزنەوە و کورد و عەرەب بە ئاشتی لە سایەی یەک عەرشدا بژین، تەنانەت دەوترێت مەلیک فەیسەڵ ئامادە بوو ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان ببەخشێ و ئەو مەسەلەیەشی بۆ کوردەکان خۆیان بەجێ هێشتووە، بەڵام کوردەکان خۆیان یەک دەنگ نەبوون». (وديع جويده، ل ٤٦٦)

ئینگلیزەکان لە هەموو لایەکەوە پەلاماری سلێمانییان دایەوە شێخ مەحمود لە شەوی ٣ لەسەر ٤ی ئازاری ١٩٢٣ لە کاژمێر ٩ی شەو، سلێمانی چۆڵ کرد. دوای ئەوەی شێخ مەحمود لە سلێمانی چووە دەرەوە، ئینگلیز بە هەموو توانایەکیەوە لە ئاسمان و زەمینەوە بەردەوام بوو لە راودوونانی. کۆمەڵێک لە کەسایەتییە دیارەکانی سلێمانی لە ناویاندا شێخ قادری برای، لەگەڵ ئەو سیاسەتەدا نەبوون کە شێخ مەحمود دوای هاتنەوەی لە هیندستان گرتبویەبەر، پێیان وابوو کورد نابێ لەگەڵ ئینگلیزدا تێکی بدات و بە هیچ شێوەیەکیش لەگەڵ ئەوەدا نەبوون هاوپەیمانی لەگەڵ تورکەکاندا بکات. مستەفا پاشا، شێخ قادری برای شێخ مەحمود، ئەحمەد حەمدی ساحێبقران.. لە گەڵیدا نەچوون بۆ شاخ. هێندێ منەووەر و ئەفسەریش کە ئەو سیاسەتەی شێخیان بە دڵ نەبوو و دژایەتیان کرد، وەک شێخ زەکی ساحیبقران، تۆفیق وەهبی بەگ، فایەق کاکەمین، شێخ سەلام، ئەحمەد موختار بەگی جاف،... دواجار گیران و زیندانی بوون و دوایی لێ تەکینەوە.

بۆ رازی کردنی دڵی خەڵکی سلێمانی، «سەرەتا (شێخ قادری حەفید)یان کردە حاکمی شارەکە و ٥٠ کەس لە هێزی (لیڤی)شیان خستە بەردەستی بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایش». (وليد حمدي، ص ١٧١-١٧٢)

**خولی دووەمی بانگی کوردستان:**

دوای چۆڵ کردنی سلێمانی لە لایەن شێخ مەحمودەوە، مستەفا پاشا گەڕایەوە بۆ سلێمانی، ٨ی حوزەیرانی ١٩٢٣ خۆی بە تەنها ژمارە (١٤)ی رۆژنامەی (بانگی کوردستان)ی دەرکرد. بایەخی ئەو ژمارەیە لەوەدایە کە مستەفا پاشا رەخنە و گلەیی و گازەندەکانی خۆی تێدا لەسەر رووداوەکانی ئەو سەردەمە خستووەتەڕوو.

یامولکی، لە وتارێکدا بە ناوی (سلێمانی)یەوە، هەڵوێست و بیر و بۆچوونەکانی خۆی لەسەر ڕووداوەکانی دوای گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە هیندستان و تێکچونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئینگلیزەکان، بەم جۆرە خستووەتەڕوو:

«ئەم مەملەکەتە بێ بەختە لە ظەرفی چەند ڕۆژێکدا ئەوەندە تەحەوولات و عەجایباتی چاو پێ کەوت، کە نووسینی بۆ قەومی کورد عارە. کەسێ کە نەختێ غیرەتی وەطەنییەی بێت، خەبەردار لە ئاثاری مەدەنیەت و لە طەرزی گوندەرانی ئەغیار بێت، بێ شوبهە لەم ئەحواڵەی ئێمە دڵ بەخوێن دەبێ، چونکە فیکری ئێمە، حەتا هەموو کوردستان، بۆ سەعادەت و پێشکەوتنی کوردان بوو، بۆ ئەمەش بە زبانێکی موناسیب بە سوورەتێکی لایق نیاز و تەمەننا کردن بوو».

یامولکی، لەم بڕگەیەی خوارەوە جارێکی دیکە جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئەو دوو ساڵە هاوار دەکات و پێی وایە لە (ئێستا) تەنیا بریتانیا مەسەلەی کوردی بەلاوە گرنگە و کار بۆ یەکخستنی کوردستان دەکات، چونکە خاکی خۆی و وڵاتەکانی ژێردەستی ئەوەندە زۆرە پێویستی بە (گوێزی هەورامان) و (دووکەڵی تووتن)ی کوردستان نییە.

«لەوانەی کە حەظ بە مەدەنیەت دەکەن و ئازادیی قەومانی غەیرەیان دەوێ، بە ڕاستی وەکو دوو ساڵە هاوار دەکەم، بەوانەی کە هۆشیان هەیە دەبێژم و دەرد دەڕێژم، لە جیهاندا ئێستا هەر حکوومەتی فەخیمەی بریتانیایە و قەومی ئازادیی ئینگلیزە کە ئازادیی و خۆ گرد کردنەوەی کوردانی لە لا پێویست بێ و هەر ئەوە کە مەعاونەتی کوردستانی پێ بکرێ و لە ظەرفی دووسێ سەعاتدا بە ئیمدادی مەظلوومانی کوردانا بگا.

مەمالیک و موستەملەکاتی بریتانیا ئەوەندە زۆرە، ئەوەندە بەوسعەتە، ئیحتیاجی ئەمەی نییە کە- مەثەلەن - بۆ تەرقیەی ئەحواڵ، بۆ تەفاخوری خۆیان، ئیحتیاجی بە ناردنی مەئموورین بێ بۆ کوردستان، یاخود چاوی لە تەق و تۆقی گوێزی هەورامان یا حەسرەتکێشی دووکەڵ و تووتنی خەلقی بەبان بێ!»

مستەفا پاشا لەوە دوواوە کە ئینگلیزەکان سەرەڕای ئەوەی بە کەین و بەینی تورک و شێخ مەحمودیان زانیوە کەچی هەر کاریان بۆ سەربەخۆیی کوردستان کردووە، بەڵام بە هۆی هەڵەی هەندێ خاوەن بەرژەوەندی (مەنفەعەت پەرەست) و لە بەر هەڵخەڵەتاندنی (سادەدڵان)یش کار گەیشتە داگیرکردنەوەی سلێمانی:

«فەقەط ئەم حکوومەتە حەظ بە دراوسێیەک، بە ئاشنایەک دەکا کە بە قصەی بەد

خواهانی خۆی فەریفتە نەبن، ضەرەر بە سیاسەتی خۆی نەکا، لە نەظەر یاران و ئەغیاری خۆیدا بۆ سەطوەت و خێرخواهیی خۆی نەنگی نەبێ، مەثەلەن ئەمە دوو ساڵە لەگەڵ ئەم هەموو هەمراهی و خێرخواهییە کە دەرحەق بە کوردان، باخصووص دەرحەق بە عەشایر بووە، ئیفسادات و تەزویراتی رەواندزیشی دەزانی، بە زوبانێکی مەدەنی بەوانەی کە لازم بوون، حاڵیی دەکردن کە گوێ گرتن لە تەزویراتی ئەو جلخوارانەی رەواندز بۆ کوردان چاک نابێ، بۆ حکوومەتی عیرقییەش خراپ دەبێ، چونکە ئەو چەتەیە هەر بۆ تێکچونی ناوی کوردان هاتوون، تەسبیح و بەرماڵێک کە پێیان بوو، دامی تەزویرات بوو! وا ئەسەفا! بەعضێ مەنفەعەت پەرەستان گوێیان لەم پەندانە، لە ئیخطاراتی دۆستانەی ئەم خزمەتکارە وەطەن پەروەرەی خۆیانیشان نەدەگرت و ئێمەیان بە شکڵێکی تر بە کوردان تێ دەگەیاند! ئیفسادات هەر لە دەوری رەواندزدا نەما، بۆ تێکدانی ئاسایش، بەعضێ لە بەدخواهان لە زۆر جێگادا تەحەفر و ئیغفالات و ئیغوائاتیان دەست پێ کرد. بەعضێ سادە دڵانیشیان هەڵخەڵەتاند! نیهایەت هەردوو حکوومەت قیوای هەوائییە و سائیرەیان سەوق کرد، عەجەبا ئۆباڵی ئەم وەقائیعە مەعلوومە بە ئەستۆی کێ بێت!»

مستەفا پاشا لە برگەی دواتردا ئاماژەی بەوە کردووە کە هاتنی ئوزدەمیر و یارمەتییەکانی تورکیا بۆ شێخ مەحمود، تەنها بۆ ئەوە بووە نێوانی کورد و ئینگلیز تێکدەن، ئێستاش کە مەبەستەکەیان هاتووەتە دی، وەک رێویی فێڵباز کوردستانیان بەجێ هێشتووە: «ئەلبەت بە گەردنی ئەشخاصی مەعلوومەیە! ئوزدەمیر خۆی و رەفیقەکانی کە زانیان مەقصەدیان بەجێ هات، یەعنی ئاگری فەساد گڕی گرت، بەبێ نقە، وەک رێوی شاخە و شاخ رۆین و وەکو مەسەلەی شەیطان (انا قال...)» برگەی دواتری وتارەکەیدا سێ پرسیاری گرنگی خستووەتەڕوو:

«یەکەم: لەم هات هاتە، چیمان دەست کەوت؟

دووەم: ئایا ئینگلیز متمانەی بە کورد ماوە؟

سێیەم: ئاخۆ ئەو هەستی نەتەوەییەی کە لەلای کورد بوو، وەک جاران ماوە؟»

ئەنجا ئەماژەی بەو شیعرە ناسکەی سەعدی شیرازی کردووە و تەواوی نەکردووە کە وتوویەتی:

مرا دردیست اندر دل که گر گویم زبان سوزد
وگر پنهان کنم ترسم که مغز استخوان سوزد

کوردییەکەی:

دەردێک لە دڵمدا خۆی مەڵاس داوە، گەر بێت و بیڵێم زمان سووتاوە
گـــەر بیشارمـەوە، دەترسم لـە جێ  مـۆخـی ئێسکمی پێوە بسووتێ

«عەجەبا لەم هاتەهاتە، لە پاشتر لەم گیروداوە، چیمان دەست کەوت! ئاە ئەو ئەمنییەت و ئیعتیمادە کە بە کوردان بوو، ما؟! عەجەبا ئەو شەوقی میللیەی کە لە سەرا بوو، ما؟! وەقت نازکە، ناتوانم تەفصیلاتی بنووسم. بشتوانم دڵ بڕوایی نادا بنووسم (اگر گویم زبان سوزد... !!»

حاجی مستەفا پاشا بۆ ئەوەی خەڵک تووشی رەش بینی نەبێت، ئایەتی (٥٣) لە سوورەتی (الزمر)ی هێناوەتەوە **{قل يا عبادي الذين أسرفوا على أنفسهم، لا تقنطوا من رحمة الله، إن الله يغفر الذنوب جميعا، إنه هو الغفور الرحيم}**

(پێیان بڵێ ئەی بەندەکانم! ئەوانەی کە خۆتان گوناهبار کردووە و هەڵەتان زۆرە، نائومێد مەبن لە ڕەحم و بەزەیی خوا، چونکە بە ڕاستی ئەگەر ئێوە تۆبەی ڕاست و دروست بکەن، خوا لە هەر هەموو گوناە و هەڵەکانتان خۆش دەبێت...)

«ئەی برادەران، خوداوەند فەرموویەتی (ولا تقنطو...»

کۆتایی وتارەکەشی بەوە هێناوە کە نابێ خەڵک بێ ئومێد بن، داوای لێ کردون ئەو رووداوانە ببنە دەرس بۆ کورد و لەو رووداوانە کە لە ئاستی دونیادا نەخشەیان بۆ دادەڕێژرێت، تێ بگەن و ئەفسوسی بۆ ئەوەش خواردووە کە گوێی لێ نەگیراوە و بە خۆڕایی ئینگلیزمان کردووەتە دوژمن:

«لازمە ئێمە لەم حاڵە مەئیوس نەبین، ئومێدی سەعادەتمان هەر ببێ، وەقائیع هەر بە سەر مەرداندا دێت، ئینشائەڵڵا لەمەولا چاک و خراپ فەرق بکەین، بە ئیفسادی خەڵق لەگەڵ یەک تێک نەچین، نەختێک لە سیاسەتی عالم تێ بگەین، هەموو کەس سیاسەت نازانێ. ئاهـ ئەگەر بە ئینصاف گوێیان لە من بگرتایە! مەحەبەتی بریتانیامان لە دەست نەدایە!!» (ب.ک ژمارە ١٤)

**دروستیی پێشبینییەکان:**

زەمامدارانی ئەو کاتەی کوردستان بە هۆی زاڵ بوونی بیری خێڵەکی و ئاشنا نەبوونیان بە زانستی سیاسیی و جیاوازی لە بیرکردنەوە، هەرگیز گوێیان لە بۆچوون و پێشبینیەکانی نەگرتووە. وەک لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسمان کرد، مستەفا پاشا لەو باوەڕەدا بووە کە ئینگلیز لە بەر هۆکاری جیۆسیاسیی کوردستان هەرگیز بە ئاسانی دەستبەرداری سلێمانی نابێت، هەر لە بەر ئەوەشە کە نابێ کورد بچێتە گەمەیەکی دۆڕاوەوە، بە قسەی ئۆزدەمیر و جلخوارەکان هەڵنەخەڵەتێ. تەمەنی پەیوەندیی راستەوخۆی مستەفا پاشا و شێخ مەحمود تەنها دە مانگی خایاند، ١٧ی حوزەیرانی ١٩٢٣ مستەفا پاشا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شار کوردستانی بەجێ هێشت و رووی لە کەرکووک و بەغداد کرد، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو ئەفسەر و کاربەدەستانەی سەردەمی شێخ مەحمودەوە، پاشا ئامادە نەبووە لە حکوومەتی عێراقدا هیچ پلە و پۆستێک وەرگرێت.

**گەڕانەوە بۆ لای ئینگلیز:**

ئینگلیزەکان دوای دەرپەڕاندنی ئۆزدەمیر، لە رێگەی بەکارهێنانی هێزەوە؛ بە تایبەتی لە رێگەی بۆمبارانەوە، جووڵانەوە پارتیزانەکەی شێخ مەحمودیان ماندوو و شەکەت کرد، جگە لە کوژران و برینداربوونی بەشێکی زۆر لە چەکدارەکانی، کۆمەڵێک لەو ئەفسەر و فەرماندانەشی کە لە گەڵیدا مابوونەوە بێ ئومێد بوون و گەڕانەوە بۆ سلێمانی و خۆیان بەدەستەوەدا.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو گوشارە سەربازی و سیاسییانە، شێخ مەحمود کۆڵی نەدا و بەردەوام بوو لە جەنگی پارتیزانی، لە پاڵ جەنگەکانیدا دەستی دایە هەندێ کاری دیپلۆماسی و جاریکی دیکە ویستی لە ئینگلیزەکان نزیک بکەوێتەوە و چەند نامەیەک لە نێوانی ئەو و مەندووبی سامیی بریتانیادا ئاڵوگۆڕ کرا. لە ئەنجامی ئەو هەوڵە دیپلۆماسییەدا، بریتانیا بۆ کۆتایی هێنان بەو جەنگ و دەرگیرییانە پێشنیازێکیان خستە بەردەم شێخ مەحمود، پێشنیازەکە بە ئاشکرا داوای خۆبەدەستەوەدان و بێ دەنگ بوونی لێ کردووە، دەقی پێشنیازەکە لە رۆژنامەکانی ئەو دەمەی عێراقدا بڵاوکراوەتەوە:

«زانیومانە کە شێخ مەحمود هەندێ پەیامی ناردوە کە تێدا لایەنگریی خۆی بۆ حکوومەت دەربڕیوە و ئارەزووی خۆی پیشان داوە بۆ خزمەت کردنی، لە وەڵامدا پێی راگەیەنراوە گەر بێت و بێتە بەغداد، روبەڕووی هیچ سزایەک نابێتەوە بەرامبەر دژایەتی

کردنی حکوومەت و ڕێگە بە خۆی و خێزانەکەی دەدرێت لە بەغداد نیشتەجێ بن و زۆر بەڕێزەوە هەڵسوکەوتی لە گەڵدا دەکرێت و تا ئەو کاتەی بەبێ مۆڵەت لە بەغدا دەرناچێ، ئازادیی تەواوی بۆ فەراهەم دەکرێت». (ولید حمدي، ص ١٧٢)

ڕۆژی ٢٩ی ئایار ١٩٢٣ عەبدولموحسین سەعدوون، وەک نیشانەیەک بۆ لکاندنی سلێمانی بە عێراقەوە بە یاوەریی وەزیری ناوخۆ و موتەسەڕیفی بەغداد و (س. جی ئەدمۆندز)ی ڕاوێژکارە ئینگلیزەکەی وەزارەتی ناوخۆ گەیشتنە سلێمانی و لەگەڵ سەرۆک هۆز و پیاو ماقووڵ و کەسایەتییەکانی سلێمانییدا کۆ بوونەوە.

ئەو کەسایەتیانە لە کۆبوونەوەکاندا بە ناوی خەڵکی سلیمانییەوە ڕەتیان کردەوە ئامادەبن لەژێر سایەی حکوومەتی عێراقیدا بژین و داوایان کرد لە بری ئەوە بریتانیا ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی مەندووبی سامییەوە ئیدارەی سلێمانی بکات.

دوای چەندین دانیشتن نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک، لە کۆتاییدا ئەدمۆندز پێشنیازی کرد:

یەک: ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردن بۆ سلێمانی پێک بهێنرێت و کوردێک سەرۆکی ئەنجومەنەکە بێت.

دوو: زمانی کوردی لە سلێمانی بکرێتە زمانی فەرمی.

سێ: بوجەی سلێمانی لە لایەن بەغدادەوە ئامادە بکرێت.

چوار: خەڵکی سلیمانی نوێنەریان بنێرن بۆ پەرلەمانی عێراق، بەو مەرجەی سوێندی لایەنگری و دڵسۆزی بۆ مەلیک فەیسەڵ نەخۆن. (ولید حمدي، ص ١٧٣)

کەسایەتیەکانی سلێمانی لەسەر ئەم پێشنیازە ڕێکەوتن، بەو مەرجەی هێزەکانی بریتانیا لە سلێمانی بمێننەوە، بەڵام نە حکوومەتی بریتانیا و نە حکوومەتی عێراقی بەمە ڕازی نەبوون. حکوومەتی عێراق قەزاکانی ڕانیە و چەمچەماڵ و زابی لەسەر سلێمانی لادا و خستیە سەر کەرکووک و هەولێر، بۆ کەم کردنەوەی سنووری سلێمانی. ئەمە وای کرد ١٥ی حوزەیرانی ١٩٢٣ سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سلێمانی دەست لە کار بکێشێتەوە و شار بەبێ فەرمانڕەوا بمێنێتەوە و بۆشاییەکی ئیداری بێ.

**پاشەکشەی ئینگلیز و حکوومەتی سێیەمی شێخ مەحمود:**

ئینگلیزەکان کە زانیان تەنگییان پێ هەڵچنراوە و ناتوانن سلێمانی بپارێزن، ڕۆژی

١٧ی حوزەیرانی ١٩٢٣، جارێکی دیکە لە ناکاودا سوپاکەیان لە سلێمانی کشاندەوە، بۆ ئەوەی زیانی گیانی و مادی زۆریان پێ نەگات. «ئەو کشانەوەیە خەڵکێکی زۆری سلێمانی تووشی بێ ئومێدی کرد و (٢٠٠٠) کەس لە لایەنگرانی ئینگلیز لەگەڵ هێزەکانی بریتانیا شارەکەیان بەجێ هێشت». (ادموندز، ص ٣٥٩)

دوای ئەوەی هێزەکانی بریتانیا لە سلێمانی پاشەکشەیان کرد، لە ١١ی تەموزی ١٩٢٣ شیخ بۆ جاری سێیەم، گەڕایەوە و دەستی بەسەر سلێمانیدا گرتەوە. بەڵام کە گەیشتە سلێمانی، بینی ئەو هەموو خەڵکە شارەکەیان بەجێ هێشتوە، ئاگادارییەکی بڵاوکردەوە، دوای لەو خەڵکە کرد کە شارەکەیان بەجێهێشتووە بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و موڵکی خۆیان و لە هیچ نەترسن.

شێخ مەحمود دەزگایەکی نوێی بەڕێوەبەرایەتیی حکوومەتی سێیەمی کوردستانیشی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات پێکهێنا، کە بریتی بوون لە: رەئیسی داخلییە شێخ محەمەد غەریب، رەئیسی مالییە و گومرک سەید ئەحمەد ئەفەندی، رەئیسی مەحکەمە مەعرووف ئەفەندی، رەئیسی تیجارەت و مەعاریف و نافیعە حاجی مەلا سەعید ئەفەندی، قۆماندانی عەسکەر رەزا بەگ. سەید ئەحمەد ئەفەندی کرا بە یاوەر و سەرکاتبی ملووکانە و ئەحمەد سەبری ئەفەندی کرا بە کاتیب، ماجید مستەفا بە زابتی ئامر، محەمەد ئەفەندیش بە قوماندانی بلۆکی مەعییەت.

بوونی رۆژنامەوانی لە سلێمانیدا بەشێوەیەک جێگەی خۆی کردبووەوە هیچ هێزێکی سیاسیی نەیدەتوانی بێ رۆژنامە ئیدارەی شارەکە بکات. بۆیە شێخ مەحمود لە دوای گەڕانەوەی زۆر بە پەلە رۆژنامەی (ئومێدی ئیستیقلال)ی دەرکرد، سەرەتا ئەحمەد خواجە و دواتر رەفیق حیلمی و پاشتر حسێن نازم بوو بە سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەکە.

**مستەفا پاشا لە بەغداد:**

مستەفا پاشا دوای بەجێ هێشتنی سلێمانی، لە بەغداد نیشتەجێ بوو، بەڵام دڵی هەر لە لای سلێمانی بوو. ٨ی تەموزی ١٩٢٣، واتە پاش مانگێک دورکەوتنەوە لە سلێمانی، نامەیەکی ناردووە بۆ (فەخری ئەفەندی - ئەحمەد فەخری کە کوڕی مەنیجە خانی خوشکی مستەفا پاشایە). لە نامەکەدا هاتووە:

«ئینشائەڵڵا ئومێد لە سلێمانی نابڕین، زۆر سەعی ئەکەم، فەقەت لنگ رووتەکان و دووڕووەکانی کوردانی خۆمان زۆر لێم بەقینن».

مەبەستی لە (لنگ ڕووتەکان) ئینگلیزەکانەن، کە ئەو کاتە پانتۆڵی کورتیان لە پێ کردووە و (دوو رووەکانیش)، ئاشکرایە مەبەستی لەو کوردانەیە کە رۆژێک پیاوی ئینگلیز و رۆژێکی دیکەش پیاوی تورک بوون. سەبارەت بە شێخ مەحمودیش نووسیویەتی: «لەم حاڵەیشدا، دیسان سەعی بۆ کاروباری شێخی گەورە دەکەم، با بزانین ئەمجارە چۆن دەبێ». (گۆڤاری سلێمانی ژ ١٠٥، ل٤)

لەو نامەیەدا جگە لەوەی داوای لە (فەخری ئەفەندی) کردووە لە کەرکووکەوە بەو ناونیشانە (دەنەگچیە- خانی میرزا فەرج) نامەی بۆ بنێرێت، چەند شتێکی دیکەش روون بووەتەوە، لەوانە باسی عەزیزی کوڕیی کردووە کە بڕیار بووە لە ئاب (ئۆغستوس) لە (بەرلین)ەوە بە ماڵ و منداڵەوە بگەڕێتەوە بۆ بەغداد. هەروەها مووچەی خانەنشینیەکەی بۆ بەغداد گواستراوەتەوە و وەری گرتووە.

رووداوەکانی سلێمانی و دامەزراندنی حکوومەتی سێیەمی شێخ مەحمود بە دڵی عێراق و بریتانیا نەبوو، بۆیە هێزێکی زۆریان کۆکردەوە بۆ داگیرکردنەوەی سلێمانی، لە کۆنگرەی قاهیرەدا بڕیاری ئەوە درابوو فەرماندەیی هێزەکانی بریتانیا لە عێراق، لە سوپاوە بگوازرێتەوە بۆ هێزی ئاسمانی؛ سەرەتا لە مانگی ئازاری ١٩٢٣ بریتانیا بڕیاریدا کۆتایی بە رۆڵی ئۆزدەمیر لە کوردستان بهێنێت. بۆیە لە رێگەی فرۆکەکانیەوە کەوتنە وێزەی و «دوای ٢٢ی نیسانی ١٩٢٣ کەس ناوی ئەوی لە کوردستان نەبیستەوە». (ودیع جویدە، ص٤٧٦) بەمجۆرە شێخ مەحمود یەکێک لە پشتیوانە گرنگەکانی لەدەستدا.

پاشان هێزێکی گەورەی بۆ هێرش کردنە سەر سلێمانی لە (لیڤی) ئاشوری و هیندی و عەرەب کۆ کردەوە، پەلامارەکان بە بۆمبارانی فڕۆکەکانی بریتانیا بۆ سەر سلێمانی و هێزەکانی شێخ دەستی پێکرد، هێزی زەمینی دەوڵەتە تازە دامەزراوەکەی عێراق توانی لە ١٩ی تەموزی ١٩٢٤ بۆ یەکەم جار سلێمانی داگیر بکات.

شێخ مەحمود لە ماوەی ساڵی ١٩٢٣دا لە یەک کاتدا نامەی بۆ ئۆزدەمیر و ئەدمۆندز و هینری دوبیس دەنووسی و لایەنگری خۆی بۆ ئینگلیزەکان دەردەبڕی وای تێ دەگەیاندن کە رقی لە تورکەکانە، بەڵام لەبەر ئەوەی سیاسەتی بریتانییەکان بەرامبەر بە کوردستان روون نەبوو، قورسایی زیاتری دەخستە لای تورکەکانەوە، وای بۆ دەچوو دواجار

بریتانییەکان کوردستان بەجێ دەهێڵن و لەژێر سایەی دەسەڵاتی تورکەکاندا دەتوانێت فەرمانڕەوایی کوردستان بکات.

د. کەمال مەزهەریش پێی وایە شێخ مەحمود تا ئەو کاتەش لە تورکەکان بێ ئومێد نەبووە، لە یەکی تشرینی یەکەمی ١٩٢٤دا، لە ڕێگەی فەتاح بەگی ژن برایەوە نامەیەکی ناردوە بۆ ئوزدەمیر و زۆر شت لە نێوانیاندا ئاڵوگۆڕ کراوە، ئەوەی جێی مەبەستی ئێمەیە، ئەوەیە لەو کاتانەشدا کەمالییەکان دەستبەرداری گرتنی مستەفا پاشا نەبوون، لێرەدا خاڵی شەشەم و دەیەمی ئەو نامەیەی کە شێخ ناردوویەتی دەخەینەڕوو. لە خاڵی شەشەمدا داوای پارچەیەک زەوی لە نزیک شاری ئەستەمبووڵەوە دەکات تا وەک خۆی نووسیویەتی: «خۆم و کەس و کارم دوا ساتی ژیانمانی تێدا بەسەر بەرین کە ناوچەیەکی دڵ ڕفێنی وڵاتێکی مووسڵمانانە». (کەمال مەزهەر، ب.دوو، ل١١٣)

لە خاڵی دەیەمدا وتوویە «ئەو لەو کەسانە نییە بە فەن و فێڵی ئینگلیز هەڵبخەڵەتێ. هێرشێکی توندی کردووتە سەر دوو لە سەرسەخت ترین نەیارەکانی تورک کە (بابەکر ئاغای پشدەر و مستەفا پاشا یامولکی)ن و مستەفا پاشای بە (نەمروود) ناو بردووە و باسی هەردووکیانی وەک نۆکەری ئینگلیز کردووە». (کەمال مەزهەر، ب. دوو، ل١١٣-١١٤)

دکتۆر عوسمان عەلی رای وایە «شێخ مەحمود سیاسییەکی زیرەک بوو، دەیویست لە ڕێگەی نزیک کەوتنەوە لە ئوزدەمیر و بریتانییەکان لە یەک کاتدا، ئوزدەمیر لە دژی بریتانییەکان بەکاربهێنێت، بەڵام پێ دەچێ لە رادەبەدەر متمانەی بە کەمالییەکان هەبووبێت، مستەفا کەمال لەو کاتەدا لە باکوری کوردستان سەرقاڵی جینۆساید کردنی کوردەکان بوو، باوەڕی بە دەوڵەتێکی سەنترالّی بەهێز بوو کە حوکمی زاتی تێدا جێی نەدەبووەوە». (دکتور عثمان علی، موقع الشخصي)

**کوردستان دەلکێنرێت بە عێراقەوە:**

ڕووداوەکان زۆر بە خێرایی بەرەو پێشەوە چوون و تا دەهات ڕۆڵی شێخ مەحمود زیاتر پەراوێز دەخرا، هەرچەندە ١٦ی تەموزی ١٩٢٥ لیژنەی تایبەتی (کۆمەڵەی گەلان) ڕاپۆرتێکی بۆ جنێف بەرز کردەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: «زۆرینەی دانیشتوانی ویلایەتی مووسڵ کوردن، نە تورک و نە عەرەبن، زمانەکەشیان ئارییە و بۆچونەکانیشیان کوردانەیە، هەندێ خوێنەوار نەبێ، زۆرینەیان بۆچونی عێراقییانەیان نییە. پەیوەندی

نێوان کورد و عەرەب لەرزۆکە و پێویست بە پاراستنی ئاشووری و کلدانەکان دەکات، لەبەر ئەوەی ٥/٨ی دانیشتوانی ویلایەتەکە کوردن، لیژنەکە پێشنیاری دروست کردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەکات». (جیرارد جالیاند، ص ٢٢٨-٢٢٩)

بەڵام ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥، لە دانیشتنی ژمارە (١٥)هەمدا لە خولی بیست وحەوتەمینی خۆیدا، ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان مەسەلەی ویلایەتی مووسڵی لە قازانجی بریتانیا یەکلا کردەوە، ویلایەتی مووسڵ بە فەرمی لکێنرا بە عێراقەوە.

سەبارەت بە مافەکانی کوردیش، لە پاشکۆی ئەو بڕیارەدا دوو راسپاردە هەندێ مافی سەرەتایی بۆ کورد دیاری کردووە:

یەکەم: «پێویستە خواستەکانی کورد لە بەر چاو بگیرێ دەربارەی دانانی فەرمانبەرانی بە رەگەز کورد بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان و پێویستی دابەشکردنی عەدالەت و بڵاوکردنەوەی خوێندن لە قوتابخانەکاندا و کردنی زمانی کوردی بە زمانی رەسمی لە هەموو ئەم وەزیفانەدا»

دووەم: «داوا بکرێ لە حکوومەتی بریتانی وەک هێزی ماندا تۆر (ئینتیداب) ئەو تەدابیرە ئیداریانە بخاتە بەردەم ئەنجومەن کە دائەنرێن بۆ دڵنیا کردنی دانیشتوانی کورد لەو شتانەی لە راپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوەدا ناوبراون، گەرەنتیەکان دەربارەی بەڕێوەبردنی ناوچەیی کە لیژنەکە لە ئەنجام گیرییەکانیدا رای سپاردوون». (نەوشیروان مستەفا، کتێبی دووەم بەرگی دووەم، ل ٣٠٢)

دوای دەرچوونی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بە مافەکانی کورد، سێ بۆچوون لەسەر ئەو بڕیارە لە ناو کوردەکاندا سەری هەڵدا:

یەکەم: پێیان وابوو دەبێ بە هەموو توانایەکەوە دژی ئەو بڕیارە بوەستنەوە و سەربەخۆیی کوردستان کە لە سەرەتای هاتنیاندا ئینگلیزەکان بەڵێنیان بە کورد دابوو، بکرێتە بەرنامەی کار.

دووەم: هەندێ لە بازرگان و بەرژەوەندی خوازەکان بوون کە رازی بوون بە لکاندنی کوردستان بە بێ مەرج بە عێراقەوە.

سێیەم: ئەوانەی پێیان وابوو، لەبەر ئەوەی بڕیارەکە بڕیارێکی نێو دەوڵەتیە دەبێ کورد بەدوایدا بچێت و بڕگەکانی وەک خۆی جێ بەجێ بکرێت. مستەفا پاشا یامولکی، شێخ نووری شێخ سالح و... لەگەڵ ئەم بۆچونەدا بوون.

مستەفا پاشا یامولکی لە ریزی ئەو کەسانەدا بوو کە پێی وابوو بریتانیا جیددیە لە بەجێ هێنانی ئەو بڕگەیە، هەر بۆیە چەند ساڵێک بە تەمای جێبەجێ کردنی بوو، لە وتار و نووسینەکانیدا ئینگلیزەکانی بە بەرپرسی جێبەجێ کردنی بڕگەکانی پەیماننامەی لۆزان زانیووە.

وەنەبێ مونەووەرکانی کورد لەو هەل ومەرجەی کە کوردستانی پێدا تێپەڕی بێ دەنگ بوون، بەڵکو بەشیک لەو رووناکبیرانەی کە لە بەغداد بوون، بەچاوی رەخنەوە دەیانڕوانییە کارەکانی شێخ مەحمود، ساڵح زەکی ساحێبقران کە لە حکوومەتی دووەمی شێخ مەحمودا قۆماندانی لەشکری کوردستان بوو، لە شێخ هەڵگەڕابووەوە لە بەغداد گۆڤاری (دیاری کوردستان)ی دەردەکرد و خۆی سەرنوسەرەکەی بوو، بەشی زۆری وتارەکانی ئەو رۆژنامەیە بۆ رەخنەگرتن و بوژانەوەی هەستی نەتەوەیی کوردەکان بوو. لە نێو ئەو بابەتە زۆر گرنگانەدا کە لە ژمارە (٢)ی گۆڤارەکەدا بڵاوکرایەوە، شیعرێکی زۆر نایاب و پڕ مانا و ئامۆژگاریی (شوکری فەزڵی ١٨٨٢-١٩٢٦)یە بۆ شێخ مەحمود. مێژووی نووسینی ئەو شیعرە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە هیندستانەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە کاتی خۆیدا شێخ گوێی لە ئامۆژگاریەکەی نەگرتبوو، جارێکی دی بۆیان بڵاوکردەوە:

ئیش کە ڕووی ئێستە لە هەورازە، سەرەولێژی نەکەی
فیکری وردیشی ئەوێ، هەر بە دۆعا و نوێژی نەکەی
گێرە شێوێنێ، کە کای کۆنی بەبادا کرد لە کنت
چاکە هەر لێی خوڕی، سەیری دەم و کاوێژی نەکەی
سەرەتای ئیش هەمووی یەکبوونە، ئەویش نابێ هەتا
هەر برینێ کە لە دڵتدا بووە سارێژی نەکەی
حەیفە چاوێ کە جەفا کوڵەوژی تێ شکاند
تۆ بە کلچێوکی وەفا عەینی گەلاوێژی نەکەی
قەومی بێ سەر نییە ئەمڕۆ لە هەموو عالەمدا
ئەتەوێ تاجی سەری بی، بە هەوا گێژی نەکەی
شا، وەکوو شایەکی شەترەنجە لە عالەم ئەمڕۆ
گەورە قانوونە، قسەی کورت ئەمەیە، درێژی نەکەی

وەک لە لاپەڕەکانی پێشوودا روون بوەوە، زۆربەی مێژوونووسەکان و هاوسەردەمەکانی شێخ مەحمود لەسەر ئەوە کۆکن کە فەتاح بەگی ژن برای شێخ مەحمود، رۆڵێکی نێگەتیڤی بینی لە نانەوەی دووبەرەکی لە نێو مونەووەرکانی سلێمانی و شێخ مەحمود و ئینگلیز و شێخ مەحمود. دوابەدوای ئەوەی شێخ بە نوێنەرایەتی خۆی ناردی بۆ بینینی مستەفا کەمال و سەرنەگرتنی هەوڵەکانی، لە تورکیا مایەوە و بوو بە فەرمانبەرێکی دەوڵەتەکەی ئەتاتۆرک. بەڵام لە کوردستان هیچ رۆڵ و کاریگەریەکی نەما.

دواین دەرکەوتنی فەتاح بەگ دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٢٥ لە بەغداد. لە رۆژنامەی (العراق) لە ژمارە (١٤٣١) کە لە ١٩ کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٥دا دەرچووە، لە لاپەڕە (١)دا هەواڵێکی لەژێر ناوی (شخصان مستنكران) بڵاوکراوەتەوە و لەگەڵ ئەو لیژنەیەی (کۆمەڵەی گەلان) بۆ دیاری کردنی سنووری نێوان عێراق و تورکیا، (فەتاح بەگ خەڵکی سلێمانی) و (نازم بەگ خەڵکی کەرکووک) کە دوو هاوڵاتی خیانەتکار و هەڵاتووی عێراقیین، کەسایەتی خۆیان گۆڕییەوە و بە ناوی وەفدی تورکیاوە لەگەڵ (جواد پاشا) هاتوون بۆ بەغدا. حکوومەتی عێراق تووڕەیی خۆی بۆ ئەو مەسەلەیە دەربڕییوە و داوای دەرکردنیانی کردووە، بە تایبەتی ئەوانە بە ناوی پارێزگاری کردن لە تورکمانەکانەوە کە ژمارەیان لە ویلایەتی مووسڵ تەنها ١٦ هەزار کەسە، هاتبوون. لە بەشێکی ئەو نارەزایەتییەی عێراقدا هاتبوو: «ئێمە بە دەنگی بەرز نارەزایەتی خۆمان دەردەبڕین لە بوونی ئەو دوو کەسە گەندەڵەی کە خیانەتییان لە نیشتمانەکەیان کردووە و بەشێوەی خۆ گۆڕین (متنكر) کە دوورە لە داب و نەریتی باوی نێوان وڵاتان، هاتوون بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نێوان دوو وڵات.»

# بەشی سێیەم

# بۆچوونە سیاسییەکانی

# مستەفا پاشا

**ئینگلیز و کورد:**

بەشی زۆری مێژوونوسانی کورد لە کاتی لێکدانەوەی هۆی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود بردویانەتەوە بۆ پەشیمان بوونەوەی ئینگلیز لەو بەڵێنانەی کە بە کوردی دابوون، بە تایبەتی دوای ئەوەی چارەنووسی ویلایەتی مووسڵ بەلای لکاندنی بە عێراقەوە شکایەوە. ئەوەش راستییەکی تاڵە، بەڵام هەندێجار باس لەوە دەکەن کە شێخ مەحمود راوێژکار و شارەزایەکی لە گەڵدا نەبووە لە گرنگی رۆڵی ئینگلیز ئاگاداری بکاتەوە، بەڵام گەر تەماشای وتارەکانی مستەفا پاشا یامولکی بکەین، ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو چی لەو کاتەی کە لە شێخ مەحمودەوە نزیک بووە، و چی لەو کاتەی لێی دوور بووە، بە نووسین و شیعر و قسەکردن لەو مەسەلەیەدا درێغی نەکردووە.

**ئینگلیز کوردستانی بۆ نەوتەکەی دەویست یان بۆ شاخەکانی:**

تا ئێستاش بەشی هەرەزۆری مێژوونوسان و سیاسەتمەدارەکانی کوردستان لەو باوەڕەدان کە هۆکاری سەرەکی لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە عێراقەوە، ئەوەیە کە ئینگلیزەکان نەوتییان لە کەرکووک دۆزیبووەوە. ئەو بۆچوونە بووەتە قەناعەتێکی چەسپاو و کەس

لێکۆڵینەوەی بۆ وردەکارییەکانی نەکردووە.
بەڵام مستەفا پاشا دەیزانی هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە و کوردستان، هاتنێکی کاتی و سەرەڕۆییەکی سەربازی نییە، بەڵکو بەرنامەکەیان لەوە بەرفراوانترە کە بە ئاشکرا دەبینرێت. لە وتاری (ئینگلیس سلێمانی بۆچی دەوێ)دا ئەو راستییە بۆ بڕیاربەدەستانی کورد شی کردووتەوە، لەو وتارەدا بە وردی بۆچوونەکانی خۆی روون کردووەتەوە، پێی وایە داگیردنی عێراق تەنها بۆ مەسەلەی نەوت و کانزاکانی نییە، بەڵکو عێراقی بۆ پاراستنی هیندستانە، کە بەرفراوانترین و پڕ خێروبێرترین سەرزەوییە کۆنالییەکانیەتی، بۆ پاراستنی عێراقیش پێویستی بە شاخ و داخەکانی کوردستانە. لە ژمارە (١٠)ی رۆژنامەی بانگی کوردستان لەوبارەوە نووسیویەتی:
«ئینگلیس چ لە پێش حەربی عمومیەدا، چ لە هەنگامی حەربدا، کە ئەم پڕوپاگەندە و تەهالوکەی چاو پێ کەوت، فکری کەوتە سەر ضەبط و ئیستیلای عێراق کە ئانیەن چ لە ئەوروپا و ئاسیای صوغراوە و چ لە شیمالەوە لە طەرەف رووسیەوە بۆ جیهەتی بەحری بەصرە، یەعنی بەندەرێکی عەظیمی سەر رێگای هیندستان، هەر حەرەکاتێ کە بێ، بتوانێ رێی نەدا و لە بەین لۆندرە و کەلکەتەدا لە ئیستینادگا و نوقطەی موتەوەسیطی موهیمی بەصرەدا بتوانێ تەشەبوثاتێکی لازم بکا.
ئێستا ئەمە مەعلووم بوو، دەزانین تەهدیدی موحافەظەی عێراق بە کوردستانی جنووبیەوەیە، چونکە کوردستان لە شاخی ئاگری (ئاغری یاخود ئارارات کە لە شیمالی بایەزید لە بەینی حودوودی قەدیمەی رووس، عوثمانی و ئێرانیدا) هەتا خانەقین، یەعنی نزیک بە جیبالی لوڕستان، هەموو ئەم شاخ و داخە کە هەمووی بە قەومی کوردەوە مەسکونە لە مەواسیمی ئەربەعەدا، هەر مەنطیقەی سلێمانییە کە بۆ عبووری صنووفی ثەلاثە موساعید بێ».
(رەزا نور) وەزیری تەندروستیی و نوێنەری تورکیا لە لیژنەی چارەسەر کردنی ویلایەتی مووسڵ، لە کتێبی (ژیان و بیرەوەرییەکانم)دا تاکید لەسەر بۆچوونەکانی مستەفا پاشا دەکاتەوە و نووسیویەتی: «لە سەرەتادا وامان دەزانی ئینگلیزەکان ویلایەتی مووسڵیان تەنها لە بەر نەوتەکەی دەوێت، بۆیە پێمان وابوو گەر ئیمتیازی نەوتی مووسڵیان پێ بدەین، دەتوانین ویلایەتی مووسڵ وەرگرینەوە. بەڵام کیرزۆن بە هیچ شێوەیەک بەمە رازی نەبوو، ئێمە هەر سوور بوین، دواتر کیرزۆن پێی وتین کێشەی مووسڵ پەیوەندی

به نەوتەوە نییە، ئینگلیزەکان بەبەردەوامی ئەو قسەیان دووبارە دەکردەوە، بە تایبەتی کیرزۆن.. بەڕاستی شتێکی سەیر بوو، ئەوە قەناعەتی هەموو لایەک بوو، تەنها هی ئێمە نەبوو، خەڵکی دیکە وای دەزانی. بەڵام ئینگلیزەکان پێچەوانەی ئەو قەناعەتانە قسەیان دەکرد. تێ نەدەگەیشتم، دواتر دەرکەوت هۆکارێکی دیکە لە پشتی ئەو مەسەلەوەیە، ویلایەتی مووسڵ ناوچەیەکی ستراتیژییە، ئەوەی مووسڵی بەدەستەوە بێت، کۆنترۆڵی بەغدا دەکات، بە هۆی نەبوونی شاخ و سەنگەرەوە لە نێوان هەردوو شارەکەدا». (ضابط تركي سابق، ص ١٩١-١٩٢)

تورکەکان هێشتا قەناعەتیان بە قسەکانی کیرزۆن نەدەکرد، عیسمەت ئینینۆ سەرۆک وەزیرانی حکوومەتەکەی ئەنقەرە، لە پشتی ئەوەوە وەفدێکی نارد بۆ لەندەن بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بەخشینی ئیمتیازی نەوت بە ئینگلیزەکان، ویلایەتی مووسڵ وەرگرێتەوە. «ئەو کارە تووڕەیی لۆرد کیرزۆن ی لێکەوتەوە و نامەیەکی بۆ ناردین و تێدا نووسیبووی ئێوە دەتانەوێت بەسەر مندا باز بدەن و لەگەڵ کەسانی دیکەدا ڕێکەون، ئەوە کارێکی چەپەڵە، چونکە من ڕاسپێراوم بە چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە، ئەوە ئەرکی منە، جگە لە من کەسی دیکە هیچی پێ ناکرێت.. تەنها من دەتوانم. عیسمەت ئینینۆ لە وەڵامدا ویستبووی پاساو بۆ هەڵەکەی بهێنێتەوە، وتبووی ئەو وەفدە بۆ مەسەلەی نەوت نەچوونەتە لەندەن، بەڵکو بۆ بینینی مۆزەخانەی لەندەن چوون، کیرزۆن کە زۆر قسە لەڕوو بوو، پێی وتبوو «ئەمجارە خۆم دەیانبەم و مۆزەخانەی لەندەنیان پیشان دەدەم». (المصدر السابق، ص ١٩٢)

کیرزۆن لە دانیشتنی ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣ی (کۆمەڵەی گەلان)دا جارێکی دیکە هەرجۆرە پەیوەندییەکی لە نێوان نەوتی کوردستان و دیاری کردنی چارەنووسی سیاسیی ڕەت کردەوە وتبووی:

«وایان وت و وای بۆچوون کە هەڵوێستی بریتانیا لە مەسەلەی ویلایەتی مووسڵ پەیوەندی بە نەوتەوە هەیە، ئەوە تەنها بۆچوونێکە و من نازانم چەندە نەوت لەوێدا هەیە تا لە ڕووی بازرگانییەوە کەڵکی لێ ببینرێت، مەسەلەکە تەنها خەڵەتاندنە». (جرجيس فتح الله، مبحثان على.. ص٢٥٧)

دوای شەش ساڵ لە نووسینی ئەو وتارەی مستەفا پاشا، (سێر پێرسی کۆکس) حاکمی سیاسیی بریتانیا لە عێراق، لە ڕاپۆرتێکیدا ئەوەی ئاشکرا کردووە کە ئینگلیزەکان ترسێکی گەورەیان هەبووە لەوەی تورک و ئەڵمانەکان لە ڕێگەی کەنداوی فارسەوە هەڕەشە لەسەر

هیندستان دروست بکەن. کۆکس کە راپۆرتەکەی لە ساڵی ١٩٢٩ بۆ (جەمعییەتی شاهانەی بریتانیا)ی ئامادە کردبوو، باسی لە بارودۆخی عێراق لە دوای داگیر کردنی لە ساڵی ١٩١٦ تاوەکو ١٩٢٩ بوو. لەو بەشەیدا کە باسی لە پاڵنەرەکانی بریتانیای بۆ داگیرکردنی عێراق کردووە، قسەیەکی هاوشێوەی ئەوەی مستەفا پاشا کردووە و نوسیویەتی:

«لە١٦ی تشرینی ١٩١٦ فەرمانێکی نهێنیمان پێ گەیشت کەوا کەشتیگەلی هێزی دەریایی کە پێکهاتبوو لە ٤٧ کەشتی، بۆمبای بەجێ بهێڵین، بەشێ لەو کەشتیانە چوو بۆ رۆژهەڵاتی ئەفریقا، ئەوەی دیکەی بەرەو کەنداوی عەرەبی بەڕێ کەوت.. دەبوو زۆر بە پەلە بکەوینە خۆمان، چونکە لە کاتی جەنگدا هەندێ بەڵگەنامەی نهێنیی ئەڵمانیامان دەست کەوتبوو باسیان لەوە دەکرد کە فەرماندەی گشتی سوپای شەشەم مارشاڵ (فۆندی گۆلتز) لە ئەڵمانیاوە فەرمانی پێ کراوە، دەبێ بریتانیا و رووسەکان لە ئێران وەدەرنێ و سوپایەک بۆ ئێران دروست بکات و نێوانی تورکیا و ئێران و ئەفغانستان یەک خات، مەبەست لەوە رێگە خۆش کردن بۆ داگیر کردنی هیندستان، بەڵام دەست و بردی خێرای هێزەکانی بریتانیا، هەموو ئەو پلانەی هەڵوەشاندەوە». (فؤاد قزانجي، ص ٢٥)

مستەفا پاشا ئەوەشی دەزانی ئینگلیزەکان بە دوای بەرژەوەندی خۆیاندا دەگەڕێن و تا سەر لەسەر کەس ناوەستن. ئەو لای مەعلوم بووە کە ئینگلیز بە هیچ شێوەیەک دەست بەرداری عێراق نابێت و بۆ مانەوەی عێراقیش کوردستانی لا مەبەستە و دەیپارێزێت، هەر لەبەر ئەوەیە دەیوسیت شێخ مەحمود بێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا رێک کەوێت و ئەو مافانە وەرگرێت کە لە (کۆمەڵەی گەلان- عوسبەتول ئومەم)دا بۆ کورد دیاری کراون.

**کێشەی کورد و گەمەی تورک و ئینگلیز و عەرەب:**

ئەوەی مستەفا پاشا لێی دەترسا ئەوە بوو تورک و ئینگلیز و عەرەب مەسەلەی کورد نەکەنە گەمەیەک لە نێوان خۆیاندا و وەک کارتی گوشار خستنە سەر یەک بەکاری نەهێنن. ئینگلیزەکان و عێراقییەکان لە ساڵەکانی ١٩٢٢، ١٩٢٦، ١٩٢٧، ١٩٢٩، ١٩٣٠دا چەند پەیماننامەیەکیان بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکانیان بەست، لە یەکەمین پەیماننامەیاندا تا دواینیان ئینگلیزەکان مەسەلەی کورد و شێخ مەحمودیان وەک گوشارێک بۆ سەر حکوومەتی عێراقی بەکار هێناوە، بۆ ئەوەی دەسکەوتی زیاتر بە دەست بهێنن.

حکوومەتی تازە دامەزراوی عێراقیش لە دوای ساڵی ١٩٢٦وە لە ڕێگەی بەخشینی پلە و ئیمتیازات بەو کەسایەتییانەی کە لە شێخ مەحمود هەڵدەگەڕانەوە، یان لایەنگری لکاندنی کوردستان بوون بە عێراقەوە، کاری بۆ بێبەش کردنی کوردەکان دەکرد لە مافەکانیان، ڕێگەی نەدەدا ئەو کوردە ناسیۆنالیستانەی بە پلە و پۆست هەڵنەدەخەڵەتان، لە هەلبژاردنەکاندا دەرچن. کاربەدەستانی عێراق، حەزیان نەدەکرد شێخ مەحمود بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و کاری سیاسیی بکات.

تورکەکانیش لە ڕێگەی پشتیوانیەکی لاوازی سەربازی لە جوڵانەوەکەی شێخ مەحمود، دەیانویست لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بگەن بە دوو مەبەست:

یەکەم: داننان بە حکوومەتەکەی ئەنقەرە وەک دەسەڵاتێکی شەرعی و دانپێنراوی نێودەوڵەتی.

دووەم: لە نەوتی کەرکووک، هەندێ ئیمتیازاتی دارایی وەرگرن.

بە مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی لۆزان، هەردوو مەبەستەکەیان هاتەدی و پشتیان لە شێخ مەحمود و شۆڕشەکەی کرد.

مستەفا پاشا دەرکی بەم دۆخە کردبوو، بۆیە نەک هەر باوەڕی بە شۆڕشی چەکداری نەبوو لە کوردستانی باشووردا، بەڵکو دەیوست شێخ مەحمود بگەڕێتەوە بۆ لای ئینگلیزەکان و کاری سیاسیی بکات و پێکەوە کار بکەن بۆ بە دەستهێنانی ئەو مافانەی کە بۆ کورد دەست نیشان کردبوون.

**کۆمەڵگای کوردی:**

هەندێک لە شارەزایانی مێژوو ناوچەکە و کوردستان سەرنەکەوتنی خەباتی کورد لە پێناوی سەربەخۆییدا دەگەڕێننەوە بۆ دواکەوتوویی کۆمەڵگای کوردستان. (ستیفن همسلی لۆنگریگ) لە کتێبی (عێراقی نوێ لە ١٩٠٠ بۆ ١٩٥٥)دا، هۆکارەکانی بەرگە نەگرتنی دەوڵەتەکەی شێخ مەحمود بەم شێوە پوخت دەکاتەوە و نووسیویەتی:

«خەونی کوردستانی سەربەخۆ نەهاتەدی، چونکە ئەو ئەزموونە بە پراکتیکی هەموو هۆکارەکانی سەرکەوتنی تێدا نەبوو، شێخ مەحمود کە تاکە پاڵێوراوی سەرۆکایەتی ئەو حکوومەتە بوو، کەسێک بوو لەسەر باوەڕێک جێگیر نەدەبوو، لایەنگرەکانی، بە تایبەتی سەرۆک هۆزەکان، بێ ئەوەی بچنە ژێر هیچ مەرجێکەوە داوای دیاری و خەڵاتیان

دەكرد. تێگەیشتنی سیاسیی و ئەزموون و دواكەوتوویی كۆمەڵایەتی و نەبونی مۆراڵ و ئاستی پێشكەوتوویان، ڕێگر بوون لەوەی شێخ مەحمود بتوانێت دواكەوتووترین جۆری حكوومەت دامەزرێنێت». (ستیفن همسلي لونگریگ، ص ۱۷۳)

بە هەمان شێوە (مێجەر سۆن)ی حاكمی سیاسیی ئەو دەمەی بریتانیا لە سلێمانی، ۲۸ی تەموزی ساڵی ۱۹۲۰ ڕاپۆرتێكی لەژێر ناوی (كورتە باسێك لەسەر دۆخی سیاسیی كوردستانی جنووبی)دا بەرز كردووەتەوە بۆ (وێڵسن)ی حاكمی سیاسیی بریتانیا لە عێراق، بە ئامار حەقیقەتی بیروباوەڕی سیاسیی كۆمەڵگای كوردستانی تێدا خستوەتەڕوو: «كۆمەڵگای كوردی ۹۴٪ ی لەو جوتیارە ئازاد و ڕەنجبەرانە پێكهاتوە كە زۆر ئیشكەرن و گوێ بە جیهانی دەرەوەی خۆیان نادەن و ڕا و بۆچوونی سیاسییان نییە، بەڵام ئەو ٦٪ی دیكەی خەڵكی سلێمانی، ئەوا ٥،٥٪ لە بازرگانەكان پێك دێن و سەرقاڵی كاری خۆیانن و گوێ بە سیاسەت نادەن. ئەوەی دەمێنێتەوە واتە ٠،٥٪ی خەڵكەكە پیاوماقوڵ و فەرمانبەرانن و ڕۆڵی سیاسیی دەگێڕن». (م.س. لازاریف، ل۱۱۹)

بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری هێزی ئاسمانی شاهانە بریتانیا ڕاپۆرتێكی لەسەر بزاڤی نەتەوایەتی كورد ئامادە كردووە و هەڵسەنگاندنێكی وردی تێدا كردووە بۆ بارودۆخی ئەو كاتەی كوردستان و لە ڕێگەی دەست نیشان كردنی چینە كۆمەڵایەتیەكانی ئەو دەمەی كوردستانەوە بۆچوونە سیاسییەكانی هەر چینێك لەو چینانەی خستوەتەڕوو. ڕاپۆرتەكە كۆمەڵگای كوردیی كردووەتە چوار چینەوە:

یەكەم: چینی ئەفەندی: بەشێكی كەمیان ڕۆشنبیرن، زۆربەیان بە كەمی خوێندەوارییان هەیە، دەیانەوێ دەرفەتەكە بقۆزنەوە.

دووەم: چینی شێخ و سەید و مەلا و دەروێش: ئەوانە ئاسۆی بیركردنەوەیان لە چینی سەرۆك هۆزەكان فراوانترە، بەڵام هەموو ئەندامانی ئەم چینە دەیانەوێ لە ناوچەكانی خۆیاندا باڵادەست بن.

سێیەم: چینی سەرۆك هۆزەكان:

چوارەم: چینی خەڵكی ئاسایی: بە تەواوی گوێڕایەڵی سەرۆك هۆزەكانن.

سەبارەت بە تێڕوانینی ئەو چینانە بۆ ئایندەی كوردستان لە ڕاپۆرتەكەدا هاتووە: سەربەخۆیی بەلای سەرۆك هۆزەكانەوە، بەو واتایە دێت كە بە ئازادیی خۆیان باج بسێنن و لە پێناوی خۆشگوزەرانی خۆیاندا لە جووتیارانی كۆ بكەنەوە.. ئەفەندیەكانیش

بەوپەڕی قەناعەتەوە باوەڕیان بە بیرۆکەی خەیاڵی دەوڵەتی کوردی هەیە.

سەبارەت بە بۆچوونی ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەی کە سەفەری دەرەوەیان کردووە (لێرەدا مەبەستی مستەفا پاشای یامولکی و هەندێ لەو ئەفسەر و کارمەندانەی سەردەمی عوسمانییە) لە ڕاپۆرتەکە نووسیوە:

«ئەمانە ئاسۆی بیرکردنەوەیان فراوانە، دەزانن تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی هەوڵێکی نەزۆکە، چونکە ئەوانە دەزانن پەرتەوازەیی هەوڵەکان بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ئاکامی خراپی لێ دەکەوێتەوە. یان بەبێ نەخشەی مەرکەزی دژی ئەو حکوومەتانەی کە باڵا دەستن بەسەر کوردستاندا، ڕابوونی بچوک هیچ کاریگەریی نابێت. ئەو توێژە دەزانێ بە هۆی نەبوونی هۆیەکانی پەیوەندی و هاتوچۆ لە ڕابردوودا، کورد لە ناوچووە یان دەستی بەسەردا گیراوە، ئەمڕۆ ئەوە بوەتە بەربەست لە بەردەم هۆشیاریی نەتەوەیی کوردی، نەبوونی هۆیەکانی پەیوەندی ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێ لە بیرتەسکی سەرۆک هۆزەکاندا، لەگەڵ نەبوونی شارەزایی لە جوگرافیای کوردستان، ئەمەش بوەتە هۆی نەبوونی هاوئاهەنگی ئابووری و سیاسیی لە نێوان بەشە جیاوازەکانی کوردستان و کاری کردووەتە سەر دروست نەبوونی مەڵبەندی بازرگانی لە کوردستان. بازرگانی بەشەکانی کوردستان لەگەڵ ناوەندی ئەو شارانەی دەوروبەرەدایە کە کورد نین، هەر بۆیە شارێک بە دیار نەکەوتوە ببێتە پایتەختی هەمو کوردستان. ئەو ڕۆشنبیرانە حکوومەت وەکو مەترسیی نازانن، بەڵکو هەوڵ دەدەن بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری هەتا لە ئایندەدا ئامادە بن بۆ جۆرێک لە خودموختاری». (د. عوسمان عەلی، ل ٢٣٢-٢٣٣)

مستەفا پاشا ئاگاداری دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابووری کوردستان بووە. لە بەشێکی زۆری وتارە ڕۆژنامەوانییەکانیدا، ئاماژە بەوە کراوە کە کۆمەڵگای کوردی زۆر دواکەوتوە لە ژمارە (١)ی بانگی کوردستاندا وتووە: «بەسیە، تەماشای عالەم بکەن، لە صەنعەت و مەعریفەت دا لە ئێمە پاشکۆتر کێ هەیە؟ کاڵایەکمان نییە بۆ سەتری عەورەتمان کافی بێ، دەرزی و دەزوویەکمان نییە کە دەسکردی وڵاتمان بێ، نیشانەی عەزەمەت و خانەدانی کە ئێستا عیبارەتە لە شەکر و چای، ئەوانیش هی کوردستان نییە، لە جێگای تر دێن. پارچە کاغەزێک کە بۆ نوشتەی چەور و شیرینی بێ ئەویش لە فەرەنگستانەوە دێ، لە سەدا چوارمان تیا نییە کە کاغەزێ بۆ کەس وکاری و سیرێکی مەحرەمی بۆ عائیلەی خۆی بنووسێ...»

(جی. چاپمان) حاكمی سیاسیی بریتانیا لە سلێمانی لە ١٩٢٣/١/٢٣ لە راپۆرتێكدا بۆ راوێژكاری سیاسیی بریتانیا لە لیوای كەركووك، بەم جۆرە بیروبۆچوونەكانی مستەفا پاشای لەسەر كۆسپەكانی بەردەم دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی خستوەتەڕوو: «مستەفا پاشا پێی وایە تا ئێستا زۆر كۆسپ هەن لە بەردەم دامەزراندنی حكوومەتێكی مەدەنی هاوچەرخ لە كوردستان و هەموو بەرپرسانیش ئەو راستیە دەزانن». (د. عوسمان عەلی، ل ١٢٥)

دوای سەردانی كردنی سمكۆ و بینینی رۆژهەڵاتی كوردستان، مستەفا پاشا زۆر لە كۆمەڵگای كوردی نائومێد بووە و لە نامەیەی كە بۆ عەبدولعەزیزی كوڕی نوسیبووی، وتوویەتی:

«من لەو گەشتەمدا نیگەرانی زۆرم چەشتووە، زۆربەی خەڵكەكە نەفامن، ناتوانن شت وەرگرن. دەمویست تێیان بگەیەنم، ...». (د. عوسمان عەلی، ل ٢١٥)

ئەو قسانە بەو مانایە دێ كە مستەفا پاشا گەیشتوەتە ئەو باوەڕەی كە كۆمەڵگای كوردستان ئامادەگییان تێدا نییە بۆ سەربەخۆیی. ئەو دەیزانی بەو شۆڕشە پەرتەواز و لۆكاڵیانە ناتوانرێت گوشارێكی وا لەسەر داگیركەرانی كوردستان دروست بكەن، تا مافەكانی كورد بسەلمێنن. بۆیە پێی وایە لەم قۆناغەدا دەبێ لە رێگەی دەستەبەر كردنی ئەو مافانەی كە لە كۆمەڵەی گەلاندا بۆ كورد دیاری كراوە، كار بۆ رۆشنبیر كردن و هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵگای كوردی بكرێت و نەوەیەك ئامادە بكرێت كە كار و ئامانجی سەربەخۆیی كوردستان بێ. هەر بۆیە تا ئەو رۆژەی كۆچی دوایی كردووە، لە وتار و كار و كردەوەكانییدا لەو پێناوەدا هەوڵی زۆری داوە.

**مەترسیی توركەكان:**

دوای نەمانی دەسەڵاتی توركەكان لە كوردستان، هەرچی ئەوانەی لایەنگری تورك بوون، یا لەگەڵ سوپاكەیاندا پاشەكشەیان كرد، یان ئەوانەی مابوونەوە سەركز لێی دانیشتن و لە كاروباری سیاسیی دووركەوتنەوە.

بەڵام مستەفا كەمال ئەتاتورك هەر بیری لای گەڕانەوەی ویلایەتی مووسڵ و كوردستان بوو بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی. مێژوونووسان لە بارەی ئامانج و مەرامەكانی ئەتاتورك بۆ داگیركردنەوەی ویلایەتی مووسڵ شتی زۆریان نوسیووە و بەڵگەی زۆریان هێناوەتەوە. لێرەدا من ئاماژە بە دوو سەرچاوەی گرنگ دەكەم كە باس لەو پاڵنەرانە دەكات كە مستەفا

کەمالی گەیاندوەتە ئەو رادەیەی ویستویەتی لەگەڵ بریتانیادا لەسەر نەوتی کەرکووک رێک کەوێت، بەو مەرجەی ویلایەتی مووسڵ بخرێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

یەکەم: رۆژنامەی (گاردیان - The Guardian) کە لەو کاتەدا سەردانی تورکیای کردووە، لە رۆژی ١٩٢٤/٦/١١ ئەم زانیارییە گرنگەی خستوەتەڕوو: «تورکیا یەک پاڵنەری بەهێزی هەیە بۆ داواکردنی ویلایەتی مووسڵ، ئەوان دەترسن لەژێر سایەی ئیدارەی و سەرپەرەشتی ئێمەدا (مەبەستی بریتانیایە)، ویلایەتی مووسڵ ببێتە پەناگایەک بۆ بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی، ئەوە لە کاتێکدایە کوردەکان دووەم نەتەوەی گەورەن لە چوارچێوەی وڵاتەکەیاندا» . (دکتور عثمان علی، موقع الشخصي)

دووەم: لە ١٩٢٥ مێژوونووسی بەناوبانگی بریتانیا (ئەنولد جی توینبی ١٨٨٩-١٩٧٥) سەردانی تورکیای کردووە، چاوی بە بەرپرسە باڵاکانی تورکیا کەوتووە، هەمان دڵەڕاوکێی تورکەکانی سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان دووبارە کردووتەوە و نووسیویەتی: «تورکیا ئامادەیە دەست بەرداری هەموو ئیمتیازە نەوتییەکانی خۆی ببێت لە مووسڵ بۆ بریتانیا، بەو مەرجەی کوردەکانی تەسلیم بکاتەوە، تورکەکان پێیان وایە ناسیۆنالیزمی کورد لە ویلایەتی مووسڵ هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا و بەرژەوەندییەکانیان». (دکتور عثمان علی، موقع الشخصي)

بۆ رێ گرتن لە دروست بوونی هەر قەوارەیەکی کوردی، تورکەکان کەوتنە خۆیان، دەستیان کرد بە دروست کردنی ناکۆکی لە نێوان شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان. دوای شکستی شێخ مەحمود لە جەنگی دەربەندی بازیاندا، تورکە کەمالییەکان لە حوزەیرانی ١٩٢٢دا، لە رێگەی ناردنی هێزێکی سەربازییەوە بە فەرماندەیی ئوزدەمیر بۆ ناوچەی رەواندز، جارێکی دیکە خۆیان رێکخستەوە و دوورخستنەوەی شێخ محمود بۆ هیندستان و بێ ئومێد بوونی کورد لەوەی ئینگلیز هیچی بۆ کورد پێ نییە، وای کرد شانە نوستووەکانی لایەنگری تورک خۆیان رێکخەنەوە و ببنە هێزێکی گوشار و کاریگەر بە سەر رەوتی رووداوەکانی کوردستانەوە.

دوای گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە هیندستان، بە هۆی پشتگیری کردنیان لە لایەن شێخەوە، رەوتی (جلخوارەکان- تورک خوازەکان) هێندەی دیکە بەهێز بوو. مستەفا پاشا چی لە سەردەمی ئیتیحاد و تەرەقی و چی لە سەردەمی کەمالییەکاندا، ئەزموونێکی تاڵی لەگەڵ تورکە ناسیۆنالیستەکاندا هەبوو، باش دەیزانی ئەوان کوردیان وەک کۆیلە و

ڕەعیەت دەوێت. بۆیە پاش گەڕانەوەی بە هەموو توانایەکیەوە دەیوست ئەمە بۆ خەڵک و دەسەڵات بەدەستەکانی کورد ڕوون بکاتەوە.

چۆن بە هەڵواسین و کوشتن تورک لە کوردان تێر ئـەبێ
قەومی نەوشیروان و جەنگیز چۆن لەگەڵ یەک دۆست ئەبێ
وا ئەسەف بۆ کوردی ژووروو، کـەوتە ژێر ظولم و ضەلال
هـەر کەسێ (شەبقە)ی نـەبێتن، مـاڵیشی و خوێنی حەلاڵ

ئەلبەیاتی لەسەر نەگونجانی فکری یامولکی لەگەڵ تورکە ناسیۆنالیستەکاندا نووسیویە:

«مستەفا پاشا هەم لەڕووی سیاسییەوە و هەم لە ڕووی کەلتورییەوە، بە یەکێک لەو کوردانە دێتە ژماردن کە بە ئاشکرا دژی ئەو ڕەوتە بوو کەوا باوەڕی بە هاوپەیمانی لەگەڵ کەمالییەکاندا هەبوو». (البیاتی، ص ٢٧٩)

بە دەگمەن کەسێک دەست دەکەوت شارەزایی زۆری سەربازی و دیپلۆماسی و یاسا بێت، پلە و پۆستی مستەفا پاشا لە هەموو ئەو ئەفسەرانەی کە لە ئەستەمبووڵەوە گەڕابوونەوە بۆ عێراق و کوردستان باڵاتر بوو. جگە لەوە سەرۆکایەتیی دادگای عورفیی تورکیا ناوبانگێکی جیهانیی پێ دابوو.

مستەفا پاشا باوەڕی بەوە نەبوو کە لەگەڵ تورکەکاندا پەیوەندی ببەسترێت، پێی وابوو لێکەوتەکانی دوای یەکەمین جەنگی جیهانی، دۆخێکی هێناوەتە ئاراوە ئینگلیزەکان بڕیار لەسەر چارەنووسی ناوچەکە بە کوردستانیشەوە دەدەن و خۆری دەسەڵاتداریتی تورک ئاوابووە.

یامولکی، بە ئەزمون و بە کردەوە و لە ڕێگەی بەرخوردی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سەرانی ئەو ڕەوتە ناسیۆنالیستەی تورکدا، گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە ئەمانە هیچ جۆرە چارەسەرێکیان بۆ کێشەی کورد پێ نییە، بگرە هاتنە سەر دەسەڵاتیان بە واتای کۆتایی هاتنی ڕەگەزی کورد و سڕینەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیە، نەک هەر لە باکوری کوردستان، بەڵکو لە ڕۆژهەڵات و باشووریش. بۆیە مستەفا پاشا لەو ململانێ نێو دەوڵەتیەی کە لە ناوچەکەدا دروست بوو، بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوەدا نەبوو تورکەکانی تێدا سەرکەوتوو بن، بگرە هاتنی ئینگلیزەکانی بە هەلێک دەزانی بۆ دەرپەڕاندنیان لە کوردستان.

پاشا، زانیویە تورکەکان تا ئەو کاتە پشتگیری لە شێخ مەحمود دەکەن کە ئینگلیزەکان پشت دەکەنە حکوومەتەکەی ئەستەمبووڵ و دان بە حکوومەتەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورکدا

دەنێ لە ئەنقەرە. ئەوەتا وتوویەتی: «ئەڵبەت بە گەردنی ئەشخاصی مەعلوومەیە! ئوزدەمیر خۆی و رەفیقەکانی کە زانییان مەقصەدیان بەجێ هات، یەعنی ئاگری فەساد گڕی گرت، بەبێ نقە، وەک ڕێوی شاخە و شاخ ڕۆین و وەکو مەسەلەی شەیطان (اذا قال...)»

بەڵام شێخ مەحمود گوێی بە بۆچوونەکانی مستەفا پاشا یامولکی نەدەدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لێیان نزیک بوویەوە، ئەتاتورک کە زانی تازە کار لە کار ترازاوە و ویلایەتی مووسڵی بۆ ناگەڕێتەوە، لەسەر حیسابی کورد، دەستی دایە کارێکی دیپلۆماسیی گەورە و پەیمانی لۆزانی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا مۆر کرد.

**پەیماننامەی لۆزان:**

مستەفا کەمال بە سێ ئاراستەی جیا کاری دەکرد، لە لایەک بۆ ڕازی کردنی دڵی مووسڵمانەکان و کورد بە تایبەتی خۆی وا پیشاندەدا کە لە پێناوی ئیسلامدا دەجەنگێ. لەولاشەوە دەستی لەگەڵ بەلشەفیەکاندا تێکەڵ کردبوو، وای پیشانی سۆفیەت دەدا کە تورکیا دەکاتە لەمپەرێک لە بەردەم گەیشتنی ئیمپریالیزم بە سنورەکانی یەکێتی سۆفیەت.

سەبارەت بە ئینگلیزیش دەیویست تێیان گەیەنێت لە ڕێگەی پشتییوانی کردن لە حکوومەتەکەی لە ئەنقەرە، بەرژەوەندییەکانیان پارێزراو دەبێت.

ئینگلیزەکانیش خاڵی لاوازی مستەفا کەمالیان دەزانی، بۆیە لە سەرەتادا لە ڕێگەی پشتیوانی کردن لە دەوڵەتەکەی ئەستەمبووڵ، گوشاری زیاتریان دەخستە سەری بۆ ڕازی کردنی بەوەی لە گەڵیاندا ڕێکەوێت و بەوە دوو نیشانیان دەپێکا:

یەکەم: کۆتایی هێنان بە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی.

دووەم: دەست بەرداربوون لە ویلایەتی مووسڵ و کوردستانی باشوور.

لە دوای دوو مانگ لە سەرکەوتنی مستەفا کەمال، بڕیار لەسەر هەڵوەشانەوەی خەلافەت درا. پاش بیست ڕۆژ لە هەڵوەشانەوەی خەلافەت، بڕیار لەسەر بەستنی کۆنگرەی ئاشتی لۆزان لە نێوان بریتانیا و تورکیا درا. ئەم پەیمانە بۆ هەڵوەشانەوەی هەموو بەندەکانی پەیماننامەی سیڤەر بوو، کە تێدا پێشنیاری دروست کردنی کوردستانێکی بچووکی سەربەخۆ درابوو. نوێنەرانی تورکیا بۆ ئەو کۆنگرەیە بریتی بوون لە عیسمەت ئینینۆی وەزیری دەرەوە و ڕەزا نور وەزیری تەندروستیی و حەسەن سەقا.

لە لایەن ئینگلیزەکانیشەوە دۆسیەکە سپێردرابووە دەستی (لۆرد کیرزۆن) وەزیری

دەروەوەی بریتانیا، پاشان کیرزۆن (رۆمیولد)ی لە نوێنەرایەتی خۆی دانا کە رقێکی زۆری لە تورکەکان بوو. نوێنەری هەشت وڵاتی دیکەی زلهێزی ئەو کاتەش لە کۆنگرەکەدا ئامادە بوون.

ئینگلیزەکان بۆ ترساندنی تورکەکان، تا هەڕەشەی هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەگەڵ تورکیا چوونە پێشەوە. ئەتاتۆرک لە پێناوی دانانان بە حکوومەتەکەیدا، بە مەرجەکانی ئینگلیز رازی بوو، بۆ دواجار دەست بەرداری ویلایەتی مووسڵ بوو.

لە ٢٤ی تەموزی ١٩٢٣دا ئەتاتورک لە گەل ئینگلیزەکاندا (پەیماننامەی لۆزان)ی مۆرکرد. رێکەوتننامەکە وەک دانانان بوو بەو حکوومەتەی کە ئەو لە ئەنقەرە رایگەیاندبوو، دوای ئەو رێکەوتنامەیە، مستەفا کەمال هەلەکەی قۆستەوە و لە ١٩٢٣/١١/١ بە فەرمی کۆماری تورکیای راگەیاند، بەم جۆرە حکوومەتی ئەنقەرە بوو بە میراتگری خەلافەت و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نوێنەرایەتی تورکەکانی دەکرد.

لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٤ لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گەلان سنووری کاتی نێوان عێراق و تورکیا کێشرا کە بە سنووری «هێڵی برۆکسل» ناسراوە. دواتر لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٥دا لیژنەیەک بۆ دیاری کردنی سنووری نێوان تورکیا و عێراق پێکهات و سەردانی ویلایەتی مووسڵی کرد، «لە ئەیلوولی ١٩٢٥ لیژنەکە راپۆرتێکی دایە کۆمەڵەی گەلان و تێدا پێشنیار کرابوو کە دەبێ کوردەکان خاوەنی ئیدارە و دادگا و پەروەردە و زمانی فەرمی خۆیان بن». (جلیلی جلیل، ص٢٤٢)

دوای پەیماننامەی لۆزان، ئینگلیزەکان بە وردی چاودێریی کاردانەوەی رێکەوتنەکەیان لەسەر نوخبەی رۆشنبیر و سیاسیی کوردستان دەکرد. لە یەکێک لەو راپۆرتانەدا کە ١٦ی مارتی ١٩٢٦ لە لایەن (اج. دەبلیو فوت)ی ئەفسەری کاروباری تایبەتەوە لە بەغدا بەرز کراوەتەوە، بەم جۆرە باسی لە بۆچوونی کوردەکان کردووە:

بە دڵنیاییەوە راوبۆچونی کوردەکان نا رێکوپێک و ئاڵۆزە، بەڵام بە رای ئێمە ئەم دابەش بوونەی خوارەوە زیاتر لە راستییەوە نزیکە:

١. ئەو کوردانەی کە حەزیان لە حکوومەتێکی سەربەخۆی تەواوە، بە سەرپەرشتیی بریتانیا، ئەم بەشە کەمینەیەکی بچووکن، زۆربەی ئەندامانیان لە ناخەوە پێیان وایە ئامانجیکی خەیاڵییان هەیە و جێ بەجێ ناکرێ.

٢. ئەو کوردانەی کە ئامانجی سەرەکیان ئەوەیە رزگاریان بێت لە وەرگرتنی فەرمان

به شێوەی راستەوخۆ لە عەرەبەوە، بەڵام لاریيان نییە لەوەی ببنە بەشێک لەو دەوڵەتە عەرەبیەی ئێستا، گەر نووسینگەیەکی کوردی تایبەتیان هەبێ بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری ناوخۆیان، بەو مەرجەی هەموو هەڵسوکەوتێکیان لەگەڵ عەرەبەکاندا لە رێگەی نوێنەرە بریتانیاییەکانەوە بێ...

٣. ئەو کوردانەی کە دەیانەوێ خۆیان لەگەڵ دۆخی ئێستادا بگونجێنن و بەردەوام بن. ئەمانە لە چاو تاقمی دووەمدا کەمینەیەکی بچووکن، بەڵام زیاتر خۆیان رێکخستوە و روونترن و دەنگیان بیستراوە. بەشی زۆریان پێکدێن لەو بازرگانانەی کە سودمەندن لە بازرگانی کردن لەگەڵ بەغداد و ئەو فەرمانبەرانەی کە لە حکوومەتدا کار دەکەن و ئەو پەرلەمانتارە گوێ ڕایەڵانە کە کوێرانە فەرمانەکانی موتەسەڕیف جێبەجێ دەکەن... (عبد الفتاح البوتاني، ص ٨٢-٨٣)

**مستەفا پاشا و پەیماننامەی لۆزان:**

مستەفا پاشا لە ریزی ئەو کەسانەدا بوو کە هەموو توانایەکی بۆ سەربەخۆیی کوردستان خەرج کردووە، بەڵام وەک کەسێکی پراگماتی و تێگەیشتوو لە هەلومەرجی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی، کاری بۆ ئەوە کردووە بە چاودێری بریتانیاییەکاندا، شێوەیەک لە سەربەخۆیی بۆ کوردستان دابین بکرێ. ئەو لەوە ترساوە ئاراستەی رووداوەکان بە شێوەیەک بچێتە پێش، کورد تەنانەت نەتوانێ ئەو مافانەش بەدەست بهێنێ کە لەو رێکەوتنە نێودەوڵەتیەدا بۆی دیاری کراوە.

کاردانەوەکانی مستەفا پاشا بۆ جێ بە جێ کردنی پەیماننامەی لۆزان بەم شێوەیە بووە:

**کاردانەوەی یەکەم:**

لە یەکەم کاردانەوەدا، مستەفا پاشا لە سەروتاری ژمارە (١٤-١)ی رۆژنامەکەیدا کە ٢٨ کانوونی یەکەمی ١٩٢٦دا دەرچووە، لەژێر ناوی (پەندی هۆشیاری)دا بە هیوایەکی زۆرەوە چاو بڕیوەتە بڕیارەکەی کۆمەڵەی گەلان و ئەم پارچە شیعرەی بۆ نووسیوە:

ئارەزووی کوردیش بەجێ بوو، کەوتە ژێر قەوڵ و قـەرار
بـەم قـەراری عـوصبەیـە کـورد و عـەرەب ئـەبن بـە یـار
کــورد دەبــێ هــەر هـەڵپـەڕێ، گـۆرانـی بێـژێت، بـادەنـۆش

ساقیی ئێمە کۆششە بۆ ئێمە بادەیش رۆژی خۆش
قەومی ئینگلیزە بە عوصبە حاڵی کوردی تێ گەیان
کوردەکانیش شوکر ئەکەن دائیمەن بۆ ئینگلیزەکان
بانگی من بۆ جەمیعی کوردە، گوێ لە قەولی من گرن
رێی مەعاریف بگرن و دەستان لە مل کەن، یەک گرن
با عەفائەڵلا بێ لە رابوردوو، وەرن بەسیە نیفاق
وەک دەدەن پارە بە فیشەک، بیکڕن بەرگ و تفاق
(یابە) و (کاکان) بران، ئیتر لەگەڵ یەک دەس لە مل
حەظ دەکەن شوانی بزن بن، حەظ دەکەن راعیی جەمەل
هەرچی قەومێ غیرەتی میللی لە سەریا دەژی
بێ ئەمە ئەو قەومە دەمرێ، یابە بڵحی هەر دەژی
(بانگی کوردستان) لە مەولا دێتە گفت و دێتە جۆش
هەر کە دی کوردان دەست بەردەن لە کاری پووچ و بۆش
هەرچی کۆلارە دەیبێژێ، با لەسەر ئەو قەوڵە بین
شێر و تازی گشتی رامن، هەر لە ئەقصا تاکوو چین
رۆژی ئیمزای ئەو قەرارە، جەژنە بۆ مەئموورەکان
خەڵقەکە با تێ نەگا خۆ فەخرە بۆ مەندووبەکان (ب.ک. ژمارە ١٤-١)

**کاردانەوەی دووەم:**

لە وتارێکی دیکەدا ئەوەی خستووەتەڕوو ئەو بڕگانەی وا لەم بڕیارەی کۆمەڵەی گەلاندا هاتووە، پێش چوار ساڵ ئینگلیزەکان لە سەری رازی بوون، بەڵام تورکەکان نەیانهێشتووە جێ بەجێ بکرێ:

«ئەوەی عوصبە فەرموویەتی و یارانی ئێمە تازە دەیخوێننەوە و چوار ساڵ لەمەوپێش ئێمە لەگەڵ برادەرانی دیگەر بە صیفەتی رەسمیەت و مفەوەضیەتی لە سلێمانییەوە هاتبووین بۆ بەغدا، نوسیبوومان بۆ خزمەت جەنابی مەندووبی سامی حکوومەتی عەظیمەی بریتانیا لە بەغدا، جوابیشمان وەرگرتبوو، گەرچی لە پاشتر لە سلێمانیدا بە فەسادی بەعضێ کەسانی تورکیزم هەندێک ئەحواڵی بێ جاهـ رووی داوە، بە نەوعێک سەبەبییەدارە بە دڵ

رەنجیی مەئموورانی موحتەرەمی بریتانیا». (ب ک ژمارە ١٤-٢)

لە کاردانەوەیەکی توندیشدا رەخنەی لەو دەنگانە گرتووە کە دوای لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە، لە ناو نووسەر و نووخبەی سیاسیی عەرەبدا سەریان هەڵداوە و پێیان وایە کورد کەمینەن و جگە لە قسەکردن بە زمانی خۆیان و بوونی مەئمووری کورد، هیچ مافێکی دیکەیان نییە، لەو بارەوە نووسیویەتی:

«وەکو بیستومانە، لەم هەنگامەیشدا کە ئیشوکار تەواو بووە، بەعضێ کەسان دیسان هەر باسی ئەقەلییەت و مەقەلییەت دەکەن، گوایا لە عێراقدا کورد کەمن وەکو قەومەکانی تر، دەبێ لەژێر قەراری ئەقەلییەتدا بمێنێن! وەکو تورکان دەڵێن (آتی الان اسکداری گیچدی)، کوردیش دەڵێ (حەسەن سوارە ئیشی خۆی کرد و رۆی)، ئەم قسانەی کە ووتمان وەکو بیستوومانە خوێندەوارەکانیش دەیکەن، ئەوانەی کە جوزئی عەممە تێپەڕ بوون و یاسینیشیان خوێندووە، یەعنی بەقسەی خۆمان بووگن وە مەلا و بوون بە نەقیزە ژەنی جوهەلا و بە راستی بۆ دۆلابی خۆیان بەسەر خەڵقەوە بوون بە بەڵا. ئەگەر نەخوێندەوارەکان ئەو جۆرە قسانەیان بکردایە، عەیبی نەبوو! دە بێژن چی؟ دەڵێن کورد چییان دەوێت، خۆ بە زوبانی خۆیان قسە دەکەن و لە جێگایانەدا کە کوردستان بژمێرریت موساعەدە کراوە کە بە زوبانی خۆیان بنووسن و بخوێنن و ئێستا مەئموورەکانیش لە خۆیانە، ئیتر چی!».

دیارە قسەی ئەو کەسانە زۆر کاریگەری هەبوە لەسەر مستەفا پاشا، بۆیە بیری خستوونەتەوە کە سەردەمانێک کورد فەرمانڕەوایی ئەوانی کردووە، لە بیرمان نەچێ مستەفا پاشا خۆیشی بۆ ماوەیەک فەرمان بەدەستی گەورە بووە لە بەغدا:

«بە ئەم قسانە ئەوەی هۆشی بێت، پێ دەکەنێت. عەجەبا لە چ تاریخێکدا و لە چی زەمانێکدا کوردانی عێراق لە قسە کردن و لە نووسین بە زوبانی خۆیان مەنع کراون؟! ئایا لە پێشوودا لە عەسکەر و لە موڵکی، زۆر مەئموورانی بەغداد و بەصرە و موصڵ وەکو والی و قۆماندان و موفتی و حاکم و ئەرکانی حەرب، لە کوردان نەبووە؟! لەو زەمانەدا مەیدان نەبووە کە فیکر تورکیزمی قەحطانی کوردایەتی بکرێ، زەمان گۆڕا و زۆرتر دەگۆڕێ؟!»

دوای هاتنی ئینگلیز بۆ ناوچەکە، مستەفا پاشا یەکێک بووە لەو کەسانەی وا سەرسەختانە بەرگریی لەوە کردووە کە دەبێ کوردی هەموو پارچەکان خۆی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بگونجێنێ، چونکە ئەوان ئایندەی ناوچەکە دەست نیشان دەکەن، لەبەر

ئەوەی تورکەکانیشی باش ناسیوە، هەردەم داوای لە کورد کردووە لێیان دور کەونەوە، چونکە گەر ئینگلیز گۆشتی کورد بخوا، ئیسقانی ناشکێنێ. لەم بڕگەیەی خوارەوەدا زۆر بە وردی لە ڕێگەی سێ ڕستەی پێکەوە گرێ دراوەوە بەراوردێکی کردووە لە نێوان ئینگلیز و تورکەکاندا «ئینگلیزەکان ئیسقانی کوردان ناشکێنن»، «بە زۆر شەبقەیان لەسەر ناکەن» و «پیاو هەڵناواسن». مەبەستی مستەفا پاشا لە ڕستەی دووەم ئەوەیە کە ڕاستە ئینگلیز کوردی لکاندووە بە عێراقەوە، بەڵام لە ڕێگەی ئەم بڕیارەی کۆمەڵەی گەلانەوە مافی بۆ دەست نیشان کردووە و تا ڕادەی سڕینەوە نەچووەتە پێش، بەڵام دوو ڕستەکەی دوایی مەبەستی لە تورکیایە کە لە ڕێگەی بە زۆر گۆڕینی جل و بەرگ و بە زۆر شەبقە لەسەر نان و کۆمەڵ کوژی و لە سێدارەدانەوە، کوردی جینۆساید کردووە.

«وەلێ لە حەقیقەتدا نەوەک هەر لە کوردستانی وەسطا هەموو وڵاتی کوردانی تر حەظ دەکەن بە بوون ئینگلیزان، کە هەمیشە چاویارییان بکەن و ئارەزووی ئەوان لەسەر هەرچی بێت، کوردان بۆ مەصڵەحەتی خۆیان پێیان خۆشە و دەزانن کە ئینگلیزان ئیسقانی کوردان ناشکێنن و بە زۆر شەبقەیان لەسەر نانێن! و بۆ شتێ وا پیاو هەڵناواسن.»

بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ ئینگلیزەکان دۆستی کوردن، ڕۆژگارەکانی پاش جەنگی یەکەم و گرانییە گەورەکەی بە بیری خوێنەرەکانی هێناوەتەوە، کە باسی دەرکەوتنی دیاردەی مرۆڤ خواردنیشی تێدا کردووە و پاش ئینگلیزەکان گەیشتنیان بە ویلایەتی مووسڵ، پرۆسەیەکی گەورەی دابەش کردنی خۆراکیان بەسەر خەڵکدا دەست پێکردوە:

«بە ئینصاف قسە بکەین، لە هەنگامی حەربی عومومییەدا، لە موصڵدا، لە سلێمانیدا، و لە جێگایانی تردا، لە برسایەتی، جەنازەی ئینسان کە لە ناوا کەوتبوو سەگ ئەیخوارد و ئینسان گۆشتی ئینسانی دەخوارد، بە گەیشتنی ئینگلیزەکان، بۆ کورد و عەرەب چەند موعاوەنەت کرابوو. بۆ مەملەکەت چەند فائیدەیان بینرا، ئەمانە یار و ئەغیار ناتوانێ ئینکاری بکا.»

مستەفا پاشا دڵی بەوە خۆش بوو کە ئەم بڕیارەی کۆمەڵەی گەلان بڕیارێکی نێو دەوڵەتییە، بۆیە هەر جێ بەجێ دەکرێت:

«قەراری (عوصبەتول ئومەم) مادام لەسەر موافەقەت و ڕەضای عالەمی مەدەنیەت بووە، بە کەماڵی حورمەت ئەو قەرارە قەبووڵ دەکەین و دەینێنە سەر چاومان.»

دواتر وەک هەمیشە ڕەخنەی لەو کاسەلێسانەی کوردیش گرتووە کە لە مانای نەتەوە

و نیشتمان تێ نەگەیشتوون و کاتێکیش بوونەتە نوێنەری کورد بۆ داکۆکی کردن، لە جیاتی قسەکردن بێ دەنگ بوون: «ئێمە قەومێکی فەقیر و بێ طالیعین، هی وامان تیادایە بۆ کاسەلێسی غەیرە حەظ بە سەر بوڵندیی خۆمان ناکەین، چونکە هێشتا لە تام و خۆشی قەومییەت تێ نەگەیشتووین، ئەوەندە بێ طالیعین ئەگەر بۆ ئیشی قەومیەت بە پارەی میللەت وەکیل، یەعنی محامیش بگرین، تا مەحکەمە قەراری خۆی تەبلیغ دەکا، ئەو محامییانە هەر خامۆشی ئیختیار دەکەن، وا دەزانن شەرطی وەکالەت لە مجەللەدا هەر بێ دەنگییە!»

لە بڕگەیەکی دیکەدا ئەوەی خستووتەڕوو کە ئەوە ئینگلیزەکانن کێشەی کوردیان بردوەتە کۆمەڵەی گەلان و ئەگەر ئەوان نەبوونایە، وەک ساڵانی رابردوو هەر وەک مەڕ کڕین و فرۆشتنمان پێوە دەکرا: «ئەگەر ئەوان نەبوونایە حاڵی ئێمە کێ بە عوصبەتول ئومەمی دەگەیاند؟! لە دووسەد ساڵ بەم لاوە، هەریەکێ لە لایەکەوە داوای دەست بەسەریی کوردانیان دەکرد و وەکو مەڕ ئێمە وێستابووین، خەڵقیش لە دەورماندا خەریکی دادوستەد بوون!»

«قەصابەکان چەقۆ لە پەراسووی ئێمەیان ئەکرد، یەکێک دەیوت ئەمانە بۆ قوربانی مەککە و عەرەفات چاکن، یەکێکی تر دەیوت (تگریە آند اولسون بونلر قاورمە لق کولبا ستیلکدر)، ئەمی تر دەیوت (اینهارا میخواهیم، برای هریسە خوبست). دیسان کاری ئەوروپییەکان راست بێ، سەد هەزار مەدح و ثەنا بۆ (عوصبەتول ئومەم) کە تێ گەیشتن کوردان بە راستی ئینسانن و تەرەقی دەکەن و ئەگەر هەروەکو مەڕیش بمێننەوە، دیسان شیریان پاکە، قۆچ نادەن لە شوانی خۆیان، پەنیر و ماست و خورییان بۆ ئەوروپا فائیدەی هەیە، ضەرەری نابێت، مەقصەدی کوردانیش هەر ئەمەیە کە بژین لە کوردستانی خۆیاندا، گورگ نەیانخوا!!»

بەڵام لە ناو کورددا هەبوون کە دژی ئەم بڕیارەی کۆمەڵی گەلان بوون و پێیان وابوو هیچی لێ سەوز نابێ، رەنگە جوانترین نمونەش ئەو شیعرەی ئەحمەد موختار بەگی جاف بێت کە وتوویە:

ئەو قەرارەی عوسبەیە وا خەڵک ئەڵێی بۆ کورد ئەبێ
هـەر قسـەی رووتـە و قسـەش ناچێتە ناو گیرفانەوە

### عێراقی نوێ و مەسەلەی کورد:

ساڵی ١٩٢٦ عێراق و بریتانیا بۆ جاری دووەم ڕێکەوتنامەیەکیان ئیمیزاکرد، بە پێی ئەو ڕێکەوتنامەیە دەبوو عێراق بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لەژێر ئینتدابی بریتانیادا بمێنێتەوە. بەڵام عێراقییەکان زۆر زیرەکانە توانیان هەلومەرجی ئابوری و سیاسیی بریتانییەکان بقۆزنەوە و گوشاری زیاتریان بخەنە سەر و لە ١٩٢٧ ڕێکەوتننامەیەکی نوێیان لە گەڵدا ئیمزا کردەوە. بە پێی ڕێکەوتننامە نوێیەکە، دەبوو بریتانیا ڕازی بێت لە ١٩٣٢ عێراق ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان. بەڵام عێراقیەکان ئەمەشیان لا پەسەند نەبوو، بۆیە بەردەوام گێچەڵیان بە بریتانیا فرۆشت، داوایان کرد سەربەخۆ بوونی عێراق نەبەسترێتە ڕازی بوون یان ناڕازی بوونی بریتانیاوە. ساڵی ١٩٢٩ پارتی کرێکاران هاتنە سەر کار، بریتانیا ڕازی بوو بەوەی عێراق بە بێ هیچ مەرجێک لە ساڵی ١٩٣٢ سەربەخۆیی تەواو وەرگرێت و ببێت بە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان.

بۆ ئەو مەبەستە لە ١ی تەموزی ١٩٣٠، عێراق و بریتانیا ڕێکەوتننامەیەکی نوێیان بڵاوکردەوە، تێدا هیچ ئاماژەیەک بە مافەکانی کورد نەکرا. ئەمە ناسیۆنالیستە کوردەکانی زۆر تووڕە کرد و داوایان کرد بە پێی بەڵگەنامەی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥ی کۆمەڵەی گەلان، دەبێ حکوومەتی عێراقی دڵنیایی بدات بە کورد کە مافەکانیان لە چوارچێوەی عێراقدا پارێزراوە و بریتانیاش دەبێ پابەندی بەڵێنەکانی بێت.

### هەوڵەکان بۆ جێ بە جێ کردنی بڕیارەکانی عوصبە:

ئینگلیزەکان بۆ ڕازی کردنی کاربەدەستانی عێراق، بە هەموو توانایەکیانەوە کاریان دەکرد بۆ ئەوەی ئەو بڕگانەی کە لە پاشکۆی بڕیارەکەی عوصبەدا هاتوون جێ بەجێ نەکرێن و کورد ملکەچی حکوومەت بکەن، لە بەرامبەردا ڕوناکبیران و سیاسەتمەداران و هەندێ لە نوێنەرانی کورد، دەستیان دایە گوشارخستنە سەر ئینگلیز و حکوومەتی عێراقی بۆ پابەندبوون بەو بڕیارەوە. «١٩٣٠/٨/٥ ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاردەدات وەفدێکی وەزاری لەگەڵ نوێنەری مەندووبی سامی بریتانیا ڕەوانەی کوردستان بکات، بۆ ئەوەی ئەو ئاڵۆزییەی بە هۆی بەستنی پەیماننامەی بریتانی- عێراقی و فەرامۆش

کردنی مافەکانی کوردەوە دروست ببوو بڕەوێنێتەوە، زەمینەی هەڵبژاردنی داهاتوو خۆش بکات». (نەوشیروان مستەفا کتێبی دووەم بەرگی دووەم، ل٢٠٥-٢٠٦).

مەعرووف چیاووک لە یاداشتەکانی خۆیدا باسی هەوڵەکانی خۆی و هەڤاڵەکانی کردووە بۆ بەجێ هێنانی ئەو بڕگانە. کاتێک وەفدەکەی عێراق ٩ی ئابی ١٩٣٠ لەگەڵ نوێنەری عەشیرەت و پیاوماقوڵانی هەولێردا کۆ بوونەوە، دوو بەیاننامەیان خوێندەوە کە ناوەڕۆکی هەردووکیان بریتی بوو لە «نارەزایەتییەکانی ئێوە بەدەم بای عوصبەتل ئومەمەوە چوو، جگە لەوەی کە گوتمان شتێکی دیکە بۆ ئێوە نییە و ئەو کەسەش کە زمانی بکاتەوە، ئەوە جیابوونەوە خوازە و جگە لە لێدان هیچی تر نییە». (چیاووک، ل ١١٤)

لەو کۆبوونەوەدا تێکرای سەرۆک عەشیرەتەکان رایانگەیاندووە کە «خەڵکی سلێمانی چی دەوێ، ئێمە ئەوەمان دەوێ.. ئێمە ئازادیی تەواومان دەوێ». (چیاووک، ل ١١٤) دوای کۆبوونەوەکە، مەندووبی سامی بریتانیا «مێجەر یۆنگ»، چیاووک و چەند کەسێکی لێ بانگ کردوون و بە هەڕەشەوە پێی وتوون:

«من چاوەڕێی ئەو شتانەی ئەمڕۆم لە ئێوە نەدەکرد، تکام وایە لە بیرتان نەچێ کە دەرچوون لە حکوومەت تاوانە و سزاکەشی لە سێدارەدانە»(چیاووک، ل ١١٦) لە وەڵامدا چیاووک پێی وتووە: «ئێمە بە هیوای ئەوە بووین شتێکی تر لە تۆوە ببیستین». کاتێک یۆنگ شەربەتی پێشکەش کردوون ئەو رەتی کردووەتەوە و وەک ئەوەی پێی بڵێ هەڕەشەکانت سوودی نییە و ئامادەییان تێدایە سزاکەی بچێژن، چیاووک پێی وتووە: «ئایا ئەوەی بە سێدارە حوکم درابێ، ئارەزووی هەیە شەربەت بخواتەوە؟!». (چیاووک، ل ١١٧)

وەفدەکە لە هەمان رۆژ هاتوون بۆ سلێمانی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەشرافی شارەکەدا. چیاووک خۆی گەیاندوتە سلێمانی بۆ ئەوەی هەڵوێستەکان یەک بخرێن، وا بڕیار بوو ١٩٣٠/٨/١٠ کۆبوونەوەکە بکرێت. سەرەتا «ئەشراف لە ماڵی حەمە ئاغای عەبدولرەحمان ئاغا کۆبووینەوە، کاتێک (مستەفا پاشا یامولکی)م نەدی، پرسیارم کرد بۆچی نەهاتوە؟ رەمزی فەتاح هەڵیدایە و دەستی کرد بە جوێن و تانەلێدان. پێم وت ئەمڕۆ رۆژی جوێن و تانە لێدان نییە. پاش ئەوە چوومە ماڵی مستەفا پاشا و هەوڵمدا قەناعەتی پێ بکەم ئامادە بێت. بەڵام ئەو پێداگریی لەسەر دووره پەرێزی دەکرد و دەیگوت من ناتوانم لەگەڵ رەمزی فەتاح و عیزەت تۆپچی دابنیشم». (چیاووک، ل ١١٧) لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا «عەزمی بابان، عەبدولقادر حەفیدزادە، حەمە ئاغای عەبدولرەحمان ئاغا، عیزەت بەگی عوسمان پاشا،

حمه سالّح بەگی حمه عەلی بەگ، شێخ محەمەد گولانی، عەبدولرحمان ئەحمەد پاشا، فایەق بابان، تۆفیق قەزاز، رەمزیی حاجی فەتاح» نوینەرانی سلێمانی لەگەڵ وەفدی بریتانیا و عێراق کۆ ببنەوە.

ئەنجامەکانی کۆبوونەوەی وەفدەکە، هەمان ئەنجامی کۆبوونەوەکەی هەولێر بووە، لێرەدا دەرفەت نییە درێژەی ئەو وتووێژانە باس بکرێ، ئەوەی من مەبەستمە، ئەوەیە لە بیرەوەریەکانی (مەعرووف چیاووک)دا دەردەکەوێت، مستەفا پاشا دوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی ساڵی ١٩٢٦، تا ساڵی ١٩٣٠ ماڵەکەی لە سلێمانی بووە. هەر وەک لە راپۆرتی بارەگای هێزی ئاسمانی بریتانیا لە عێراق کە لە ٣ی ئایاری ١٩٢٧ بۆ سەرووی خۆی بەرزی کردووەتەوە، دەردەکەوێت زۆر بێ تاقەت و دورە پەرێز بوو. لەو بەڵگەنامەیەدا نووسراوە: «مستەفا پاشا حەماسی نەماوە، تەنها قسە دەکات».

لە ئابی ١٩٣٠ ناکۆکییەکی زۆر لە نێوان بریتانیا و حکوومەتی عێراقدا لەسەر چۆنێتی مامەڵە کردن لەگەڵ نارەزایەتییەکانی ناسیۆنالیستە کوردەکان سەری هەڵدا.. (جەمیل مەدفەعی) دەیویست لاسایی تورکەکان بکاتەوە و بەهێزی چەک خواستەکانی کورد دامرکێنێتەوە، پلانەکەی مەدفەعی بریتی بوو لە:

١. بەخێرایی لە کار خستنی تۆفیق وەهبی وەک موتەسەڕفی سلێمانی.

٢. دەستگیر کردن و دادگایی کردنی هەموو ئەوانەی کە لە ١٠ و ١٣ ئاب خۆپیشاندانیان لە دژی سەردانی کردنی جەعفەر پاشا و مێجەر یۆنگ کردووە بۆ ناوچە کوردنشینەکان.

٣. لەکارخستنی فەرماندەی پۆلیسی سلێمانی، کە کوردە و گۆڕینی بە کەسێک کە کورد نەبێت.

٤. دەرکردنی هەموو ئەو مودیر ناحیە و قائیمقامانەی کە بۆچوونە سیاسییەکانیان لەگەڵ حکوومەتدا ناگونجێ.

٥. گرتنەبەری سیاسەتێکی توند لەگەڵ هەموو سەرکردەکانی کورد و پیاوە ئاینییە ناودارەکان و ئەو فەرمانبەرانەی کە بیروڕای جوداخوازییان لە مێشکدا هەڵگرتووە.

کورن والیس و مێجەر یونگ کە وەک مەندووبی سامی بوون لە عێراق، زۆر بە توندی لە دژی ئەم رێوشوێنانە بوون، پێیان وابوو دەرئەنجامێکی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە، لە جیاتی ئارام کردنەوەی ، دبێتە هۆی تەقینەوەی دۆخەکە. (دکتور عثمان علی، موقع الشخصي)

لە ئەنجامی گوشارەکانی بریتانیادا، حکوومەتی عێراقی دەست بەرداری ئەو بڕیارانە

بوو، بەڵام تۆفیق وەهبی لە سلێمانی دور خرایەوە. لە هەمان کاتدا، حکوومەت بڕیاریدا سەرەڕای نارەزایەتییەکانی خەڵکی سلێمانی لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠، هەڵبژاردن بۆ (هیئەی تەفتیشیە) بکات.

**مستەفا پاشا و شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠:**

بە پێی راپۆرتێکی (جی.سی. کجنگ) سەرپەرشتی کارگێڕیی بریتانیا لە هەولێر، کە بۆ (کینهان کۆرانوالیس)ی راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی ناردووە، ئەشرافی سلێمانی لەسەر بەشداریکردن یان نەکردن دەبن بە دوو دەستەوە: «٣ی ئەیلوولی ١٩٣٠ بە مەبەستی هەڵبژاردنی (هیئەی تەفتیشیە) لە سلێمانی، داوایان لە ئەشرافی سلێمانی کردووە ئامادەی ئەو کۆبوونەوە بن کە بۆ ئەو مەبەستە دەبەسترا، ئەشرافی سلێمانی بوون بە دوو دەستەوە، دەستەی نارەزایی کە پێکهاتبوو لە (رەمزی قەزاز، شێخ قادر، حەمە ئاغا، عەزمی بابان، عەبدول بەهەمەن ئاغا، فایەق بابان، عەبدولرەحمان ئاغا، شێخ محەمەد گولانی، ساڵح بەگ)، ئەوانەشی ئامادەی دانیشتن بوون، بریتی بوون لە (حاجی مەلا محێدین، مستەفا پاشا، غالیب ئاغا، مەجید بەگ، فایەق بەگ، حاجی رەسووڵ». (د.عوسمان عەلی، ل ١٦٧)

دەستەی نارازی ئامادەباشی تەواویان کردبوو بۆ رێگرتن لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە، تەنانەت ئەگەر کار بگاتە توندوتیژیش، بەڵام مستەفا پاشا لەگەڵ ئەوەدا نەبوو ئەم مەسەلەیە لە رێگەی توندوتیژییەوە چارەسەر بکرێت. لە ئەنجامی سور بوونی دەستەی یەکەم، مستەفا پاشا بڕیاری بێ دەنگی و بەشداری نەکردنی لە کۆبوونەوەکان داوە. «ئاشکرا بوو کە لە کۆبوونەوەکەدا نە حاجی مستەفا پاشا و نە غالیب چەلەبی و هاوڕێکانی نەدەبینران، هۆکاری ئەمەش روون نەبوو». (بروسک عبدول، ل٧٣)

فوئاد عارف (١٩١٣-٢٠١٠) کە ئەو کاتە خوێندکاری کۆلێژی سەربازی بووە لە بەغداد، بە مۆڵەت هاتبووەوە بۆ سلێمانی، پێشبینیەکانی مستەفا پاشای لەسەر هەراکەی بەردەرکی سەرا و هەڵوێستی ئەو لەسەر رووداوەکان لە دیدارێکدا لەگەڵ مامۆستا سدیق ساڵح بەم شێوەیە خستووەتەڕوو: «من ئەو کاتە تەڵەبەی کولییەی عەسکەری بووم، قەراربوو رۆژی ٦ی ئەیلوول ئێمە بگەڕێینەوە بۆ بەغداد، ئێوارەکەی [مەبەستی ئێوارەی ٥ی ئەیلوولە] جلی عەسکەریم لە بەردا بوو، (رەمزی فەتاح)م بینی، وتی با بچین بۆ ماڵی ... تۆفیق، لەوێ بینیم خەڵکێکی زۆر کۆبوونەتەوە. باسی ئەوەیان دەکرد کە بە نیازن سبەی موزاهەرە

بکەن و حاجی مستەفا پاشا نایەڵێت و ئەڵێ ئەمە دەسیسەی ئینگلیزە، ئەتانکوژن. حاجی مستەفا پاشا، پیاوێکی عاقڵ بوو، نەزەری دوور بوو، ئەیزانی چی ئەبێ و چی نابێ، ئێمە مەعەل ئەسەف بە عاتیفە ئەڕۆیشتین و بە عاتیفە ئیشمان ئەکرد، چاومان چی ئەبینی ئەوەیە. حاجی مستەفا پاشا، پیاوێکی سیاسیی کۆن بوو، ئەیزانی مەسەلەکە چییە. ئەیوت کۆ مەبنەوە لێتان ئەدەن، ئەمە ئینگلیز ئەیکا بۆ ئەوەی مەشاکیلی خۆی حەل بکا و چەند کەسێکتان لێ ئەکوژن.. خەڵکەکە ئەمەیان پێ ناخۆش بوو، وتیان ئەرێ کەس نییە ئەم حاجی مستەفایە بکوژێ؟ من لەگەڵ محەمەد رەمزی قەزاز چوین بۆ ماڵی ئەحمەد تەقی، ئەحمەد تەقی خزممان بوو، من لە ماڵی ئەوان میوان بووم، دەمانچەکەم لە ژوور سەری ئەحمەد تەقی دەرهێنا، ئێوارە تەقریبەن سەعات حەوت – هەشتی شەو بوو، لەگەڵ رەمزی قەزاز هاتین بۆ ماڵی مستەفا پاشا، ماڵیان نزیک حەمامی موفتی بوو، لە دەرگاماندا و ئەو دەمە دیوارەکان گوێسەبانیان هەبوو، حاجی مستەفا پاشا سەری دەرهێنا و وتی کێیە؟ منیش بەر دەمانچەم داو رەمزی رای کرد، دەمانچەکەم خستە گیرفانمەوە. خەڵک و پۆلیس هاتن، منیان دەناسی، وتیان کێ بوو؟ وتم کابرایەک بوو بەوێدا رای کرد... ئەو شەوە مستەفا پاشایان برد بۆ سەرای بۆ تەئمین و پاراستنی».

ئەحمەد تەقی و مستەفا پاشا سەر بە دوو رەوتی بیرکردنەوەی زۆر جیا بوون، تەنانەت لەو کاتەی ئەحمەد تەقی بە نیازی هێنانی چەک و تەقەمەنی چووبوو بۆ تورکیا، مستەفا پاشا بە شیعر هەجووی کردبوو، بۆیە داوەت کردنی فوئاد عارف لە ماڵی ئەوان و هەوڵی تیرۆر کردنی بە دەمانچەکەی ئەو، گومانی زۆر هەڵدەگرێ کە لە ئەساسەوە ئەحمەد تەقی دەستی لەو هەوەڵەدا هەبووبێ.

«رۆژی (٦)ی ئەیلوول هەموو شتێک لە سەرادا رێک خراوە بۆ ئەو هەڵبژاردنە، هەر لە بەیانیەوە پۆلیس و سەرباز بە جۆرێکی زۆر زۆر لە دەوروبەری سەرادا کۆ کرانەوە. ئەهالی ناو شاریش لە بەر دەرکی سەرادا کۆ بوونەوە و قسەیان ئەکرد و شاعیرەکان شیعر و خوتبەیان ئەخوێندەوە و هانی خەڵکیان ئەدا بۆ ئەوەی کەس دەنگ نەدا و داوای سەربەخۆیی و ئازادیی کوردیان ئەکرد». (عەلائەدین سەجادی، ل ١٢٤)

ئەوەی مستەفا پاشا پێشبینی کردبوو لە (٦)ی ئەیلوولدا روویدا، پێکهەڵپژان لە نێوان خەڵک و پۆلیس و فەوجی عەسکەردا روویدا و تا نیوەڕۆکەی بەردەوام بوو، لە ئەنجامدا (٤٥) کەس کوژرا و (١٩٥) کەسیش بریندار بوو. دوای بڵاوەپێکردنی خەڵکەکەش، ئەو

کەسانەی کە بە ڕێکخەری خۆپیشاندانەکە دەزانران، دەستگیر کران. ئەوانەش بریتی بوون لە:

١. عەزمی بەگی بابان ٢. شێخ قادری شێخ سەعید ٣. عەبدولڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا ٤. حەمە سالْح بەگی حەمە عەلی بەگ ٥. حەمە ئاغای عەبدولڕەحمان ئاغا ٦. عیزەت بەگی وەسمان پاشا ٧. فایەق بەگ ٨. شێخ محەمەدی گوڵانی ٩. مەجید ئەفەنی کانێسکان ١٠. ڕەمزی فەتاح ١١. تۆفیق قەزاز.

لە ئاماژەیەکدا بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەو بۆچوونەی مستەفا پاشا، لەوەی کە پێی وابوو (ئەمە دەسیسەی ئینگلیزە)، سەجادیش پێی وایە «ئینگلیزەکان هەر وەخت ویستبێتیان فەرمانێک لەگەڵ عەرەبەکاندا بکەن و عەرەبەکان مل پێچییان کردبێ، کوردەکانیان بۆ ڕاست کردونەتەوە بۆ ترساندنیان، کە ئیشی خۆیانیان جێ بەجێ کردووە ئەو وەختە بە چەقۆیەکی کول هاتوونەتە وێزەی کوردەکان! زۆر دوور نییە ئەمەش ڕاست بێ، چونکە لە تاریخی ئینگلیزا بەرانبەر بە قەومەکانی تر هەموو وەخت ئەم جۆرە کردەوانەیان خستووەتە کار.» (عەلائەدین سەجادی، ل ١٢٦)

**مستەفا پاشا و سلێمانی:**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خەڵکی سلێمانی ئەوەیە کە چەند ساڵ دوور بن لە شارەکەیان، هەر بەو بایە دەژین کە لە زێدی لەدایک بوونیانەوە دێت. بە دەگمەن شاعیر یا سیاسەتمەدارێکی سلێمانی دەبینی با شاعیریش نەبێ، دوای دورکەوتنەوەی شیعری بەسەر ئەم شارەدا نەوتبێ و ستایشی نەکردبێ، یان شانازیی پێوە نەکردبێ.

دوای ئەوەی ئیتیحاد وتەرەقی لە کودەتایەکی سەربازیدا عەبدولحەمیدی دووەمی لەکار لادا و لە ڕێگەی (سوڵتان محەمەد ڕەشاد)ەوە دەسەڵات گرتەدەست، دەستی کرد بە دژایەتی کردنی نەتەوەکانی دیکەی ناو ئیمپراتۆریەتیی عوسمانی. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بیری تۆرانییەت لە ناویاندا پەرەی سەند و جێگەی ئیسلامیەتی گرتەوە و سیاسەتی بەتورک کردن سەرهەڵدەدات (علي محمد الصلابي، ص٢٤٣). ئەم کارەیان وای لەو ئەفسەر و تەکنۆکراتانەی غەیرە تورک کرد، بەخۆیاندا بچنەوە و بیری نیشتمان و نەتەوەکانی خۆیان بکەنەوە.

مستەفا پاشا یامولکی یەکێک بووە لە قوربانییەکانی دەستی نەتەوە پەرەستانی ناو ئیتیحاد و تەرەقی، وەک لە پێشدا باسمان کرد، لە بەر ئەوەی وتوویەتی کوردە، بە زۆر لە

خزمەتی سەربازی خانەنشین کراوە، ١٩١٤ هەوای سلێمانیی دەدا لە کەلەی و ئەم پارچە شیعرە جوانەی بە ناوی (فەریاد)ەوە بۆ زادگای خۆی نووسیوە:

دەترسم ئـەی وەطەن بمرم، لە داغی هیجری دەردی تۆ
بـە ئـاواتم لـە بـاوەشـتا بـکەم رۆحـم سـپەردەی تۆ
لە وەقتی غـەرغـەرە توخوا دوو قەطرە ئاوی کانێسکان
فەقەط تـابووتەکەم دانێن لە بەرزیی گردەکەی سـەیوان
خـودا چـەند نیـعمەتی داوە، لـە شوکری عاجزم ئـەمما
بــــە دایم دیدە گـریانـم لـە بـۆ سەیرانی (کانی بـا)
ئـەگەر مـردم لەسەر قەبرم بنێن سەنگێ کـەنـوسـرابێ
لـە مـەحشەردا قـەرینی مـن حەفیدی شێخی نـودێ بێ
لـە هـەنگامی شـەبـابی تـا نیهایەت، عـومری ئـەو کاکە
خەریکی دەرس و تەعلیم بوو، نەبۆ چشتێ، لە بۆ چاکە
مـوبارەک مـەرقەدی کـاکـە، مـوقەددەس گردی سەیوانە
مـەقـامی خالیدی نـەقشی، خـەزێـنـەی عیـلم و عیرفـانە
لەگەڵ هەمشەهرییانی خۆم بم لە بن گردی گـولانیشدا
لە کـن مـن خـۆشـترە لـەگــەڵ سـوڵطان لــە یڵدزدا
لە داخـی شـیوی زێڕینۆک، دوو چـاوم بـەکرەجۆ ئاسا
دەڕێژێ ئەشکی حـەسرەت دڵ بە دایـم سـەرچنار ئاسا
چ خـۆشە گـردەکـەی یارە، لە دەوری بـۆنی شەوبۆ دێ
لەطیفە چیمەنی بەرتەکیە، هەموو شەو دەنگی تەسبیح دێ
لـەسەر کـارێـزی دارۆغـا، هـەتا تـویوی قـۆجە بەولاوە
بـەهـاری عـەینی فـیردەوسـە، گوڵاڵەی سووری زۆرلاوە
بڵــێ پێـم مـصطـەفــا تـو خـوا، چـڵـۆنـە سا سلێمانی
بڵێ پـاشایـەتـی و رۆحیـش فیـدای خـاکی سلێمانی

(عەبدولعەزیز یامولکی، ل١٤١-١٤٢)

مستەفا پاشا، هەرچەندە هیچ کات خۆی بە شاعیر نەزانیوە، بەڵام لەو شیعرەدا بە هەستێکی پڕ لە تاسە و شەوقەوە دیمەنێکی زۆر جوانی سلێمانی و شیو و دۆڵ و کارێز

و گردەکانیی کێشاوە و ئاواتی خواستووە لەگەڵ هاوشارییەکانیدا لەو دەشت و دۆڵانەدا بژی و ئەوەشی لا خۆشترە لە ژیانی کۆشکی یلدزی سوڵتانی عوسمانی. جگە لەوە، لە دیمەنێکی ناوازەدا مەدرەسە و مزگەوتەکەی بنەماڵەی حەفید و خانەقاکەی مەولانا پێکەوە هاوتا کردوون و هەردوکیانی بە پیرۆز داناوە.

بەڵام کاتێک دوای حەوت ساڵ لە نووسینی ئەو شیعرە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، خەڵک بە نەهامەتییەکی گەورەدا گوزەریان کردووە و زیللەت و دواکەوتوییە تاقەت پڕووکێن باڵی بە سەر کۆمەڵگادا کێشاوە، بۆیە بڕیاری داوە ئەو دۆخە بگۆڕێت بۆ ژیانێکی پڕ لە کەرامەت و سەربەرزی، ویستوویە لە (بەداوەت) دەربازیان بکات بۆ (مەدەنیەت)، بەڵام بەرنامەکەی لەمپەری زۆری هاتووتە رێگە، رەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا لەو بارەوە نووسیویە:

«لەو رۆژەی کە گەڕابۆوە بۆ سلێمانی ناو و شۆرەتێ کە لە دەرەوە هەیبووە، رووی کردبووە کزی. مەلا و توجار و کاسپ و خوێنەوار، هەموو دەستە و پۆلەکانی شاری سلێمانی، هەریەکە و بەجۆرێ لە خۆی زیز کردبوو و تۆراندبوو، واتە رەوشتێکی وای نەگرتبوو لە خەڵکی سلێمانی بیباتە پێشەوە، لە بیروباوەڕیشدا لەگەڵ کەس رێ نەئەکەوت، بە شتی ئەوتۆوە ئەنووسا کە بۆ منالیش نە ئەشیا پێوەی بنووسێ». (یاداشت بەرگی دوو، بەشی دوو ل ٤٩٢)

**سەرگوزەشتی سلێمانی**

سلێمانی تـۆ جـای شـەهسـواران و جـریدی ئەهلی بابانی
ئـەوا........................ گـردی سـەیوانی
تـفوو لـــەم چـەرخی گـەردونـە بـە حیز و دز دەدا مـەیدان
دەکاتە مەسکەنی جەربووع کـولانـەی باز و جێی شـێران
لەباتی باز و دارستان و جێ شیران، جەرێدی داری خورما هات
لە بـاتی نـاو کـوردان نـابێ.... کیسەڵ پـێ ئــەوا هات
م.خ خـۆران شـورسـتان کـە گـەیـنە ئـەزمـەر و گـوێژە
لە بـۆ کێوانی تـر ئـەڵبەت لە ئەستۆی کـورد ئـەکەن پەیژە
عـەجـەب دەورێـکە ئـەم دەورە ....... بـێ نـەوای ئالان

سـەگ و گورگ و چـەقـەڵ، سێ ........ دەچن بۆ نان
لــە بــەرچـــی وا پـەرێـشان بـن شـــاخ و داغـەوە شێران
لـــەبـەرچـــی.............................شێــران

ساڵی ١٩٣٥، ساڵێک پێش کۆچی دوایی لە بەغدا چوارینەیەکی بە ناوی (ئاهـ سلێمانی)یەوە نووسیوە:

هـەزاران پـاریـس و لـەنـدەن فیـدای تـۆ بێـت سلێمانـی
لە خـاکت بۆنـی جـەننەت دێ، حـەقیقەت شـاری مەردانی
مەبە عاجز لە قەلەکان، دەڵێن چاکترە ژێر حوکمی دیگەران
ئـەوانـە کـەللەچـی زادەن، دەکـەونە ژێر کـەرانی مـەیدان

**مستەفا پاشا و کورد، ئەرمەن و جوولەکە**

بە حوکمی دراوسێیەتی و نزیکییان لە کوردەوە، هەمیشە ئەزمونی سیاسیی و کەلتوری و یەککگرتویی و زانست دۆستی و سەنعەتکاریی ئەرمەنەکان مایەی تێڕامانی نەتەوەپەروەری کورد بووە، ئاواتەخواز بوون کوردیش وەک ئەوان بن. حاجی قادری کۆیی لە قەسیدەیەکیدا بەراوردێکی ورد و جوانی کردووە لە نێوان کورد و ئەرمەنیەکانی سەردەمی خۆی و نووسیویە:

هـەم حـەقییـانە ئـەرمـەن، غیـرەت کـەشـی یـەکترن
وەک ئێـمە نین لەگەڵ یەک، دەعـوا بکـەن بە شیران
بۆ فەننی حەرب و سەنعەت، بۆ زەبت و رەبتی میللەت
دەینێـرنـە ئـەوروپـا گـەورە و بچـووکـی خـۆیـان

مستەفا پاشا، بە هۆی ئەو پلە و پۆستانەوە کە لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەیبووە، لە نزیکەوە گەورە پیاوان و سیاسەتمەدار و رێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییە ئەرمەنی و جوولەکەکانی ناسیوە و ئاشنای کار و چالاکیەکانیان بووە. فەریدون عەتا لەو لێکۆڵینەوە دورودرێژەی کە لەسەر مستەفا پاشا نوسیویەتی، سەبارەت بە پەیوەندی مستەفا پاشا و ئەرمەنییەکان وتوویەتی: «مستەفا پاشا لەگەڵ پارتی نەتەوەیی دیموکراتی ئەرمەنی دا کە لە لایەن پاتریارکی ئەرمەنەوە پشتیوانی لێ کراوە، پەیوەندیی پتەوی هەبووە». (Ferudun

(Ata.p ٢٤١)

مستەفا پاشا لەو کاتەدا کە سەرۆکی دادگای عورفیی بووە، لێدوانێکی زۆر گرنگ و کاریگەری سەبارەت بە جینۆساید کردنی ئەرمەنییەکان داوە. لە زۆر بۆنەدا رێکخراوەکانی ئەرمەنی وەک بەڵگە لە بڵاوکراوەکانیاندا دەیهێننەوە. ئەو سەبارەت بەو تاوانە ووتویەتی: «کاربەدەستانی ئەم وڵاتە هەندێ تاوانیان ئەنجامداوە کە پێشتر کەس نەیبیستوە، هەموو ئەو کەرەستە ستەمکاریانەی کە بە خەیاڵدا نایێ بەکاریان هێناوە، لە کۆچ پێکردن و قڕ کردن و سووتاندنی منداڵەوە بگرە، تا دەگاتە دەست درێژی کردنە سەر ژن و کچەکان بە بەرچاوی کەس و کارە کەلەبچە کراوەکانیانەوە. کچەکانیان کرد بە کەنیزەک و دەستیان بەسەر دار و نەداری خەڵکەکەدا گرت، خەڵکەکەیان بەرەو میزۆپۆتامیا گواستەوە و لە رێگە زۆر کاری نامرۆڤانەیان دژیان لێوەشاوەتەوە.. هەزاران کەسی بێ تاوانیان خستە ناو کەشتییەکانەوە و دواتر فڕێیان دانە دەریاوە..». (ناجی نعمان، ٣٥٢-٣٥٣)

مستەفا پاشا، دوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، بەردەوام لە نووسینەکانیدا ویستوویە وەک حاجی قادری کۆیی ئەو هەستی ئینتمای نەتەوەیی و یەکێتییەی لە ناو ئەرمەن و جوولەکەکاندا هەبوو، بگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگای کوردی. لە ژمارە (٣)ی رۆژنامەی (بانگی کوردستان)دا، وتارێکی بە ناونیشانی (حەسەبحاڵی دووەم)ەوە نووسی ، دوای ئەوەی هەموو کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگای کوردی لە دووڕویی و بێگانە پەرەستی و خیانەت کردن لە یەک و کۆنە پەرەستی باس کردووە، نموونەی ئەرمەن و جوولەکەکانی هێناوەتەوە کە بە بەراورد بە کورد دوو گەلی بچووکن، بەڵام بە هۆی یەکگرتوویی و دۆستی و برایەتی و گەڕان بەدوای زانست و گیانی تۆڵە سەندنەوەوە، توانیویانە سەرنجی جیهان بۆ لای خۆیان راکێشن و کەس زەفەریان پێ نەبات:

«ئێوە هەر قەومی ئەرمەنی و موسەوی مولاحەظە بفەرمون، لە زۆریدا – بە نیسبەت قەومی پەهلەوی خۆمانەوە- هەرچەند شەش یەک و دە یەکیش نابن، فەقەط لە نەظەر مەعاریف و صەنایعەوە، وەک گردە گرۆێ، وەک ئەلبورز، فەرقمان هەیە. هیچ ئەرمەنییەکی قاڵکۆتەیی نییە کە ئەحواڵی ئەرمەنی ئەستەمبووڵ نەزانێ، هیچ ئەرمەنیەکی وانی نییە کە لە ئەفکار و تەشەبوثاتی ئەرمەنیانی ئەمریقا خەبەردار نەبێ. هیچ منداڵی ئەرمەنیەک نییە، کە هەموو غەزەتەی ئەرمەنی، حەتا ئەو غەزەتەی لە ئەمەریقاشەوە دێ، نەخوێنێتەوە. لە نەفسی ئەستەمبووڵدا بە زبانی ئەرمەنی غەیرەز ریسالە و کتێب، پێنج شەش لە جێگایانی تر

موتەعدید غەزەتەیان دەردەچێ. ژن و پیاو حەسەبولحەمییە، هەموو دەیکڕن و دەیخوێنن، بەم نەوعە مەغریب و مەشریق لە یەکتر خەبەردار دەبن. لە ئەستەمبوولدا مەکاتیبی مونتەظەمە، موعەلمیانی موتەفەنینەیان، مەریض خانەی مەخصووص و موکەمەلیان هەیە. لە حوکەما، لە جەواهیرچی، لە توجاری گەورە، لە ئەجزاچی، لە طەبیب، حەتا لە موحەڕیر و ئودەبا و سائیرە، قیسمێکی زۆر هەموو ئەرمەنییە. لەگەڵ یەک بەڕەحم و بە شەفەقەتن. مەثەلەن، لە ئەناطۆلیادا تەنها ئەرمەنییەک بکوژرێ، لە پایتەختی ئەڵماندا لە بەرچاوی عالەمدا بە ضەربەی دەمانچە حەق دەسێندرێ» [4].

لە شعیرێکیشدا دیسانەوە ئەرمەن و جوولەکەکانی وەک نموونە بۆ کورد هێناوەتەوە کە چۆن توانیویانە ببنە دەوڵەت، کەچی کورد هەر حەزییان لە نۆکەرییە و بەردەوام بە قسەی ناحەزان لە ناو یەکدا ناکۆکن و بەشەڕ دێن:

بزانن جوولەکە و ئەرمەن بە دەوڵەت بـوون، کـەچی ئێمە
دەڵێین هـەر نۆکـەری چـاکە لـە بـۆمـان نـۆکـەری چاکە
بـە قەولی موفسید و بـەدگۆ لەگەڵ یەک تێک مـەچن ئیتر
(بانگی کوردستان، ژمارە ٦)

مستەفا پاشا کەسێکی ناسیۆنالیستی راستەقینە بووە، سەرەڕای توانایی و شایستەگییەکانی وەک سەرکردەیەکی سیاسیی و سەربازی و دیپلۆماسی، بەڵام هیچ تەماحێکی نەبوو بۆ ئەوەی لەو کوردستانە سەربەخۆیەدا کە کاری بۆ دەکرد، پلە و پۆست وەرگرێ. دەکرێت بۆچونەکانی حاجی مستەفا پاشا یامولکی لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

یەکەم: دەیویست ئینگلیزەکان بێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە کوردستانی سەربەخۆ لە بەرژەوەندی ئەواندایە. هەروەها پێی وابوو ئینگلیزەکان تاکە هاوپەیمانی راستەقینەی کوردن.

دووەم: گەرەکی بوو کوردستانی باشوور بکاتە بنکەیەک بۆ کۆکردنەوەی سەرکردە و مونەووەرەکانی کورد، بە مەبەستی رزگارکردنی بەشەکانی دیکەی کوردستان، بە تایبەتی باکوری کوردستان و رزگار کردنی لەژێر دەستی کەمالییەکان.

سێیەم: پێی وابوو شۆڕشی چەکداری لە باشووری کوردستان لە دژی ئینگلیز هیچ

٤. مەبەستی لە "تەلعەت پاشا"یە، کە بە تۆمەتی جینوساید کردنی ئەرمەنییەکان لە لایەن مستەفا پاشاوە فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو بوو، پاشان هەڵهات بۆ ئەڵمانیا، لەوێ لە ١٥ی ئازاری ١٩٢١ لە لایەن "سوگومن تاهلیریان"ی ئەرمەنییەوە تیرۆر کرا.

ئاکامێکی نابێ.

چوارەم: شێخ مەحمودی بە سەرکردەیەکی بە توانا دەزانی بۆ یەکخستنی کوردەکانی باشوور و هەمیشە کاری بۆ ئەوە دەکرد لە تورکەکان دووریخاتەوە و نێوانی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا چاک بکات، بۆ ئەوەی ئەو دەستکەوتانە بپارێزێت کە لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانییەوە لە سلێمانی بەدەست هاتبوون.

پێنجەم: دەیویست لە رێگەی نزیک کردنەوەی سمکۆوە لە ئینگلیزەکان و دوور خستنەوەی لە کەمالییەکان، توانایی و ئازایەتییەکانی بەکاربێنێ بۆ رزگارکردنی کوردستانی باکوور.

شەشەم: دەیویست ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی لە رێگەی (جەمعییەتی کوردستان) و رۆژنامەی (بانگی کوردستان)ەوە لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا گەشە پێ بدات.

**مستەفا پاشا و بیری پان ئێرانیستی:**

ئەگەر بە وردی لە ووتارەکانی مستەفا پاشا بکۆڵینەوە، ئەو راستییەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە ئەو ناسیۆنالیزمەی کە ئەو کاری لەسەر کردووە لەسەر دوو کۆڵەکەی (یەکێتی زمان و یەکێتی مێژوو) بونیاد نراوە. دەیویست لە رێگەی ئەو دوو کۆڵەکەوە، یەکێتی هەست و نەست و یەکێتی کەلتوور و یەکێتی هیوا بە دوارۆژ، لە ناو کوردەوارییدا دروست بکات. بەڵام هیچ کاتێک مەسەلەی گەشە سەندنی ئابووریشی پشت گوێ نەخستووە.

بیروباوەڕە ناسیۆنالیستییەکانی مستەفا پاشا، هیچ پاڵنەرێکی کۆنەپەرەستی یان ئاینی، یاخود رەگەز پەرەستی، لە پشتەوە نەبوو. ئەو دەیویست کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە بگاتە مافە رەواکانی خۆی و بەکەرامەت و ئازادی بژی.

پاشا لە نوسینەکانیدا ئەوە دەخاتەڕوو کە کوردیش لە رابردوودا خاوەن شارستانیەت و کەلتوری خۆی بووە و ئێستاش دەیەوێت وەک نەتەوە ئازادەکانی دیکە، بەشدار بێت لە شارستانیەتی مرۆڤایەتی. بەڵام ئەو شارستانییەتە کامەیە کە مستەفا پاشا باسی لێوە دەکات؟

مستەفا پاشا بۆچوونەکانی لە خزمایەتی نەتەوە ئێرانییەکان و رادەی نزیکایەتی کورد لێیان بەم جۆرە دەخاتەڕوو: «نەتەوەی کوردی ئێستا کە پاشماوەی حکوومەتەکانی «ماد»ن، لە نەوەکانی بنجی پەهلەویی ڕەسەنن، کاتی خۆی لەگەڵ مازەندەرانییان و ئەفغانییان ئێرانی کۆنیان پێکهێناوە، لە مێژووە کۆنەکانی فورس و زنجیرە گێڕانەوە

میللییەکاندا، ئەو شوێنانەی ئەمڕۆ کوردی لێ نیشتەجێن، خەڵکەکەی کۆن بە گشتی بەناوی پەهلەوی ناسراون»

ئاشکرایە پێش هاتنی ئیسلام زمانی (پەهلەوی)، زمانی ئێرانییەکان بووە. نزیکترین زمانیش لەو زمانە مێژوویە، زمانی کوردییە، بە درێژایی مێژوویش، کوردەکان پێکهێنەرێکی سەرەکی ئیمپراتۆرییەتی ئێرانی بوون. بۆیە بە لای مستەفا پاشاوە شارستانییەتی ئێران، تەنها موڵکی فارسەکان نەبووە، دەبێ کوردیش خۆی بە خاوەنی بزانێت. هەر لە بەر ئەوەیە لە زۆربەی وتارەکانیدا (پەهلەوی) هەم وەک زمان و هەم وەک شارستانیەت بە موڵکی کورد دەزانێت:

- ئەسەلام و عەلەیکوم ئەی قەومی قەدیمی (پەهلەوی)..

- ئێوە هەر قەومی ئەرمەنی و موسەوی مولاحەظە بفەرمون لە زۆریدا بەنیسبەت قەومی (پەهلەوی) خۆمانەوە هەرچەند شەش یەک و دە یەکیش نابن...

- دەترسم بمرم و ئەی وەطەن نەبینم بەختیاری تۆ
هومای (پەهلەوی) کەی بێ بەسەر کوردا بنیشێتۆ

- برا کرمانج و کورد و لوڕ هەموو یەک بین لەگەڵ زازا
کە ئێوە (پەهلەوی) ئەصڵن، بزانن ئەهلی ئۆروپا

- ئەی جەوان مەردانی کوردان! ئەی نەتەوەی ماد و (پەهلەوی)یان! بخوێنن، بنوسن. ئێوە و خوا...

- دەوڵەمەندێکی بە غیرەت و ئاغایەکی وەطەن پەروەر و بەهیممەت وەکو ئەو (حەجاجی ئیبن یوسف)ە خزمەتێکی بۆ قەومی کورد و بۆ چاک نووسین و خوێندنی زبانی (پەهلەوی) بکردایە....

ئەم تێڕوانینە تێڕوانینێکی سەرپێی و نەژادپەرەستانە نەبووە، بەڵکو لە شارەزایی و تێگەیشتنەوە هاتووە. یامولکی پێی وایە کورد دەبێ خۆی لە شارستانیەتی ئێرانی دانەبڕێت و بە هی خۆی بزانێت. تەنانەت لە کاتی سەردانەکەی بۆ لای سمکۆی شکاک، هەوڵی داوە قەناعەتی پێ بهێنێت لەگەڵ فارسەکاندا جەنگ راگرێت و روو لە دووژمنی سەرەکی بکات کە (عەجەمەکان - تورکەکان)ە:

«باشە تۆ هەوڵ ئەدەی بۆ ئەوەی کورد رزگار و ئازاد بێت و سەربەخۆییان بۆ ساز بکەی، ئەی بۆچی پێش هەموو شتێک ناوچەی وان و ئەرزڕوم و بتلیس و هەکاری و

خەرپوت رزگار ناکەیت و ئەو خەڵکەی ڕێک ناخەی کە ماوەیەک لەژێر جەور و ستەمی تاقمەکەی مستەفا کەمالدان؟ بۆچی ئاڵای تایبەتی خۆت هەڵناکەی هەتا دەری بخەی کە مەبەستت لەو جوڵانەوەیەت خوێنرشتن نییە، بەڵکو مەبەستت سەربەخۆییە، بۆچی هەوڵ نادەی بە ئاشتی و خۆشی لەگەڵ فارسەکاندا ڕێک بکەویت؟»

ئەم بۆچوونە بە تەنها هی مستەفا پاشا نەبووە، بەڵکو سەرکردە و ڕابەرانی دیکەی کوردیش، لە سەروی هەموویانەوە شەریف پاشا بۆچونێکی وای هەبووە و تەنانەت تا ڕادەی وتوویژ کردن لەگەڵ سەرانی ئێران و لکاندنی کوردستان بە ئێرانەوە چوەتە پێشەوە.

لە سەروبەندی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس، دوای مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر کە قەراربوو بە پێی پەیمانەکە کوردی باکور سەربەخۆیی پێ بدرێت. بەڵام ئینگلیزەکان لەگەڵ ئەتاتورکدا کەوتوونەتە سەوداکاری و بە تەمای مۆرکردنی پەیمانی لۆزان بوون.

شەریف پاشا کە لە مەترسیی دۆخەکە تێگەیشتووە، لەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران و باڵوێزی ئێران لە پاریس، پەیوەندی دەبەستێ، ئێرانییەکان داوای لێ دەکەن لەگەڵ ئینگلیزەکاندا وتوێژ بکات و ڕازییان بکات بەوەی ناوچە کوردنیشینەکان لە جیاتی ئەوەی بلکێنرێن بە ئەرمینیا و عێراقی عەرەبییەوە، با بخرێتە سەر ئێران. شەریف پاشا بیرۆکەکەی بەدڵ بووە و داوای لە وەفدی ئێرانی کردووە نامەیەکی ئەو بگەیەنن بە (نامیق بەگ) کە یەکێک بووە لە سەرۆک هۆزەکانی مووسڵ.

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە ڕضا آذری بڵاوی کردووتەوە لە نامەکەدا نووسراوە:

«دۆخی ئایندەی کوردستان زۆر دژوارە، بە دڵنیاییەوە دەوڵەتی عوسمانی دابەش دەبێت. دەیانەوێت کوردستان بلکێنرێت بە ئەرمەنستان و عەرەبستانەوە. من و سەرۆکەکانی کوردستان وەک شێخ عەبدولقادر ئەفەندی و مستەفا پاشا و ئەوانی دیکە، باوەڕمان وایە کوردستانی عوسمانی بخرێتە سەر سەڵتەنەتی ئێران، بۆ ئەوەی دین و نەتەوەکەمان پارێزراو بێت، ئێوەش لەم بارەوە هەنگاو هەڵنێن و لەگەڵ مەحمود پاشای سەرۆکی هۆزی جاف ڕێکەون و خەڵکی هان بدەن داواییەکی لەو چەشنە بکەن» (رضا آذری شهرضایی، ص ۱۹۷).

لە نامەکەدا دەردەکەوێت کە مستەفا پاشا ئاگاداری ئەو کەین و بەینەی نێوان ئێرانییەکان و شەریف پاشا بووە. ئەم پرۆژەیە کە وادیارە پرۆژەیەکی هاوبەشی هەندێ لە سەرکردەکانی جەمعیەتی تەعالیی کوردستان و شەریف پاشا و ئێرانییەکان بووە، لە لایەن

مستەفا پاشاوە کار بۆ جێبەجێ کردنی کراوە و هەوڵی داوە بازنەی لایەنگرانی پرۆژەکە فراوانتر بکات و عەشیرەتێکی گەورەی وەک جاف و سەرکردەیەکی وەک مەحمود پاشای جاف بهێننە ریزی خۆیانەوە.

بەڵام رەوتی رووداوەکانی ئێران و کوردستان و ناوچەکە رێگربوون لە سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیە.

# بەشی چوارەم
# کوردایەتی لە سەردەمی
# داگیرکاریی عێراقدا

## نێوان ١٩٢٤-١٩٢٦

دوای ئەوەی ١٩ی تەموزی ١٩٢٤، ئینگلیز و عێراق دەستیان بەسەر سلێمانیدا گرت و بەیەکجاری خستییانە سەر عێراق، مستەفا پاشا بۆ ماوەیەک لە کەرکووک و دواتر لە بەغدا نیشتەجێ بووە، بەڵام بە وردی چاودێریی بارودۆخی نەک هەر کوردستانی باشووری کردووە، بەڵکو وەک چۆن کەمالییەکان چاودێری ئەویان کردووە، ئەویش بە هەمان شێوە ئاگاداری کەمالییەکان و ئەو قەتڵوعامەی بووە کە لە باکوری کوردستاندا بەڕێوەچووە، ١٩٢٤/١٠/١ بە ناوی سەرۆکی (جەمعییەتی کوردستان)ەوە نامەیەکی بۆ (کۆمەڵەی گەلان) ناردووە و لەو نامەیەدا ئاماژەی بە سیاسەتی کوشتاری کەمالیستەکان دەرحەق بە کوردەکانی باکوری کوردستان داوە و داوای کردووە گوێ لە لاف و گەزافی کەمالییەکان لەسەر مووسڵ و کەرکووک نەگرن، چونکە ئەو شوێنانە خاکی کوردن.

### خولی سێیەمی بانگی کوردستان

مستەفا پاشا دوای سەقامگیر بوونی لە بەغدا،ساڵی ١٩٢٦ جارێکی دیکە کەڵکەڵەی دەرکردنی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) و دامەزراندنی (جەمعییەتی کوردستان) لە

کەلەی دایەوە. لە نێوان کانوونی دووەم - نیسانی ئەو ساڵە، سێ ژمارەی تری (بانگی کوردستان)ی بڵاوکردەوە.

جەمال خەزنەدار هۆکاری دەرکردنی ئەو ژمارانەی لە بەغدا گەڕاندووتەوە بۆ «دامەزراندنی حکوومەتی ئەهلیی لە عێراق و بڵاوکردنەوەی بڕیارەکانی عوصبتەل ئومەم، کەوتوەتە خۆ بە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی (بانگی کوردستان) بۆ جاری سێیەم، بە نیازی ژیانەوەی کۆمەڵەی کوردستان و هۆشیار کردنەوەی هەستی نەتەوایەتی لە کن رۆڵەکانی کورد و پتەو کردنی دۆستایەتی کورد و عەرەب». (جەمال خەزنەدار. ل ٢٠)

هەر لەو ژمارەیەدا سیاسەتی نوێی رۆژنامەکەی خستووەتەڕوو، وتوویە:

«بانگی کوردستان خذمەتی وەطەن و ئینسانیەتە، هەرچی راستە دەینووسێت، هەرچی حەقە دەیبێژێت، هەر کەسێک هیممەتی بۆ وەطەن و ئینسیانییەت و بۆ قەومی خۆی بوبێت و بیزانین، لەلامان وەصفی ئەو ذاتە جائیزە، بەڵکوو صوورەتیشی دەکێشرێت. ئەوەی ضەرەری بۆ کوردایەتی هەیە و حەز لە بوونی کوردی ناکا، تەرجەمەی حاڵی ئەوانش دەرج دەکرێت، تا فەرزەندانی وەطەن بیناسن و لێی عیبرەت وەرگرن!».

لە لاپەڕەی دووهەمی رۆژنامەکەدا، لە وتارێکدا بە ناونیشانی (سەیری دونیا کەن) تێڕوانینی خۆی بۆ رووداوە خێراکانی ئەو سەردەمە نیشانداوە کە کۆمەڵگاکان لە چ بگرەو بەردەیەکدا ژیاون:

«لەم جیهانەدا بەعضێ قەوم هەر های و هووی هەیە، لە دراوسێی خۆیان دەترسن. هەندێکیان جرت و فرتیان پێ کەوتوە، گەلێکیان بۆ ئیستیقبال بە گەرمی هەوڵ دەدەن، قیسمێکیش لە ترسی غەیرە نەخۆشن، بۆ چاک بوونەوە خەریکی داو دەرمانن. بەعضێکی تریش لنگەفرتێ دەکەن، گیان دەدەن. هەندێکی تریش خەبەریان لە عالەم نییە، ئەوەی گەورەیە بچوک دەخوا، ئەوەیش بچووکە بێ دەسەڵاتە، لە قوڕاوا پەرێشانە، قیسمێک لە تەکیە و خانەقادا سەرێ دەدەن، بەعضێکی تریان تەکیە و مزگەوتیان لێ داخراوە، نازانن سەر بە کوێدا بکەن. هەندێکیش شەبقەیان لە لا وەک دیارییەکی موبارەکە، بەعضێکیش لەبەر شەبقە لەسەرنان دەکوژرێت». (ب.ک. ژمارە ١٤-١)

لە بڕگەی دووەمیشدا، پانۆرامایەکی رووداوە جیهانییەکان و بارودۆخی وڵاتە زلهێزەکانی ئەو سەردەمەی، ئینگلیز و فەرەنسا و ئەڵمانیا، بەم جۆرە خستووەتە بەرچاو:

«ئینگلیز بۆ تەئمینی حاڵ و ئیستیقبال بە گەرمی هەوڵ دەدا، بۆ خاطری هیندستان

عێراقیش ئاوەدان دەکا و بەڵکوو یاریدەی ئێرانیش دەدا.

فەرەنسا لە بەر ئەحواڵی ریفەکان و سووریە و هەڵسانی گەورەی دورییەکان و لە بەر بێ رەنگی و بێ قەراریی تورکە کەمالییەکان جرت و فرتێکی عەظیمی پێ کەوتوە، لە دۆستانی خۆشی تەئمین نییە.

ئەڵمانیایش بۆ تەلافیی مافات، بۆ دامەزراندنی کاروباری تیجارەتی قەدیمی خۆی، بە گەرمی مەشغووڵی صەنایع و رێکخستنەوەی سیاسەتی خۆیە...» (ب.ک. ژمارە ١٤-١)

دواتر باسی لە هەوڵەکانی ئیتالیا و ئیسپانیا و رووس و میسر و ئال سعوود و ئیمامی یەمەن و ئەمریکای کردووە کە هەر هەموویان کەوتوونەتە خۆیان و هەرکەسە و بە شوێن بەرژەوەندیەکانی خۆی و نەتەوەکەی دەگەڕێ، جگە لە کوردستان کە لە دۆخێکی پەرێشاندایە، یامولکی هۆکاری ئەم دۆخەی بردووتەوە بۆ نائاگایی خەڵک لە رووداوەکان و «غەزەتە- رۆژنامە»ی بە باشترین رێگە زانیووە بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵک: «غەزەتەمان نییە، ئەگەر بشبێت، خادیمی فکری عەمر و زەیدە، ئەحواڵی خۆمان نانوسێت و ئێمەش حەظی پێ ناکەین». (ب.ک. ژمارە ١٤-١)

دواتر رەخنەیەکی توندی لە کۆمەڵگای کوردی و سەرانی کورد گرتووە کە چۆن هەر لە خەیاڵی سەردەمی عوسمانیدا ژیاون و قالیچەی ئێرانیان بە بەرتیل داوە و لە ئێستاشدا ئەسپیان بۆ ئوزدەمیر ناردووە و لە سلێمانییەوە جلیان بۆ ئەفسەرەکانی ناردووە بۆ رانیە:

«هەر خەفەتی شتێک دەخۆن کە تورکەکان نەمان، چونکی ئەو وەقتە ئێمە بە پەردەپڵاو، بە قالیچەی ئێرانی، بە پارەی حەڵاڵی خوردەی عالیعالی رامان دەگرتن، دەرحەق بە یەکتری مەضبەطەمان دەدانێ، ئاهـ ئەو وەقتە چ خۆش بوو! ئاهـ ئەو ئوزدەمیرە بێ غیرەتە کە بە دووصەد عەسکەری جەوالی لەڕ و برسی و سواڵکەر دێتەوە رەواندز، تا دیسان ئەسپی یەدەگی بۆ بنێرین، لە سلێمانی جل بۆ ضابطەکانیان بکەین و بۆ رانیەی بنێرین».

کۆتایی وتارەکەی بەوە هێناوە: «کورد هەر کارێک کە ئینگلیزی تیابێ، پێیان خۆشە، چونکە ئەمینن بۆ کوردایەتی سەربەستیەکی خۆش و خۆماڵی دەبێت. لەبەر ئەمە ئێستا ئەهالی سلێمانی و رەواندز و هەولێر و ئامێدی و زێبار و ژنگار کەوتوونەتە ئاسوودەگی». (ب.ک. ژمارە ١٤-١)

هەرچەندە مستەفا پاشا لە وتارەکانیدا زیاد لە پێویست، هەندێ جار تا رادەی زیادەڕۆیی

وەسفی ئینگلیز و دڵسۆزیی بۆ کورد کردووە و ویستوویە وای پیشان بدات کە کورد دەسەڵاتی ئەوانی لا باشترە تا هی عەرەب و تورک، بەڵام ئینگلیزەکان هەمیشە لە قۆناغە جیاجیاکانی ناسینی ئەودا، زۆر لێی دڵنیا نەبوون و پشتیان پێ نەبەستووە. بۆ نمونە، ساڵی ١٩٢١ لەو کاتەی دەیەوێت لە ئەستەمبووڵەوە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، لەو راپۆرتەدا کە (هۆراس رامبۆلد) موعتەمەدی سامی بریتانیا لە ئەستەمبووڵەوە بۆ (لۆرد کیرزۆن) ناردوە، وا باسی مستەفا پاشای کردووە:

«مستەفا پاشا کەسێکی دەست پاک و نییەت پاکە، چالاکە، بەڵام نهێنی پارێز نییە، بە رادەیەک گەر لەژێر دەستێکی وریادا نەبێ، سوودی لێ نابینرێت. ئەگەر بەباشی بە کار بێت لەوانەیە سوودی لێ ببینرێت، مەبەستم لە دەسەڵاتدارانی بریتانیایە لە میزۆپۆتامیا». (عزیز الحاج، ص ١٤٤)

هەروەها دوای نزیکەی حەوت ساڵ لە ٣ی ئایاری ١٩٢٧دا، لەو راپۆرتەی کە دەستەی ئەرکانی ئیستیخباراتی هێزی ئاسمانی بریتانیا لە عێراق ناردویەتی بۆ ئەفسەری کارە تایبەتەکان لە مووسڵ و کەرکووک و سلێمانی، جارێکی دیکە وەسفێکی نزیک لەوەی پێشووی مستەفا پاشای کردووە و وتوویە: «دەسەڵاتی زۆر کەمە، گوڕوتینی نەماوە، تەنها خەریکی قسەیە.. عەزیزی کوڕی باشترە لە باوکی». (عبد الفتاح البوتاني، ص ٢٣٨) لە هەڵبژاردنی مەبعووسانی سلێمانیشدا ساڵی ١٩٢٦ رازی نەبوون ببێتە نوێنەری سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا.

**لە بەغدادەوە بۆ سلێمانی:**

دوای (رۆیشتنە عومومییەکە)ی ساڵی ١٩٢٣، مستەفا پاشا لە بەغدا نیشتەجێ بووە و بۆ ماوەیەک لە سلێمانی دابڕا، بەڵام لەو ماوەیەدا درێغی لە کوردایەتی نەکردووە، دوا ژمارەی رۆژنامەی (بانگی کوردستان) کە (١٤-٣) بووە، لە ١٩٢٦/٤/١ دەرچووە، دوای ئەوە ١٩٢٦/٥/٢٦، واتە نزیکەی دوو مانگ دواتر، گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، ئیتر رۆژنامەکەش دەرنەچووە. رۆژنامەی (ژیان) لە ژمارە (١٨)دا کە لە ١٩٢٦/٥/٢٧دا دەرچووە، سەروتاری خۆی بۆ هەواڵی گەڕانەوەی مستەفا پاشا تەرخان کردووە، لەبەر بایەخی ناوەڕۆکەکەی، وەک خۆی لە خوارەوە بڵاوی دەکەینەوە:

حاجی مستەفا پاشا

چەند کەلیمەیەک دەرحەق بەم زاتە موحتەرەمە

یەکێک لە پیاوە گەورە بەناوەکانی میللەتی نەجیبەی کورد کە لایقە ئیفتیخاری پێوە بکرێ، بە راستی بۆ قەومییەت و تەرەقیی میللەتی خۆی سەعی کردبێ، بۆ گەیشتن بەم غایە موقەددەسە لە تێگەیشتن دوانەکەوتبێ، صاحێبی ئیمتیازی (بانگی کوردستان)ی غەڕڕا سەعادەت مەئاب جەنابی حاجی مستەفا پاشایە.

ئەم زاتە لە خۆمان زیاتر لە ناو میللەتانی تردا، ناسراوتر تەقدیر کراوترە. ئەگەر بێت و ئەوصاف و خەصائیلی جەمیلەی موشار ئیلەیهی زیکر و بەیان بکەین، لە ڕێی میللەتدا کردەوەکانی بژمێرین، ئەبێ پەڕەها رەش بکرێتەوە، کە ئەمەش موساعیدی حال و حەجمی غەزەتەکەمان نییە. لەبەر ئەمە بە ئیعتیباری عوومومی ئەتوانین بڵێین، موشار ئیلەیهی ذاتێکی صاحیب هیممەت و بە حەمییەتە، میللەت و میللیەتی خۆی لا موقەددەس و خۆشەویستە، بە راستی میللەت بە هەموو مەعنای حەقیقیەوە لەودا تەجەللی کردووە.

جەنابی مستەفا پاشا لە رۆژی رۆیشتنە عوومومییەکەوە تەشریفی چووەتە بەغدا، لەوێش لە خزمەت و هەوڵدان فەرامۆش نەبووە. زۆر دەمێکە فکری هاتنەوەی هەیە، فەقەط لە بەر بەعضێ ئەسباب خصووصیەوە مووەفەق نەبوە، رۆژی جومعەی رابردوو، تەشریفی هاتوەتەوە، عالەمی سلێمانی لە هاتنەوەی مەسرورە، عەرضی بەخێر هاتن و تەمەننای سەعادەتیان ئەکەین. (ژیان، ژمارە ١٨)

**١٩٢٦ هەڵبژاردنی بۆ مەجلیسی نوواب:**

١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٤ مەلیک فەیسەڵ مەلیکی عێراق بڕیاری لەسەر هەڵبژاردنی مەجلیسی نووابی عێراق داوە. سیستمی هەڵبژاردنەکە راستەوخۆ نەبووە، بەڵکو بە سێ قۆناغ بووە. قۆناغی یەکەم لیستی ناوی ئەوانەی کە مافی بەشداریکردن لە دەنگدانیان هەیە، دیاری کراوە. سەرەتای کاری پەرلەمانی لە عێراق، ژنان مافی ئەوەیان نەبووە دەنگ بدەن. لە ناو پیاوانیشدا تەنها ئەوانەی توانای داراییان هەبووە و باجیان داوە، دەنگیان داوە و پێیان وتراوە (مونتەخەبینی ئەوەلی). ئەمانە دەنگیان بە نوێنەری گەڕەک و گوند و ناحیەکانی خۆیان داوە کە پێیان دەوترا (مونتەخەبی سانەوی). دوای دەرچوونی ئەو کەسانەی کە بە مونتەخیبی سانەوی هەڵدەبژێران، ئەوان مەبعووس (نائیب)ەکانیان دیاری کردووە.

٩ی حوزەیرانی ١٩٢٥ هەڵبژاردن دەستی پێ کردووە. لە کەرکووک و هەولێر وەکو باقی شارەکانی دیکەی عێراق لە کاتی خۆیدا هەڵبژاردن بەڕێوەچووە. بەڵام بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی سلێمانییەوە هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا نەکراوە و دوا خراوە بۆ ڕۆژی ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٢٥. لەو ڕۆژەدا سلێمانیش مەبعووس (نوێنەر)ەکانی هەڵبژاردووە و ئەم کەسایەتییانە دیاری کراوە:

محەمەد ساڵح بەگی عەلی بەگ، میرزا فەرەجی حاجی شەریف، ئەمین زەکی بەگی بینباشی ئەرکانی حەرب، ئەحمەد بەگی عوسمان پاشا. بەڵام ئەحمەد موختار بەگی جاف کە دیویە دۆخەکە بەو جۆرە نییە کە ئەو چاوەڕوانی کردووە، دەستی لە کار کێشاوەتەوە.

بەڵام زۆری پێ نەچووە ڕۆژنامەی (ژیان) لە ژمارە (٣)ی ٤ی شوباتی ١٩٢٦دا هەواڵی دەست لە کارکێشانەوەکەی بەم جۆرە بڵاو کردووەتەوە:

ئیعلان

بە پێی تلگرافێکی بێ تەل کە لە وەزارەتی جەلیلەی داخلییەوە بۆ مەقامی موتەسەڕفی هاتوە ئەحمەد موختار بەگ لە مەبعووسی ئیستعفای کردووە و ئصوڵەن لە جیاتی مووما ئیلەیهی مەبعووسێکی تر ئینتخاب بکرێ. بینائەن عەلەیهی هەر کەس تالیبە بۆ مەبعووسی، لە تاریخی ئینتیشاری ئەم ئیعلانەوە لە غەزەتەی ژیان دا تا دوو هەفتە نامزەدی خۆیی ئیعلان بکا.

دائیرەی بەلەدییەی سلێمانی

دوابەدوای ئەو ئیعلانە کۆمەڵێک لە پیاوماقووڵ و کەسایەتییە دیارەکانی سلێمانی. لە ژمارە (٦)ی ڕۆژنامەی ژیان دا بە ناوی خۆیانەوە ئاگادارییەکیان بڵاوکردووەتەوە و داوایان کردووە لە جێگەی ئەحمەد موختار بەگی جاف، کەسایەتیی دیاری سلێمانی مستەفا پاشا یامولکی دابنرێت.

بۆ مودیری مەحتەرمی غەزەتەی ژیان

ئێمە کە لە ئەشراف و توجار و مونەووەرانی سلێمانین، لە بەر ئەوەی کە حاجی مستەفا پاشا بە زاتێکی موقتەدر و بە لیاقەت ئەزانین و بۆ ئەوەی کە سلێمانی لە مەجلیسی نووابدا تەمثیل بکات، لەگەڵ سەد کەس لە ڕەفیقمان، نامزەدیی موشار ئیلەیهی ئیعلان دەکەین و لە مونتەخەیب ثانییەکانمان ئومێد ئەکەین کە بۆ مەبعووثی ئینتخابی بفەرموون.

فەتاح بەگزاد، عەبدول رەحمان ئاغازادە، محەمەد ناجی، حاجی ئیبراهیم خەفاف، حاجی حەسەن ئاغا زادە، موحامی رەفیق، تۆفیق قەزاز، رەشید مەستی، مەعروف بەگزاد فایەق، حاجی شەریف زادە فەتاح، حاجی فەتاح زادە رەمزی. (ژیان، ژمارە ٦)

بە پێی بەڵگەنامەکانی ئینگلیز، هۆکاری سەرنەکەوتنی مستەفا پاشا ئەوە بووە کە «هۆزەکان دژی ئەو لەو هەڵبژاردنەدا دەنگیاندا و نوشستیی هێنا»(د.عوسمان عەلی، ل٢٤١) بەڵام نەوشیروان مستەفا پێی وایە ئینگلیزەکان رازی نەبوون بەوەی مستەفا پاشا ببێت بە ئەندامی مەجلیسی نوواب و لەو بارەوە وتووە: «پێ ناچێ ئینگلیز رای لە حاجی مستەفا پاشا بوبێ، لەبەر ئەوە هەڵنەبژێراوە». (نەوشیروان مستەفا، کتێبی دووەم بەرگی دووەم، ل ٥٩)

**١٩٢٨ خۆپاڵاوتن بۆ مەبعووسی:**

مانگی ئایاری ١٩٢٨ هەڵبژاردن بۆ خولی دووەمی مەجلیسی نووابی عێراق دەست پێ کرد، ئەم جارەیان سلێمانی بڕیاری دا بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا بکات. چەند کەسێکی ناوداری سلێمانی خۆیان بۆ (مەندوب)ی نامزەد کرد. لەوانە (حاجی مستەفا پاشا یامولکی) لەسەر گەڕەکی گوێژە.

رۆژنامەی ژیان ٥ی نیسانی ١٩٢٨، لە ژمارە (١٠٨)دا هەواڵی خۆ پاڵاوتنەکەی بەم شێوەیە بڵاوکردەوە:

«لە ئەشرافی سلێمانی، موتەقاعید میرلیوای ئەرکانی حەرب، موحتەرەم حاجی مستەفا پاشا بۆ مەبعووسی لیوای سلێمانی نامزەدی خۆی وەضع و ئیعلان فەرمووە».

٩ی ئایاری ١٩٢٨ هەڵبژاردنەکە دەستی پێکرد، لە ئەنجامدا چەند کەسێک لەوانەی خۆیان پاڵاوتووە دەرچوون. رۆژنامەی ژیان ١٧ی ئایاری ١٩٢٨ لە ژمارە (١١٤)دا بەم جۆرە ناوی براوەکانی ئاشکرا کردووە:

«لە دوای تەواو بوونی ئینتیخابی مونتەخیبە سانوییەکانی لیوای سلێمانی، لە ١٩٢٨/٥/٩، لە نەفسی شار و لە هەموو مەرکەزی قەزای مولحەقەدا دەست کرا بە ئینتخابی مەبعووسان، نەتیجە جەنابان مەعالیی ئەمین زەکی بەگ و سەیفوڵڵا بەگ و سەبری بەگی حاجی عەلی ئاغا و محەمەد ساڵح بەگ، ئەکسەریەتییان ئیحراز کرد و بوون بە مەبعووس، خوا لێیان موبارەک کا، تەمەننای مەوەفەقییەت و خدمەتیان ئەکەین».

بەم جۆرە حاجی مستەفا پاشا، لەم هەڵبژاردنەشەدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

نەوشیروان مستەفا سەبارەت بە شێوازی هەڵبژاردنەکە و هۆکاری دەرنەچوونی مستەفا پاشا، نوسیویەتی «حکوومەت بۆ ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە مسۆگەر بکات و ئەو نائیبانە دەربچێنێ کە خۆی دیاری کردوون، هەمیشە هەوڵی داوە مونتەخەبینی سانەوەی لەوانە هەڵبژێرێن کە گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی حکوومەت بوون. وەکو لەو ناوانەدا دەرئەکەوێ...» (نەوشیروان مستەفا ک٢ب٢، ل٨٦)

کەمال رەئوف محەمەدیش لە کتێبەکەیدا بۆچوونی پیرەمێرد لەسەر هۆکاری دەرنەچوونی مستەفا پاشا لە هەڵبژاردنەکەدا، بەم شێوە نووسیوە:

«پیرەمێردی رۆژنامەڤان لە یادکردنەوەی دیموکراتییەدا، ئاماژەی کردووە کە هەردوو جارەکە وەک ئاگادارە- قاقەزی دەنگ پێدانی گۆڕاوە و ساختەی لێ کراوە». (کەمال رەئوف محەمەد، ل ٥٥٤)

ئەگەرچی لە هەردوو هەڵبژاردنەکەدا ئینگلیزەکان رۆڵی کاریگەریان هەبوو لە سەرکەوتنی ئەوانەی بۆ مەجلیسی نووابی عێراقی دەردەچوون، بەڵام ئەمجارەیان حکوومەتی عێراقیش لە رێگەی پالاوتنی فەرمانبەرەکانی خۆیەوە بۆ مونتەخەبینی سانەوەی، رۆڵی بەرچاوی گێرا لە پشتگیریی کردنی ئەو کاندیدانەی کە خۆی دەیویست دەرچن بۆ مەندووبی. بۆیە نە حکوومەتی عێراقی و نە ئینگلیزەکان رێگەیان نەدەدا کەسێکی ناسیۆنالیستی راستەقینەی وەک مستەفا پاشا کە هەموو خەم و خەفەتێکی بەدەست هێنانی مافەکانی کورد بوو، بۆ پەرلەمان سەرکەوێت.

**مستەفا پاشا و جەمعییەتی زانستی کوردان**

(جەمعییەتی زانستی کوردان) ٢٧ی کانوونی دووهەمی ساڵی ١٩٢٦ لە لایەن (رەمزی حاجی فەتاح، رەفیقی موحامی، فایەقی مەعرووف بەگزادە...) و چەندین کەسی ترەوە دامەزراوە. ئەم کۆمەڵەیە دواتر هەڵبژاردنی کردووە و دەستەی بەڕێوەبەری پێکهاتووە:

ئەحمەد بەگ، سەرۆک (موتەسەڕیف)

جەمال بەگی بابان سکرتێر (قازی)

فایەق بەگ موحاسیب (دەرەبەگ

ئەندامەکانیشی بریتی بوون لە:

شێخ مستەفا قەرەداغی (قازی)

عیزەت بەگی کوڕی وەسمان پاشا (پیاوماقووڵ)
ئەحمەد ئاغای عەبدولڕەحمان ئاغا
ڕەمزی ئەفەندی (بازرگان)
ئامانجەکانی جەمعییەت وەک لە ژمارە (١١)ی ڕۆژنامەی ژیاندا هاتووە بریتیی بوون لە:
١. نەشری غەزەتە و ڕەسائیلی مووەقەتە.
٢. تەرجەمە و تەئلیفی کتێبی تەدریسییە و سائیرە.
٣. مەکتەب کردنەوە و ئیجرای تەدریسات بە ڕۆژ و بە شەو.
٤. بە سوورەتی موحازەرە ئەهالی تەنویر کردن.
٥. بۆ ئیکمالی تەحسیل بۆ مەمالیکی موتەرەقییە قوتابی ناردن.

مستەفا پاشا لە سەرەتادا نە لە دوور و نە لە نزیکەوە خۆی لە قەرەی ئەو جەمعییەتە نەداوە، بەڵام دوای ئەوەی لە مایسی ١٩٢٦ گەڕایەوە بۆ سلێمانی بەمەبەستی پڕوپاگەندە کردن بۆ خۆ کاندید کردنەکەی، لەسەر داوای هەندێک لە ئەندامەکانی کە پشتیوانییان لێ کردووە، لێیان نزیک دەکەوێتەوە. وەک نەوشیروان مستەفا دەڵێ هەوڵی داوە «کۆمەڵی زانستی بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ خۆی بەکار بهێنێ، جەمال بابان لەمەدا هاوکاری کردووە، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ ئەم کارەی پێ باش نەبووە ویستویەتی کۆمەڵی زانستی دوور بێت لە کاری سیاسیی، خەریکی کاروباری خوێندەواری و ڕۆشنبیری بێ»(نەوشیروان مستەفا کتێبی دووەم بەرگی دووەم، ل١٣١).

(جەمال بەگی بابان) کە جێگری سەرۆکی کۆمەڵی زانستی بووە، ئەم هاتنەوەیەی مستەفا پاشای بە هەل زانیوە و ویستوویەتی لە دوو ڕێگەوە کەڵک لە کەسایەتی و شارەزایی مستەفا پاشا وەرگرێت:

یەکەم: جەمعییەتەکە بکات بە بنکەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسیی و نەتەوەیی، ئینگلیزەکانیش کە بە وردی چاودێرییان کردووە پێیان وابوە «بیروباوەڕەکانی جەمال بەگی بابان لە لایەن حاجی مستەفا پاشا، کە سیاسییەکی شارەزا بووە لە پلاندان، پشتگیری کراوە». (د.عوسمان عەلی، ٢٤١)

دووەم: جەمال بەگ زیرەکانە هەوڵیداوە خۆی لە جێگای ئەحمەد بەگ وەک موتەسەڕفی سلێمانی دابنرێت، بۆیە «کارزانیی حاجی مستەفا پاشای بەکاردەهێنا بۆ ڕاکێشانی دۆستایەتیی شێخەکان، دەیویست دۆستایەتی شێخ قادری برای شێخ مەحمود بەدەست

بهێنێ». (د.عوسمان عەلی، ٢٤١-٢٤٢)

بەڵگەنامەیەکی بەڕێوەبەرایەتی هێزی ئاسمانی شاهانەی بەریتانیا سەبارەت بە بزاڤی نەتەوایەتیی کوردی و ڕێکخراوەکانی کوردستان، دەڵێ مستەفا پاشا یامولکی ئامانجێکی سیاسیی هەبووە لە بوون بە ئەندام لە مەجلیسی نووابی عێراقیدا و بە نیازی دروست کردنی پارتێکی سیاسیی سەرتاسەری بووە بۆ هەموو کوردەکان. «مستەفا پاشا یەکەم جار هەوڵیدا بە هەڵبژاردنی بۆ پەرلەمانی عێراق خزمەتی خۆی بکات، ئەو وتەی دووبارە دەکردەوە، کە ئەگەر لەو هەڵبژداردنە دەربچێت هەوڵ دەدات بۆ یەکخستنەوەی هەموو ئەندامانی کوردی ئاراستە جیاوازەکان لە پارتێکی سیاسیی یەکگرتوو، لەو کاتەدا هۆزەکان دژی ئەو لەو هەڵبژاردنەدا دەنگیاندا و نوشستی هێنا، هەوڵیدا زانستی (مەبەستی کۆمەڵەی زانستی کوردانە لە سلێمانی) بۆ تانەدان لە هەڵبژاردنەکان لە عێراق بە گشتی و سلێمانی بە تایبەتی بەکار بهێنێت». (د.عوسمان عەلی، ل٢٤١)

لە ناوەڕۆکی ئەو راپۆرتەی بریتانییەکاندا دەردەکەوێت کە مستەفا پاشا و جەمال بەگی بابان و پاشتریش (رەشید مەستی) بۆچوونی هاوبەشیان هەبووە، ویستویانە دوای ئەوەی (جەمال بەگی بابان) بکەن بە موتەسەڕیفی سلێمانی، کار بۆ دەست بەسەرا گرتنی لیواکانی دیکەی کوردستانی عێراق بکەن. لە راپۆرتەکەدا هاتوە «ئەوان دەیانەوێ لە ڕێگەی دروستکردنی بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی کوردییەوە لە سنووری سلێمانی، دواتر بیکەن بە دەروازەیەک بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی بەرفراوانی نەتەوایەتی». (د.عوسمان عەلی، ل٢٤٢)

بەڵام لەبەر ئەوەی بەشی زۆری ئەندامانی جەمعییەتەکە لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کاری سیاسیی بکەن، «ئەو پیلانە سەری نەگرت، پیلان گێڕان پەرت و بڵاو بوون، جارێکی دیکە زانستی دوور لە بەرگی سیاسەت سەرلەنوێ دەستی کردەوە بە چالاکییە رۆشنبیرییەکانی» (د.عوسمان عەلی، ل٢٤٢) لە ئەنجامدا جەمال بابان و مستەفا قەرەداغی دەستیان کێشایەوە و وازیان لە کۆمەڵەکە هێنا، (مستەفا پاشا یامولکی)ش لەو جەمعییەتە دوور کەوتەوە.

# بەشی پێنجەم

# بە خەمگینیماڵئاوایی هەتاهەتایی

**ئاوابوونی خۆری تەمەن:**

لە نێو ئەو ئەفسەرانەدا کە لە تورکیادا گەڕانەوە، هیچیان لە رووی پلە و پایە و رۆشنبیرییەوە ئەوەندەی مستەفا پاشا بەناوبانگ و پایەبەرز نەبوون، بۆیە کاتێک حکوومەتی کوردستان تیاچوو، ئامادە نەبوو وەک ئەفسەرەکانی دیکە لە حکوومەتی نوێی عێراقدا پلە و پایە وەربگرێت و لەگەڵ ئەو بەڵێن و پەیمانەی کە لەگەڵ نەتەوەکەیدا بەستبووی، بە راستگۆیی مایەوە.

حاجی مستەفا پاشا دوای ساڵی ١٩٣٠ باری تەندروستی تێک دەچێ و بەو هۆیەوە لە شوێنێکی دیاریکراو نیشتەجێ نابێ. بۆ وەرگرتنی چارەسەر، سەردانی چەند شوێن و وڵاتێکی کردووە. فەریدون عەتا لە کتێبەکەیدا راپۆرتێکی کۆنسوڵی تورکیای لە بەیرووت بڵاوکردووەتەوە، کە ٣ی حوزەیرانی ١٩٣١ بۆ وەزارەتی ناوخۆی تورکیای ناردوە، لە راپۆرتەکەدا هاتووە: «مستەفا پاشا توشی نەخۆشیەکی قورس بووە و لە نەخۆشخانەی (هۆتێل دیو) لە بەیرووت چارەسەر وەردەگرێت». (Ferudun Ata,p ٨٩)

بەڵام نەخۆشی و ماندوێتی وای لە مستەفا پاشا نەکرد بیر لە کێشەی نەتەوەکەی

نەکاتەوە. راپۆرتەکەی کۆنسوڵی تورکیا لە سەری دەرِوات و لە بارەی بیروبۆچوونەکانیەوە هەندێ زانیاری پرِبایەخ ئاشکرا دەکات: «لەو کاتانەی کە مستەفا پاشا لە نەخۆشخانە بووە، هەواڵگری تورکیا چاودێریان کردووە و هەوڵی ئەوەیان داوە بۆچوونەکانی لەبارەی تورکیاوە بزانن. مستەفا پاشا لە نەخۆشخانە بە سیخورێکی هەواڵگری تورکیای ووتوە، ئیتر بە شەرِکردن لەگەڵ تورکەکان ناتوانین هیچ دەستکەوتێک بەدەست بهێنن و لەمەودوا سیاسەتی کوشتنی سەرکردەکانی تورک پەیرِەو دەکەین، هەر وەها فەیسەڵ-یش کە پەیوەندی باشی لەگەڵ ئاتاتورک هەیە، لەناو دەبەین». (Ferudun Ata,p ٨٩)

لەو ماوەیەدا جەمعییەتی خۆیبوون لە شام جموجۆڵی زۆری هەبووە، سیخورِەکەی تورکیا لە بارەی پەیوەندی مستەفا پاشا بەو جەمعییەتەوە زانیارییەکی گرنگی داوەتە دەسەڵاتدارانی تورک و نووسیویەتی:

«مستەفا پاشا باسی لەوە کردوە، کە ماوەی هەفتەیەکە لەگەڵ کوردانی سەر بە جەمعییەتی خۆیبون لە دیمەشق کۆبونەوە دەکات. ئەو جەمعییەتە لە تورکیاش ئەندامی هەیە و لە ماوەیەک نێزیکدا، فیداییەکانی کورد بۆ ناوخۆی تورکیا دەنێردرێتەوە». (Ferudun Ata,p ٩٠)

ئەو قسانە ئەوە دەسەلمێنن کە مستەفا پاشا پەیوەندی توندو تۆڵی لەگەڵ سەرکردەکانی جەمعییەتی خۆیبوون هەبووە و ئاگاداری وردەکاری چالاکییەکانیان بووە. سەردانی کردنی بەیرووت و دیمەشق هاوکات بووە لەگەڵ گەرمەی چالاکییەکانی جەمعییەتی خۆیبوون. لەو ماوەیەدا جەمعییەتەکە فیداییەکانی کوردی ناردووتەوە بۆ ناوخۆی کوردستان و تورکیا. هەر لەبەر ئەوە بووە سیخورِەکانی هەواڵگری تورکیا پێیان وابووە ئەوانە دەگەرِێنەوە، بۆ جێ بەجێ کردنی پلانەکەی مستەفا پاشا و دەست دەکەن بە تیرۆر کردنی سەرکردەکانی تورک.

سەبارەت بە باری تەندروستیی مستەفا پاشا راپۆرتی سیخورِەکەی هەواڵگری تورکیا زانیاری وردی تێدایە و نووسیویەتی: «دوای سێ مانگ لە وەرگرتنی چارەسەر لە بەیرووت، بۆ هەمان مەبەست چووە بۆ دیمەشق. هەر وەها بەپێی زانیاریەکانی باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا، مستەفا پاشا بە تەنیا مانگێک لە دیمەشق ماوە و دواتر گەرِاوەتەوە سلێمانی». (Ferudun Ata,p ٨٩)

رۆژ لە دوای رۆژ، ئەنقەرە چاودێرییەکانی لەسەر کار و چالاکیەکانی مستەفا پاشا زیاتر کردووە. ویستوویانە بزانن ئاخۆ هیچ گۆرِانکارییەک لە بۆچوونەکانی ئەو لە دژی

تورکیا روویداوە یان نا. دوای گەرانەوەی بۆ سلێمانی، باڵوێزخانەی تورکیا لە بەغدا بە بەردەوامی راپۆرتی لەسەر مستەفا پاشا بۆ ئەنقەرە بەرز کردووەتەوە. لە بەلگەنامەیەکی هەواڵگیریدا کە ساڵی ١٩٣٢ نووسراوە، تێیدا ئەم زانیارییانەی بەرزکردووتەوە:

«نەمرووود مستەفا پاشا خائینە و شیاوی لێبوردن نییە و ئێستا لە عێراق لە شاری سلێمانی نیشتەجیە». ٢٦ی شوباتی ١٩٣٣ لە راپۆرتێکی دیکەدا هاتووە: «هیچ گۆڕانکارییەک لە بۆچوونەکانیدا رووی نەداوە. هەر چەندە بۆچوونەکانی لە بارەی تورکیا وەک خۆی ماون، بەڵام دۆخی تەندروستیی رۆژ بە رۆژ خراپتر دەبێت و هێزی نەماوە، بۆ ئەوەی بە چالاکییەکانی دژایەتی تورکیا بکات».

هەر لەو راپۆرتەدا باڵیۆزخانەی تورکیا لە بەغدا لە وەڵامی پرسیارێکدا لە بارەی تەندروستی مستەفا پاشا نووسیویەتی: «ناوبراو هەر چەندە بەردەوامە لەسەر دژایەتی کردنمان، بەڵام لەبەر تێکچوونی باری تەندروستیی لە ناو هیچ رێکخراوێکدا کار ناکات».
(٩٠ Ferudun Ata,p)

ئەگەرچی تێکچوونی باری تەندروستیش نەیتوانییوە کوردایەتی لە بیری مستەفا پاشا بەرێتەوە، بەڵام قورس بوونی نەخۆشییەکەی و تووش بوونی بە نەخۆشی ئیفلیجی لە پەلوپۆی خستووە، تا ١٩٣٦/١/٢٥ لە تەمەنی ٧٠ساڵیدا لە گەڕەکی (عیوازییە)ی بەغداد کۆچی دوایی کرد، لەسەر داخوازی خۆی تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ سلێمانی و بە رێوڕەسمێکی گەورەی سەربازی کە قونسوڵی ئێرانیش تێدا بەشداری کرد لە (گردی سەیوان) بەخاک سپێردرا. لە دیدارێکدا نیسانی ٢٠١٥ رۆژنامەنووس جەمال لۆلۆ لەگەڵ جەمیلە خانی کچی محەمەد ئەمین یامولکی (١٩٢٥- ...) خوشکەزای مستەفا پاشا باسی لە رۆژانی کۆتایی ژیانی یامولکی کردووەو وتوویە: «من لە پۆلی دووەمی سەرەتایی بووم، کاتێک مستەفا پاشا وەفاتی کرد، بەر لەوە چوار ساڵ بە هۆی نەخۆشیی شەلەلەوە لە جێگە کەوتبوو، کاتێک تەرمەکەیان لە بەغداوە هێنایەوە بۆ سلێمانی، بە رێ و رەسمێکی گەورەی سەربازی بەرەو گردی سەیوان بەرێ خرا. لە کاتی ناشتنیدا ٢١ تۆپ تەقێنرا».

یامولکی بۆ مردنەکەشی شێوازێکی کوردانەی هەڵبژارد و رێگەی نەدا بە عەرەبی تەڵقین بکرێت و لەسەر وەسیەتی خۆی دوا تەلقینی بە کوردی بوو، بەڵام مەلاکانی سلێمانی کە رقێکی زۆریان لێ بووە، ئامادە نەبوون بە کوردی تەلقینی لەسەر بخوێنن، تەنانەت نوێژیان لەسەر جەنازەکەی نەکردووە. پرۆفیسۆر (عیزەدین مستەفا رەسووڵ) لە زاری

باوکیەوە لەسەر ئەو رووداوە و هێنانەوەی تەرمەکەی بۆ سلێمانی و دژایەتی کردنی لە لایەن مەلاکانەوە دەڵێت «باوکم بۆی باس کردم کە لە کاتی هێنانەوەی تەرمەکەی حاجی مستەفا پاشادا بۆ سلێمانی، زۆربەی مەلاکان ئامادە نەبوون نوێژی مردووی لەسەر بکەن، چونکە بە کافریان دەزانی، بەڵام مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ نوێژی لەسەر کردووە و تەلقینەکەشی بە کوردی خوێندوەتەوە».

ئەم دێڕە شیعرەش کە لە ئەسڵدا هی شاعیری تورک (نامیق کەمال)ە و خۆی وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە:

ئەترسم ئـەی وەتەن بمرم، نەبینم بەختیاریـــی تـۆ
بنوسن با لەسەر قەبرم، وەتەن غەمگین و من غەمگین

مامۆستا هاوار، ئەم باسەی سەبارەت بە وەفاداری هاورێیەکی پاشا گێڕاوەتەوە: «زۆرباش لە بیرم دێ لە قوتابخانەی ناوەندی بووم، بەر لە ئیمتیحان، لەگەڵ چەند قوتابییەکدا ئەچوینە گردی سەیوان لەژێر دار ئەرخەوانەکانیدا سەعیمان ئەکرد، پیاوێک رۆژانی جومعان (قەرناطە)یەکی پێ بوو، بۆ ماوەی نیو سەعات لەسەر گۆڕەکەی مستەفا پاشا قرناطەی بۆ لێ ئەدا و کە لێ دەبووەوە، شیعرەکەی دەخوێندەوە و ئەیوت: پاشا گیان، بە خوا کورد ئێستەش هەر وەکو ئەوسا وایە کە تۆ دیوتن». (مامۆستای کورد، ل٢١)

مستەفا پاشا کۆچی دوایی کرد، کورد و سەرانی کورد چی لەو سەردەمەدا و چی لە ئێستادا گوێیان لە ئامۆژگاری و بۆچوونەکانی نەگرتووە، زمانی حاڵی ئەویش چی ئەوساکە و چی ئێستاکە هەر دەڵێ:

دەترسێ مصطەفا پەندێ بە گـوێی کوردا نەچـێ دیسان
بڵێ چی و چی بکا، یـارەب، لـە تۆ ئیمداد ئەکا دیسان

**دەنگدانەوەی کۆچی دوایی مستەفا پاشا لە تورکیا**

دەسەڵاتدارانی تورک و رۆژنامەکانی تورکیا، جگە لەوەی بە بەردەوامی چاودێری کار و چالاکییەکانی مستەفا پاشایان کردووە، لە رێگەی باڵوێزخانەکەشیانەوە لە بەغدادەوە بەدواداچوونیان بۆ کۆچی دوایەکەشی کردووە.

لە یەکێک لە بەڵگەنامەی باڵوێزخانەی تورکیا لە بەغدا دەردەکەوێت پاش چوار رۆژ لە

کۆچی دوایی مستەفا پاشا، واتە لە ١٩٣٦/١/٢٩ بە بروسکەی ژمارە (٣٤-٨١) (وەزارەتی جەنگ)ی لە مردنی مستەفا پاشا ئاگادار کردووەتەوە:

بۆ وەزارەتی جەنگ

سیاسیی

نەمروود مستەفا کە لە لیستی ١٥٠ کەسەکەدا بووە، لە سلێمانی ژیاوە و بە هۆی نەخۆشی هاتووە بۆ بەغدا، گیانی لە دەستداوە.

بەڕێزێکی زۆرەوە پێتان رادەگەیەنم.

باڵوێزی تورکیا لە بەغداد

رۆژنامەی (Cumhurıyet- جمهوریەت)ی تورکیش ١٥ی شوباتی ١٩٣٦ بە رقێکی تورانچیێتیەوە، هەواڵی کۆچی دوایی مستەفا پاشای لە لاپەڕە یەکی خۆیدا بەم شێوەیە بڵاوکردووەتەوە:

نەمروود مستەفا

سەرۆکە خائینەکەی دیوانی حەرب لە سلێمانی مرد

بە پێی نوسخەیەکی رۆژنامەی سەوتوشەعب (صوت الشعب) [5] کە بە پۆستەی دوێنی گەیشتە چاپخانەکەمان، مستەفا پاشای کورد، کە بە نەمروود مستەفا ناوبانگی دەرکردووە و لە کاتی جەنگدا سەرۆکایەتی دیوانی حەربی ئەستەمبوڵی کردووە، لە سلێمانی وەفاتی کردووە.

رۆژنامەکە بەم جۆرە ژیاننامەی مستەفا پاشای خستووەتەڕوو: « خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی تەواو کردووە و دواتر لە ئامادەیی سەربازی بەغدا خوێندوویەتی و پاشان لە ئەرکانی حەربی ئیستامبوڵ پلەی یوزباشی (نەقیب)ی وەگرتووە.

مستەفای کورد، پۆستی شابەندەر و چەندین پۆستی جۆراوجۆری سەربازیی لە هۆپا و قارس وەرگرتووە و لە کاتی داگیرکردنی ئەدیرنە لەگەڵ ئەنوەر پاشا ناکۆکییان بووە و بەو هۆیەشەوە خانەنشین کراوە.

لەکاتی جەنگدا، سەرەتا بوەتە والی بورسا، بەهۆی پابەندی و نیازپاکی بەرامبەر حکومەتی ئەستەمبووڵ، وەک ئەندامی دیوانی نائاسایی حەرب دەستنیشان کراوە. سەرەتا لەم

٥. رۆژنامەیەکی رۆژانەی عێراقی بوو، لە لایەن (یوسف هرمز جمۆ) لە ساڵی ١٩٣٤ سەرەتا لە موسڵ و دواتر لە بەغداد دەردەچوو، بە هۆی رەخنەگرتن و دژایەتی کردنی گەندەڵیەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی عێراقیەوە لە ساڵی ١٩٣٧ داخرا.

دیوانەدا ئەندام بووە و دواتر شوێنی نازم پاشا سەرۆکی دیوانەکەی گرتۆتەوە. و لە کاتی سەرۆکایەتییەکەیدا مەلعوونی زۆری لە خۆی نیشانداوە. هۆکاری سەرەکی بڕیارەکانی لە سێدارەدانی نەمروود مستەفا لەم دیوانی حەربەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دوژمنایەتی لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەبووە کە تێکۆشانی نەتەوەییان کردووە و هەوڵی رزگارکردنی نیشتمانی ئەنادۆڵیان داوە. بڕیارێکی ناپاکانەی وەک لە سێدارەدان بۆ ئاتاتورک دەرکردووە ئەویش تەنها لە بەر ئەوەی سەرۆکایەتی جوڵانەوەی ئەنادۆڵی کردووە. نەتەوەی تورک، بیرەوەریی تاڵ و نەفرەت لێکراوی ئەم دوژمنەی تورک فەرامۆش ناکات.

دوای لادانی داماد فەرید پاشا لە پۆستی سەدری ئەعزەمی، لە ساڵی ١٩٢٠، مستەفای کورد ئیتر زانیویەتی کە ناتوانێت لە ئەستەمبووڵ بمێنێتەوە. بۆیە لێرە دەرکەتووە و چووەتە سلێمانی و تا ئێستا لەوێ ژیاوە. ئەگەر بیرهێنانەوەی مردووەکان پێویستی کرد، ئەو کاتە لە جیاتی رەحمەت، لەعنەت کردن بۆ کەسانی وەک نەمروود مستەفا ئەرکێکی نەتەوەیی دەبێت».

رۆژنامەی (جمهوریەت) کە پێشتر هەواڵی کۆچی دوایی مستەفا پاشای بڵاوکردبووە، دوای مانگێک لە کۆچی دوایی، لە ١٩٣٦/٢/٢٥ داوا لە وەزارەتی دەرەوە کردووە، لە رێگەی باڵوێزخانەی تورکیا لە بەغداد، هەواڵی کۆچی دوایی مستەفا پاشایان بۆ پشت راست کاتەوە:

نەمروود مستەفا پاشا

١٠٥٠١

٢٤٩٠

١٩٣٦/٢/٢٥

بۆ وەکالەتی باڵای دەرەوە

هاوتای نووسراوی باڵا ژمارەی ٨١/٤٧ بەرواری ٨١/١٧ بەرواری ١٩٣٦/٢/١٧

نووسراوێک سەبارەت بە مردنی نەمروود مستەفا لە سلێمانی لە رۆژنامەی جمهورییەت بینراوە.

بەڕێزەوە داواتان لێ دەکەین کە راستی ئەم هەواڵە لە لایەن باڵوێزخانەمان لە عێراق پشت راست بکرێتەوە و ئەنجامەکەیمان پێ راگەیەنن.

نوێنەرایەتی ناوخۆ

**ڕێ و ڕەسمی به خاک سپاردنی:**

بەخاک سپاردنی مستەفا پاشا ڕێ و ڕەسمێکی گەورەی فەرمی و سەربازی و جەماوەریی بووە، ڕۆژنامەی (ژیان)ی پیرەمێرد لە دوو ژمارەدا بایەخی تایبەتی بەو بۆنە خەمگینە داوە. سەرەتا لە ژمارە (٤٦٧)ی ٨ی شوباتی ١٩٣٦دا هەواڵی کۆچی دوایی مستەفا پاشا بڵاوکردووتەوە:

ماتەم و شین

ئەم هەفتەیە لە بەغداوە دوو جەنازەی بە قیمەتمان بۆ هاتەوە، یەکێکیان یەکتای گوزیدەگان، زوعەمای دنیەوەی، ئەوی تریشیان نووری سراجی مەعنەوی بوو، ئەووەڵ مستەفا پاشا کە جارێکی دی زۆر زەحمەتە پیاوی وامان تیا هەڵکەوێ. دووەمیان میرزا محێدین برای میرزا فەرەج کە لەم عەصری عەصرییەدا پیاوی وا بەدین کەمە.

هەر لەو ژمارەیەدا سوپاسگوزارییەکەی (عەبدولعەزیزی کوڕی) لە لاپەڕە(٢)دا بڵاوکراوەتەوە:

سوپاسگوزاری

عەزیز بەگی کوڕی مستەفا پاشا ئەڵێ باوکم کە هێنامانەوە بۆ ئێرە لەسەر وەسیەتی خۆی بوو کە لە نەخۆشیدا دەیگوت:

تــــوخـوا دوو دڵـۆپ ئـاوی کـانـی ئـاسکان
بمنـێـژن لــەســـەر گــردەکــەی ســەیــوان

ئێمە بە دڵێکی خوێنین و حوزنەوە کە هێنامانەوە ئەوەندەمان حورمەت و دڵسۆزی و دڵنەوایی هەمشەهرییەکانمان و موتەصەڕیفمان و هەمسیلاحەکانمان دی، برینی جەرگمان سارێش بووەوە.

زۆر بەیانی تەشەکور دەکەین، مەملەکەتێک کە سەراپا ئیشتیراکی حیسییات و مەئتەم بکا و تەنها (حاجی مەلا محێدین) نەیکا بۆ ئێمە ئەهەمیەتی نییە، نهایەت خۆی خراپ دەکا، ئەوەندە چاکەمان لە هەمشەهرییەکان دی، کە ئەوەی لە ناوا حەل دەبێ نانوێنێ.

لە دوای ئەو سوپاسگوزارییە، پیرەمێرد بە ناوی (ژیان)ەوە وەڵامی عەبدولعەزیز یامولکی

داوتەوە و نووسیوەیە:

عەزیز بەگ..

تەشەکووری تۆ پەسەندە، باوکی تۆ کە هێناتانەوە و لە خاکەکەماندا نێژرا، لە کیسی ئەم خاکە چووە، جارێکی تر لەم شارە (مستەفا پاشا)یەکی تر هەڵناکەوێتەوە، ئەو مەکتەبی حەربییەی ئەستەمبووڵە نەما، باوکی تۆ کەس ناتوانێ ئینکاری بکا، میللەت پەروەرێکی وابوو لەسەر هەر هەتیووە کوردێک بە گژ شاهێکدا دەچوو، قومار و شورب و بەرتیلی نەبوو، لە غیرەتدا بوردە باریی کەسی نەدەکێشا، هەرچی بۆی کراوە و بۆی دەکرێ کەمە، کەسیش نابێ بە مردنی کەس خۆش بێ، بۆ ئاخرەتیش لە هەموو ئانێکدا خوایان بە غەفور و رەحیم داناوە ( ).

ژیان

هەر لەو ژمارەیەدا پرسەنامەیەکی مامۆستا عەبدولواحید نووری ئەفەندیی مودیری مەکتەب بڵاوبووەتەوە کە دواتر لە چلەکەیشیدا خوێندراوەتەوە:

فرمێسکی خوێناویم (بۆ گیانی پاکی بەرزی مستەفا پاشا)

١. دوێنێ نیوەڕۆ بوو بیستم نەماوی، بە هیچ دڵم بڕوای نەئەکرد و دڵم نەئەهات دانی پێدا بنێم لای کەس، بەڵام ئەو گرژییە و دڵ تەنگییە کە ئەمدی لە ناو چاوانی هەموو کەسێک نیشانەی زانینان بوو....

لە داخی تۆ دڵیان رەش، چاویان سوور وەک گۆمی خوێنی لێ هاتبوو؛ چونکی پاشا، پاشایەکی عەصری، حاجییەکی حەقیقی، مونەووەرێکی بەئیمان؛ خوێنەوارێکی ئەدیب، سەفیرێکی بەحورمەت، قۆماندانێکی ئازا، تەجەدود پەروەرێکی مەرد بویت؛ کوردێکی عەمەلی بوویت.!!!

٢. کە لاشەی بە حورمەتت بە مۆزیقییەوە لە بەر باغچەکەی سەراوە تێ پەڕی، باوەڕم پێ بکە خوێن لە دڵمەوە، نەک ئاو لە چاوم هاتەدەرێ؛ پاشای زەمان، فەلەک ئاسنت گیر تۆ وا بمری؟

٣. بۆیە بۆت ناگرین کە خوێندەوارێک بویت و مردی! نا نا! بۆیە بۆت ئەگرین کە محەڕڕێکی زبان و میللەتەکەت بووی!

نانا؛ نەخێر بۆیە بۆت ئەگریم، تەجەدود پەروەرێکی بە مەنطق بوویت!

بۆیە بۆت ناگریم کە خاوەن مەنصەبێکی کورد مرد!
بۆیە بۆت ئەگریم هەزاران خاوەن مەنصەبت لە کورد خەلق کرد! و شوێنت ئەبەدییەن خاڵییە!
بۆیە بۆت ناگریم کە سەفیرێکی دەوڵەتی عوثمانی بوویت و مردی!
نا نا نا، بۆیە بۆت ئەگریم برینی (جەمال- مەبەستی جەمال عیرفان) و (قالە، قالەی ئایشەخانە) و (ئەحمەد- مەبەستی ئەحمەد موختار جافە)تان، تازە کردەوە لە دڵمانا!
بۆیە بۆت ناگریم کە شاعرێک بوویت و مردی!
بۆیە بۆت ئەگریم کە ئەتوویست وڵاتەکەت جوان بێ!
بۆیە بۆت ناگریم کە رۆژنامە چییەک بوویت و مردی.
بۆیە بۆت ئەگریم بە جەسارەتەوە ئەتنووسی!
بۆیە بۆت ناگریم کە قۆماندانێکی عوثمانی بوویت و مردی!
بۆیە بۆت ئەگریم قۆماندانێکی فکری وڵاتەکەم مرد!
٤. ئەی پاشا دڵ تەنگ مەبە! بەختیاری! چونکە لە گردی سەیوانی؛ لای کەس و کارەکانمانی، تا ئەمرین جێی زیارەتمانی؛ وەک گوڵی باغەکەت لە بەر چاومانی؛ سەرکردەی بیر و ئامالمانی، مایەی فەخری پیر و جوانی؛ مایەی فەخری هەموو کوردانی!
بنوو لە باوەشی تەبیعەتدا.. بنوو.. بنوو
بنوو.. بنوو لە باوەشی وڵاتەکەدا؛ موحەققەق بە وەک عاشقێک ئەتلاوێنینەوە.. گەورەم
ع.و. نووری
دواتر لە ژمارە (٤٧١)ی رۆژنامەی (ژیان)دا کە (١٤)ی ئازاری ١٩٣٦ دەرچووە، راپۆرتە هەواڵێک بە ناوی (یادئاوەریی مستەفا پاشا) لەسەر رێ و ڕەسمی چلەی ماتەمینی مستەفا پاشا بڵاوبووەتەوە:

**یادئاوەریی مستەفا پاشا**

رۆژی چوارشەمە جەژن و حەفلەی تەئبینی مەرحوومی مستەفا پاشا بوو.
لە سەرەوە سەعادەتی موتەسەڕیف و سەرکۆماران و قونصڵی دەوڵەتی عەلییەی ئێران و لەولاشەوە ئامر فەوج و کافەی ضابطان. لە شاریشدا پیاوماقوڵان و ئەهالیی حەمییەتمەندان لە حەوشی (زانستی)دا کۆ ببوونەوە و بە دڵێکی حەزین و سیمایەکی ماتەمینەوە دانیشتن،

مامۆستا شاوەیس رەهبەریی و میهمان نەوازیی کرد، ئەووەڵ صەدای ئاوازەی مەلا فەرەجی حافظ بوو عەشەرەی قورئانی خوێند و دەقیقەیەک خامۆشیی مەئتەم... دوای ئەوە رەئیسی حەفلە پیرەمێرد مەبەست و غایەی ئەم یادئاوەری رۆیوانەی تێگەیاند و مەرثییەیەکیشی خویندەوە، بێ بەها بوو! ئەوە نانووسین.

بەڵام دوای ئەوە (پەروین) بانووی کچێکی پێنج ساڵەی مەکتەبی کچان مەنظوومەیەکی خویندەوە، ئەو باش بوو. عەبدولواحید نووری ئەفەندیی مودیری مەکتەبیش نوطقێکی بەلیغی خوێندەوە، باشتر بوو.

ئینجا ئەبوو بەکر جەلال ئەفەندیی مامۆستای زانستی مەرثییەیەکی بەسۆزی خوێندەوە زۆر تەئثیری کرد، هێجگار. بەنگینەی شاگرد نانەوا و خوێندەواری زانستی شیوەنێکی بە شیعری کرد، هەمووی گریاندین، ئافەرین زانستی بۆ رۆڵەت، مەحمود جەودەت کوڵی گریانی نەدەنیشتەوە.

ئەنجا عەزیز بەگی نیعمەتولخەلەفی پاشا بەیانی تەشەکوری کرد و بڕایەوە.

شیعرەکانی پەروین بانو ئەمەیە:

ئـێمە کـە ئـەمـڕۆ دڵـمان غـەمگـینە
جـــەژنـی ئـازادمان لەلا وەک شینە
مســـتەفـــا پـاشـا دێنینەوە یـــاد
میللەت پەروەر بوو، کورد و سەرئازاد
(بووک) و (کچ)یشی بوون بە رەهبەرمان[٦]
بـەوان هـاتـە نـاو مـەکـتـەبـی کچان
مـن کـە نـموونەی ئـەو هـیممەتانـەم
بـۆ پـێشـکـەوتـنی قـەومێک نـیشانەم

(شینی مستەفا پاشا) لە لایەن (بەنگینە)ی شاعیرەوە:

رۆژی یـەکـشـەمـمـە، ئێوارەی درەنـگ
شـارمـان لێ شێوا، بوو بە شەوە زەنـگ

٦. (بووک)مەبەستی گوزیدە یامولکی هاوسەری عەبدولعەزیزی کوڕی مستەفا پاشایە کە سێ ساڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەی کچان بووە کە ساڵی ١٩٢٦ لە سلێمانی کرایەوە. (کچ) مەبەستی زەهرا خانمی کچی مستەفا پاشایە کە ئەویش دوای گوزیدە ساڵی ١٩٢٩سێ ساڵ بەڕێوەبەری هەمان قوتابخانە بووە.

وتیان جەنازەی پاشا دەرکەوت، هات
شین و واوەیلا کەوتە ناو وڵات
دوو فەوجی جەیشی چوو بە پیرەوە
تفەنگ سەرەوژێر، بە رووی زویرەوە
بۆ رێ سەلامیان لێ دا بۆ ماتەم
چاو پڕ لە فرمێسک، دەروون پڕ لەغەم
مەیت هات، گەیشتە بەر دەرکی سەرا
بانگی ماتەمی کوردان هەڵدرا
پاشای بێ حاشای قەومی کوردم رۆ
لە کەس نەترسای و، مەردی کوردم رۆ
صاحێبی شیر و قەڵەم بە جارێ
رۆیی و فرمێسکمان لە چاو دەبارێ
درێغ سەد درێغ، چەرخی چەواشە
خستینیە تەعزیەی مستەفا پاشا
خۆی رۆیی و ناوی لە دڵمانایە
کورد قەدری گەورەی خۆی زۆر لەلایە
نەڵێن بەنگینە بۆچ وا بەکوڵە
فرمێسکی چاوی شیوەنی دڵە
دڵم لێڵێاگە، بە جۆری جەیحون
دووکەڵی سینەم بگاتە گەردوون

حاجی تۆفیق بەگ پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠)٢٦ی شوبات بە بۆنەی کۆچی دوایی (حاجی مستەفا یامولکی)ەوە شیعرێکی بە ناوی (بۆ مستەفا پاشا یامولکی)وە نووسیوە:

ئەم قەومی کوردە زۆر گەورە بووە
بەڵام هەر یەکەی بۆ لایەک چووە
(نادر) و (کەریم خان) کەوتنە ئێران
عەزیزی میسرە (صەلاحەدین)مان

ئـــەمـــانـــە بـەشـــی ئیداریـمان بـوو
لـە ئـاسۆی عیلما بڵـنـدتـرمـان بـوو
چونکە کـوردسـتان خـۆی بـێ نسیبە
ئـــــەدیـبـەکـانـی تـیـادا غـــەریـبـە
خۆ (ئەحمەد شەوقی) و (محەمەد عەبدە)
شـــوعـــەرای عـەرەب لـە لایـان عـەبـدە
داخـی سـەر داخـان (جـەمیل زەهـاوی)
لـــە نـاو کـــوردانـدا ون بـووە نـــاوی
بـــەڵـێ مـومـکینە (جـەمـیل) ئـــەدزرێ
بـــەڵام زەهاوی لـــە کـورد نـاخـوازرێ
هـەرچی خــۆی گـۆڕی، دیـارە بەدناوە
مســتەفا پـاشـا بـۆیـە پـەسـەنـدە
فـەخری بە کورد بوو، لای خوا و بەندە
لـە وەسـیەتیـشدا خـۆی لـێ نەگــۆڕا
بە وەسـیەتی خـۆی لـە سـەیوان نـێژرا
لـەسـەر کوردێکمان غـیرەتـی وابوو
بـەگـژ شـاهـەکـەی ئـێرانـا ئەچوو
بیگـرە باوەشت، ئەی گردی سەیوان
پاشـای کوردسـتان هاتوە بە مـیوان
کوڕگەل، گەورەتان ئەگەر خۆش بوێ
زۆر گـەورەی ترتان تیا هەڵ دەکەوێ
ئەمـڕۆ ئـەم یـادە بـوو بـە یـادگار
زۆر کەس هەوڵ ئەدا بۆمان بێتە کار (پیرمێرد، ل ٢٠٣-٢٠٤)

یەکێکی دی لەو شاعیرانەی بە کە بۆنەی کۆچی دوایی (مستەفا پاشا)وە شیعری نوسیوە ئەبوو بەکر جەلال (ا.ب هەوری) (١٩١٢-١٩٧٩)بووە:

شیوەن بۆ مستەفا پاشا یامولکی:

هاوتەمەن، وەرن کۆڕی شین بگرین
بە فوغانەوە زۆر بەکوڵ بگرین
شان لە قوڕ بگرین، خاک کەین بە سەردا
زووخاو بنۆشین، ماتەم لە بەردا
شەو بە تل خواردن، تاکوو دەم بەیان
بسوزێین، بەڵکو ببیستێ یەزدان
بیکات بە خاتری دڵەی لە خەم کەیل
بە پەتیارەی وێڵ دۆڵەکەی دوجەیل
بە سۆزی عەشق لە دەم بەیاندا
بە دەنگی بولبول بەسەر چڵاندا
بە دڵەی دڵخواز لە نیوە شەودا
بە کورپە کورپی لە شیرین خەودا
بە چریکەی باز لە گوێ شەتاوان
بە ناڵەی غەریب بێ کەس، بێ تاوان
بە دەنگ و سۆزی باوک مردوان
بە ناڵەی لەکوڵ دایکی نیشتمان
بیکات بە خاتری حەسرەتی فەرهاد
یان بە مەجنوونی رەنجەڕۆی ناشاد
ئیتر با بەس بێ گەورە مردنمان
ناڵە و ئاخ و ئێش، شیوەنکردنمان
قوڕی سەرشانمان وشک بێتەوە
برینی جەرگمان سارێژ بێتەوە (ا.ب. هەوری، ل ٣٨-٣٩)

محەمەد رەسوول هاواریش بەم شیعرە یادی مستەفا پاشای کردووەتەوە:

یادی حاجی مستەفا یامولکی
کاکە مافی میللەتی کوردە
بە زۆری کوتەک خوراوە

سالـەهـایـە گـیرۆدەیە و
لـەژێـر بـاری زۆرداریـــدا
کــەنــەفتە و پشتی شـکاوە
لــە کــاروانـــی مــیللەتـانا
هێندە دواکەوتووە (قڕە)یە و
لــە قــوڕی خـەسـتا چەقاوە
لــە لاپـەڕەی تـێکۆشـــانی
مـیللەتـــانـــا نووســـــراوە
بـە کـاکە و بـە پیاوی چاک
مـافـی ڕەوای هیچ میللەتێک
هـەتـا ئـێستا نـەسـێنراوە
تـــەنـها شـــەق دەزانێ
قـۆنـاغ کـامـەیە، لـە کـوێیە
هـەر بە (کوتەک حەقیچن)ە
پـیاوی زۆردار مـلی شـکاوە (م.ر.هاوار. دیوان. ل٣٣٣)

شێخ سەلامی شاعیریش ١٥ی تەموزی ١٩٤٨ لە کاتی کۆچی دوایی (محەمەدئەمین زەکی بەگ) و ناشتنی لە گردی سەیوان بە تەنیشت گۆڕی مستەفا پاشا، لەو شیعرەی کە بەو بۆنەوە نوسیویەتی ڕوو لە مستەفا پاشا کردووە و وتوویە:

پاشا، میرلیـوای قـەومی کوردستان، خاوەن هۆش و بیر
مـیرحـەجی حیجاز، سـەفیری ئێران، لـە چـەشنی وەزیر
میـوانـی تـۆیە مـحەمـەد ئـەمـین، دۆسـتی شـیریـنـت
ئـەرکانی حـەربـی شـاهی قـوستەنتین، یـــاری دێـرینت
تـو خـوا گـوێ بگرە لـە گـوفتارەکەی، چـەندە شیرینە
ســەرنـجێ بـدە لـە ڕەفتـارەکـەی، چـەنـدێ ڕەنـگینـە
خەریتەی هەموو خاکی کوردستان، خۆی نـەقشی کـێشا
جێی نەهێشت هێنای بۆ گردی سەیوان، دڵی بـۆی ئێشا

لێی بگرە، داینێ ئاساری سەرمەد، دەس کەن بە تـەدقـیق

بـۆی بکەن بە مێز بەردەکەی ئەڵحەد، مێژە بە تـەحقـیق
سـوپـا نـەماوە، لـەشـکر شـکـاوە، قـائـید ئـەسـیرە
مـەعـلـووم هـاواری بـۆ تـۆ هـێناوە، وەختـی تـەدبـیرە
چـەنـد زابـتـی لاو لـەو دەوروپـشـتە، وریـا و ئـامـادەن
شـەهیدن هـەمـوو جێیان بـەهـەشـتە، لـە قـەید ئـازادن
هەمـوو پڕ هونەر، غیرەت ئـەنوێنن، ئـازا زووبـەزوو
زنـجـیـری مـەرگ زوو ئـەپسێنن، بـە زۆری بـازوو
کە ئیشتان هەموو گەیاندە ئەنجام، هەڵسن بە یەکجار
بـۆ قسـنی بـابـان وەک بیتولحەرام، بچنە سەر مەزار
لـەو حـاکمانە هـەرکـەس کـەوتە دەس، بگـرن دامێنی
بۆی بکەن باسی کوردانی بێ کـەس، بـە دڵ خـاوێنی
چـەندێ بـــێ کـەســـن، چـەنــدی زەلـیـلـن،
چەندێ خنکاون، چەندێکیان دیلن (دیوانی سەلام، ل ١٥٩-١٦٠)

**ئەندامانی خێزانی مستەفا پاشا:**

فەریدون عەتا سەبارەت بە رۆڵی بنەماڵەی مستەفا پاشا لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی «مستەفا پاشا، کار و چالاکییەکانی بۆ کوردایەتی، بە تەنیا ئەنجام نەداوە، بەڵکو لەگەڵ بنەماڵەکەیدا ئەو کارانەی کردووە. لە ئەستەمبۆڵ و لە عێراق لەگەڵ عەبدولعەزیز یامولکی کوڕی و کچەکانی ئەنجوم و زەهرا پێکەوە کارو چالاکی گرنگیان ئەنجامداوە. بە تایبەت کچەکانی لە ناو جەمعییەتی تەعالیی کوردی ژنان بە شێوەیەکی کارا، کار و خەباتیان کردون.» (Ferudun Ata, ٩٠)

هەر لەبەر ئەوە، بە پێویستمان زانی تا بۆمان بکرێت، زانیاریی لەسەر هەندێ لە کەسە نزیکەکانی مستەفا پاشا بخەینە بەردەستی خوێنەرانی ئەم کتێبە.

**صەفییە، کچی حسێن پاشای خەندان:**

٢٥ی ئابی ١٨٨٦ مستەفا پاشا مارەی کردووە و لە ٣ی مایسی ١٨٨٨ ئاهەنگی

گواستنەوەی بۆ سازکردووە. خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە. دوای کۆچی باوکی، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆ دڵدانەوەی بنەماڵەکەی مانگانە ٥٠٠ قروشی بۆ بڕینەوە و تا هاتنە سەرکاری کەمال ئەتاتورک مووچەکەیان پێدراوە. دوای هاتنەوەی مستەفا پاشا بۆ کوردستان، لە گەڵیدا گەڕاوەتەوە، ١٩٣٧ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی ئەعزەمییەی بەغدا بە خاک سپێردراوە.

**عەبدولعەزیز یامولکی:**

١٨٩٠/١٢/٢١ لە شاری مەککە لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لای عیرفان ئەفەندی تەواو کردووە کە مامۆستای باوکیشی بووە. دوای ئەوەی باوکی ساڵی ١٨٩٨ گواستراوەتەوە بۆ بەغدا، ئەمانیش لە گەڵیدا چوون و ٨ی ئەیلوولی ١٨٩٨، لە پۆلی یەکەمی ئامادەیی (موڵکی) دەستی بە خوێندن کردووە، واتە لە ساڵی ١٩٠١ دوای ئەوەی سەعید پاشای خاڵی بووتە سەرۆکی شورای دەوڵەت و وەزیری دەرەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، گواستوویانەوە بۆ ئەستەمبووڵ. ئەو کاتە بڕوانامەی پۆلی دووەمی ئامادەیی وەرگرتبوو. لە مایسی ١٩٠١ لە پۆلی دووەمی روشدیەی عەسکەری بەشکتاش وەرگیراوە. دوای گواستنەوەی باوکی بۆ سێواس، ساڵی ١٩٠٢، بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی جەنگی فیرقەی سێواس، ئەمیش لەگەڵ خانەوادەکەیدا چووە و لەوێ، ساڵی ١٩٠٣ دیپلۆمی روشدیەی عەسکەری سێواسی وەرگرتووە. دوای گەڕانەوەی بۆ ئەستەمبووڵ لە قەڵەمی (تابعییەت)ی بابی عالی دامەزراوە. سالی ١٩٠٤ لە ئامادەیی عەسکەریی (قولەلی) وەرگیراوە.

١٩١٥ لە یەکەم جەنگی جیهانیدا بووتە یاوەری لیوای سوارەی سەربەخۆ. لە ریزی ئەو سوپایەدا بوو کە شاری هەمەدانیان داگیرکردووە.. بەشداری لە شەڕەکانی بالکان کردوە و لە شەڕی تراکیای رۆژهەڵاتیش مەدەلیای رێزگرتنی پێ بەخشراوە.

کەسایەتیەکی سەیر و نادیاری هەیە، پێچەوانەی باوکی، هەرکە لە ساڵی ١٩٢٣ گەڕاوەتەوە بۆ عێراق چووەتە ریزی سوپای تازە دامەزراوی عێراق و پلەی سەربازی گەیشتووەتە عەقید.

١٩٣٩ لە لایەن (نووری سەعید)ەوە داوا کراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەو کەسانەی بەشدارییان لە ئینقلابەکەی بەکر سدقی و کوشتنی جەعفەر عەسکەری کردووە و لیژنەیەکی بۆ پێکهێنراوە، ١٩٣٩/٣/٥چەند ئیرادەیەکی شاهانە بە ژمارەکانی (١١١، ١١٢، ١١٣،١١٤)

دەرکراوە بۆ دروست کردنی لیژنەی عورفیی عەسکەری بە سەرۆکایەتی عەبدولعەزیز یامولکی و ئەندامێتی مەعروف چیاووک و عەبدولعەزیز خەیات. (د.محمد حسين الزبيدي، موقع)

دواتر لە ساڵی ١٩٤٥ خانەنشین کراوە، پاشان لە باڵوێزخانەی عێراق لە تاران پلەی وەزیری موفەووەزی پێ دراوە و دوای ئەوەش گوازراوەتەوە بۆ کابولی پایتەختی ئەفغانستان. لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا خانەنشین کراوەتەوە.

ئەو کاتانەی کە لە تاران بوە، کتێبێکی بە ناوی کوردستان و سەرهەڵدانەکانی بەکوردی چاپ کردوە و بە نهێنی بردووەتەوە بۆ عێراق.

یەکێک لە ئارەزووەکانی عەبدولعەزیز کۆکردنەوەی پوول بووە، ١٩٥٣/١٢/٤ وەک سەرۆکی (کۆمەڵەی ئارەزوومەندانی پوول)ی عێراقی هەڵبژێردراوە، دواتر موڵەتی گۆڤاری (مجلة هواة الطوابع)ی لە وەزارەتی ناوخۆ وەرگرتووە و خۆی بووەتە سەرنوسەری گۆڤارەکە و ژمارە (١)ی لە ئابی ١٩٥٥ بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی لە بەغداد چاپ بووە. (محمد الربيعي، موقع)

تا کۆچی دوایی لە ١٩٨١/٧/٢٥ لە بەغداد نیشتەجێ بووە، لە گۆڕستانی ئەعزەمییە بە خاک سپێراوە.

**زهرا زەڕین تاج:**

ساڵی ١٨٩٢ ئەو کاتەی مستەفا پاشا لە شاری سەڵماس کونسڵی عوسمانی بووە لەدایک بووە، لەگەڵ موفتیی شام عەبدولفەتاح ئەدیب هاوسەرگیری کردووە، کوڕێک و سێ کچی لێ بووە بە ناوەکانی موحسین ئەدیب، نەسرین، نەزیهە، نەسیمە. دوای کۆچی عەبدولفەتاح گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، دواتر لەگەڵ عیزەت بەگی وەسمان پاشا هاوسەرگیری کردووە و لەویش کوڕێکی بووە بە ناوی عەلی، بە پێی قسەکانی د. عزەدین مستەفا رەسوڵ ئەو کوڕە کەڕوڵاڵ بووە.

زەڕین تاج کاتێک لەگەڵ باوکیدا هاتووەتەوە بۆ سلێمانی، ناوبانگی جوانی و شۆخ و شەنگی لە سلێمانیدا دەنگی داوەتەوە، چونکە یەکەم ئافرەتی سفور بووە لە سلێمانی، نە عەبا و نە پەچەی پۆشیوە و بە سەربەستانە چووەتە بازاڕەوە، زۆر لە شاعیرانی سەردەمی خۆی شەیدای بوون، لەوانە رەمزی مەلا مارف کە ساڵی ١٩٤٧ شیعرێکی بە

ناوی (زەڕین تاج) بەسەردا وتوە:

تـەعالـەڵـڵا لـە زیـبایی قــەدی رەعــنایــی زەڕیـن تـــاج
کە عیشوە و نـاز و لەنجە و غەنجە سەرتاپایی زەڕین تـاج
کە چاوی کەوت بە نەخلی قامەتی سەروی چـەمەن، دەرحـاڵ
سـەری شـۆڕ کردەوە بۆ سوجدەیی بـەربالآیی زەڕین تـاج
خـەجاڵـەت بـم ئـەگەر تەشبیهی ئەبرۆی کەم بە مـاهی نـەو
کـە تـەشبـیهێکی نـازێبایـە بـۆ زێـبایـی زەڕیـن تـــــاج
خـــوا حیـفزی ئیـمانــی زاهیـد و سـۆفی بـکـا ئـەم شەو
کـەوا کـەوتـوتـە داوی زوڵـفی کـوفرئـەفزایی زەڕین تاج
هــەزارانــی وەکـو مـەجـنوون لـە دەشـتی عـەشـقیا وێڵن
بـنازم شـێوەیــی شــیریـنی وەک لـەیـلایـی زەڕین تـاج
سەدایەکی چ خۆش هاتە گویَ ئەم شەو، بەشەوقەوە ئەیوت
مـوبـارەک بیَ لـە (عـیززەت) وەسڵی زەهرایی زەڕین تاج
بـە سـەد دکـتۆری حـازیق چـاری هـەرگیز ناکریَ، رەمزی
بـرینی شیری ئـەبرۆ و تیری مـوژگـانهایـی زەڕین تـــاج

زەهرا خانم لە ساڵی ١٩٢٩ بووە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی (زەهرا)ی کچانی سلێمانی، رۆژنامەی (ژیان) لە ژمارە (٢٠٥)ی ١٧ی تشرینی یەکی ١٩٢٩ هەواڵی بوون بە مودیری مەکتەبی کچانی سلێمانیی بەم شێوەیە بڵاوکردووەتەوە:

«مودیرەی مەکتەبی کچان، موحتەرەمە زەهرا زەڕین تاج خانم کچی مستەفا پاشا کە ئەمساڵ تەعین کراوە بۆ مودیرەی مەکتەبی کچانی سلێمانی، رۆژی ١٤ی مانگی جاری لە تەهرانەوە مواصەڵەتی سلێمانی و لە ١٥ی مانگی مەزکوردا موباشەرەتی بە ئیش کردووە.

ژیان: عەرضی بەخێرهاتنی ئەکەین، ئومێدمان وایە بە سەبەبی ئیقتدار و لیاقەتی فەوقەلعادەی ئەم مودیرەوە، مەکتەب لە جاران زیاتر تەرەقی بکات. ئومێدیش ئەکەین سەعی بفەرمویَ بۆ ئەوەی ئەمساڵ صنفی پێنجەمیش بکرێتەوە و ئەو کچانەی پار لە صنفی چوارەمەوە تەرەقیان کردووە تیا بخوێنن و لە تەحصیل مەحرووم نەکرێن». ساڵی ١٩٧٢ لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە.

زەهرا خانم ئەو ماوەیەی کە وەک بەڕێوەبەری قوتابخانەی کچانی سلێمانی دەستبەکار بووە، گۆڕانکاری بنەڕەتی لە شێوەی کاری قوتابخانەکەدا کردووە، چەندین چالاکی و ئاهەنگی جۆراوجۆری ڕێک خستووە کە بۆ ئەو کاتەی سلێمانی هەنگاوی بەجورئەت و پێشکەوتوخوازانە بووە. لە سەردەمی بەڕێوەبەرایەتی ئەودا، بۆ یەکەمین جار کچانی سلێمانی لەسەر شانۆ، جگە لە خوێندنەوەی شیعر و سروود، کاری نواندنی شانۆیشیان کردووە. ڕۆژنامەی ژیان لە ژمارەکانی (٢٣٢) و (٢٣٣)دا بە درێژی هەواڵی ئەو ئاهەنگەی بڵاو کردووەتەوە کە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٣٠ لە قوتابخانەکە و بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵک ڕێک خراوە.

هەروەها بۆ پێشخستنی زیاتری ژنانی سلێمانی، لە ساڵی ١٩٣٠ خوێندنی شەوانی بۆ ژنانی سلێمانی کردووەتەوە، ڕۆژنامەی ژیان لە ژمارە (٢٤٠) ٢٢ی مایسی ١٩٣٠دا هەواڵی کردنەوەی ئەو پۆلەی بەم شێوەیە بڵاوکردووەتەوە.

«لە مەکتەبی کچانی سلێمانیدا سینفێک بۆ ژنە نەخوێندەوارەکانمان، مودیرەی موحتەرەمی مەکتەبی کچانی سلێمانی کە دائیمەن بۆ بەرزی و سەوییەی ئافرەتانمان هەوڵ ئەدات بۆ ئەو ژن و کچە نەخوێندەوارانەی کە ئەتوانن دەوامی مەکتەب بکەن، ئەوانیش فێری خوێندن و نووسین بکرێن، لە مەکتەبا سینفێکی بۆ کردوونەوە و ئێواران لە سەعات دەی عەرەبییەوە هەتا یازدە موعەلیماتەکانی مەکتەبی کچان دەرسی ئەلف با و حیساب ئەڵێنەوە. بەرامبەر بەم خدمەتەی، بە ناوی ئەهالییکەمانەوە تەشەکوری مودیرەی مەحتەرەمە و هەیئەتی تەدریسیە ئەکەین و ئومێد ئەکەین ژنەکانمان بە گەرمی دەوامی ئەم سینفە بکەن».

**ئەنجوم یامولکی:**

لە سنە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٨٩٥ لە دایک بووە. ئەنجوم دواتر بووەتە یەکێک لە ڕێبەرە دیار و چالاکەکانی کۆمەڵەی تەعالیی ژنانی کورد (Kurd Kandilar Tahali Jamhiat) کە ساڵی ١٩١٩ لە ئەستەمبووڵ دامەزراوە، ڕۆڵی کاریگەری بووە لە هۆشیار کردنەوەی ژنان و هاوکاری کردنی خێزانە لێقەوماوەکانی کورد لە ئەستەمبووڵ و باکووری کوردستان. (م. ئەمین پۆز ئەرسەلان، ل ٥٩-٦٠).

ئەنجوم یامولکی یەکێک بووە لە نووسەرەکانی گۆڤاری (ژین) کە ٧ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ ژمارە یەکی لە ئەستەمبووڵ دەرچووە و مەمدوح سەلیم خاوەن ئیمتیاز و

سەرنووسەری بووە، ئەنجوم، ئەندامی (کۆمەڵەی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییاتی کورد) بووە.

ئەنجوم بە بۆنەی مەولوودی پێغەمبەرەوە کۆبوونەوەیەکی گەورەی بۆ ژنانی کورد رێک خستووە لە وتارێکدا کە بەو بۆنەیەوە لەو کۆبوونەوەدا پێشکەشی کردووە و دواتر لە ژمارە (٢٢)ی گۆڤاری (ژین)دا لە ٣ی تەموزی ١٣٣٥ بڵاوبووەتەوە، سەبارەت بە بەرنامەی داهاتووی کورد بۆ رووبەڕووبوونەوەی پێشهاتەکان و رۆڵی ژنانی کوردی لەو بەرنامەیەدا دیاری کردووە و وتوویەتی: «خانمان، ئێمەی کورد کە (انما المؤمنون اخوة)مان کردووە بە لایەنێکی دەرکەوتنی ئەو موسوڵمانیەتە کەوا نەتەوە جیاجیاکانی بە برا کردوون. مانای وایە ئێمە لە سەدەکانی رابردووەوە خۆشەویستی راستەقینە و بە هێزترین دۆست و پشتیوانی میللەتی تورکین. ئەمڕۆ چارەنووسی میللەتان شێوەیەکی دیکەی بەخۆوە گرتووە. هەر کاتێک ماف بەهەر کەسێک بدرێ، ئێمەش داوای مافی خۆمان دەکەین. چونکە ملیۆنەها کورد لە ئارادان و کوردستانێکی گەورەش هەیە، گشتمان بە هەموو بوونێکمانەوە قەرزاری سوپاس و پێزانینی ئەوانەین کە دەیانەوێ بۆ بەدیهێنانی ئومێدە پیرۆزەکانمان زیاتر لە کۆشش دابن. ئەو خۆشەویستیەی کە دەرهەق بە میللەتەکەیان هەیانە بە فیداکاری خۆیان سەلماندویانە. ئەو خانم و برادەرانە کە بە هەڵەداوان هاتونە بەشداری رێ و رەسمی گوشادی کۆمەڵیان گرتووە، پەیمانیان لەسەر بەڵێنی کورد داوە و وەک پێشینان گوتوویانە! (کورد لە قسەی خۆی پەژیوان نابێتەوە) ئەمانیش بە هەموو شێوەیەک یارمەتی بدەن و هەرچییەک کە بۆ بەرزیی کوردایەتی پێویست بکات بە بێ دوو دڵی بیکەن.

من متمانەم بە قەناعەتی خۆم هەیە و دەڵێم کورد بۆ هەموو شتێک بەڵێن نادا، بەڵام ئەو بەڵێنە کە دای، لێی پەژیوان نابێتەوە. ئەوەتا ئەو خانمانە کە چوونەتە نێو ئەم کۆمەڵەیە، کوردن و ئەوانەن کە کوردیان خۆش دەوێ. مەبەستی ئێمە لە روودا راوەستانی کوردایەتی نییە. بەڵکو پشتیوانی کردنە و ناساندنی خۆمانە، هەروەکو یاداشتە پێشکەش کراوەکەی شەریف پاشا کە بۆ داکۆکی لە مافی کورد بۆ پاریس نێردراوە، لەم مەبەستە جیا نابێتەوە. دڵی موسوڵمانانی راستەقینە هیچ کاتێک لە یەکدی جوێ نابێتەوە، چونکە ئاینێکی توندوتۆڵ هەیە پێکەوە گرێیان دەدات. خوا یار بێ لەمەودوا ئێمەی نەتەوەی ئیسلام مەبەستی دادپەروەری و بەختەوەری دەکەینە رێبەر و بۆ راگەیاندنی گونجانی

ئیسلام لەگەڵ شارستانیەتی و مرۆڤایەتیدا تێ دەکۆشین و جموجۆڵەکانمان بۆ ئەوە دەکەین بە نموونە.

بەیارمەتیتان دەمەوێ بە یەک دوو قسە باسی ئامانجی کۆمەڵەکەتان بکەم. خانمان، مەبەستی کۆمەڵ ئەوەیە چەند ژن و منالی کورد لەم ولاتەدا یارمەتیان گەرەک بێ، ئیشیان دەست بخات و ئیدارەخانەیان بۆ گوشاد بکات و بە کردنەوەی قوتابخانە وردیلەکانیان بۆ خوێندن بانگهێشت بکا. ئەوانیش کە توانای وانە گوتنەوەیان هەیە، مامۆستایەتی شانازی پێکراو بخرێتە ئەستۆیان. دەمەوێ بڵێم: کۆمەڵە بەپێی تین و توانای خۆی یارمەتی نەختینە و خەستەیی پێشکێش دەکات، ئەم مەولوودە پیرۆزە دەبێتە یەکەم یەکترناسینی نێوان ئەو خانمە بەڕێزانە کە کوردن و کوردیان خۆش دەوێ».

دواتر ئامانجەکانی ئەو کۆبوونەوەیەی بەم شێوەیە دیاری کردووە:

«خوا یار بێ گەلێ کۆبوونەوەی وەکو ئەمە و کۆنفرانس و گفتوگۆ و شتی دیکە بە یەکترمان دەناسێنن و زۆر دەسکەوتی خێرداریش لەم یەکترناسینەدا بۆ میللەتەکەمان پەیدا دەبێ».

پاشان ئامانجەکانی داهاتووی کۆمەڵەکەی دەست نیشان کردووە و وتوویە: «کۆمەڵە بۆ پێچانی برینەکانی میللەت پێویستی بە فیداکاری ئێوەیە. هەر کوردێک دەستی یارمەتیتان بۆ درێژ بکات و هەر فیداکارییەک بە سەرکەوتویی بەجێ بهێنێ، ئەوا بە راستی بەدیهاتنی ئومێدە میللیەکانمان دەبینین. جەنابی هەق هەمیشە میللەتەکەمان بەختەوەر بکات».

ساڵی ١٩٢٤ دوای روخانی حکوومەتەکەی شێخ مەحمود، لەسەر داوای باوکی بۆ تەواو کردنی خوێندنی پزیشکی چووە بۆ فەرەنسا و لەوێ لەگەڵ مامۆستاکەی (پرۆفیسۆر لۆمێر) هاوسەرگیریی کردوە و هەر لەوێ ماوەتەوە تا ساڵی ١٩٧٠ کۆچی دوایی کردووە. لەسەر وەسیەتی خۆی لە تەنیشتی دایکەیەوە لە گۆڕستانی ئەعزەمییەی بەغدا بە خاک سپێردراوە. تاقە کوڕێکی هەبووە بە ناوی «دانیال»ەوە.

**مەلیحە ئەلحکیم:**

ساڵی لە دایک بوون و کۆچی دوایی دیار نییە، د. ئەکرەم یامولکی لە دیدارێکی تایبەتدا لەگەڵ مامۆستا سدیق ساڵح وتوویە مەلیحە بۆ تەواوکردنی خوێندن چووەتە زانکۆی ئەمریکی لە بەیرووتی پایتەختی لوبنان و دواتر لە وەزارەتی مەعاریفی عێراق بووەتە

موفەتیشی پسپۆر و لەگەڵ سەلیم حەکیم هاوسەرگیری کردوە کە پیاوێکی مەسیحی عێراقی بووە، دوای کودەتای ساڵی ١٩٥٨ چوونەتە بریتانیا و نەگەڕاوەنەتەوە. سێ منداڵی بە ناوەکانی (فەیحا، نەسیم و بەسیم)ەوە هەیە.

**گوزیدە یامولکی:**

گوزیدە وەک هەندێ سەرچاوە باس دەکەن کە بە رەگەز تورکە و لە گەڵ هاتنەوەی عەبدولعەزیز بۆ عێراق ئەویش هاتووەتەوە و ماوەیەک لە قوتابخانەی زەهرای کچان لە سلێمانی دەرسی وتوەتەوە. حکومەتی تورکیا چاودیری کردوە و لە کاتی گەڕانەوەی بۆ تورکیا لە سییەکانی سەدەی رابردوو راپۆرتێکیان لەسەری نووسیوە، کە تێدا هاتووە: «پێشتر پێمان راگەیاندبوون کە ناجیە گوزیدە خەڵکی (کرکلارەلی)یە و لەبەر ئەوەی لەگەڵ عەزیزی کوڕی نەمرود مستەفا کە لە ١٥٠ کەسەکەیە، هاوسەرگیری کردووە، لە بەغداد دەژی و لەگەڵ پەریخانی کچیدا بۆ بینینی دایکی سەردانی ئێرەی کردووە و زۆر بە کەمیی لە ماڵ دەردەکەون. تەنها سەردانی ماڵی چەند کەسێکی خەڵکی ئێرەیان کردووە کە پێشتر ناسیویانن. بە ڕێزەوە پێتان رادەگەیەنم کە فەرمانبەرێکمان راسپاردووە تا چاودێرییان بکات و بزانین باسی چییان کردووە و دواتر ئەنجامەکەیتان بۆ دەنێرین».

# بەشی شەشەم

# بەسەرهاتە تاڵ و شیرینەکانی

# مستەفا پاشا یامولکی

**کەسایەتی مستەفا پاشا**

پیرەمێرد  کە ماوەیەکی زۆر لە ئەستەمبووڵ مستەفا پاشای لە نزیکەوە ناسیووە و پێکەوە جگە لە جەمعیەتی تەعالیی کوردستان، لە گۆڤاری (ژین)یشدا کاریان کردووە، لە چلەی ماتەمینەکەیدا رووی لە عەبدولعزیزی کوڕی کردووە و پێی وتووە: «باوکی تۆ کەس ناتوانێ ئینکاری بکا، میللەت پەروەرێکی وابوو لەسەر هەر هەتیووە کوردێک بە گژ شاهێکدا دەچوو، قومار و شورب و بەرتیلی نەبوو، لە غیرەتدا بوردە باریی کەسی نەدەکێشا، هەرچی بۆی کراوە و بۆی دەکرێ کەمە، کەسیش نابێ بە مردنی کەس خۆش بێ».

نەوشیروان مستەفاش سەبارەت بە کەسایەتی مستەفا پاشا نووسیوە: «مستەفا پاشا جەنەراڵێکی سوپای تورک و پیاوێکی دنیا دیدە و رۆشنبیرێکی شارەزا و ماوەیەکی درێژ لە ئەستەمبووڵدا ژیابو، خۆی ئامادە کردبوو بۆ ئەوەی لە ژیانی سیاسیی کورددا دەورێکی کاریگەر بگێڕێ». (کتێبی دووەم بەرگی یەکەم، ل٢٤٠)

بەڵام مستەفا پاشا لە پاڵ ئەو کەسایەتییە سیاسیی و سەربازییە جیدییەیدا، لایەنێکی رووخۆشی و قسە خۆشی هەبووە، زۆر جار تەنها بە قسەی خۆشەوە نەوەستاوە و کاری زۆر سەیر و سەمەرە و چاوەڕوان نەکراویشی کردووە. بەشێک لەو قسە و نوکتە و کارانەشی بۆ فێرکردنی خەڵک بووە. لە خوارەوە هەندێ لە بەسەرهاتە خۆشەکان کە لە

قۆناغە جیاجیاکانی ژیانیدا روویانداوە، دەخەینەڕوو:

(١)

محەمەد رەسووڵ هاوار لە زاری حاجی کەریمی شمقاڕ گێڕاویەتەوە: «رۆژێک مستەفا پاشا یامولکی بە دوو زەلام و گوریسێکەوە هات، ئەو کاتە ئەو جادەی سابوونکەرانە وا پان و گەورە نەبوو، کۆڵانێکی تەنگەبەر بوو، پاشا ئەو گوریسەی لە هەردوو سەری کۆڵانەکە بە دوو مێخ قایم کرد و دایکوتا. شاربازێڕی و بەرزنجەیی بە بارە دار و خەڵووز و میوە و دارە درێژەوە کە ئەهاتن بۆ سلێمانی، هەموویان ئەبوایە لەوێوە بچنە ناو شار. کە گەیشتنە سەر گوریسەکە، تەماشایان کرد وا رێگەی رۆیشتنیان نییە، لە مستەفا پاشا پاڕانەوە کە گوریسەکە لابا هەتا زوو بگەنە بازاڕ و بارەکانیان بفرۆشن، نەخێر پاشا هەر وەڵامی نەدانەوە، تۆزێکی تر تاقمێکی تر هاتن هەربەو جۆرە ئەوانیش وەستان و پاڕانەوە هیچ سودی نەبوو، کاروانێکی تر هات، بارەداریان پێ بوو، ئەوانیش وەستان، یەکێکیان وتی:

- ئەرێ باوکم پاشای ماشای، هەرچیەک هەی، گوریسەکەت لابە، با برۆین.

مستەفا پاشا هەر وەرامی نەدانەوە. یەکێکیان زۆر سەرگەرم بوو، لێی هاتە پێشەوە و چوو لقەدارێکی لە بارەکەی دەرهێنا، وتی:

- سەگباب گوریسەکەت لائەدەی باشە، لای نەدەی، بەم دارە سەرت ئەهاڕم.

ئەوجا پاشا دەستی کرد بە پێکەنین و وتی ئەی دەم خۆش، ئەی بە قوربانی دەمت بم، ئادەی توخوا جنێوەکەت بدەرەوە، کوڕە خەڵکینە، هەتاکەی ئێوە هەر فێری پاڕانەوەن، بەس بپاڕێنەوە، تەنها شەق ئەزانێت قۆناغ لە کوێیە، بەخوا هەتا ماون، بەشەق نەبێ ناگەنە حەقی خۆتان، بەس بپاڕێنەوە، پاڕانەوە کەڵکتان نادا».

(٢)

ساڵی ١٩١٢ ئەو کاتەی مستەفا پاشا لە سوپای عوسمانیدا جەنەراڵ دەبێ، لە ئەستەمبووڵ عەسکەرێکی ناردووە بۆ ئەوەی بۆیاخچییەکی بۆ بێنێت تا پووتەکانی بۆ بۆیاخ بکات، عەسکەرەکە بۆیاخچییەکی کوردی سنەیی بۆ هێناوە. کوڕەکە بەدەم بۆیاخ کردنی پووتەکانی مستەفا پاشاوە، تا توانیووە بە کوردی جنێوی پیس و ناشیرینیی پێ داوە، مستەفا پاشا هیچ دەنگی نەکردووە تا بۆیاخچییەکە لە کارەکەی بووتەوە، مستەفا پاشا دەست دەکات بە گیرفانیدا و بە کوردی پێی وتووە:

- کوڕم ئەوە دە قووروش بۆ بۆیاخ کردنەکەت، ئەو دە لیرەش بۆ جنیوەکانت!

کوڕەکە زۆر پەشیمان بووتەوە و زۆری لێ پاڕاوەتەوە لێی ببورێ، مستەفا پاشا بە دەم پێکەنینەوە بەڕێی کردووە.(tabsir under)

(٣)

مستەفا پاشا زۆر حەزی لە گەڕان و پیاسە کردووە، زۆر جار بە پێ هەتا بناری گوێژە ڕۆیشتووە، پانتۆڵێکی تەسکی سواریی (برجز)ی لە پێ کردووە. ڕۆژێک لە بناری گوێژە پیاسەی کردووە، لای داوەتە لارێکەوە و بە پێوە میزی کردووە. لەو کاتەدا تاقمێکی لادێی بە خۆیان و بارە ترێکانییانەوە بەوێدا تێ پەڕیون. چاویان بە پاشا کەوتووە کە بە پێوە میزی کردووە (لە ناو لادێیەکاندا بە پێوە میز کردن، ناشیرین و ناشایستەیە) ئەوانیش پێی پێکەنیوون، کە لێ بووتەوە دوایان کەوتووە و ئەوەی زۆر گاڵتەی پێ کردبوو و زمانی لێ دەرکێشاوە ڕائەوەستێنێ دەمانچەکەی لێ دەرهێناوەو پێی وتووە:

- سەگباب راوەستە نەڕۆی.

کابراش ڕەنگی زەرد هەڵ گەڕاوەو و وتوویەتی:

- مامە بەقوربانت بم، ناماقوڵیم کرد و لێم ببورە.

پاشا بەرۆکی بەرنەداوە و پێی وتووە:

- ڕانکەکەت داکەنە!

کابرا زۆری لێ پاڕاوەتەوە:

- بێنە دەستت ماچ کەم، حەیام مەبە.

پاشا:

- مەترسە هیچت لێ ناکەم.

بەزۆر ڕانکەکەی پێ داکەندووە و خۆشی پانتۆڵە تەسکەکەی داکەندووە و داویە بە کابرا و بە زۆر لە پێی کردووە، ئەنجا پاشا پێی وتووە:

- دەی ئەگەر ئازای دانیشە و میز بکە!

کابرا زۆر هەوڵی داوە نەیتوانیوە دانشێت و میز بکات:

- قوربان بە خوا ناتوانم دانەومەوە،

پاشا:

- کە ناتوانی، جارێکی دی ناماقووڵی وا نەکەی. سەگباب کە خۆت ناتوانی شتێک

بکەی، ئیتر بۆچی گاڵتە بەخەڵکی دی ئەکەی؟!.

(٤)

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کاتێک مستەفا پاشا قائیمقام بووە لە بەغدا، مووچەی عەسکەر و فەرمانبەران دوا کەوتووە، مەفرەزەی عەسکەری هەموو مانگێک بۆ دابینکردنی مووچە، بەروبومی کشتوکاڵیان کۆکردنەوە، جاروبار لە بری پارە، مەڕ یان بزنیان، داوە بە فەرمانبەران.

رۆژێک چەند خێزانێکی خانەنشین چوونەتە لای مستەفا پاشا پێیان وتوە مووچەی چەند مانگێکیان وەرنەگرتووە. ئەویش هەواڵی بۆ عەبدولوەهاب ئەفەندی دەفتەرداری ویلایەتی بەغدا ناردوە، تا هاوکاریان بکات و بەشێکی مووچەکانیان بۆ دابین بکات، بەڵام ئەو لە باتی هاوکاری کردنیان هەموویانی داوەتە بەر جنێو قسەی ناشیرینی بێ ئەدەبانە.

مستەفا پاشا کە ئەمەی بیستووە، زۆر پێی ناخۆش بووە و بێ تاقەت بووە، بۆی هەڵ ئەگرێ. رۆژێک سەیر دەکا دەفتەردار بە سواری کەرە سپییەکەیەوە لە سەرای حکوومەت دێتە دەرەوە و بەرەو ماڵ ئەچێ. دوو پۆلیسیش بەملاو ئەولاوەیەن، لە نزیکی مەیدان، مستەفا پاشا رێگەی لێ گرتووە و شەڕی پێ فرۆشتووە و پێی وتووە تۆ بەکەرەکەتەوە خۆتت لێ داوم! لەسەر کەرەکە دای بەزاندووە و تێرو پڕی لێ داوە، پاشان سواری کەرەکەی کردووتەوە، مەسەلەکە گەورە بووتەوە و گەیشتووتە حکوومەت.

خانەنشین و عەسکەر و فەرمانبەران، پشتیوانی زۆریان لە مستەفا پاشا کردووە، دەفتەرداریش لە ترساندا کەوتووەتە دابەشکردنی ئەو موچانەی کە دابەش نەکرابوون، دوایی ئەوە لیژنەیەک لە ئەستەمبووڵەوە بۆ ئەو مەسەلەیە پێک هاتووە و دەفتەردار لەکارەکەی بەرکەنار کراوە.

(٥)

نەجمەدین مەلا لە کەشکۆڵە دەستنوسەکەیدا نووسیوویەتی: رۆژێک لە رووی لەطیفەوە لە مستەفام پاشا پرسی:

-پاشام تۆ بۆچی نەهاتییە جواب کە تورک چەند لاوی کوردی بە فەنادا و کردی بەدارا، خنکاندی؟

لە جوابدا فەرمووی:

- لە جیاتی پیاوێکی عادیی حەماڵ کە تورک خوێنی ئەڕشت، من بینباشییەکی گەورەی

تورکم بە دارا ئەکرد، لەوە زیاتر چی بکەم.

(٦)

جارێک حاجی مستەفا یامولکی لە نەخۆشی مردنیدا لە خەستەخانەی مەجیدیە بوو لە بەغدا، رۆژێک دەستی کردووە بەگریان و خوڕ خوڕ بە چاویدا ئاوهاتووەتە خوارەوە. پێیان وتووە:

– پاشا، خوا شیفات ئەدا و بۆچی وا بێ تاقەتی ئەکەی! ئەوە وا نییە کە هەر کەس نەخۆش بکەوێ بمرێ. ئەویش لە وەڵامدا وتوویەتی:

– ئەوە ئەڵێن چی؟! من بۆ ئەوە ناگریم کە ئەمرم، ئەمرم بە گونی بارگیرتانەوە، بۆ ئەوە ئەگریم تا ئەو وەختە من بووم، ئەم ناسک و نازدارانە لە کوێ بوون، ئێستە کە من هیچم پێ نەماوە، چۆن ئەم فریشتانە وەکو پەپوولە بەدەورما ئەسوڕێنەوە؟! من بۆ ئەمە ئەگریم.. (عەلائەدین سوجادی، رشتەی مرواری، بەرگی حەوتەم، ل٩٥)

(٧)

کابرایەکی بانی خێڵانی چوو بوو بۆ حەج و لەولاوە چووە بۆ مەدینە بۆ زیارەتی پێغەمبەر. حاجی مستەفا پاشا گێڕایەوە: کابرا روی کردبوە مەرقەدەکە و ئەیوت: هەی خاڵە حەمە، وەڵڵا! بێم وە دەورتا، ئەزانی لەو وەختەوە کە تۆ کۆچی خێرت کردگە، چ عەزیەتێکی ئەو حەشامەتە ئەدەی! ئاخر ئەمە شوێنە تۆ تیا مردگی؟! با لە جێگایەکی وەکو (باڵان تەران) چاوت بنیاوەیەکا و جێگایەکی وات بدۆزیایەتەوە، سەرت تیا بنیایەتەوە!.
(عەلائەدین سوجادی، رشتەی مرواری، بەرگی حەوتەم، ل٨)

(٨)

سەردەمی دەسەڵاتی شێخ مەحمودی حەفید لە سولەیمانی، شێخ، لە حاجی مستەفا پاشا یامولکی تووڕە ئەبێ، ئەمر ئەکا بیگرن. حاجی مستەفا پاشا کە ئەزانێ ئیش زۆر خەتەرە ئەگەر لەو وەختەدا بیبەنە لای شێخ مەحمود ئەیکوژێ، دێتە سەر ئەوەی خۆی بشارێتەوە، هیچ پەنایەک نادۆزێتەوە ئەوە نەبێ پەلاماری قورئانێک بدات و بچێت بۆ گردی سەیوان.

بە پەلە پڕووزێ قورئانێک هەڵئەگرێ و ئەچێ بۆ گردی سەیوان، لەو کاتەدا پیاوانی شێخ ئەیبینن و هەڕا ئەکەن بەشوێنیا، ئەویش گورج لەسەر قەبرێک دائەنیشێ و دەست ئەکا بە قورئان خوێندن. پیاوەکان دێن و ئەیگرن و ئەیبەن بۆ لای شێخ مەحمود. دەست ئەکا بە قسەکردن و پێی ئەڵێ: تۆ ئیشی نابەجێ ئەکەی و قۆمیتەت لە دژی من کردووە. ئەویش ئەڵێ:

-یا شێخ بە قەبری دایکم، من ئاگام لە هیچ نییە، بە تەواوەتی تەرکی هەموو شتێکم کردووە، ئەوە لەو پیاوانە بپرسە منیان لە کوێ هێناوە؟ من لەسەر قەبری دایکم بووم و قورئانم بۆ ئەخوێند، حەقی زۆری بەسەرمەوەیە!

ئەو قسەیەی بەلاوە زۆر سەیر ئەبێ، چونکە ئەزانێ درۆ ئەکا، دایکی چی و قورئانی چی. لەگەڵ ئەمانەشا ئەڵێ برۆ بۆ خاتری قەبرە درۆزنەکەی دایکت بێ.

لە راستیدا قەبری دایکی نەبوو، هەروا چووبو لەسەر قەبرێک دانیشتبوو، بۆ ئەو رۆژە کردبووەیە دایکی خۆی! (عەلائەدین سوجادی، رشتەی مرواری، بەرگی هەشتەم، ل٩١)

ئەم بەسەرهاتە لە پڕوپاگەندەیەکی لایەنگرانی شێخ مەحمود دەچێ دژ بە مستەفا پاشا. ئەگینا مستەفا پاشا کەسێکی نەترس و قسە لە روو بووە، چیرۆکە کە بەم شێوەیە بووە: (کاتێ پاشا دەچێ بۆ سەر قەبران، شێخ هەندی پیاوانی دەنێرێتە ماڵیان. ئەو کەسانە زۆر ناشیرینانە هەڵسوکەوتیان کردووە تەنانەت لە ژووری زەخیرەکەیان هەرچی برنج و نیسک و نۆک هەبووە هەڵیانڕشتووە و تێکەڵیان کردووە، سەماوەر و قۆریی چایان داوەتە بەر شەق. کە پاشا هاتووەتەوە و ئەم وەزعەی دەیووە، جوابی بۆ شێخ مەحمود ناردوە ووتی: .... مادام ئەم بەزمەت کرد ٣ جار دەستم ماچ نەکەی، سلێمانی بەجێ ناهێلم).

(٩)

گیوی موکریانی گێڕاویەتەوە: لەم دواییەدا کە لە سووریاوە گەڕاینەوە بۆ بەغدا، چەند سەرکردەیەکی سوپایی بە کاکمیان [مەبەستی حوسێن حوزنی موکریانیە] دەوت: ئێوە چتێکتان هەر بەدەستەوەیە، ئێمەش وەکو ئێوە کوردین و با ئێمەش تێ بگەین و بەشدار بین. حوزنیش دەیفەرموو: ئێمە موئەریخ و مۆر هەڵقەن و خاوەن چاپخانە و قەڵەمین هیچ، ئیشێکی بە دزیمان نییە و دەخڵمان بەسەر کورسی و سیاسەتەوە نەداوە. رۆژێک کە لە ماڵی ئێمەدا لە بەغدایە، دە دوازدەیەک هەر لەوان کۆ ببوونەوە دیسان دەرگای باسی گۆڕێنیان کردەوە و گوتیان: بێت و نەبێت ئێوە جاسووسن، دەنا بۆچ بەمە باوەڕ ناکەن و راز و نیازی خۆتانمان پێ ناڵێن. بەندە جنێوم پێدان، ئەوانیش دوو کەسیان بە زلە لە منیاندا. ئەگەر شاگرد موجرم ئەفەندی لەوێ نەبایە، ئیش زۆر خراپ تێک دەچوو و دەست درێژییان بۆ لای کاکیشم دەکرد.

لە پاشان کە مستەفا پاشا ئەوەی زانیوە، لە ماڵی خۆی کۆی کردبوونەوە پێی فەرموو بوون: بێ نامووسینە کاتێک ئێوە تێکڕا گەوادیتان بۆ عوسمانییان دەکرد، حوزنی دێ بە

دێ، شار بە شار بە شوێن کۆکردنەوەی شوێنەواری مێژوویی و ئەدەبیی کوردیدا دەگەڕا، ئێستا ئێوە لە جیاتی ئەوەی خزمەتیان بکەن، لە پێش چاوی حوزنی لە براکەشی دەدەن، هەی داوەشێن.

بەڵێ، پاشا هێندە شکاندنیەوە کە هەموویان تاک تاک و دوو دوو لە دورەوە دەهاتنەوە رەواندزێ و دەستی ئێمەیان ماچ دەکرد. تا کوردستان هەیە، پاڵەوانێکی نەبەز و دڵسۆز و تێگەیشتووی وەکو مستەفا پاشا نەمروود پێ ناگەیەنێتەوە. پایەی وی لە هیتلەر و چەرچڵ کەمتر نەبوو، بەڵام داخەکەم بێ کەرەستەیی و بێ هەستی کوردان، ئەویان وەدواخست. ئەگەر بمێنێم شان و شکۆ و تەواوی ئاکاری پاشا لە ناو مێژوو و لە ناو ناودارانی کورددا بە چەشنێکی تەواوتر و برێک رێک و پێک تر دەخەمە بەر چاوی هەموو لایەکەوە. (گیوی موکریانی، ل ١٩- ٢١)

**(١٠)**

هەر گیوی موکریانی گێڕاویەتەوە: لە کاتی حوکمدارێتی ئەمیر ئیسماعیل خانی سمکۆدا، مستەفا پاشا خۆی گەیاندە پایەتەختەکەی وی کە (چاریە) بوو، تا سەروەرییەک بە لەشکرەکەی بدات. بۆ ئەوەی رەگ و ریشەی ناکۆکێتی و دووبەرەکانێتی لە ناو هۆز و تیرەکاندا هەڵکەنێ و تۆیی ئاشتی و تەبایی و گیانی نیشتمان پەرستییان لە ناو دڵیدا بچێنێ، شار بە شار و دێ بەدێ دەگەڕا.

رۆژێکی لە لاجانێ، لە دێی (پەسوێ) لە دیوەخانی قەرەنی ئاغای مامەش دا کە ئامۆژگاریی چەند سەد سەرۆک و ئاغایەکی پیران مامەش و زەرزا و مەنگور گەورک و دیبۆکری و بەگزادەی، دەکرد، مەلایەکی جاسووس هەڵیدایە و گوتی: ئەدی پاشا بۆچی تا ئێستا هیچ پادشا و دەوڵەتێ لە کورد هەڵنەکەوتووە؟ پاشا فەرمووی: چی دەکەی لە سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی و کەریم خانی زەند و پاشاکانی بابان و ئەردەڵان و سۆران و موکریان و هەکاری و .. هتد، کە باپیری ئێمە ئەوانەی دواییان بە چاوی خۆیان دیتوە و هەتا دوێنێ دونیایان لەبەر دەلەرزی.

مەلای ناپاک و بێگانە پەرەست، وازی نەهێنا و پرسی ئەدی بۆچی تا ئێستا هیچ پێغەمبەرێک لە ناو کورداندا پەیدا نەبووە؟ پاشا فەرمووی ئەدی حەضرەتی نەمروود کورد نەبوو؟ مەلای گێرە شێوێن و شۆفار هەلی لە دەست نەدا و و هاواری کرد و گوتی: کورە خۆ پاشا کافرە، کەلیمەی (حەضرەت)ی بۆ نەمروودی مەلعوون بەکار برد، هەر کەسێکی

ئەو کافرە بکوژێ (١٠٠) قەصر و هەزار حۆریی پێ دەدرێ. (گیوی موکریانی، ل ١٧)

**(١١)**

گیوی موکریانی گێراویەتەوە: ئەوسا لەبەر ئەوەی کە بەندە تازە چووبومە سووریە، بۆ چاو کرانەوەم هەموو چەشنە کارگە و مەعمەل و تەمثیل و سینەمایەکم نیشاندرابوو. کەچی برادەران هەر دەیانگوت ئەوانە هیچ نیین تیاترۆ زۆر خۆشە بەبێ ئەوەی تێم بگەیەنن چییە. بەندەش کوێر کوێرانە زۆر جاران کاکم هەڵدەپێچا کە دەبێ یا بمنێرێ بۆ تیاترۆ و یا خۆشی دەبێ لە گەڵم بێت، ئەویش هەموو جارێکی بەزەردەیەکەوە دەیگوت تاڵۆکە مەکە لە دەرفەتێکا لە دەستم بێ، ئەویشت پیشان دەدەم.

لەو ماوەیەدا کە پاشا لە ماڵی ئێمە بوو، ئێوارەیەکی فەرمووی کاک حوزنی با ئەمشەو بچینە ئۆتێلی بارۆن گیویش لەگەڵ خۆمان ئەبەین. کە گەیشتینە ئەوێ، پاشا بە بۆیەکی فەرموو دوو کورسیمان بۆ ببەنە سەربانێ. دەستی منی گرت و تەنها دوو بە دوو چووینە سەربان، لە گۆشەیەکی دانیشتین مەیدانێک دیار بوو پڕ لە خەڵک و چەند ئافرەتێکی رووت لە نێوەڕاستیاندا هەڵدەپەڕین، پرسی ئێرە کوێیە و ئەوانە کێن؟ گوتم ئەوانە پیاون و هەوانەش ژنن. فەرموی ئەو ژنانە ئەگەر ئابڕوویان هەبایە، بە رووتی لە نێوەڕاستی ئەو هەموو پیاوانەدا هەڵدەپەڕین؟ ئەدی ئەگەر ئەو پیاوانە ناموسیان هەبایە، چۆن تەماشای ئەو ژنە سووکانەیان دەکرد؟ فەرمو کوڕم ئەو تیاترۆیەی کە تۆ کاکت تەنگاو کردووە بە خۆی و بە ریشەکەوە پێ نیشان بدات ئەئەوەیە، دیارە نەت زانیوە چۆنە؟ دەنا بۆچی وا رووت لە سەید حوزنی نەدەنا. کوڕم ئێمەی کورد بەدبەخت ترین و دواکەوتوترین و پەرێشان ترین نەتەوەین لە دونیادا. وڵاتەکەشمان بەسەر چەند لایەکدا دابەش کراوە. لەسەر ئێمە پێویستە هەوڵی ئەوە بدەین سەرو سامانی لەدەست چوومان بە دەست بخەینەوە.

تۆ شوکری خوا بکە کە برایەکی زانای وەک (حوزنی)ت هەیە و ماڵیشتان لە سووریەیە، خەڵکی عێراق و ئێران زۆر بە تەکلیف منداڵی خۆیان بەبێ کەسی بۆ ئێرە دەنێرن بۆ خوێندن. تۆ کە چوویتەوە کوردستان لێت ناپرسن چیت خواردووە و چیت دیتوە، بەڵکو دەڵێن چی فێر بوی بە کاری رزگاری ئێمەبێ.؟ ئیتر لەوێ دووسەعات پتر هەر ئامۆژگاری دادەدام و منیش ئارەقەی شەرمەزاریم دەڕشت. بەڵام سەیر ئەوەیە برام تا کۆچی دوایی کرد، هەتا لە کاتی شەڕ و ناخۆشیشدا ئەوەی بە چاودا هەر نەدامەوە و بەندەش هەتا ئەوەم وەبیر هاتبایەوە، لە بەر شەرمەزارێتیی خۆم سەرم دادەخست. (گیوی موکریانی، ل ١٩-٢٠)

(١٢)

هەژار موکریانی لە کتێبی (چێشتی مجێور)دا نووسیوە: لە شەڕی یەکەمی گەورەدا، ئەفسەرێ بە ناوی مستەفا پاشا نەمرود بە بەرگی گۆڕاوە هاتووەتە کوردستانی موکریان گەڕاوە، و داوای کردووە کە کورد ئازادیخواز بن. دەڵێن شەوێک لە سابڵاغ چووەتە قاوەخانەی حیکایەت خوان، گوێی لە باسی رۆستەم و دێوی سپی گرتووە. لە پڕ گوتویەتی (ئەلفاتیحا!)، خەڵک فاتیحایان خوێندوە، نەمروود دەستی هەڵێناوە و گوتوویەتی «خێری ئەو فاتیحایە بۆ رۆحیانەتی رۆستەم و دێوی سپی! برام ئەوان مردوون. ئێوە کە زیندوون، فکرێک بۆ حاڵی خۆتان بکەنەوە...» (هەژار، ل٥٣)

(١٣)

مامۆستا ئەحمەد حسێن (پێزان) گێڕایەوە: لە هەشتاکانی سەدەی رابردودا، لای هاوڕێی کۆچ کردوو نوسەر و شاعیر و رۆژنامەوان کاکەی فەلاح بووم. جێگەی تایبەتی نووسینگەی خۆی بوو، لە چاپخانەکدا. لە پاڵ کارەکانی تریدا خەریکی کۆکردنەوە و گەڵاڵەکردنی کۆمەڵێ نوکتەی بەپێز و کاریگەر بوو، یەکێک لەوانە لەبارەی رەحمەتی مستەفا پاشا یامولکی یەوە بوو. گوایە ئەو دەمەی لە شاری سنە قونسوڵی دەوڵەتی عوسمانی بووە، هەرچی پیاو ماقوڵ و زانا و دانا و بلیمەتی ئەوێ بووە، باشیان ناسیووە، ئەو پەڕی رێزیان لێگرتوە. جارێکیان تەشریفی بۆ یەکێک لە دیوەخانی ئەو میوان پەروەرانە بانگ کراوە، کە جمەی هاتووە لە دانیشتووانەکەی.

بۆ خۆشی ویستویانە کەمینێکی بۆ بنێنەوە، تاکو لە قسەدا تێکەوێ و هەندێ پێ بکەنن. کاتێک کۆمەڵێک میوەی هەمەڕەنگ دادەنرێت، لەوانە چەند جۆرە ترێی رەش و سپی تێدا دەبێ. کە دەستیان کردووە بە خواردنی، یەکێک لە میوانەکان بۆڵە ترێیەکی هەڵگرتووە و بەرزی کردووەتەوە بەدەنگی بەرز وتوویەتی:

- ئێوە سەیری ئەم نیعمەتە جوانە و بە چێژ و گەشە بکەن، کە چەند بەسوودە، کەچی خەڵکی سلێمانی پێی ئێژن (ترێ)، ئەمە کەی رەوایە؟!

هەموو دەستیان کردووە بە پێکەنین و دەڕواننە مستەفا پاشا، کە بە نارەوا ئەم توانجەی تێ گیراوە، گوایە بەوە بێ دەنگ دەبێ. مستەفا پاشاش سەری هەڵبڕیووەو وتوویەتی:

- ئەی جەناب، ئێوە چی پێ دەڵێن؟

ئەویش بە هەموو دڵنیاییەکەوە وتوویەتی:

- ریشەباب..
مستەفا پاشاش هەڵیدەداتێ و وتوویەتی:
- وایە، جێی خۆیەتی. کەواتە ترێ ئێمە بە ڕیشە بابی ئێوە..
ئینجا دەردەکەوێ مستەفا پاشا چەند بلیمەت و قسە خۆش و حازر بەدەست بووە..

(١٤)

هەر مامۆستا ئەحمەد حسێن (پێزان) گێڕایەوە: پایزی ساڵی ١٩٨٧ بوو، لەگەڵ بەڕێز کاک ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی ڕەشەدا بڕیارمانداوە بچین بۆ دیدەنی کەسایەتی و مێژوونوس و نوسەری نزیکی مەلیک مەحمود، جەنابی ئەحمەد خواجە، دەربارەی بیرەوەرییەکانی و ڕووداوەکانی سەردەمی جارانی شاری سلێمانی پرسیارمان لێ کرد. بەندە پێموت چۆن مستەفا پاشا یامولکیت دەناسی؟ دوای باس و خواسێکی دورودرێژ لەسەر کەسایەتی و دڵسۆزی ئەو، پاشان وتی با لێرەدا یادەوەرییەکی تاڵ و ناخۆشتان بۆ بگێڕمەوە:

سەرەتای ساڵانی سییەکان بوو، جارێکیان لە شەقامی سابوونکەران بەرەوماڵەوە دەڕۆیشتمەوە، کاتەکەی لای نیوەڕۆ بوو. ئەوەندەم زانی لووتم تەقی بە لووتی مستەفا پاشادا، باوەشی بۆ گرتمەوە و گەشانەوە لە ڕوویدا بەدی دەکرا، فەرمووی ڕێکەوتێکی باش بوو کوڕی مامۆستا خواجە ئەفەندی، بۆ ئەم نیوەڕۆیە میوانی منی و یاپراخمان هەیە و هەندێ دەمەتەقێش دەکەین و کات بەسەر دەبەین. منیش دڵم نەشکاند و وتم باشە پاشام. چەند هەنگاوێک ڕۆیشتین، توشی شێخ سەلامی شاعیر و برادەرێک بووین، ناوەکەیم لە یاد نەماوە، بە هەمان شێوە خولکی ئەوانیشی کرد، پێکەوە چووینەوە ماڵەوە.

مستەفا پاشا وەک تازە لە دایک بووبێتەوە، فرە شادمان بوو. دەستمان شۆری و لێی دانیشتینەوە، سینییەک یاپراخ و نان و ماستاو و سەوزەمان لە لایەن (زەهرا)ی کچیەوە بۆ دانرا. کچەکەی نەختێ بێتاقەت و بێزار دیار بوو، پێش ئەوەی دەست بە نان خواردن بکەین بە پەشۆکاویەوە خۆی کرد بە ژووردا و ئاماژەی بۆ مستەفا پاشا کرد و قسەیەکی ناشیرینی کرد و کردەوەیەکی دزێوی بەرامبەر مستەفا پاشا نواند. ئێمە هەموو پەست و بێ دەنگ بووین، کچەکەی چووە دەرەوە و خەریکی چا لێنان بوو.

مستەفا پاشا نەپەشۆکا و ڕووی تێ کردین، فەرمووی. بە ناوی خودا، دەست بکەن بە خواردنی یاپراخەکە، سەلامی شاعیر کە لە هەمووومان غەمبارتر بوو، ڕووی کردە مستەفا

پاشا و وتی :

– بەو خودایەی دروستیی کردوین، قسمەتی ئێمەی هێناوەتە ئێرە، دەمی لێ نادەین تا هۆکاری ئەو هەڵسوکەوتە ناشیرینەی زەهرا خانی کچت نەدرکێنی بۆمان.

ئەوەبوو مستەفا پاشا وتی:

– زەهرای کچم گلەیی لێمە، دەڵێ ئێمە پەروەردەی ئەستەمبووڵ و عەڵمۆدەی ئەوێ بووین، ئازاد بووین.. کەچی تۆ بە زۆری خۆت، ئێمەت کێش کرد بۆ ئێرە (سلێمانی). ناوێرم بچمە بازاڕ و دەرەوە، تیر و توانجم لێ دەگرن.. هەی.. هەی.. کچی مستەفا پاشایە، تا سەرووی ئەژنۆی رووتە و ئەتواری بەرەڵایی بڵاوئەکاتەوە. منیش پێم وتووە؛ رۆڵە پەلە مەکە ئەم شارە هەرچەند بچووکە، بەڵام زیندووە، لە پێشکەوتندایە، بەرە بەرە هاوڕێت بۆ پەیدا دەبێ، عەلمۆدەیی تیا بڵاودەبێتەوە، سووریشم لەسەر بۆچوونەکانم. بڵێم چی، ئەو دان بە خۆیدا ناگرێ، یەکسەر بە پێوانەی ئەستەمبووڵ، حساب بۆ سلێمانی دەکات..

دوایی نانەکەمان خوارد و گەلێک بەسەرهاتی خۆشی گێرایەوە و پاشان ماڵ ئاواییمان لێکرد.

**(١٥)**

جارێک مستەفا پاشا گوێی لە کابرایەکی شووتی فرۆش ئەبێ، هاوار ئەکات:

– بۆت ئەبڕم بە شەرتی ئەوەی دەنکەکەی رەش، دەنکەکەی زەرد، دەنکەکەی سپی بێت.

مستەفا پاشا زۆر بە لایەوە سەیر ئەبێ، بە خۆی ئەڵێ هەتا ئێستا شووتی هەر بە شەرتی سووری فرۆشراوە، ئەمە چییە ئەم کابرایە بە شەرتی رەنگی دەنکەکانی ئەیفرۆشێ!! ئەچێتە لای کابرای شووتی فرۆش و سێ شووتی پێ ئەبڕێت، رەنگی دەنکەکانی وەک ئەوە بوو کابرا وتبووی، پارەی هەرسێکیانی بە زیادەوە ئەداتێ و پاشان هەتا هێزی تێدایە یەک زللە ئەکێشێتە کابرای شوتی فرۆش، جەزرەبەیەکی وای ئەداتێ کابرای شوتی فرۆش پارەی شووتییەکان فڕێ ئەدات و ئەڵێت:

– پاشا بۆ لێم ئەدی؟

مستەفا پاشاش ئەڵێت:

– بۆ ئەوەی لێت ئەدەم، چونکە ئەو هەموو عەقڵ و هۆشەت لە شووتیا سەرف کردووە، نەگبەتی نەتەوە نەگبەت، دەبا لە شتێکی تردا بووایە، دەرمانێکت دروست بکردایە، تەیارەیەک، سەیارەیەک، تەلەفونێکت دروست بکردایە، ئەو پارە زیادەم لەبەر ئەوە دایتێ،

چونکە مەرجی شووتی فرۆشتنەکەت راست دەرچوو، ئەو زللەیەش لە بەر ئەوەی ئەم هەموو زانیاری و زانستەی لە شووتیا سەرفت کردووە. (ئەکرەمی، م. سالحی رەشە، ل١٣٦)

(١٦)

مەسیحییەکانی سلێمانی لە خۆشی و ناخۆشیدا بەشداریان لە بۆنەکانی خەڵکی شاردا کردووە و لە بۆنەکانی خۆیاندا کەسە ناودارەکانیان بانگهێشت کردووە. جارێک (وەستا بابای مەسیحی) ژنی بۆ کوڕەکەی دیاری کردووە، پیاوانی گەڕەکی گوێژەی بانگ کردووە، بە تایبەتی حاجی مستەفا پاشا یامولکی. کە چوەتە خزمەتی پێی ئەڵێ: پاشای گەورەمان بە بۆنەی ژن هێنانی کوڕەکەمەوە ئەبێ تەشریف بفەرمووی بۆ شەکراو خواردنەوەی خزمەتکاری خۆتان.

مستەفا پاشاش لەگەڵ وەستا حەمە عەلی و وەستا حەبیبدا پێکەوە چوون بۆ شەکراو خواردنەکە، تەماشای هەر چوار لای خۆی کردووە، ئەو کچە جوانانە ئەبینێ زۆر شاد ئەبێت و دەست ئەکا بە پێکەنین، بە وەستا حەمە عەلی ئەڵێت:

– حەمە عەلی، بە قەبری باوکم ئێستا وا ئەزانم خوای گەورە لە بەهەشتدا دایناوم، کە ئەم هەموو فریشتە جوانانە ئەبینم.

(١٧)

نەریتی حاجی مستەفا پاشا وابووە هەر کە لە ماڵ هاتووتە دەرێ، باستۆنێکی (گۆچان) گرتووەتە دەستەوە. زۆر کات ئارەزووی ناو بازاڕی هەبووە، سەری لە دۆست و ناسیاوانی خۆی داوە رۆژێکیان لە هاتنە دەرەوەیدا گوێی لە نان فرۆشێک بووە بانگی ئەکرد وەرنەوە بۆ نانی حومس و حەلەب و شام و بەیرووت، هالاوی لێ هەڵ ئەسێ!! ئەویش هەر کە گوێی لەم بانگ کردنە بووە، بە باستۆنەکەی کەتووەتە لێدانی، بێ ئەوەی کابرای نان فرۆش ورتەی لە دەم بێتە دەرێ. حاجی پێی ئەڵێ: خوا نەناس، بێ ویژدان، بۆ ناڵێی ئەمە نانی گوێژە و ئەزمەڕ و پیرە مەگروونە؟! بۆ گەنم و نانی ئەم وڵاتە بە کەم ئەزانی. کە ئەڵێی نانی حومس و حەلەبە، میللەتی تۆ، خاکی ئەم کوردستانە لە هی ئەوان بە پیت و بەرەکەت ترە؟! گەر زیاتر نەبێ کەمتر نییە. ئێمە پێویستە عاقڵ بین، قەدری خۆمانمان لا بێت، تاکەی هۆشمان نایەتەوە بەر خۆمان. وەڵڵا گوێم لێ بێت جارێکی تر ئاوەها رەواج بۆ نانەکەت پەیدا بکەیت، ناهێڵم لەم شارەدا کار و کاسپی بکەیت. سەر لە خەڵکانی ئەم وڵاتە تێک بدەیت، پڕوپاگەندە بۆ وڵاتانی تر بکەی. (عەباس قادر، ل٣٢)

# بەشی حەوتەم

# مستەفا پاشای رۆژنامەنووس

ئاشنایەتی مستەفا پاشا لەگەڵ کاری رۆژنامەوانیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە لە ئەستەمبووڵ ژیاوە و ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووە. لەوکاتەدا کۆمەڵێ بابەتی بە زمانی تورکی نووسیووە و لەژێر ناوی (حەقیقەتی کوردستان)دا ٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨ بە نامیلکەیەک لە چاپخانەی (قەدر) لە ئەستەمبووڵ چاپی کردووە. کاتێکیش رۆژنامەی (بانگی کوردستانی) کردووەتەوە لە سلێمانی، چەند حەڵقەیەکی لە بەشە تورکییەکەیدا بڵاوبووەتەوە.

مستەفا پاشا وەک خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری رۆژنامەی (بانگی کوردستان) بووە، چەندین وتاری گرنگی سیاسیی لەسەر رووداوەکانی سەردەمی خۆی نووسیوە. تێڕوانین و بۆچوونەکانی خۆی بە بێ پێچ و پەنا و سڵ کردنەوە نوسیووە، بەشی زۆری وتارەکانی بەوە لە وتاری نووسەرانی دیکە جیا دەکرێتەوە کە زۆر توند و زبرن، رەخنەکانی زۆر زەق و ئازاربەخش بوون. ئەو توندییەش کە رەنگدانەوەی کەسایەتییە سەربازیەکەی بووە، کێشە و گرفتی زۆری نەک هەر لە ناو خەڵکدا بۆ دروست کردووە، بەڵکو بەشی زۆری کاربەدەست و دەوروبەرەکەشی بە تایبەتی شێخ مەحمودی لێ رەنجاندبوو.(جمال بابان، ل ٥٧١).

**بابەتەکانی (بانگی کوردستان) خولی یەکەم (۱۹۲۲/۸/۲-۳ تشرینی دووەمی ۱۹۲۲)**

**وتاری یەکەم:**

سەلام و عەلەیکوم ئەی قەومی قەدیمی پەهلەوی.. گوێ بگرن لە بانگی کوردستان، ئەم بانگە بۆ خەبەرداریی هەموو کوردانە، بۆ هۆشیاریی شێرانە، بۆ بیستنی باوک و دایکانە، گوێ بگرن ئەم بانگە چیی تێدایە؟ .. قسەی پڕوپوچی کۆڵانان، درۆ هەڵبەستنی رێژگاوان بەسیە. تەماشای عالەم بکەن لەو صەنعەت و مەعریفەت دا لە ئێمە پاشکەوتوتر کێ هەیە؟ کاڵایەکمان نییە بۆ سەتری عەورەتمان کافی بێ، دەرزی و دەزویەکمان نییە کە دەستکردی وڵاتمان بێ، نیشانەی عەظەمەت و خانەدانی کە ئێستا عیبارەتە لە شەکر و چای، ئەوانیش هی کوردستان نییە، لە جێگای تر دێن. پارچە کاغەزێک کە بۆ نوشتەی چەور و شیرینی بێ ئەویش لە فەڕەنگستانەوە دێ، لە سەدا چوارمان تیا نیە کە کاغەزێ بۆ کەس و کاری و سیرێکی مەحرەمی بۆ عائیلەی خۆی بنوسێ. مشکی و مێزەرمان لە ئێران و فەڕەنگستان، گورونی گوڵ ئۆقیەیمان لە هیندستان، عەبای گەورە گەورەی نازدارانمان لە عەرەبستان، کفنی مردوومان لە ئەوروپاوە، مەلۆتکەی منداڵمان لە ئەمەریقاوە دێت.

وەلحاصڵ لە هەموو چشتێک مەحروومین، لە حەوادیثی عالەم بێ خەبەرین. ئەمە هەمووی سەبەبی بێ عیلمییە، لە فنوونی جیهان بێ بەهرەییە، لەگەڵ ئەمەیش هەر یەکتری تەنقید و هەر کەس ئیش بکا، لە پێش بینینی نەتیجە، لەبەر جەهل و حەسودی، ئەو ئیشە بە خراپی تەئویل دەکەین.

ئەی برادەران، کوردان، وەرن گوێ لە بانگی کوردستان بگرن، بزانن چی لێ حاصڵ دەبێ، چ ثەمەرەیەک دەدا. حوسنی نییەت و برادەری سەبەبی سەرفرازییە، نیفاق غەیبەت باعثی پەرێشانی و سیاهییە، زەمانە گۆڕاوە، عیلم و دانش بەسەر هەموو کارێکا حاکمە، گوێ بگرن لە بانگی کوردستان دەڵێ:

زەمـانـی گـورز و ڕم رابـورد، ئـێستا پـاڵەوان عیلمە
سیلاح دەست صەنعەت و باریقەی تیغ و سینان عیلمە

هەر کەسێ فکرێکی چاکی هەیە بۆ ئەولادی وەطەن ومیللەت بە خێری دەزانێ بە پیاوەتی ئاشکرای بکا تا لە دائیرەی عیلم و ئەدەبدا بخوێنرێتەوە، قسەی پڕو پوچی شەوان ببڕێتەوە، ئەوە بانگی کوردستان دەستی پێ کرا، ئەوا پەند و ناصیحی برادەری

به ئاشکرایی نووسرا:

بـێ عیـلم و سیاسـەت ئـەی بە قـوربان
مـەحاڵ و ئەندەر مەحـاڵە ژینی کوردان
قـصە خـۆشە، فەقەط چاکەی لە دوو بـێ
نـەوەک بـۆ روپیە و تـەحکیمی جێ بێ
لە ترسی دەنگی پۆلیس سەر بە کون کا
لـە پـەنـهانـی دووصـەد فیتنە بـەرپـاکـا (ب.ک ژمارە ١)

**وتاری دووەم:**

**حەسب بحاڵی دووەم**

ئەی ناس، ئەی برادەرانی کوردانم، لە ئەووەڵ نوسخەی (بانگی کوردستان)دا، لە پاش سەلام بەعضێ قسە بۆ ئینتباهتان جەسارەتم کردبوو، وام دەزانی کە لە ئەو قسانە، کە لە ئەو رموززانە، ئینتباهێکتان بۆ حاصڵ بووە. وا ئەسەف، هیچ تاثیری پەیدا نەبووە، حیرصی جاهـ و حەسوودی، سەعی و کۆشش، تەنها بۆ مەنفەعەت ذاتی هەر دەوام دەکا. ئایا مەحبەت و قەومی و وەطەنی وا دەبێ؟ لە پاش خۆتان بۆ ئەولاد و ئەحفادتان تیذکارێکی چاک بەجێ بێنن، لە پاش مردنتان فەرزەندانی وەطەن رەحمەتێکتان بۆ بنێرن، لەسەر قەبرەکانتاندا بە ئەسپایی و بە سەلام و تەعظیم پێ هەڵبنێن، ئەولادەکانتان بە عەزم و کرداری ئێوە خۆشحاڵ و خۆبەرزی بنوێنن، ئەوانیش هەر ماڵ و ئەو ماڵ نەگەڕێن،

هەر بە تووتن کێشان و نۆشینی چای خاوەن مردوو مەشغوڵ نەبن، فیکری تەحصیلی علم بکەن. دونیا تێ بگەن تا لە مەجالیسی مەدەنییەتدا ئثباتی مەوجوودیەت و مەدەنییەت و بە سەربەستی ئیظهاری ئەفکار و مەعنەوییات بکەن. تا کەی بۆ چاکی و تەرەقی وەطەن دەنگ نەکرێ؛ هەر بەحثی لیرە و کولێرە، هەر قصەی تووتن و کەتیرە بکرێ. هەر دەفتەری خصوومەت و جەهالەتی پێشوومان بخوێنرێ، بەم ئەخلاقی مەذموومەیە، بۆچی (عەفا الله عما سلف)، نەبیژرێ. کەسێ مەئمووریەتێکی بێ هەرکەس چێوی ظاڵمێکی بەدەستەوە بێ، دەرحەق بە هەموەطەنانی خۆی دەبێ بە فیرعەونێ، بە ئەضراری غەیر خۆشحاڵی دەکا، بە فەلاکەت زەردەبێ، لە جیاتیی مەعاوەنەت، مەضەڕەت ئەبینێ. دەوری وەرەثەکانی دەدەن کە بە قیمەتێکی موفت چییان هەیە لە دەستیان دەربێنن، لەگەڵ ئەم حاڵ و حەرەکاتە،

ئەگەر لە مەجلیسێکدا یا بە یەکێ لووت خوراو، پارچە ئەفەندییەکی پۆتین دڕاو، یاخود کلارە بە سەرێکی دەرەلنگ هەڵکراو، بە بینینی هەرچی حەقیقەتە دەیپۆشن، هەرچی لەدەمی ئەوانەوە دەرچێ بە ئەوە (نعم یا یاسیدي) (آوت ئەفەندم)، (بەڵێ قوربان صاحیب)، زۆرچاکە ئەرێ وەڵا هەر وایە، دەڵێن و وەظیفەی ئینسانییەت و وەطەن پەروەری بەم رەنگە بەجێ دێنن، فەقەت لەم حاڵە هەروەکو خودا راضی نابێ، نە ئینگلیز حەز دەکا، نە ئیبلیس بە دڵ تەصدیقی دەکا.

لە قەدیم دەمانبیست کە کوردان زۆر مووسڵمان و راستگۆن، من ئێستا دەبینم هەرچەندە بە ظاهری خودا شوکور ئیسلامێتی ماوە، فەقەط بە درۆ وەڵڵا و بیللا باوە لە ناوماندا، جەسارەتی مەدەنییە مەفقوودە. مەدلوولی (في الصدق) زۆر کەم عەمەلی پێ کراوە.

دەرحەق بە یەک خزمایەتی، دراوسێیایەتی لە عەمەل کەووتوە، لە مەجلیسەکاندا بۆ ئیفتیتاحی غەیبەت مەثەلەن: ئەسپی کابرا خۆش بەزە، تاریخی یارۆ زۆر کزە دەڵێن، غەیبەت و حیکایەت دەست پێ دەکرێ، ئەی برادەرانی وەطەن، فیکری ئەحوالی خۆتان بکەن، صەرفی نەظەر لە ئەقوامی عەظییمەی موتەمەدینەی وەک ئینگلیز و ئەڵمان، مۆسقۆف و فەرانسز، ئەمریقا، ژاپۆن و سائیرە،

ئێوە هەر قەومی ئەرمەنی و موسەوی مولاحەظە بفەرمون لە زۆریدا بە نیسبەت قەومی پەهلەوی خۆمانەوە هەرچەند شەش یەک و دە یەکیش نابن، فەقەط لە نەظەر مەعاریف و صەنایعەوە وەک گردە گروێ، وەک ئەلبورز فەرقمان هەیە.. هیچ ئەرمەنییەکی قاڵکۆتەیی نییە کە ئەحواڵی ئەرمەنی ئەستەمبووڵ نەزانێ، هیچ ئەرمەنییەکی وانی نییە کە لە ئەفکار و تەشەبوثاتی ئەرمەنیانی ئەمریقا خەبەردار نەبێ. هیچ منداڵی ئەرمەنییەک نییە، کە هەموو غەزەتەی ئەرمەنی، حەتا ئەو غەزەتەی لە ئەمریقاشەوە دێ نەخوێنێتەوە. لە نەفسی ئەستەمبووڵدا، بە زبان ئەرمەنی غەیر ئەز رسالە و کتێب، پێنج شەش لە جێگایانی تر موتەعەدد غەزەتەیان دەردەچێ.

ژن و پیاو حەسب ئەڵحەمییە، هەموو دەیکڕن و دەیخوێنن، بەم نەوعە مەغرب و مەشرق لە یەکتر خەبەردار دەبن. لە ئەستەمبووڵدا مەکاتیبی مونتەظمە، موعەلمانی موتەفەننەیان، مەریض خانەی مەخصوص مەکەمەلیان هەیە. لە حوکەما، لە جواهرچی، لە توجاری گەورە، لە ئەجزاچی، لە طەبیب، حەتا لە موحەڕرو ئودەبا و سائیرە، قسمێکی زۆر هەموو ئەرمەنیە. لەگەڵ یەک بەڕەحم و بە شەفەقەتن. مەثەلەن لە ئەناطۆلیدا تەنها ئەرمەنییەک بکوژرێ، لە

پایتەختی ئەڵماندا لەبەرچاوی عالەمدا بە ضربەی دەمانچە حەق دەسێندرێ.

موسەویەک لە مۆسقۆوە هیجرەت بکا، جەمیعییەتی سەهیۆنیزم بۆ ئیسراحەتی ئەو موهاجیرە غەریبە نەناسراوەش، هەرچی لازم بێ لە فەلەستیندا بەجێ ئەهێنرێ. بۆ تەحصیلی مندالان لە طەرەف رۆمییەکی دەوڵەمەندی بە غیرەتەوە، مەکتەبێکی چل هەزار لیرەیی لە ئەستەمبووڵدا بینا دەکرێ، کەچی ئێمە غەزەتەیەکی هەفتەیی موختەصەرمان پێ ئیدارە ناکرێ. از این بگذر، حەتا لە نان خواردنیشدا راحەتیمان نییە، لە هیچ ماڵێکدا ئۆدەیەکی مەخصوصی بۆ طەعام نییە.

بۆ کەشیدەی شیرین بەستراو، بۆ سەرپۆشی بە پولەکە چنراو، بۆ کەوای بە قیمەتی ئوطوو نەدراو، بۆ کڵاوی ئاڵتوونی نازک رێکخراو، نە دۆلابی مەخصوص و نەجێگاییەکی موشەخەصی هەیە. لەگەڵ ئیدعای تەعەصوبی ئیسلامێتیمان، دەتوانم بڵێم لە هیچ ماڵێکدا غوسڵخانەیەکی پاک و حاضر بەدەستی تیا نییە. وەڵحاصڵ لە هەموو چشتێکا بێ سەلیقەین، هەر پڵاو و بامیە، هەر پڵاو و بامیە.

ئەحواڵی حەمامەکانمان لەگەڵ ئەم ئاوە زۆرانەیان هەیە، مەنظەرەیان موجیبی ئەسەفی عەظیمەیە، صەرف نەظەر لە تاقمی حەمام، لە فۆتە و پشماڵ، لە مەندەر و پاپوچی قاپ قاپ، عادیشی تا نییە، بە پێ خاوس بەسەر هەموو چرکابی ناو حەمامدا دەڕۆن و لە قەدەم خانەش دەردەچن و بەو حاڵەوە و بە دەرمان و وجوودیانەوە روو بۆ خەزێنەی ئاو گەرم دەکەن، کرێشی سەر عەرەقی بن باخەڵ، سائیرە و سائیرە لەو خەزێنەدا گرددەبێتەوە، یەک لە دەوری یەک بە ئەو ئاوە گەرمەی خاصیەت گۆڕاوە غەرغەرە و غوسڵ دەکەن، عەجەبا عولەمای کیرام، بۆ ئەمە چی دەفەرموون، صاحێب حەمامەکان تا کەی بەم حاڵە راضی دەبن؟

ئەی باوکی باوکم، (النظافة من الایمان) فەرمووەدراوە، مەعنای نەظافەتیش بە تەحصیلی عیلم و فنوون مەعلووم ئەبێ، لە نوسخەی پێشووی (بانگی کوردستان) عیبرەت بزانن، توجارێکی هیندستانی (بۆمبایی) چوار میلیۆن روپیەی بۆ ئەیتامخانەیەکی موسلیمین کە منداڵانێکی تێدا ئەخوێنن، هەدیە کردووە. لە کوردستاندا، لە وەقتی رۆستەمی زاڵەوە، حەتا وەختی دەوامی زۆرخانەی (خوادە گوڵ)، چی پەهلەوانێکی بەغیرەتمان ئەم هیممەتەی کردووە؟! (بانگی کوردستان ژمارە ٣)

**وتاری سێیەم:**

**ئەحواڵی ضابطانی کورد لە ئەستەمبووڵ**

حەربی عومومی کە حەربێکی مەشئووم بوو، تەخریبی مەدەنییەت و ئینسانییەت و فەلاکەتێکی عەظیم و مەعلووم بوو. لە رووی بەعضێ بێ مەغزان کە بە وەعدە و پارەی ئەجانیب بێ ئەمان فەریفتە بوون، دەوڵەتی عوثمانی و بەنابەرئین ئەقوامی ئیسلامییەی، حەتا لە تەبەعییەی غەیرە موسلمینیش زۆریان لێ مەحوو و پەرێشان بوو. کوردان کە لە شیمالەوە بۆ جنووب قیسمی ئەعظەمی وەطەنیان بوو بە دارولحەرب، یەعنی جێی کوشتن و بڕین بوو، بە چ دەرەجەیەک موتەضەڕیر و پەرێشان بوون، مەعلوومە.

ئەوانەی کە ئەم مەنطەقەی دارولحەربی کوردستانەی دیبێ، دڵخوێن نەبوونییان بەم پەرێشانییە و مومکین نییە، صەرف ئەلنەظەر لە صەد هەزاران کە بە دانەی طۆپ و بە ئاگری مەترالیوز و تفەنگ، بە طەراقەی بۆمبای مەلعوون مەحوو بوونەوە، هەزاران یەتیم و یەتیمەی کوردان، عەجەزەی نیسوان، پیرانی خەستە و ناڵان، لە ئەثنای هیجرەتی جەبریدا لە ناو بەفردا، لەسەر شاخاندا لە ئەملا و لە ئەولادا، لە برسانا و لە سەرمادا، تەلەف بوون.

هەزاران شیرە خۆری مەعصوم گریان و ناڵان، بەبێ دایکی، بەبێ غەذائی لە ناو چوون.

لەوانەی بەعضێ کە مابوونەوە،

لە ئەستەمبووڵدا لە بەر چاوی هەموو کەسدا، وەکو ئەسرای زەمانی جاهلییەت، بە ماڵانا تەقسیم کران. زۆر ئەولادی مەعصوومی خانەدانی کوردان کە بە ناز و نیعمەت پەروەردە بووبوون، لەژێر سەللەی بێ رەحماندا زار و زەبوون بوون، حەتا قیسمێکیان دەست ماڵە خریستیان کەوتن، هەرچەندە «جەمعییەتی کوردستان ئەستەمبووڵ» بە تەشەبوث لە لای بەعضێ ئەجانبی صاحێب ئینصاف بۆ ئیصڵاحی ئەم کارە و ئەو کوردە بێچارە سەعی و کۆششیان کرد، حەتا هەر کوردێک کە مەندوبی جەمعییەت بوو، دوو سێ منداڵی هەتیوی کوردی بۆ لای خۆیان برد، باز لە عوهەدەی مەنعی پەرێشانی منداڵی بێ کەسی کوردان نەهاتن. هەزاران خانەوادەی عەشایەر و ئەهالی مەسکونەی کورد کە لە ئەطرافی ئەرضڕوم، وان، خەربووط و سائیرەوە هیجرەتیان پێکرابوو، ئەکثریان بە تەلەف چوون و لە موتەباقییان، هەر پێنج شەش ماڵێکی لە دێیەکی تورکا ئیسکان کرابوو، فێری تورکی بین و موجتەمەع نەمێنێتەوە

له کوێیه قەوم و خوێشانم، ببینن چۆن پـەرێشانم
بزووتم لێم دەدەن، بۆچی بڵێم؟ چی تورکی نـازانم
بە حاڵم مەرحەمەت تو خودا، زبان نازان و بیمارم
له کوێ ما دایک غەم خوارم، ببینێ چـاوی گریانم

ئەم مەنظەرەی فەلاکەتە، ئەوەی کە دیبێتی دەیزانێ، وەلحاسڵ هەروەکو ئەهالیی کوردستان له ئەم حەربی عومومییەدا بە خۆڕایی پەرێشان و سەرگەردان بوون، له ضابطان تەحصیل دیدەی کوردانیش قسمێکی زۆر له بەر ناموس و شەرەفی خۆیان، یا له جەبهەی حەربدا شەهید و مەجروح و یا له ئەسارەتدا پەرێشان بوون.

له پاش موتارەکە، یەعنی زەمانێ کە ئەقوام بە ئیددیعای قەومییەت و سەربەستی، هۆشیاری و بێدارییان بۆ حاصڵ بوو، ئارناوود و عەرەب و سائیرە، هەر قەومێ له شوێن ضابطانی خۆیان گەڕان، جەمعییەتیان تەشکیل کرد، موعاونەتییان نواند، هەموویان بۆ وەطەن دەعوەت کرد، ئەهالیی سووریە بۆ شام، عەرەبی عێراق بۆ بەغداد، ئانارناوود بۆ ئەشقودەرە، و سائیرە بەرەفاهی عەوەدەتیان مویەسر بوو.

کوردستانی جنووبی ئێمە، چونکە وەضعیەتی حاضرە و موستەقبەلەی بۆ قەراردانی مونەووەران و ضابطانمان کافی نەبوو، ئەو ضابطە گەنجانەمان چار ناچار قیسمەن لەبەر ضیقی مەعیشەت چوون بۆ ئەنقەرە، قیسمەن له ئەستەمبووڵدا بێ وەظیفە مانەوەیان ئیختیار کرد و دائیمەن مونتەظری ئیختیاری موساعەدەی وەطەن بوون و - هەن- چونکە له ئەووەڵ سەفەر بەریەوە فیکری ئیفتیراقی ئەقوام یەک لەگەڵ یەک هەتا بێ کەسبی شیددەت دەکا بۆ کوردان، له ئەناطۆڵیدا له ناو (کەمالییەکاندا مانەوە، رۆژ بە رۆژ موشکیلات پەیدا دەکا.

لەبەر ئەمە ئەحواڵی ضابطانی کورد، باخصووص خەڵکی سلێمانی کە له ئەستەمبووڵدان، زۆر خراپە. هەموو بۆ عەودەتی وەطەن بە هەموو لایەکدا موراجەعەتیان کردووە و دەیکەن، فەقەط لەبەر مەصاریفی عەظیمەی رێگا بۆ عەودەت کردنەوە مووەفەق نابن

کاغەزێک کە بەناوی مەطبووعاتەوە له طەرەف چەند ذاتێکەوە له ئەستەمبووڵ نێرراوە، له ژێرەوە عەینەن دەرج کرا و کاغەزێکی تر کە لەطەرەف بینباشی ئەرکان حەرب ئەمین بەگ ئەهلی سلێمانی بۆ ئێمە رەوانە کراوە، چونکە فارسی ئەلعیبارە بوو، له قیسمی فارسیی ئەم غەزەتەیەدا دیسان دەرج کرا، کە له موطالەعەی ئەم کاغەزانەدا ئەحواڵی

پەراگەندەیی و پەرێشانی ئەم هاوولاتیانەمان مەعلووم دەبێ، کەسانێ کە رەحم و ئومێدیان بە هاووەطەن و گەنجانی کوردان هەیە، دەبێ بۆ عەوددەت کردنەوەیان ئەمانە هیممەتی عالی بفەرمون و ئەوانەش کە ظاهیرەن موحەبەت حکوومەتی تورکیان هەیە، چونکە ئەم ضابطانەمان لە خزمەتی تورکان بوون و ئێستا لە ئیحتیاجێکی عەظیمەن و تەهی دەست و بێ دەسەلات ماونەوە، دیسان هیممەت فەرموونیان طەبیعییە. لە ئەم ئیشی خێرەدا هەر کەس سەعی بکات و معاونەتی بنوێنێ هەم لە دونیادا بۆی باعیثی مەفخەرەتە و هەم لە ئاخیرەتدا ئینشائەڵڵا موستەجیبی مەغفەرەتە.

هەرکەسێ چی دەدا، لوطفەن ناوی خۆی بۆ ئیدارەخانەی غەزەتە بنێرێ تا ئیعلان بکرێ و ئەو مەبلەغەی کە گرد دەبێتەوە بۆ ئیسلامبول بۆ ضابطانی خۆمان، بە ناوی ئەشخاصی موحتەرەمەوە بنێرێ. (ب.ک ژمارە (٤) ٢٨ ئوغستوس ١٩٢٢)

**وتاری چوارەم**

**بەشارەت بۆ دوشمنانی کوردستان**

لە وەقتێکدا کە ئیسلامییەت وەک سەیلی خرۆشان ئاسیا و ئەفەریقا و ئەوروپای ئیستیلا کرد، لە پاش ئینقراضی موتەئەسیفەی حکوومەتی ئەندەلوس، دەوڵەتی عوثمانی لە ئەوروپادا فتووحاتی بە دەرەجەی یەک وا تەرەقیی کرد، لە موددەتێکی کەمدا هەموو رۆمانیا و هەموو باڤارستان، هەموو صربستان (کە ئەمانە هەموو یەکی قەرالیتێکی سەربەخۆ و موتەرەقین) قەرەطاغ و یۆنانستان و بیلادی مەجەڕی ئیستیلا و پایتەختی مەشهور و موعەظەمی و یانەی موحاصەرە کردبوو. تەنها ئەوروپایی هەموو ئەقوامی خریستیانییە و غەیرە لەبەر ئەم جۆششی ئەم سەیلابی ئیسلامێتییە خەوفناک و بۆ مەنعی ئەم ئیستیلایە لەگەڵ یەکتری دائیمەن حەسەبحاڵیان دەکرد و لەرزەناک بوون. فەقەط بۆ موقاوەمەتێکی موتەسلیانە بە هیچ نەوعێ موەفەق نەدەبوون.

عالەمی نەصرانییەت لە خەوف و هەراسێکی عەظیمدا مات و مەبهووت مابووەوە وبە ئیتفاقێکی عەظیمێکی وەک ئەهلی صەلیبیش هیچ پەیدا نەکرا ئەکثری حکوماتی ئەوروپایی عادەتەن هەموو بۆ حکوومەتی ئیسلامییە موتەبەحبیص و گەردەن دادی ئیطاعەت بوون، لە پێشتر وەک بە ئەندەلوسیان کرد، بە تەقەڕوب و ئیختیلاط بۆ نیفاق و ئەخلاق سەعی کرا. لەم وەقتانەدا لە بەینی ئەقوامی ئیسلامدا بەعضێ فەساد و تەفرەقە حاصڵ بوو، فتووحات

دەستی کرد بە وێستان. لە ئێران شیعییەت تەباروزی کرد و بەم واسیطەیەوە خیلاف لە خەلافەتی موعەظەمە و موهیبەی عوثمانی لە ئێراندا بە تەواوی روویدا. یەعنی بەراستی لە سایەی مەذهەبێکی سیاسییەوە ئەم حکوومەتی عەجەمستانی حاضیرە تەئسیسی کرد.

ئیتر سەڵاطینی عوثمانیە لە غەربەوە بۆ شەرق وەرگەڕان. حکوومەتی عوثمانیش بە سەبەب بێ سیاسەتی و تەعەصوبێکی ئیفراط کارانەوە ئێرانیان حوسنی ئیدارە نەکرد، لەگەڵ عەجەمستان طوولی مودەت مەشغوولی زەد و خورد بوون. بەم سەبەبەوە ئەوروپا نەفەسی راحەتی بۆ حاصڵ بوون (لامارتین) کە یەکێکە لە عوقەلا و موئەریخینی مەشهووری فەرەنگ، لە کیتابی خۆیدا نووسیویەتی بەم نەوعە: لە وەقتێکدا کە شەرق و غەرب و عالەمی نەسرانییەت لە بەر سەیلابی فتوحاتی ئیسلامیەت و عوثمانییەت لە تەهلوکەدا بوو، بۆ ئەمانە ئومێدی بەقا نەمابوو، بیحەمدیلا لە شەرقەوە شیعەیەت و بەم واسیطەیەوە ئیختیلاف و ئیفتراق لە بەینی ئیسلامییەتدا حاصڵ بوو، ئیتر خەوف نەما.

بەڵێ! قەومێ، میللەتێ لە بەینی خۆیەوە نیفاق و ئیختیلافی بۆ حاصڵ بێ، ئیتر ئەو قەومە شەرەف و سەطوەتی نامێنێ، دەبێ بە مەلعەبەی غەیرە. وا ئەسەف، بە واسیطەی حرص و جاە و مەکان، لە بەینی خەلقی سلێمانیشدا ئەحواڵی نامورضییە. برەودان دەستی کرد ئەوانەی کە دەیانوت باوکم ئێمە بە غەیر ئەز کاسپی هیچ نازانین، کەوتوونە ئیدیعای ئەعضایەتی، ئەوانەی کە لە وەقتی خۆیانا لەگەڵ میللەت و لەگەڵ وەطەن غەیرەز بەد خواهی و خیانەت هیچی تریان نەبوو، هەموو بوون بە ئەحرار، هەموو بوون بە وەطەنپەروەر، ماڵەوماڵ دەگەڕێن، لە دیوەخانیاندا غەیبەت دەکەن.

لە نەظەر بەعضێ جوهەلا بە قصەی عەوام فەریبانە ئەربابی فەضل و عیرفان ذەم دەکەن، نازانن کە ذەمی مەذموومان دەبێتە باعیثی تەعالی و تەظاهری شەرفی ئەهلی عیرفان. هەرچەندە ئەهلی ئەم مەملەکەتە کە زۆریان چاک و خراپ فەرق دەکەن و تەرجەمەی ئەحواڵی ئەو موفسیدانە، ئەو کاسەلێسانە دەزانن، فەقەط حەیف بۆ قەومەکە، حەیف بۆ وڵاتەکە. ئەوانە کە تەرەقیی کوردستانیان ناوێ، مەمنوون دەبن ئەوانەی کە چاویان هەر لە خزمەتکارییە نانیان لە رۆندا بێ، بزانن تاکەی ئەم ناپیاوانە نانی ناپیاوەتی و دووروویی دەخۆن. (بانگی کوردستان ژمارە ٥- ١٩٢٢/٩/٤)

**وتاری پێنجەم:**

دەتـرسـم بـمرم، ئـەی وەطـەن، نـەبـینـم بـەختـیاری تــۆ
هـومـایی پـەهلـەوی کـەی بـێ بـەسـەر کـوردا بنیشێـتۆ
هەموو قەومێ بە دەوڵەت بوو، کەچی کوردان لـەگـەڵ یەکتر
خەریکی شۆڕشن یا ڕەب، وەکو گـورگـان لـەگەڵ یـەکتر
بـرا بین، ئیتـفـاقـێ کـەین خـەریکی کـاری خـۆمان بـیـن
نـەوەکو تـا ڕۆژی مـەحشەر ئـەسـیری قەومی دیگەر بـیـن
بـرا کرمانج و کـورد و لوڕ، هەموو یەک بیـن لـەگـەڵ زازا
کـە ئـێوە پـەهـلـەوی ئـەصـڵن، بـزانن ئـەهـلی ئـەورووپـا
کە صلاح ئەدینی ئەیوبی لە پشدەر هات و چـوو تـا شـام
لـەبـەر چـی ئێمە ئێستاکـە بڵێین هـەر نـۆکـەری چـاکـە
بزانن جوولەکە و ئەرمەن بە دەوڵەت بـوون، کـەچـی ئێمە
دەڵێین هـەر نۆکـەری چاکە لـە بـۆمـان نـۆکـەری چاکە
بە قەولی موفسید و بە دگۆ لەگەڵ یەک تێک مـەچـن ئیتر
ئەگەر لەم پەندە گوێ نەگرن، بە مردن چن لە ژین چـاکتر

(بانگی کوردستان، ژمارە ٦)

**وتاری شەشەم**

هومایی دەوڵەتی نیشتووە بەسەر کوردا بیحەمدیللا
دوعا بۆ بەختی کوردان کەین دەوامی بێ بـعەونیللا
بـەڵێ ڕۆژێکی ئیستقیلال، هەزاران ڕۆژی تـر دێنێ
بەڵێ ڕۆژێکی ئازادیی لە بـۆ کـوردان، جیهان دێنێ
ئەوەی کوردی نـەوێ، هـەڵسێ، بەجێ بێڵێ سلێمانی
نەماوە وەقـتی دووڕوویی لە بـۆ ئینگلیس و تۆرانی
فیدات بم بانگی کوردستان، بـدە بانگێ بـە ئازادیی
کە ڕۆحی ئەحمەدی کاکە، بکەین شادان بە ئازادیی

(بانگی کوردستان، ژمارە ٧)

**وتاری حەوتەم:**

**ئینگلیس سلێمانیی بۆ چی دەوێ؟**

مەعلوومی جیهانە، ئینگلیز دەوڵەتێکی موتەرەقی و بەقووەتە، گەرچی نفووسی مەوجوودەی خۆی ئینگلیس بەقەدەر ٣٥ ملیۆن دەبێ، فەقەط لە ئاسیا، لە ئەفەریقا، لە ئوسترالیا و لە جێگایانی تر، ئەوەندە مومتەلەکاتی واسیعە، ئەوەندە تەبەعییەی زۆرە کە لە ٣٠٠ ملیۆن تەجاوز دەکات. یەعنی لە دونیادا دەوڵەتێ کە لەنفووسدا وەکو چین کە یەکەمینە، ئینگلیس لە نفوسدا نزیک بە چینە. قووەتی بەحریی لە جیهاندا یەکتایە و لە پایتەختی خۆیەوە هەر سەفینەیەکی حەربی وەیا تیجاری کە بۆ ئەمەریقا حەرەکەت بکا، لە هەموو عەزیمەت و عەودەتیا، ئەو سەفینەیە هەر لە موڵکی ئینگلیسدا رۆژی لێ ئاوا دەبێ، قووەی بەرپیشی لە دەرەجەی شەشەم و حەفتەمدا بوو، فەقەط لە ئەثنای حەربی عموومی رابردوودا، لە جیهاندا گەیشتە دەرەجەی دووەم، بەڵکو یەکەم. لە سایەی تیجارەتێکی عەظیم و مەشهووریەوە، ثەروەتی لەگەڵ ئەمەریقا تەقابول ئەکا، بەڵکو لەو زیاترە.

هەرچەندە مەعادینی ئاڵتوونی جیهان هەیە، غەیر لە چەند پارچەیەکی نەبێ. لە تەواریخی موختەلیفەدا هەر یەکی بە نەوعێک گرتوویەتیە ژێر دەستی خۆی.

پایتەختی ئەم دەوڵەتە کە وەکو لوندەرە بێ، نفووسی مەوجەودەی – تەقریبەن- نزدیک بە نفوسی مەمالیکی ئێرانە.

ئەم دەوڵەتە بە سەبەبی موڵکی ئەصڵیی خۆی، ئەورووپای خۆی کە وەکو جەزایر بریتانیای بێ قەرالیت بوو، یەعنی حوکمدارێکی زۆر نامدار نەبوو، فەقەط بە سەبەبی موستەملەکاتیەوە، باخصووص لە سایەی ئیستیلای هیندستانەوە کە لە هەموو خصوصەوە لە جیهاندا بە ئەوەڵین قەطعە حیساب دەکرێ، ئیمپراتۆری، یەعنی شاهەنشاهیی بۆ حاصڵ بوو. ئێستا ئەم ئیمپراتۆرییە بۆ موحافەظەی ئەحواڵ و عەظەمەتی خۆی، هەر سیاسەتێ کە لازم بێ، هەر تەشەبوثێ کە موناسیب بێ، مەجبورە بیکا، چونکە تەئمینی موحافەظەی هیندستان بۆ ئەمە کە نەکەوێتە ژێر ئیحتمالی تەهلوکە، ئینگلیس بەگژ هەموو شتێکدا دەچێ، هەموو فیداکارییەک دەکا. حەتا پێی مومکین بێ هەرچەند دەربەندی کێوی قاف (کە یەعنی قەفقاسیا) و دەربەندان شیمال شەرقی ئەفغانستان وەکو هەرات و سائیرە بێ، هەمووی بە عەسکەری ئینگلیس ئیشغال دەکا. ئەم جێگایە بۆ ئیحتیاجی پارە و ئینتفاعی

سائیره نابێ، ئەم ئیحتمالات و تەصەوراتە هەر بۆ موحافەظەی عەرووسی هیندستانە، یەعنی بۆ بەقای ئیمپراتۆریەتی ئینگلیستانە.

سلێمانیش کە لە کوردستانی جنوبیدا نوقطەیەکی موهیمیی سەوقولجیشییە، بە نەظەر ئەوروپایی - ئاسیاییدا ئەهەمیەتی ئینکار ناکرێ.

تا ئیمتیازی شەمەندۆفیری ئەسکەندەرۆن و بەغداد کە لە موددەیەکی مەدیدەوە ئینگلیسان طەڵەبی بوون، بە ئەجانیب تەندرابوو و بۆ موحافەظەی رێگای هیندوستان، مصر و قەناڵی سوەیس لازم بینرابوو، ئینگلیس هەر نەظەری دیقەتیان بۆ ئەوانە متەوەجە بوو. ٣٨ ساڵ لەمەوپێش بە هەر ئەنواعێ بوو، مەسەلەی عورابی پاشا و سائیرە ئیحداث کرا، ئەو وەقطە ئینگلیس لیسی هاویشتە میصر و سویس، لە ئەو رێگایە ئەمین بوو، تیجارەتیشی خەیلێ تەرەقیی کرد.

وەقتێ کە لە پاش ئەو ئینقیلابە مەشئوومەی حکوومەتی عوثمانی کە ئیختیاری لە مەقامی خەلافەت و سەڵطەنەتدا نەهێشت و نفووذ و قووەت کەوتە دەست قیسمی ئەسافیل و جوهەلاوە، ئەو وەقطە بدوونی موحاکەمە و تەئەمولێکی درێژ ئیمتیازی ئەو خەطی شەمەندوفەرە بە دەوڵەتی ئەڵمانیا درا. کە ئەم دەوڵەتە بەرەن لە ئینگلیس بەقووەت تر و لە تیجارەتدا رەقیبی ئینگلیز بوو، لە فنوون و صەنایعیشدا راستی مونەوەرانی لە ئینگلیسەکان زیاتر بوو، فیکری ئەڵمانیش ذاتەن لەگەڵ موتەفقینا ئیستیلای قیسمێکی زۆری ئاسیای صوغرا و حەتا بە تەدریجی هەموو عێراق و هیندستان بوو، جیهانیش دەیزانی کە ئەڵمان لە ئەعمالی تۆپ و تانک و جبەخانە و هەموو وەسائیطی حەربییە دەست باڵاترینی دونیا بوو.

لەگەڵ ئەمەش ئەهالی ئاسیای صوغرا، یەعنی ئەناطۆل، سووریە، عێراق، باخصووص هەموو کوردستان و هەموو ئێران قیسمەن لە بەر بێ مەشغولیەتی، قیسمەن لە بەر تەعەصوبی دینی و عیرقی، بە ئەندەک تەحریکات بکات تەشویقاتی باخصوص کە ئەم خصووصە بە ناوی ئیسلامەتییەوە بێت، لە طەرەف دەوڵەتێکی وەک ئەڵمانەوە بە سیلاح و جبەخانە (کە ئەم وەسائط و ئەسبابانە لە لای ئەم جێگایانە لە هەموو شتێ خۆشەویست ترە) تەجهیز بکرێ، ئیتر ئەم ئەقوامی موتەعەصیب و شوجاعانە بۆ زەب و ضەرب لەگەڵ هەر دەوڵەتێکی ئۆروپایی با خصوص لەگەڵ ئینگلیس کە بە سەبەبی پڕوپاگەندەی چەند ساڵ لەمەو پێشی ئەڵمان و ژون تورکان بە دوشمنی خەلافەت و ئیسلامییەت نیشان

دراوە تەشهیر کرا بوو، دەبوو بە باعیثی هەرج و مەرجێکی عەظیم و بۆ تەهلوکەیەکی لە هەموو تەهلوکەکان بزورگ ترین و ئەمانەیش لە نەظەر ئینگلسدا ئەڵبەتە مەعلووم بووبو. چ حاجەت ئەم خصووصانە کە وتمان هەموو لە حەربی عومومییەدا مەعلوم و موصەدەق بوو و ئینگلیسی زۆر مەشغول وحەتا لە هیندستاندا گەلێ ئیغتشاشات و ئیقاظاتی تەولید کرد. کە ئەمانە بۆ ئیخافەی شەرەفی ئیمپراتۆری ئینگلیس (کە وەکو وتمان لە سایەی هیندستانەوەیە) ئەسباب و تەهەییوئاتی گەورە بوو.

ئینگلیس چ لە پێش حەربی عموومیەدا، چ لە هەنگامی حەربدا، کە ئەم پڕوپاگەندە و تەهالوکەی چاو پێکەوت، فکری کەوتە سەر ضەبط و ئیستیلای عێراق، کە ئانییەن چ لە ئوروپا و ئاسیای صوغرا ئەوە و چ لە شیمالەوە لە طەرەف رووسیەوە بۆ جیهەتی بەحری بەصرە، یەعنی بەندەرێکی عەظیمی سەر رێگای هیندستان، هەر حەرەکاتێ کە ببێ بتوانێ رێی نەدا و لە بەین لۆندەرە و کەلکەتەدا لە ئیستناد دەکا و نوقطەی موتەوەسیطی موهمی بەصرەدا بتوانێ تەشەبوثاتێکی لازم بکا.

ئێستا ئەمە مەعلوم بوو دەزانین تەهدیدی موحافەظەی عێراق بە کوردستانی جنوبیەوەیە، چونکە کوردستان لە شاخی ئاگری (ئاغری یاخود ئارارات کە لە شیمالی بایەزید لە بەینی حودودی قەدیمەی روس، عوثمانی و ئێرانیدا) هەتا خانەقین، یەعنی نزیک بە جیبالی لوڕستان، هەموو ئەم شاخ و داخە کە هەموی بە قەومی کوردەوە مەسکوونە، لە مەواسیمی ئەربەعەدا هەر مەنطەقەی سلێمانیە کە بۆ عبووری صنووفی ثەلاثە موساعید بێ.

ئیستیلای یاخود بە هەر نەوعێکی تر بێ لەژێر تەئثیری نفووذی ئینگلیسدا، بوونی بۆ ئەو قەومە لازم و ئەغلەبی ئیحتمال بۆ ئەمە هاتبوونە سلێمانی.

گەرچی کوردستانی جنووبی ئەوەی لە ئێستادا بەقیمەتە، وەکو مەعادنی نەفت، خەڵووز و سائیرە، زۆری هەیە، فەقەط ئەڵبەتە وەکو هیندستان، ئوسترالیا، ترانسوال (لە ئەفریقای جنووبیدایە)، عێراق سائیرە بۆ ئینگلیس فەوائید و مەنفەعەتی ماددی ومەعنەوی نابێ، فەقەط لە بەر موطالعاتی پێشوو، بۆ تەثبیت و تەحکیمی نفوذیان لە عێراقدا، سلێمانی زۆر لازمە. (بانگی کوردستان ژمارە ١٠)

## عیبرەت

تا ئێستا هەرچی وەقایعێ بەسەر کورداندا هاتبێ کە مووجیبی ضلال و ملال بووبێ، ئەکثر لەبەر نیفاق و شیقاقی بەینی خۆیان بووە. ئەم نیفاق و شیقاقە کە لە کوردستاندا مەوجودە لە مودەتێکی مەددیدەوە مەرکەز و جەریان و فەوەرانی ئەم سلێمانی یە، کە ئەم شارە بە ئاشووبە خودا ئیصلاح و ئیعماری بکا، لە تاریخ ۱۱۹۹دا لە وەقتی حاکمانی بەبەد (بابان)ا ئیعمار کراوە، کە لە پێشدا لە قەڵاچوالانا ئیدارەیەکی مەخصوصی کوردییان بووە.

لەو رۆژەوە کە سلێمانی بینا کراوە تا ئەم ڕۆژانە، لەبەر ئیختیلافات لە بەینی عەشایر و ئەهالی و لەبەر تێ نەگەیشتنی فەوائیدی ئیتفاق یەک جیهەتی، سلێمانی وەکوو ئێستا کە دەیبینین، نە وەک مەملەکەتانی تر مەعمورییەتێکی پەیدا کردووە، لە ئەهالی و عەشایر راحەتییەکی تاممەیان بۆ حاصڵ بووە.

حەتا دائیر بە نیفاق و ئیختیلافات، جەننەت مەکان مەرحوم (مەعرووف) نۆدەهیی لە وەقتی خۆیا بە عەرەبیولعیبارە نامەیەکی بۆ یەکێ لە سەڵاطینی عوثمانی ناردووە، ئینشائەڵڵا لە خودا تەمەننا ئەکەین لە سایەی حوسنی نییەت و خێرخواهیی حەضرەتی حوکمداری کوردستان، ئیجرائات و ئیصلاحاتیکی موستەعجەلە و موحەقق دەکرێ، تا ریشە و بناغەی ئەم نیفاق و شیقاقە بەرطەرەف بکرێ؛ تا قسمی چاکان راحەت و رەفاهی بووبێ و رۆحی موبارەکی ئەو ئەکبەرەش شاد و موستەریح بێ و ئیفتیخار بە ئەم حەفیدزادەی موکەڕەمەی خۆی بکا.

صەرفی نەظەر لە وەقائیع سابقە، مەثەلەن لە زەمانی حوکمڕانیی عەجەماندا، کەسێ کە حەظی لە کەسێ نەکردبێ، بۆ تەحریک و ئیفسادات تا سنە و تاران چوون و نیهایەت لەشکری عەجەمیان هێناوەتە سەر سلێمانی و ئەطرافی، چەند دەفعە تاڵان کراوە، نوفووسێکی زۆر کوژراوە، حەتا زۆر لە ژنانیش بە ئەسارەت براوە.

لە زەمانی عوثمانیشدا بەعضێ موغریضان بۆ ئیضرار و ئیفنای رەقیبیان خۆیان تا مەرکەزی ویلایەتی بەغداد چوون و لەشکری تورکیان هێناوە، بوون بە باعیثی قیتال و فەسادی ئەعظەم! چ ئێران و چ تورکان، لە وەقتی خۆیاندا لە جێگەی ئیعماری مەملەکەت و

تەنوویری ئەفکاری میللەت، ئەکثرەن بەبێ موحاکەمە لە وجووە و مەعتەبرانی کوردانیان، یا کوشتووە، یا بۆ دیاری بەعیدە نەفی و تەغریب و ئیفنا کردووە. چ حاجەت لە شاخی ئاگری، یەعنی ئاراراتەوە، تا جنووبی لوڕستان، چ لە عەجەمدا چ لە رۆمیدا، نە مەداریس و نە مەکاتبێکی مونتەظەم بینا و نە شۆستەیەکی بە قەدەر یەک کیلۆمەترێک درێژ، دروست کرا؟ نە چەند ئەولادێکی کوردان بۆ تەحصیلی علووم و مەعاریف بۆ مەمالیکی موتەمەدینە نێررا؟!

ئەو بێ هیممەتییە کەوا ئێمە ئێستا لە ئاثاری موتەئثیر و مەحزوونین، چونکە صەرف نەظەر لە عەرەبانە و ئۆتۆمبێل، هیچ رێگایەکمان نەبووە کە بەراحەتی بارو کاروانمان پێدا بڕوا، ئێستاش بۆ تەداویی نەخۆشانمان، بۆ بە فریاد گەیشتنی مەجروحان ئەطفالمان طەبیبێ نییە.

لە حەربی عومەمیەدا ئەو مەظڵەمە لە صلاحییە لە سلێمانی و ئەطرافیا دەرحەق بە ئەهالی و فوقەرا کە کرا، هەموو هەر نیفاقی ئەم مەنطەقەیە بوو.

بۆ معاوەنەت بە تورکان لەوانەی کە چوو بوون ١٧ پیاوی موعتەبەر و موحتەرەمی جاف کە بە ئەمری تورکێکی عادی بە مترالیۆز کوژران و لە سلێمانیدا چەند جوان بەبێ موحاکەمە نیشانەی گولله کران، لە پاش ئیبرازی میهمان نەوازی و خانەدانیی خۆی، محەمەد خانی حاکمی بانە و سەیفەدین خانی حاکمی سەقز و حسین خانی حاکمی سابڵاغ و باباى مەشهووری طەرەفی موکری کە بەبێ سەبەب و صەڵاحییەت تاڵان کران و کوژران، دیسان ئەثەری نیفاقی داخیلی بوو.

چ حاجەت! لە وەقت حاکمانی بەبەدا کە ئەطرافی (گوڵعەنبەر- خورماڵ) حەتا جیواری سلێمانی، دائیمەن لەژێر تەهدیدی ئێرانییان (حکوومەتی ئەردەڵان)دا بوو، حاکمانی بەبە کە لە ئەو وەقتانەدا موعاوەنەتیشیان لە عوثمانی دەبینی، بە تەواوی عاجز و مەئیووس مابوونەوە و نیهایەت بە تەوەسوطی مەشایخی و صوڵەحای ئەم جیهاتانە موراجعەت بە عەشائیری جاف کرا، کە ئەو وەقتە لە ئەوبەری سیروان لە جیهەتی جوانڕۆ ئیدارە و صەڵاحییەتێکی مەخصووصەی خۆیان بوون، لەبەر رابیطەی مەذهەبی، یەعنی شافیعییەت، ئیلتماس و موراجەعەتی حاکمانی بەبەیان و ئەمانیش هەموو تەکالیف و مەطالیبی ئەوانیان قەبووڵ کرد.

صرف بۆ موحاکەمەی گوڵعەنبەر کە مەنطیقەیەکی ئەهەممی سلێمانییە، تەرک حکوومەتی

ئەردەڵان و وەطەنی قەدیمی خۆیان کرد، ئەو وەقطە رەئیسێ بەنامی ئەم عەشیرەتە کە (ظاهر بەگ)ی مەرحووم بوو، بە باپیرە گەورەی عموومی ئەم بەگزادەی موحتەرەمانەی جافەیە، لەگەڵ عەشیرەتی و جەماعەتی خۆی پەڕینەوە جنووبی شەرقی گوڵعەنبەر، یەعنی طەرەفی (دزیایش). لە ئەو وەقتەوە سلێمانی لەو جیهەتانەوە لە تەعروضات و تەهاجوماتی ئیرانییان ئەمین بوون و عەشیرەتی جافیش ئیتر لە نەظەردا موحتەرەم بینرا.

لەسەر ئەمە، ئەم خاکی خۆمانە کە مەعەلتەئەسوف نازانم لەبەر چییە، شەرارەی نیفاق دیسان پروزی هێنا و لە بەعضێ طەرەفەوە کە ئیشتیهاری روئەسای جافیان لەلا گران هات و دەستیان کرد بە فەساد، حەتا بەعضێکیان یەعنی ئەوانەی کە لە وەقتی خۆیا لە بەر ئەو ئەسبابانە کە عەرضمان کرد، هاتنی جافیان بە شیددەت ئارەزوو دەکرد، تا سنە چوون، تا بەغداد خەبەریان نارد لە عەلەیهی روئەسای جاف تەشویقاتیان دەوامی کرد، بە نەوعێ کە حاکمی ئەردەڵان (ئەمانوڵڵا خانی گەورە) بە بەهانەی زیارەتی کەربەلاوە تا طەرەفی پێیاز هاتبوو، لە دۆستییەوە زیارەتی ظاهر بەگی طەڵەب کردبوو، ئەویش لە صەفوەتی قەلبی خۆی چوو بوو بۆ زیارەتی، لە ئەثنای زیارەتدا بە طەرزێ کە لە قەدیمەوە ئێرانیان دەرحەق بە روئەسای کورد کردویانە و دەیکەن، بە خیانەت ظاهیر بەگیان کوشت. حەتا مەشهوورە رەئیسی هەمەوەند (جوامێر)یش کە لەسەر وەقائیع مەعلومە ئیلتجائی بە ئێران کردبوو، لە ئەطراف قەسری شیریندا دارا و دەبدەبەیەکی پەیدا کردبوو، بە کوشتن چوونی و بە دوچاربوونی فەضائیحی موتەئەسیفانە لە طەرەف ئێرانییانەوە، دیسان هەر لەسەر نیفاقی کوردان بوو.

لەو رۆژانەدا کە لە سایەی تەوفیقاتی صەمەدانییەوە، بەبێ خوێن رژاندن، سەرئەفرازی و ئیستیقلالیەتێ بۆ کوردان حاصڵ بووە، دەبوو هەموو ئەبنائی کورد خاصەتەن ئەهالیی سلێمانی و ئەطرافی، شەو و رۆژ حەمدوثەنائیان بۆ خوا بکردایە و بۆ مووەفەقیەتی حکوومەتی میللی سەعی بەدڵ و لەگەڵ یەکتری برادەری و ئاشتییان حاصڵ بکردایەوە، کەچی...!!...!...!!

خودایە، ئەوانەی لە باتیی سەعی بۆ تەحەکومی حکوومەتی میللیی، بۆ ظهوری ئیغتیشاش، بۆ تەشویقی فیرقە لەگەڵ فیرقە، بە شەفاهی خەبەر وە یا بە کاغەذ نووسین تەشویقات دەکەن، وەک لە دونیادا تەریق بوونەوە، لە ئاخیرەتیشدا جەزایان بدەی.

ئەم عیللەتە، ئەم مەرەضی ناهەموارە و ئەم نەزانی لە کوردستاندا، هەر مەوضعییە، مەگەر

هەر لە کویسنجاقیشدا، لە بەعضە جێگای تریشدا هەیە.

ئەو ڕۆژەی خەبەری ئیستیقلالی کوردستان گەیشتە کۆیسنجاق، بەعضێ لە ئاغایانی ئەوێ چوونە سەر تلغراف و وتوویانە ئێمە ئیستیقلالی سلێمانیمان ناوێ. فەقەت لە پاش ئەمەی کە طەیارە بۆردومانی کردوون، ئەو وەقتە عەقلیان هاتووەتە سەر خۆیان، زانیویانە ئەو تەشویقات و تەحریکاتە کە پێی ئیغفال بوون، بۆ خۆیان سەممی قاتیلە. دەرحاڵ دەسیان کردەوە بە تۆبە و ئیستیغفار و بە نەدامەت و مەجبوور بوون بە دەرکردنی ئەو چەتە رووتەڵەیەی کە نێردراوەتە ناویان و تەبەعیەتی حکوومەتی کوردستان بکەن و تا مەرجەعی و ئیستینادگاهێکیان بۆ حاصڵ بێ. بزانن کە تەشویقات و نیفاقی چەند کەسێک بووە باعیثی بۆردومان و ئیتلافی خەیلێ بێ گوناهان، «فسبحان الله» ئەم کوردانەی خۆمان کەی بە مەشوەرەت و بە تەئەمولێکی مەعقووڵانە ئیش دەکەن، تا لە ئاخیرەتدا پەشیمان و سەرگەردان نەبن. مونەووەرانی کوردی ئەطرافی کۆیسینجاق و ئەربیل و سائیرە ئیستیدعا بۆ (ئوزدەمیر) دەکەن کە بە واسیطەی ئەو چەتەیەوە کە ناردبووی بە واسیطەی ئەو مەعامەلات و تەکلیفاتی نالایقە کە دەرحەق بە کۆیسنجاق و جیواری کردبووی، بوو بە باعیثی ئینکشاف و هۆشیار بوونەوەی کوردان و تەئمینی ئیستیقلالی میلیمان.

بەڵێ، چەندێ لەمەوپێش لە تەقەرووبی ئەو چەتەیە (مەبەستی ئوزدەمیرە)، زۆر وەطەن پەروەران موتەئەثیر و موتەئەسیف بوون، فەقەط وەکو خەبەر ئەزانین، ئێستا هەموو مونفەریحن.(بانگی کوردستان،ژ١١)

**وتاری نۆیەم:**

**مەطبووعات و صەداقەت**

قەومێ لەم زەمانەدا مەعاریفی نەبێ و بۆ تەرجومانی ئەفکاری و ئیعلانی مەوجوودییەتی و بۆ موستەخبیرات لە یار و ئەغیاری، مەطبووعاتێکی غەزەتەیەکی، حورڕی نەبێ، ئەو قەومە، ئەو میللەتە، پێێ ناڵێن قەومی (مەدەنی)، پێی دەڵێن (بەدەوی)، کە لە جیهانی مەدەنیەتدا نە حورمەت و نە ئیعتبارێکی دەبێ و نە بە قەول و فیعلی برەو ئەدرێ.

هەر قەومێ بڵێ حورڕم و ئارەزوی تەرەقیی بێ، مەطبووعاتیشی، ڕۆژنامەشی دەبێ سەربەست بێ، لەژێر قەیدی ریادا نەبێ، بۆ عیبرەت کردنی ئەفرادی میللەت، هەرچی لازمە

تیا بنووسرێ، بۆ تەمەدوحی عەمر و زەید کە نەورسیدەگانی میللەت فێری ریا و ئاخری ئەو قەومە لەژێر باری ئیستبداد و تەبدیدا بەرباد دەکا و ستونی مەخصووصی نەبێ .
وەلێ بۆ تەحکیم و تەثبیت حکوومەتێکی عادیلە لە نەظەر یار و ئەغیاردا حەرەکات و ئیجرائاتی مەشکورە و ئەقوالی پەسەندیدەی رەئیسی قەوم و بوزورگان دائیمەن نەشر و ئیعلان بکرێ، ئەمە فائیدەی ئینکار ناکرێ. وئیللا فڵانە کەس هات و ئەمەیە و ئەوەیە، فیسارەکەس رۆیی و ماشەڵڵا وەهایە و وەهابو، وەکو لە بەعضە جێگایان لێرە هەیە بۆ فائیدەی شەخصی غەزەتە پڕ کەن لە دووڕوو لە ریا، ئەمە چاک نیە، بەوە میللەت هەڵخەڵەتاندن دەبێژرێ، ریاکەری دەبێژرێ.
فەقەت کەسێک کە بێتە شار، بە واسیطەی مەطبووعاتەوە، یاخود بە تەرزێکی تر کە مەطبووعات خەبەردار بێ، جوانمەردییەک بنوێنێ، مەثەلەن ئیعانەی بۆ مەداریس و مەکتەب دابێ، عائیلەیەکی فەلاکەت زەدەی ئیحیا کردبێ، یاخود لەسەر حەق ئازادییەکی مەشرووع و عەدالەتیەکی مەقبوولی بەجێ هێنابێ، بۆ مەدح ئەوە غەزەتە بە زبانی راستگۆیی خۆی بە هەموو لایەکدا هاوار و وەظیفەی خۆی ئیظهار و ئیفتخار دەکا. فەقەت تا ئێستا نەماندی ئێمەش نەمانوسی، نەمی ئەشخاصیش حەز لێ ناکەین، ئەگەر موعتادمان بووایە، بە صەرەی ئەلف با تا ئێستا چەند موئەلەفاتێکمان دەبوو؟!
دیسان بڵێین وەلێ وەلێ، وەکو ئێستا لە هەموو نوسخەیەکی غەزەتەکەماندا ذیکر و بەیان کراوە، چشتێ بۆ حکوومەت و میللەت موضیر بێ، لە مەملەکەتدا، لە طەرەف چەند کەسانێکەوە قەصدی یاخود لە بەر بێ مەغزی ئیعتیاد کرابێ، نە بە ڕەنگی شەخصیەت، بەڵکو بە نەوعی ئیخطار و نەصیحەت نووسراوە و دەنوسرێ. ئەمینم ئەوانەی کە لەمانە حاڵی بێ و حوسنی نییەتی بێ، لەم نەوعە نووسینانە نابێ دڵگیر و موتەهەور بێ، چونکە بیلفەرض موباحەثاتێک کە بەلای ئەربابێ بۆنی شەخصیەتی لێوە بێ، مەحکەمە حاضیرە، رای شکایەت نەبەستراوە، لە سایەی حەضرەتی حوکمدارمانەوە، حقوقی هەموو کەسێک دەبیسرێت و دەپرسرێ.
مەسلەک و مەقصەدی ئێمە لە قەدیمەوە مەعلوومی یار و ئەغیارە، بۆ موحافەظەی حقووقی پادشای ئیسلام لە ئەستانبۆلدا، تەنها من بووم کە لە موقابل هەموو جەمعییەتی بە قوەتی (ئیتیحاد و ماصۆنی)دا لە موقابیل ئەو ئەغیارەدا کە صرف بۆ شکاندنی شان و نفووذی خیلافەتی موعەظەمەی ئیسلامە، ئەم هەموو مەسئەلەیان ئیحداث کردبوو، ئێستاش مەشغولن

هەر دەیکەن، توانیم و ئیثپاتم کرد. تا ئەو رۆژەی لە پایتەختی خەلافەت مەعەلتەئەسوف موفارەقەتم کرد، بە قەدەر نەرەیەک خیلافی ئەمرو فەرمانی نیشئەنی سوڵطانی ئەعظەمم نەکرد و بە صەداقەت خاندانی موحتەرەمی حەضرەتی سوڵطانم مەمنوون کرد. فەقەط چونکە زانیم کوردستان لە مەوقیعێک و زەمانێکی نازکدایە و دەمزانیش کە ئەگەر سیاسەتێکی زۆر دووربینانە و عاقڵانە و عاجیلانە نەبێ بۆ کوردستان، ژیان لە خاریجیی ئیمکانە، بە ئومێدێکی عالییەوە هاتمەوە وەطنی کوردان! هەموو کەس دەزانێ کە لەو رۆژەوە واصیڵی عێراق بوم، هەر بۆ کوردایەتی، هەر بۆ هاتنەوەی حەضرەت، هەر بۆ تەعالیی خاندانی موحتەرەمی حەضرەتی حوکمدارم سەعی دەکرد، حەتا زۆر دەفعە ئینگلیزەکان بە منیان دەووت نازانم تۆ بۆچ ئەوەندە حەز بە هاتنی جەنابی شێخ دەکەی؟!

ئەو وەقتە زۆر کەسان هەر بۆ لوقمە سەعییان دەکرد، ناوی شێخانیان بە زباندا نەدەهات، من مەسەلەکەم هەر ئەو مەسەلەیە، هەر ئەو پیاوەم، دەست و قەڵەمم ناگۆڕێ. ئەوانەی کە لە قصەی راست کرژ دەبنەوە و دەکڕووزێنەوە، ئەمەیان بۆ دەنووسین بە یادگار: دار هەڵبڕە...دیارە وەسلام (بانگی کوردستان ، ژمارە ١٢)

**وتارەکانی بانگی کوردستان خولی دووەم (٨ی حوزەیرانی ١٩٢٣)**

**سلێمانی**

ئەم مەملەکەتە بێ بەختە، لە ظەرفی چەند رۆژێکدا ئەوەندە تەحەوولات و عەجایباتی چاو پێ کەوت، کە نووسینی بۆ قەومی کورد عارە. کەسێ کە نەختێ غیرەتی وەطەنییەی بێت، خەبەردار لە ئاثاری مەدەنییەت و لە طەرزی گوزەرانی ئەغیار بێت، بێ شوبهە لەم ئەحواڵەی ئێمە دڵ بەخۆێن دەبێ، چونکە فیکری ئێمە حەتا هەموو کوردستان بۆ سەعادەت و پێشکەوتنی کوردان بوو، بۆ ئەمەش بە زبانێکی موناسیب، بە صوورەتێکی لایەق، نیاز و تەمەناکردن بوو.

ئەوانەی کە حەظ بە مەدەنیەت دەکەن و ئازادیی و قەومانی غەیرەیان دەوێ، بە راستی وەکو دوو ساڵە هاوار دەکەم، بەوانەی کە هۆشیان هەیە دەبێژم و دەرد دەرێژم، لە جیهاندا ئێستا هەر حکوومەتی فەخیمەی بریتانیایە و قەومی ئازادیی ئینگلیزە کە ئازادیی و خۆ گرد کردنەوەی کوردانی لە لا پێویست بێ و هەر ئەوە کە موعاونەتی کوردستانی پێ بکرێ و لە ظەرفی دوو سێ سەعاتدا بە ئیمدادی مەظلوومانی کوردانا بگا.

مەمالیک و موستەملیکاتی بریتانیا ئەوەندە زۆرە، ئەوەندە بەویسعەتە، ئیحتیاجی ئەمەی نییە کە - مەثەلەن - بۆ تەرقییەی ئەحواڵ، بۆ تەفاخوری خۆیان، ئیحتیاجی بە ناردنی مەئموورین بێ بۆ کوردستان، یاخود چاوی لە تەق و تۆقی گوێزی هەورامان یا حەسرەتکێشی دووکەڵ و تووتنی خەلقی بەبان بێ!

فەقەط ئەم حکوومەتە حەظ بە دراوسێیەک، بە ئاشنایەک دەکا کە بە قصەی بەدخوهانی خۆی فەریفتە نەبن، ضەرەر بە سیاسەتی خۆی نەکا، لە نەظەر یاران و ئەغیاری خۆیدا بۆ سەطوەت و خێرخواهیی خۆی نەنگی نەبێ، مەثەلەن ئەمە دوو ساڵە لەگەڵ ئەم هەموو هەمڕاهی و خێرخواهییە کە دەرحەق بە کوردان، باخصوص دەرحەق بە عەشایر بووە، ئیفسادات و تەزویراتی ڕەواندزیشی دەزانی، بە زوبانێکی مەدەنی بەوانەی کە لازم بوون، حاڵیی دەکردن کە گوێ گرتن لە تەزویراتی ئەو جل خوارانەی ڕەواندز  بۆ کوردان چاک نابێ، بۆ حکوومەتی عیرقییەش خراپ دەبێ، چونکە ئەو چەتەیە هەر بۆ تێکچوونی ناوی کوردان هاتوون، تەسبیح و بەرماڵێک کە پێیان بوو، دامی تەزویرات بوو! وا ئەسەفا! بەعضێ مونتەفیع پەرەستان گوێیان لەم پەندانە، لە ئیخطاراتی دۆستانەی ئەم خنمەتکارە وەطەن پەروەرەی خۆیان نەدەگرت و ئیمەیان بە شکلێکی تر بە کوردان تێ دەگەیاند! ئیفسادات هەر لە دەوری ڕەواندزدا نەما، بۆ تێکدانی ئاسایش، بەعضێ لە بەدخواهان لە زۆر جێگادا تەحەفور و ئیغفالات و ئیغوائاتیان دەست پێکرد. بەعضێ لە سادە دڵانیشیان هەڵخەڵەتاند!

نیهایەت هەردوو حکوومەت قیوای هەوائییە و سائیرەیان سەوق کرد، عەجەبا ئۆباڵی ئەم وەقائیعە مەعلوومە بە ئەستۆی کێ بێت!

ئەڵبەت بە گەردنی ئەشخاصی مەعلومەیە! ئوزدەمیر خۆی و ڕەفیقەکانی کە زانییان مەقصەدیان بەجێ هات، یەعنی ئاگری فەساد گڕی گرت، بەبێ نقە، وەک ڕێوی شاخەوشاخ ڕۆیین و وەکو مەسەلەی شەیطان (اذا قال...)

عەجەبا لەم هاتەهاتە، لە پاشتر لەم گیروداوە، چیمان دەست کەوت! ئاهـ ئەو ئەمنییەت و ئیعتیمادە کە بە کوردان بوو، ما؟! عەجەبا ئەو شەوقی میللیەی کە لە سەرا بوو ما؟! وەقت نازکە، ناتوانم تەفصیلاتی بنووسم. بشتوانم دڵ بڕوایی نادا بنووسم (اگر گویم زبان سوزد... !!)

ئەی برادەران، خوداوەند فەرمویەتی (ولا تقنطو...)

لازمە ئێمە لەم حاڵە مەئیووس نەبین، ئومێدی سەعادەتمان هەر بێ، وەقائیع هەر بە سەر مەردانداا دێت، ئینشائەڵڵا لەمەولا چاک و خراپ فەرق بکەین، بە ئیفسادی خەڵق لەگەڵ یەک تێکنەچین، نەختێک لە سیاسەتی عالم تێ بگەین، هەموو کەس سیاسەت نازانێ. ئاهـ ئەگەر بە ئینصاف گوێیان لە من بگرتایە! مەحەبەتی بریتانیامان لە دەست نەدایە!! (ب.ک ژمارە ١٤)

**وتارەکانی بانگی کوردستان خولی سێیەم (٢٨ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦- ١ی نیسانی ١٩٢٦)**

شیعرە وتاری یەکەم:

سەر لەنوێ ئەم بانگە دەرچوو، نـاوی یـەزدان دەسـتـگیر
ئیـش و کـاری کـوردی بێـچارە، خـودا نـەیـخاتـە گـیر
پـەرتـەوی ئـازادیـی بینرا، کـورد و کرمانج بێنە هـۆش
(بانگی کـوردستان)ە مـوژدە بـۆ ژیـان و ڕۆژی خـۆش
ئارەزووی کوردیش بەجێ بوو، کەوتە ژێر قەول و قەرار
بەم قــەراری عــوصبەیـە کـورد و عـەرەب ئـەبن بـەیـار
کــورد دەبـێ هەر هەڵپەڕێ، گـۆرانی بێژێت، بـادەنـۆش
سـاقـی ئێـمە کـۆششە بـۆ ئێـمە بـادەیش ڕۆژی خـۆش
قـەومـی ئینگلیزە بـە عوصبە حـاڵـی کـوردی تێ گەیـان
کـوردەکـانیش شـکور ئـەکەن دائیمەن بـۆ ئـینگلیزەکان
بانـگی مـن بۆ جەمیعیی کـوردە گوێ لە قەولـی من گرن
ڕێی مـەعاریف بگرن و دەستان لە مـل کـەن، یـەک گرن
بـا عـەفا ئـەڵـلا بـێ لـە رابـردوو، وەرن، بەسیە نیـفاق
وەک دەدەن پـارە بـە فیشەک پـێ کـڕن بـەرگ و تـفاق
یـابـە و کـاکـان بـران، ئیـتر لـەگـەڵ یـەک دەس لـەمـل
حـەظ دەکەن شـوانی بزن بن، حەظ دەکەن راعی جەمەل
هـەرچـی قـەومـێ غیـرەتـێ میللی لـە سـەریـا لـێ دەژی
بێ ئـەمـە ئـەو قـەومـە دەمـرێ، یـا بـە بڵحێ هـەر دەژی
بانـگی کـوردستان لـە مـەولا دێـتە گـفت و دێـتە جـۆش

هەرکە دیی کوردان کە دەست بەردەدەن لە کاری پووچ و بۆش
هـەرچـی کـۆلارە دەی بێـژێ، بـا لـەسـەر ئـەو قـەولـە بین
شـێر و تـازی گشـتی رامـن، هـەر لـە ئـەقصا تـاکوو چین
رۆژی ئیـمزای ئـەو قـەرارە جـەژنـە بـۆ مـەئـموورەکـان
خـەڵـقـەکـە بـا تـێ نەگا، خۆ فـەخـرە بۆ مـەنـدووبـەکـان

(بانگی کوردستان ژمارە ١٤-١)

**وتاری دووەم**

**شاهڕاهی بانگی کوردستان**

غەیری راست نووسین و گوفتن مەسلەکی ترمان نییە
هـەر کـەسێ راسـتی نـەبیستێ، کـاری مەردانەی نییە

بە عینایەتی خودا، رێگەی ئێمە راست گوفتنە، حەق نووسینە، لە رییا پەرهیز کردنە. خوداوەندی تەبارەک وە تەعالا یەعنی یەزدانی پاک، لە قورئاندا بە صەراحەت چۆن لەعنەتی لە شەیطان کردووە، بە ئاشکرایی لەعنەتی لە درۆزنانیش کردووە. کەوابوو کەسێ کە حەز لە لەعنەت نەکا، دەبێ لە درۆ و دەلەسە خۆی بپەرهێزێ و بە درۆ هیچ نەنوسێت، تا زبان و قەڵەم لە دنیادا و قیامەتدا لێی نەبێ بە شاهید، ریایش، چونکە نەوعێکە لە شیرک و کوفر، مەثەلەن بۆ خاطری ئەم و ئەو ئومێد بە دەستگیریی عەمر و زەید درۆ هەڵ نەبەسرێت و نەنوسرێت.

مەرامی بانگی کوردستان خزمەتی وەطەن و ئینسانییەتە، هەرچی راستە دەینووسێت، هەرچی حەقە دەیبێژێت، هەر کەسێک خزمەتی بۆ وەطەن و ئینسانییەت و بۆ قەومی خۆی بوویێت و بیزانین، لەلامان وەصفی ئەو ذاتە جائیزە، بەڵکو صوورەتیشی دەکێشرێت، ئەوەی ضەرەری بۆ کوردایەتی هەیە و حەز لە بوونی کوردی ناکا، تەرجەمەی حاڵی ئەوانەیش دەرج دەکرێت تا فەرزەندانی وەطەن بیناسن و لێی عیبرەت بگرن!

هەر کەسێ کورد، بێ و حەز بە بوونی کورد نەکا
پرسیاری دایەڵـەی کـا، تـــا بـــابی خۆی لە بگا

لە هەموو خوێندەوارەکانمان رجا دەکەین، ئەوەڵەن ئیعتراض لە نەوعی ئیملا و

نووسینمان نەکەن، ئەم ئوصوڵە ئوصوڵی تازەیە کە بە ریسالە طەبع دەبێ و نەشر دەکرێت، فائیدەی ئەم ئەصڵە تازەیە لە پاشتر مەعلووم دەبێت و بۆ دەنگی تەواوی بەعضێ کەلیمەی کوردی، چونکە لە مەطبەعەکانی بەغداد بەعضێ حرووف و ئیشاراتی مەخصووصە نییە، بە کەیفی خۆمان غەزەتەکەمان نانووسرێت. ئینشائەڵڵا ئەوەی لازم بێت لە مصر و بەیرووت دەیهێنین. ثانییەن لە هەر کوێ وقووعاتێکی غەریبە، حاڵاتێکی عەجیبە رویداوە یا لەمەوپێش رووی دابێت، بەم شەرطە قیسمی دیدەنی و قیسمی بیستراوی جیا بێت، بۆمانی بنووسن. هەر وەرەقەیەک کە داخیلی جەریدە نەکرێت، یا حفظ دەکرێت وە یا بۆ صاحێبی دەنێرێتەوە. ثالیثەن دائیر بە هەر فەقەرەیەک بێت، هەر ئیعتراضێک لە جەریدەکەمان دەکرێت، بە پیاوەتی بۆمانی بنوسن، زۆر خۆشحاڵ دەبین تا جوابیان بدەینەوە، قصەی پاشملە شەرطی وەطەن پەروەری و پیاوەتی نییە.

**وتاری سێیەم:**

**مەقصەدمان لەم جەریدەیە**

ئەو جێگایانەی کە کوردیان تیایە و وەطەنی باو باپیرانمانە، هەمووی خۆش ئاب و هەوا و بەبەرەکەتن، نە وەک ئینسان، هەموو رۆح لە بەرانی تریش لە خاکی کوردستاندا چاک پێ دەگا.

هەر کوردێک بگری، فکرێکی رێک و ماقووڵی هەیە، نەختێک بخوێنێ و لەگەڵ ئەربابی کەمالدا هەڵسێت و دانیشێت، بە زوودی دەبێ بە پیاوێکی فامیدە و لە ناو قەومێکی دیگەردا بێت، ناو دەردەکا.

کەچی هەر ئەو پیاوە لە ناو خۆماندا بمێنێتەوە، هیچی پێ ناکرێت. کەس ناڵێت کەرت بە چەند، کەس ناڵێت چی فێر بووی ،تا ئێمەش فێر بین.

هەر پرسیاری ئەوە دەکەن ئەو پیاوە لە ماڵ و موڵکدا چیی هەیە، چەندە زێڕی هەیە، ئێوارە و سبەینێ چا و قاوەی هەیە، یان نییە. ئەگەر زانییان کە دەوڵەمەندە و زێڕی زۆرە، هەموو لە دەوری خڕ دەبنەوە، ئێوارە و سبەینێ زیارەتی دەکەن. ئەم زیارەتکەرانەیش دوو بەشن، هەندێکیان لە پاشملە دەڵێن ئەم واوا لێ کراوە، ئەم باوک هیینە. ئەم هەموو پارەییەی لە کوێ هێناوە؟ هەندێکی تریان دەڵێن (دەبێژن) کورە خۆ نوێژەکە دەکا، هەرچی بێت خۆ مووسڵمانە، نام خوا حەجیشی کردووە. ئیتر چی!

حاصڵی لە پیاوانی پێگەیشتوی چاکمان ئیستیفادە ناکرێ، خراپەکانیشمان، بێ هەوسار و بێ پەروا دەگەڕێت و دەسوڕێتەوە تا دەمرێ!

ئەم خراپییانە هەمووی لە بەر بێ تەمەدونییە، یەعنی بەپێی ئەم زەمانە تربییەی ئیجتماعیمان نییە. لە هیچ جێگایەکدا، جەمعییەتێکی وامان نییە کە لە ئەحواڵی عالەم و لە پێشکەوتنی قەومانی غەیرە خەبەردار بێ و بۆ عیبرەت گرتن سەعی بکا و موراجعەت بە دانیشمەندانەکانمان بکا و قەدری دانا و ناندان بزانێ و فەرقی (یابە) و (یابوو) بکا!

هەرچی بەسەرماندا بێت، رادەبوورێ، لە بیرمان دەچێتەوە، هەرچی چاکەیەکمان بووبێت، یا هەر پیاوێکی چاک کە تیاماندا هەڵکەوێت، وون بوون، لە بیرمان چوونەوە، چونکە پارێزگاریی تاریخی خۆمان نەکردووە.

وەک ئێمە لە ئەحواڵ و ئەخباری دنیا بێ خەبەرین، عالەمیش بە راستی لە ئەحواڵی کوردان بێ خەبەرن، بکوژرێین!، بسووتێین! تاڵان بکرێین! کەسێک لە ئەحواڵمان خەبەردار نابێت!

لوڕستان، لە سنە و گەڕووس، سلێمانی لە بەتلیس و وان، ئەرضرۆم لە خەرپووت و سیواس، سرووج لە جەزیرە و وێرانشهر، کوردی شام و حەماڵە کوردی حیمانە و ئەنقەرە، کوردی قارص و بایەزید لە کوردی هەزارەی دەوری طەهران، کوردی بەلووجستان لە کوردی مازەندەران و ئەصفەهان بێ خەبەرن. چونکە - وەکو وتمان- دەبێ تەربییەیەکی ئیجتیماعیمان هەر ببێت. سا کەوابوو، خزمەتێکی گەورە لازمە بۆ قەومی کورد. جارێ ئەمەش بزانین کە هەر ئینسانێک فامی ببێت، دەبێ بۆ ئینسانییەت بکۆشێت و هەموو ئەفرادی بەشەرێک جینسی خۆی و خزم و دوور و نزیکی خۆی بناسێت. ئەگەر ئەم ئەفرادە بە فکر و ئیجتیهاد و بە سەوقی ئایین و مەذهەبیش لە یەکتری جیاش بووینەوە، نابێ بە تەواوی لە یەکتری ببوورن و نابێ قەصدی کوشتنی یەکتری بکەین، مەگەر بە ئیقتضای عەدالەت نەبێت. حەقی هەموو ئینسانێک وەکو حقوقی خۆی نیگەهداری بکات، مومکینی بێ چاکە دەرحەق هەموو بەشەرێک بکا.

ئەم قصانەی ئێمە هەموو دینێک پەسەندی دەکا، لە فکر و ئیجتهاددا نابێ جەبر و زۆر لە کەس بکرێت، خودا لە قورئانی کەریمدا بە پێغەمبەری خۆی فەرموویەتی «ما انت علیهم بجبار»، یەعنی ئەی محەمەد نابێ تۆ لە کەس جەبر و شیددەت بکەی. کورد غیرەتی ئەوەتە کە خزمەت ئەبنای جنسی خۆی بکا، یاریدەی قەومی خۆی و هەمشەهریان و هاو

زوبانی خۆی بدا. خزمەتی و یاریدە یا بە پارە، یا بە قووەتە یا بە قصە و قەڵەمە.

قەومی ئێمە کە ئێستا لە دونیادا لەو قەومە فەقیرانەیە کە لە مەعاریف و صەنایعدا زۆر پاش کەوتوون و ئیحتیاجێکی زۆریان بە صەنعەت و مەعاریفە و لەبەر ئەمە گەلێکیان لە ئەحواڵی دونیا بێ خەبەرن و زۆری فەقیرش ماونەوە، خزمەتی ئەم قەومە یاریدەی ئەمانە، لەسەر هەموو باخەبەرێک، لەسەر هەموو تێگەیشتوویەک لازمە، بەندەیش بە لوطفی خودا خزمەتێک کە بتوانم بۆ برادەرانی کوردانمانی بکەم ئیمتیازی ئەم جەریدەیەم وەرگرت، کە لە سایەی یارمەتی ذاتانی بە حەمییەت جەریدەکەمان رەغبەت پەیدا بکا و لەمەولا ئەحواڵی خۆمان و یەکتری و هەموو عالەمی ئینسانییەت تێ بەگەیەنین و لە جیاتی خەنجەر و تفەنگ، موحافەظەی خۆمان، مودافەعەی خۆمان، بە قەڵەم و کاغەذ بکەین، کە کەڕ و لاڵ نەمێنێنیەوە. مەقصەدمان ئەمەتە.

**وتاری سێیەم**

**سەیری دونیا کەن**

لەم جیهانەدا بەعضێ قەوم هەر های و هووی هەیە، لە دراوسێی خۆیان دەترسن. هەندێکیان جرت و فرتیان پێ کەوتووە، گەلێکیان بۆ ئیستیقبال بە گەرمی هەوڵ دەدەن، قیسمێکیش لە ترسی غەیرە نەخۆشن، بۆ چاک بوونەوە خەریکی داوودەرمانن. بەعضێکی تریش لنگەفرتێ دەکەن، گیان دەدەن. هەندێکی تریش خەبەریان لە عالەم نییە، ئەوەی گەورەیە، بچووک دەخوا، ئەوەیش بچووکە بێ دەسەڵاتە لە قوڕاوا پەرێشانە، قسمێک لە تەکیە و خانەقادا سەر لێ دەدەن، بەعضێکی تریان تەکیە و مزگەوتیان لێ داخراوە نازانن سەر بە کوێدا بکەن. هەندێکیش (شەبقە)یان لە لا وەک دیارییەکی موبارەکە، بەعضێکیش لە بەر شەبقە لەسەر نان دەکوژرێت.

ئینگلیز بۆ تەئمینیی حاڵ و ئیستقبال بە گەرمی هەوڵ دەدا، بۆ خاطری هیندستان عێراقیش ئاوەدان دەکا و بەڵکو یاریدەی ئێرانیش دەدا.

فەرەنسا لە بەر ئەحواڵی ریفەکان و سوریە و هەڵسانی گەورەی دوروزیەکان و لە بەر بێ رەنگی و بێ قەراریی تورکە کەمالییەکان جرت و فرتێکی عەظیمی پێ کەوتووە لە دۆستانی خۆشی تەئمین نییە.

ئەڵمانیش بۆ تەلافیی مافات، بۆ دامەزراندنی کاروباری تیجارەتی قەدیمی خۆی، بە

گەرمی مەشغووڵی صەنایع و ڕێکخستنەوەی سیاسەتی خۆیە... غەزەتەمان نییە، ئەگەر بشبێت، خادمی فکری عەمر و زەیدە، ئەحواڵی خۆمان نانوسێت و ئێمەش حەظی پێ ناکەین.

هەر خەفەتی شتێک دەخۆن کە تورکەکان نەمان، چونکی ئەو وەقتە ئێمە بە پەردەپڵاو، بە قاڵیچەی ئێرانی بە پارەی حەڵاڵی خوردەی عالییعال رامان دەگرتن، دەرحەق بە یەکتری مەضبەطەمان دەدانێ، ئاهـ ئەو وەقتە چ خۆش بوو! ئاهـ ئەو ئوزدەمیرە بێ غیرەتە کە بە دووصەد هەزار عەسکەری جەوالی لەڕ و برسی و سواڵکەر دێتەوە رەواندز، تا دیسان ئەسپی یەدەگی بۆ بنێرین، لە سلێمانی جل بۆ ضابطەکانیان بکەین و بۆ رانیەی بنێرین».

کورد هەر کارێک کە ئینگلیزی تیابێ، پێیان خۆشە، چونکە ئەمینن بۆ کوردایەتی سەربەستیەکی خۆش و خۆماڵی دەبێت لەبەر ئەمە ئێستا ئەهالی سلێمانی و رەواندز و هەولێر و ئامێدی و زێبار و ژنگار کەوتونەتە ئاسوودەگی». (ب.ک. ژمارە ١٤-١)

**وتاری چوارەم:**

**قەومی کەڕ و لاڵ**

کەڕ ئەوەتە کە هیچ قصەیەک نەبیستێت، تێ نەگا. لاڵ ئەوەتە کە ئەوەی لە دڵیایە، نەتوانێ بە زبان ئیظهاری بکا و کەس تێ بگەیەنێ. قەومێک کە قسە و گوفتاری قەومانی تر تێ نەگا و نەیبیستێ، ئەفرادی ئەو قەومە بە نەظەری ئەوانی ترەوە کەڕیشە و لاڵیشە. تێگەیشتن لە قصەی قەومانی دیگەر بە واسیطەی خوێندنە، قصەی خۆ، فیکری خۆ، ئاشکرا کردنیش لە سایەی نووسین و مەطبووعاتەوە دەبێت. ئێمە کە ئەکثەرەمان لە زبانی قەومانی مەدەنییان حاڵی نابین، چشتێک کە بیزانین بۆ بڵاوکردنەوەی بە دۆست و دوژمندا واسیطەیەکمان نییە و واسیطە یەعنی کە ئێستا لە جیهاندا مەطبووعاتە، یەعنی جەریدەیە، کیتابی چاپکراوە. هەزاران حەیف کە لە هەموو کوردستاندا مەطبەعەیەکی تیا نییە. بەراستی ئێمە کەڕ و لاڵین، بێ زبانین، بزانن قەومی ئەرمەنی نیسبەت بە کوردان چەند کەمن، چونکە دنیا تێگەیشتوون لە عالەمی مەعاریف بەهرەدارن، بە واسیطەی مەطبووعاتەوە لە یەکتری خەبردارن، یاریدەی یەکتری چاک دەدەن، لە حەلەبدا لە بیرووتدا نزیک شەست هەزار موهاجری ئەرمەنی ئەناطۆلی تیادا هەیە، هەر یەکی مەشغووڵی بە

کارێکە، خەرید و فرۆتنیان گەلێ لە موسلمانەکان چاکترە، مەثەلەن بەیرووتییەک جووتێ پۆتین بە هەشت رووپییە دروست بکا، ئەرمەنییەک وەک ئەو پۆتینە بە هەفت رووپیە دەفرۆشێ، لە بەر ئەمە خەڵقی ئەو طەرەفانە بە ناحەقی حەسودیان پێ دەبەن و لە پاریسدا، لە میسر و لە شام و بەغداد و لە هەرچ جێگایەکدا منداڵێکی ئەرمەنی نابینرێت سواڵ بکات، لە برسا هاوار بکا، ئەم قەومە هەرچی دەوڵەمەندییانە هەموو غیرەتمەندن، فەقیریشیان صابر و کارکەرن، لە میسردا جەمعییەتیان هەیە، دائیمەن بە واسیطەی مەطبووعاتەوە بۆ هەتیو و بێ کەسانی ئەرمەنی زۆر کاری چاک چاک دەکەن. مەثەلەن رۆژنامە کە بۆ هەموو ماڵێک، بۆ هەموو سوکنایەک پێویستە، بە واسیطەی مەطبەعەوە هەموو ساڵێک لە میسردا چاپ دەکرێت و بۆ هەزاران ماڵی ئەرمەنی بۆ ویلایەتیان دەنێرێت، فیئاتیشی لەسەر نانووسرێت، هەرکەسێک کە ئەو تەقویمەی، یەعنی رۆژنامەیەی، وەرگرت، یا قیمەتی ئەو رۆژنامەیە کە تەخمینەن چەند قروشێکە وە یا بە نەظەر دەوڵەت و جوانمەردی خۆی، سا چەند بکا بە خۆش روویی دەیدا، ئەم پارانەشی بە واسیطەی جەمعییەتێکی ئەرمەنی کە رەئیسیان جەنابی (بۆغوس پاشا)یە بە سەر موحتاجان و موستەحەقانی قەوما بەش دەکرێت. وەکو ئەمە هەزاران کاری خێری دیگەر بۆ میللەتی خۆیان دەکەن. لە بەر ئەمە هیچ منداڵێکی ئەرمەنی نییە کە نەخوێنێ و فێری صەنعەتێ نەبێت.

ئێمەش چاومان لەوەیە کە هەتیوێک و یا پیرە ژنێک لە بەر موحتاجی بەشە دووکانێکی بەشە خانوویەکی، بفرۆشێت و بە نیوە قیمەت لێی بکڕین، تو خودا ئەو فردە بەغیرەتە چاترە، یا ئەم نەوعە بێ ئینصافانە!!

چوار ساڵ لەمەوپێش لە سلێمانیدا هەژدە هەزار روپیە ئیعانە گرد کرایەوە کە بە خێر بینێرین بۆ میسر وە یا بۆ جێگایەکی دی کە ئالات و ئەدەواتی مەطبەعەی پێ بکڕین، ئەوەی پارەکەی لە لا بوو یا خۆی یا بە واسیطەی غەیرەوە، ئەو پارانەیان دۆڕان، ئەمە کاری وەطەن پەروەرانەیشمان، ئەڵبەت رۆژی حیسابی ئەم پارەیە دێت.

**وتاری پێنجەم:**

**جواب بۆ ئەوانەی کە بە خۆڕایی باسی کوردایەتی دەکەن**

**ئەز بێ خەبەران کەشکەک صەڵاوات**

لەم ڕۆژانەدا کە سوئال و جەوابی قەبر تەواو بووە و هەراهەرای حەشر و نەشریش لەسەر تەواوبوونەیتی، دەفکرم هەندێ کەسان لە جیاتیی فکر کردنەوەی پردی صیراط، قەبووڵی ناماقووڵی دروست دەکەن، ئێمەش دەبێ لە ناو ئەم ڕۆژنامەدا کە بە غەیر ئەز ئەمە جێی پوخت و سوختی ترمان نییە، لە برنجی نەگازە و وردە بەرد ببێژرێن، ئینشائەڵڵا ئەو وردە بەردانە بەر دانی کەسی عاقڵ ناکەوێت و لەم زستانەدا بەفراوێکی پیرەمەگرونیش بێنینە پێش، تا ئەوەی کوێستانییە پێ خۆش دەبێت، ئەوەی گەرمیانییە، بەڵکو ڕووگرژ دەبێت! خوا قووەت بە دەست، بە قەڵەم بدات.

وەکو بیستومانە، لەم هەنگامەیشدا کە ئیشوکار تەواو بووە، بەعضێ کەسان دیسان هەر باسی ئەقەلییەت و مەقەلییەت دەکەن، گوایا لە عێراقدا کورد کەمن وەکو قەومەکانی تر، دەبێ لەژێر قەراری ئەقەلییەتدا بمێنێن! وەکو تورکان دەڵێن (آتی الان اسکداری گیچدی)، کوردیش دەڵێ (حەسەن سوارە ئیشی خۆی کرد و ڕۆی)، ئەم قسانەی کە ووتمان وەکو بیستوومانە خوێندەوارەکانیش دەیکەن، ئەوانەی کە جوزئی ئەمە تێپەڕ بوون و یاسینیشیان خوێندووە، یەعنی بەقسەی خۆمان بووگن وە مەلا و بوون بە نەقیزە ژەنی جوهەلا و بە ڕاستی بۆ دۆلابی خۆیان بەسەر خەڵقەوە بوون بە بەڵا. ئەگەر نەخوێندەوارەکان ئەو جۆرە قسانەیان بکردایە، عەیبی نەبوو! دەبێژن چی؟ دەڵێن کورد چییان دەوێت، خۆ بە زوبانی خۆیان قسە دەکەن و لەو جێگایانەدا کە کوردستان بژمێرریت موساعەدە کراوە کە بە زوبانی خۆیان بنووسن و بخوێنن و ئێستا مەئموورەکانیش لە خۆیانە، ئیتر چی!.

بە ئەم قسانە ئەوەی هۆشی بێت، پێ دەکەنێت. عەجەبا لە چ تاریخێکدا و لە چی زەمانێکدا کوردانی عێراق لە قسە کردن و لە نووسین بە زوبانی خۆیان مەنع کراون؟! ئایا لە پێشوودا لە عەسکەر و لە مولکی، زۆر مەئموورانی بەغداد و بەصرە و مووصڵ وەکو والی و قۆماندان و موفتی و حاکم و ئەرکانی حەرب، لە کوردان نەبووە؟! لەو زەمانەدا مەیدان نەبووە کە فیکر تورکیزمی قەحطانی کوردایەتی بکرێ، زەمان گۆڕا و زۆرتر دەگۆڕێ؟!

ئەگەر ئەم وەضعیەتی حاضرە، یەعنی ئەم دەست و دەستگایەی کە دامەزراوە بۆ کوردان بەس ببوایە، (عوصبەتول ئومەم) کە ئەم وەضع و تەرتیباتانەی لە سلێمانی و لە جێگاکانی تردا چاو پێ کەوتبوو، لە قەراری خۆیاندا نەیان دەفەرموو ئێمە بەشەرطێک ویلایەتی مووصڵ بۆ عێراق تەرک دەکەین کە دەوڵەتی بریتانیا ئینتدابی بیست و پێنج ساڵ بۆ عێراق قەبووڵ بکات و لەگەڵ ئەمەیش لە ویلایەتی موصڵدا یەعنی کوردستانی و وەسەطدا ئیدارەیەک کە بۆ کوردان موجیبی مەمنوونییەت بێ و بۆ ئاسودەگی و پێشکەوتنیان دەست بدا، دابمەزرێنێت. عەجەبا مەقصەدی چییە ئەگەر وەکو ووتمان ئەم حاڵەی ئێستاکەیش بۆ کوردان بەس بووایە، (عوصبەتول ئومەم) لەگەڵ گەڕانەوەیاندا بۆ ئەوروپا دەیانووت و دەیانووسی کە لە کوردستانی وەسەطدا کە مەربوطییەتی بۆ عێراق داواکراوە، ئەگەر ئەو ئیشوکارەی قەومی کورد زۆر بەجێ بینراوە، ئەوەی موقتەضای داد و عەدالەتە کراوە، ئیتر هیچی تر، حاشا! وایان نەووت، ئەوەی مەقصەدە نووسیویانە، ئەوی تێبگا، تێگەیشتووە، هەموو کوردان بەغەیرز چەند نەفەرێک بە سەبەب داد و ستەد، یەعنی تووتن فرۆش و ئاڵ و برێ تر، حەظ دەکەن بە هاتووچۆ و بە تێکەڵی بەغدا، دەمانەوێ، هەرچەند قەراری ئوصبەتوڵ ئومەمە، کە ئەویش موافیقی موعاهەدەی بریتانیا و عێراقە، بە تەواوی دابمەزرێت و رێکبخرێت.

ئەوەی عوصبە فەرموویەتی و یارانی ئێمە تازە دەیخوێننەوە و چوار ساڵ لەمەوپێش ئێمە لەگەڵ برادەرانی دیگەر بە صیفەتی رەسمیەت و مفەوەضیەتی لە سلێمانییەوە هاتبووین بۆ بەغدا، نوسیبوومان بۆ خزمەت جەنابی مەندووبی سامی حکوومەتی عەظیمەی بریتانیا لە بەغدا، جوابیشمان وەرگرتبوو، گەرچی لە پاشتر لە سلێمانیدا بە فەسادی بەعضێ کەسانی تورکیزم هەندێک ئەحواڵی بێ جا رووی داوە، بە نەوعێک سەبەبییەدارە بە دڵ رەنجیی مەئموورانی موحتەرەمی بریتانیا (ئەم بەحثە زۆر درێژە بۆ وەختی خۆی بمێنێت)، وەلێ لە حەقیقەتدا نەوەک هەر لە کوردستانی وەسطا، هەموو وڵاتی کوردانی تر حەظ دەکەن بە بوون ئینگلیزان، کە هەمیشە چاویارییان بکەن و ئارەزووی ئەوان لەسەر هەرچی بێت، کوردان بۆ مەصلەحەتی خۆیان پێیان خۆشە و دەزانن کە ئینگلیزان ئیسکانی کوردان ناشکێنن و بە زۆر شەبقەیان لەسەر نانێن! و بۆ شتێ وا پیاو هەڵناواسن.

بە ئینصاف قسە بکەین، لە هەنگامی حەربی عومومییەدا، لە موصڵدا، لە سلێمانیدا، و لە جێگایانی تردا، لە برسایەتی، جەنازەی ئینسان کە لە ناوا کەوتبوو سەگ ئەیخوارد و

ئینسان گۆشتی ئینسانی دەخوارد، بە گەیشتنی ئینگلیزەکان، بۆ کورد و عەرەب چەند موعاوەنەت کرابوو. بۆ مەملەکەت چەند فائیدەیان بینرا، ئەمانە یار و ئەغیار ناتوانێ ئینکاری بکا.

برادەرانی عێراقیانمان بزانن کە مەملەکەتی عێراق صرف حکومەتێکی عەرەبی نییە، عیرقی نییە، بەڵکو عێراقییە، یەعنی وەکو حکوومەتی ئیبنی سعوود نییە، بە مەعنای کوردی حکوومەتی عێراق ئەرضییە، چونکی عەرەب، کورد، یەهودی، تورک، کیلدانی و ئاثوری و سائیرەی تیادایە، ئەگەر لە بەینی عوصبەتول ئومەمدایە، نەظەری هەموو عێراق قصەی ئەکثەرییەت و ئەقەلییەت بکرایە، ئەو وەختە ئەو کەسانە کە لە باسی کوردایەتی نەختێ گرژ دەبن، بۆ قصە لەم لاو لەولا نەوعەن ما حەقیان هەبووە

قصەی بەغداد و عێراق لە ناودا نییە، قصە لەسەر ویلایەتی (مووصڵ)ە کە ئەکثەرییەتی کوردە، هەموو وەختێ دەڵێن و دەیبێژین کە ویلایەتی موصڵ نفوسی تەقریبەن (٨٠٠،٠٠٠) هەشت صەد هەزار کەسە، شەش سەد هەزاری، بەڵکو زیاتری کوردە، بە شەرطێک بۆ عیرقی تورک کراوە کە قەرار «عوصبەتول ئومەم» بۆ کوردان بە تەواوی تەطبیق بکرێت. و ئینشائەڵڵا لە صوورەتی تەطبیقی ئەم قەرارانەدا، وەکو هەموو مەئموران و طالبی جاهـ ئیقبالان، هەموو ئەفرادی کوردانی تریش کە ڕۆح و ئەساسی کوردانن، پێی خۆشحاڵ بن!

لە دونیادا، هەموو قەومان، هەموو ئەفرادی بەشەر، ئەولادی ئادەمن، ئەمما عادات و ئەخلاق، طەرزی مەعیشەت، باخصوص جیایی زبانی قەومانی لە یەک جیای کردنەوە، ئەم جوێ بوونەوەیش زۆر هەزاران ساڵە ئێمە کە مووسڵمانین، بە قورئان باوەڕمان کردووە و دەبێ بە حوکمی ئەم ئایەتەیش (واختلاف الوانکم والسنتکم..) عەمەل بکەین کە هەموو کەس لە زوبان و عاداتی خۆیدا سەربەست و سەربەخۆ بێت، یەعنی عەرەبیش و کوردیش بە قەراری (عوصبەتول ئومەم) کە موافیقی ئایەتی مەذکورەیە، هەموو خۆشحاڵ ببین، وەکو برا بژین.

لەگەڵ ئەمەیش، لە بەعضێ هەموو وەطەنی عێراقییانمان و لە هەندێک تازە پێگەیشتووی خۆشەویستان خۆمان رجا دەکەین وەکو یاریدەیان بۆ کوردایەتی نەبووە، وەکو بۆ جێگا گەرم کردن و خۆشحاڵی نواندن لەگەڵ غەیرە بووە و هەیە لە دووامان نەدوێن و ئیشێک کە ئەکثەری کوردایەتی پێیان خۆش نییە لە زوبانی ئەوانەوە قصە نەکەن، هەرچی خوا موقەدەری کردووە ئەوە دەبێت. ئێمە قەومێکی فەقیر و بێ طالیعین، هی وامان تیادایە بۆ کاسەلێسی غەیرە حەظ بە سەر بوڵندیی خۆمان ناکەین، چونکە هێشتا لە تام و خۆشی

قەومییەت تێ نەگەیشتووین، ئەوەندە بێ طالیعین ئەگەر بۆ ئیشی قەومیەت بە پارەی میللەت وەکیل، یەعنی محامیش بگرین، تا مەحکەمە قەراری خۆی تەبلیغ دەکا، ئەو محامییانە هەر خامۆشی ئیختیار دەکەن، وا دەزانن شەرطی وەکالەت لەمجەللەدا هەر بێ دەنگییە! ئەگەر ئەکثرییەتی قەوممان کەڕولال نەبوونایە، یەعنی لە چەند لایەک مەطبووعاتمان، رۆژنامەمان ببوایە و بە ئەم واستەییە هاوار و باوکەڕۆمان بکردایە، موحامییەکانیشمان تێ دەگەیشتن کە حسابی مەحکەمە دەپرسێت! ئەگەر قەولی ئینگلیز راست بێ، ئەگەر ئەوان نەبوونایە حاڵی ئێمە کێ بە عوصبەتول ئومەمی دەگەیاند؟! لە دووسەد ساڵ بەم لاوە، هەریەکێ لە لایەکەوە داوای دەست بەسەریی کوردانیان دەکرد و وەکو مەڕ ئێمە وێستابووین، خەڵقیش لە دەورماندا خەریکی دادوستەد بوون!

قەصابەکان چەقۆ لە پەراسووی ئێمەیان ئەکرد، یەکێک دەیوت ئەمانە بۆ قوربانی مەککە و عەرەفات چاکن، یەکێکی تر دەیوت (تگریە آند اولسون بونلر قاورمە لق کولبا ستیلکدر)، ئەمی تر دەیوت (اینهارا میخواهیم، برای هریسە خوبست). دیسان کاری ئەورووپییەکان راست بێ، سەد هەزار مەدح و ثەنا بۆ (عوصبەتول ئومەم) کە تێ گەیشتن کوردان بە راستی ئینسانن و تەرەقی دەکەن و ئەگەر هەروەکو مەڕیش بمێننەوە، دیسان شیریان پاکە، قۆچ نادەن لە شوانی خۆیان، پەنیر و ماست و خورییان بۆ ئەورووپا فائیدەی هەیە، ضەرەری نابێت، مەقصەدی کوردانیش هەر ئەمەیە کە بژین لە کوردستانی خۆیاندا، گورگ نەیانخوا!!

ئێمە کوردین، دۆستی ئینگلیزین، ئەگەر گوێ لێمە
ئیددیعای ئێمە ئەمەس: تەسلیمی گورگانمان نەکا
بۆ ژیانی کوردەواری گیان دەدەین، عەیبی نییە
چونکی مەرگی بەشەرەف خۆشترە لە ژینی بڵحییە
من کەراماتم نییە، باوکم قسەم بگرن لە گوێ
قاز و سیسارک لە کوێ، سەر پۆپی هەورامان لە کوێ
چۆن بە هەڵواسین و کوشتن تورک لە کوردان تێر ئەبێ
قەومی نەوشیروان و جەنگیز چۆن لەگەڵ یەک دۆست ئەبێ
وا ئەسەف بۆ کوردی ژووروو، کەوتە ژێر ظوڵم و ضەلاڵ
هەر کەسێ (شەبقە)ی نەبێتن، ماڵیشی و خوێنی حەلاڵ (ب‌ک ژمارە ١٤-٢)

**وتاری شەشەم:**

**چاک بیخوێننەوە بزانن چی ئارەزووە**

لە دنیادا هەموو قەومێک بە واسیطەی مەعاریف و صەنایع کارو باری خۆی ڕێکدەخا، بۆ ڕاحەتی خۆیان هەرچی لازم بێت دەیکا، بەم نەوعە ئەو قەومە دەتوانێ بژی و نام و نیشانێکی چاک بۆ خۆی، ئازادیی و سەر بڵندی پەیدا بکا، مەعاریف و صەنایعیش لە سایەی خوێندن و نووسین پەیدا دەبێت.

بزانین دینی ئیسلام کە عیبارەتە لە قورئان و بە جەنابی پێغەمبەر تەلقین کراوە، ئەووەڵ ئایەتێک کە نازل کراوە (اقراء...)

یەعنی ئەمری خوێندنە، کەوابوو ئەساسی هەموو حوکمێک خوێندنە، گەرچی نەخوێنەوارانیش هەندێ مەعریفەت و صەنعەت فێر دەبن، وەلێ ئەو جۆرە مەعریفەت و صەنعەتانە نە پایەدار دەبێ و نە زیادەییەکی وا دەکا کە هەموو کەسێ لێی بەهرەدار و بۆ ئەفرادی ئەو قەومە سەبەبی نموود و ئیفتیخار بێت.

هەر قەومێ، هەر جەماعەتێ عیلم و عیرفانی نەبێت، بەو قەومە دەڵێن جاهیلە، یاخود وەحشییە، وە ئەو قەومە هەر بە چاوی خراپە دەبینرێ و لە نەظەر قەومانی مەدەنیدا، جێگای ئیعتیبار و حوورمەتێ نابێ و لە ناو وڵاتی قەومی جاهیلدا، لە جیاتی ڕاحەتی هەر شەڕ و شوڕش پەیدا دەبێت!

خوێندن بناغەی هەموو عیلمێکە و سەرچاوەی گشت مەعریەفەت و صەنعەتێکە، یەعنی هیچ عیلمێ، هیچ صەنعەتێ، بێ خوێندن نابێت. پێغەمبەری ئێمە فەرموویەتی (طلب العلم فریضة علی کل مسلم ومسلمة)-یەعنی فێربوونی عیلم فەرضە لەسەر هەموو موسلمانێک، چ ژن بێ، چ پیاو. حەضرەتی (عەلی)یش فەرموویەتی: (علموا اولادکم بالکتابة فان کتابة من اهم الامور) یەعنی اولادتان فێری نووسین بکەن، چونکە نووسین لە هەموو ئیش و کارێک پێشتر و موهیم ترە).

ئەی جەوانمەردانی کوردان! ئەی نەتەوەی ماد و پەهلەوییان! بخوێنن، بنووسن. ئێوە و خوا، حەیف نییە پیاوێک بۆ ئیشوکارێکی پێویستی خۆی بۆ ژنی و یا ژنێک بۆ کەس و کاری خۆی، نەتوانێ کاغەزێک بنووسێت و ئەوەی لە دنیادایە دوراو دور بە یەکتری حاڵی نەکەن و بۆ دوو سێ کەلیمە نووسین ژنان بەماڵانەوە، پیاوان دوای فەقێیانی مزگەوتانەوە بگەڕێن و قسەی پەنهانی خۆیان بە بێگانە بخوێننەوە!

هەندێک بێ مێشکان دەڵێن بە زبانی کوردی نانووسرێ و ناخوێنرێتەوە، زبانێک کە چەند هەزار ساڵان قسەی پێکرابوە و ئێستاش پێی دەکرێت و لە زۆر زبانانی دیگەر ئەشعاری مەوزوونی پڕ مەعنای هەیە و تەشبیهی و جیناسی غەریب غەریبی تیایە، چۆن دەبێت نەنوسرێت و نەخوێنرێتەوە!

زبانی کوردی لەگەڵ فارسی چەندانی فەرق نییە و لە ئەصڵدا یەکن، لە گەلێ زبانی ئەجنەبیان ئاشنا ترە. لە زەمانی پێشوودا کوردان نووسین و خوێندنێکی مەخصوص و بە قاعیدەیان بووە، لەگەڵ فەوتانی حکوومەتی کوردی و لەگەڵ ظهووری ئیسلامییەت لە بەر زۆر ئەسباب کە لە پێشەوە لە جێگای خۆیاندا بەیانی دەکەین، نەوەکو هەر کوردان، فارسیش و بەڵکو هەموو ئێرانی قەدیم عەنعەناتی پێشووی خۆیان فەرامۆش کردووە و لە بەر ظوڵم و زۆری حکوومەتانی غەربی وشەرقی ئاسوودەگی بۆ کوردان نەما و لە جێگەی خوێندن، جوانمەردانی کوردان بۆ موحافەظەی خۆیان کاریان هەر تیر و تفەنگ هاویشتن و جەنگ و جیدال بووە و خوێندێکی ناتەواویش هەر بۆ مەلایان و میرزایان ماوەتەوە و لە بەر ئەمە بووە کە کوردان لە زۆر جێگادا زەوی وزاری خۆیان و جێگای دەشتایەتییان بە جێ هێشتوە و پەنایان بە شاخ و داغ هێناوە!!

لەبەر جاهیل مانەوەی خۆشیان، لە بەینی قەبائیل و عەشائیر نیفاق و جیدال دەوامی کردووە.

لە وەختی ظهوری ئیسلامیدا قەومی عەرەبیش خوێندن و نووسینێکی پەسەندیان نەبووە، لە بەر ئەمە بۆ موحافەظەی قورئانی کەریم ئایەت بە ئایەت، جوزء بە جوزء، بە ئەصحابی پێغەمبەر و بە فەصیحانی عەرەب ئەو وەختە لە بەرکراون، وەفاتی خولەفای راشیدین و لەگەڵ کەم بوونەوەی حافظان قورئان و ئەصحابی رەسووڵ (ص)، لە بەعضێ جێگادا کەلیماتی قورئان بە غەڵەط خوێندراوە و لە لای قەومانی کە غەیری عەرەب بوون خوێندنی قورئانی کەریم زۆر موشکیل بینراوە. لەسەر ئەمە عاقڵانی عەرەب باخصوص لەو وەختەدا حەجاج بن یوسف کە مەشهوورە بە حەجاجی ظاڵم بۆ چارەی ئەم موشکیلاتە، بۆ ئاسان و راست خوێندنی عیبارەی قورئان، لە پاش فکرێکی زۆر عەلامەتی سەر ژێر، بۆر، زەنە. گیراوی و هەڵکێش، یەعنی (....) ئیجاد کردووە و لە نووسینی قورئاندا بەکار هێنراوە و لە سایەی ئەم ئیشارەتانەوە خوێندنی قورئان ئاسانییەکی بۆ بوو. بە راستی و لەبەر ئەم خزمەتە گەورەیە، هەموو موسوڵمانێک و باخصووص هەموو عەرەبێک گەورەیی و

زیرەکی حەجاج نابێ ئینکار بکا، چونکە لەو وەختەدا یەعنی کە لە مەملەکەتانی ئیسلامدا مەطبەعە و ئەساسیاتی چاپ نەبووە.

نووسینی قورئان و هەموو نویشتەجات هەر بە دەست بووە، ئەو عەلامەتانە باخصووص بۆ عیبارەتی عەرەبی کافی بینراوە، وەلێ ئێستا زۆر کاروباری دنیا هەر بە نووسینە و نەوەک هەر بۆ مزگەوتان و مەلایان، بۆ هەموو لایەک بە گەلێ نەوع کتاب و ریسالە و بۆ موعامەلاتی دەوڵەتی و فابریقە بە گەلێ ئەوراق و دەفتەر ئیحتیاج هەیە کە بە دەست نووسین لە عوهدەی ئەمانە هاتن ئیمکانی نییە و لە بەینی نەوعی بەشەردا کاری موخابەرە و موراسەلە ئەوەندە زۆر بووە، نەک پیاوان ژنانیش دەبێ بتوانێ مەرام و مەطالبی خۆیان بە نووسین تێ بگەیەنن.

نووسینمان چۆن بێت؟

نووسینیش وابێت کە هەر کەسێ زبانی خۆی بە راستی بنوسێت و ئەوەی نووسراویشە بێ زەحمەت بخوێنرێتەوە. وە لە زبانی کوردیدا هەندێک تەلەفوظ هەیە کە حەرەکەی عەرەبیش، یەعنی بەو عەلاماتانەی کە لە سەرەوە نووسیبومان، بە دیقەت بنووسرێ بە راستی ناخوێنرێتەوە؛ مەثەلەن: جو (جەو)، جو (جدا)، جو (یەهودی)، تەنها بە جیم و واو بنووسرێ هەر بە بۆر دەخوێنرێتەوە. بە مەعنای جوولەکە دەبێت. مەعناکانی دیگەر نافامیتەوە وەکو لە کوردیدا هەیە، لە فارسیشدا و لە زبانی دیگەریشدا وایە. لەگەڵ ئەمەش نووسین کە لەم زەمانەدا زۆری هەر بە واسیطەی چاپەوەیە و لە چاپیشدا حەرەکەدانان زۆر موشکیلە و بۆ زوو فێر بوونی خوێندن و نووسین کە مەقصەدی ئەصڵی ئێمەش ئەمەیە و بۆ تەرەقی مەعاریف دەبێ ئەم ئوصووڵە تازەیەی ئێمە قەبووڵ بکرێت و تا لە شکڵی کتابدا چاپ دەکرێ، قسم قسم بەم جەریدەیە نەشر دەکرێت.

ئەم ئوصوڵە ضەرەرێک بە ئەصڵی قەدیم ناگەیەنێت، بەڵکو قووەتی پێ دەدا، فەقەط لە نووسینی قورئان و حەدیثدا بە ئوصوڵی قەدیم، ئوصوڵی گرفت و حەرەکە موحافظە بکرێت، تا بەعضێ موتەعصبانی تێ نەگەیشتوو مەیدانی تەئەویلاتتیان بۆنەمێنێت. ئەساسی مەقصەد هەر عیبارەیە کە کوردی وەیا هەرچی زبانێکی دیگەر بێت، بە واسیطەی ئەم ئوصوڵە تازە کە لە ئصوڵی حرووفی مونفەصڵەی ئەورۆ یا پێش چاکترە، بەراستی بەبێ غەڵەط دەخوێنرێتەوە. بەعضێ کەس کە دەڵێن کوردی چاک ناخوێنرێتەوە و قاعیدەیەکی نییە، ئەوانە یا زبانی کوردی نازانن کە لەگەڵ ئەوانە موباحەثە کردن بێ سودە و یا

خۆ ئەوانە بۆ کاسە لێسی بێگانان ئەو قصانە دەکەن، کە ئەمەش لە غیرەت و مەحەبەتی قەومییەتی خۆیان، چونکە بێ بەشن، جوابی ئەوانە هەر سکووتە. بۆ ئەمەی منداڵی کوردان بە دوو، نیهایەتی بە سێ مانگ زبانی کوردی چاک بنووسێ و چاک بخوێنێتەوە، لەسەر ئوصوڵی تازە کتابێکی بچوک تەرتیب و بەم نزیکە چاک دەکرێت، کە بە واسیطەی ئەو کتابەوە زۆر قەواعیدی کوردیش دەزانرێ!

ئەی برادەرانی خۆم، بزانن کە هەموو ئایات و کەلیماتی قورئان، هەر دەنگەکانیان لە غەیبەوە بە جەنابی پێغەمبەر ئیلهام و تەعلیم کراوە، شکڵی نووسینی ئەم قورئانە کە ئێمە دەیخوێنین بەم طەرحە کە نووسراوە لە ئاسمانەوە نەهاتوەتە خوارەوە، یەعنی لە طەرەف جەنابی (جوبرەیل)یشەوە، بە نووسراوی تەعلیم نەکراوە، وەکو وتمان بۆ تەسهیلی خوێندن و موحافەظەی قورئان ئەم طەرحە نووسینەوە، ئەم ئوصوڵی قورئانە، وەکو وتمان لە طەرەف عولەمای ئۆمەتەوە لە پاش وەفاتی حەضرەتی پێغەمبەر دامەزراوە، چی دەبوو تا ئێستاش لە ناو ئێمەشدا مێژەر بەسەرێکی عاقڵ، عاقڵێکی دوور ئەندێش، دەوڵەمەندێکی بە غیرەت و ئاغایەکی وەطەنپەروەر و بەهیممەت وەکو ئەو (حەجاجی ئیبن یوسف)ە خزمەتێکی بۆ قەومی کورد و بۆ چاک نووسین و خوێندنی زبانی پەهلەوی بکردایە، تا فێربوونی زبانی کوردی بۆ یار و ئەغیار کەسبی ئاسانی بکردایە. گەرچی لە وەقتی خۆیدا، مەثەلەن لە خاکی بەبەدا، لە بەتلیسدا، لە جێگایانی دیگەردا زۆر کوردی بەغیرەت و موحیبی عیلم و مەعریفەت پەیدابوون، وا ئەسەف! لەبەر ظوڵمی قەومانی دیگەر مەیدانیان نەماوەتەوە ئاثاری عیلمییان لە ناوچووە!

لە ناو کورداندا لە مێژەوە چەند مەلایەک نەهاتووە کە بۆ کوردایەتی فائیدەیەکی بوویێت! ئەگەر بووە کوا ئاثارێکی کوردییان؟ کوا خزمەتێکیان بۆ زبانی کوردی؟ کوا سەروەرێکی دوورئەندێش کە وەکو لە ناو قەومەکانی دیگەردا بووە و هەیە، بۆ کوردایەتی فیداکارییەکیان بینرا بێ! ئەگەر بوبێت، لە بەر بێ تەئریخی و بێ عیلمی ناویان و ئەثەریان نەماوە. لە ناو ئاغایان، بەگزادان و خانانی کوردان، ئەم زەمانەدا غەیری ئەم قصانە چیتر هەیە: کوڕە بێنن ئادەی تێی هەڵدەن. ئادەی ماڵی تاڵان کەن.

من کەسی وا ئەناسم کە لە خزمەت و مەئمووریەتی ئەغیاردا بوون، لە بەر بێ غیرەتی و لەبەر حرص و طەماعێکی زۆریان، زبانی مادەرزادەی خۆیان تەرک کردووە و قصەی کوردییان لە لا پێ عەیب بووە، زۆر لە مەلاکانمان لەسەر کیتابی عەرەبی بە زبانی

عەرەبی حاشییەیان نووسیوە و لەسەر (قال یقول) و لەسەر (ضرب زید عمرا) هەزار قیل و قالیان بووە و ئێستاش هەر هەیە، عەجەبا لە عیلم و فەضڵی ئەمانە چی خێرێک بینراوە؟ بە قصەی زۆر و درێژی ئەم ناتانە، لە وەطەندا چ ئاوەدانی بە حاصڵ بووە؟ بۆ ئەمە کە خەڵقەکە بە هەموو قصەیەکی عەرەبی هەڵ نەخەڵەطێن، کوا تەفسیرێکی قورئان بە کوردی، بۆچی ئەم قورئانە تێ نەگەین؟ تاکەی بە درۆ هەڵبەستنی ئەم و ئەو رێگای راست نەدۆزینەوە. خودا فەرمویەتی (وعلمنا الادم الاسماء کلها)، سا کوا بۆچی ئەوەی جەدی ئێمە ئادەم فێربووە، ئێمە هیچ نەبێ نەختێکی فێر نەبووین؟ ئەم نەوعە پیاوانە بۆ کوردایەتی چ فائیدەیەکیان بووە؟ بە ناحەق هەر ئەم و ئەویان تەکفیر و قەومەکەیان دڵ شکستە و نائومێد کردووە. زۆریان بۆ کاسە لێسی لە لای غەیرە، ذەمی قەومییەتی خۆیان بە ئیفتخار زانیوە و ئێستاش هی وامان زۆر تیادایە! عەجەبا ئینسانیەت و مووسڵمانێتی بێ غیرەتییە؟! حاشا، خوا هەموو زبانێک دەزانێت. بە راستی و بە غەڵەط، هەرچی بە زباندا و هەرچی بە دڵدا بێت، مەقصەدی ئەصڵی لای خودا مەعلوم دەبێ. ئەما ئینتظام و ئوصوڵێک لە زباندا، لە نووسیندا، بۆ تەرەقیی ئەو قەومە لازمە، بۆ صاحێبی ئەو زبانە فەخر و خۆشییە کە قیمەتی تەواو نابێت (حب الوطن من الایمان) قسەیەکی شیرین و حەدیثێکی زۆر مەعقولە. عەجەبا مەقصەد لە وەطەن هەر دار و بەرد و گڵە؟! خەیر، بەڵکو مەقصەد لە وەطەن، بە وجوودی هەمشەهرییان و هەم زبان و وڵاتی باوک و دایکی، کەسێ دڵی بۆ قەومی خۆی نەسووتێ، یەعنی خۆشی نەوێت و خزمەتێک و یاریدەیەکی کە لە دەستی بێت، دەرحەق بە هەمشەهرییانی وەطەنی خۆی دریغی بکا؛ بەو کەسە کوردی بەغیرەت و حەتا موسوڵمانی چاکیش نابێژرێت. خولاصە ئەو کەسانە عیلمیشیان بێت و لە زبانانی دیگەدا تەئلیفاتیشیان بێت، بەوانە ببێژن پاسی پەزی خۆمان لە هی جرتاوا بەجێترە بۆ خۆمان، جۆماڵی، چاترە لە سوڵطانی سۆماڵی!

# بەڵگەنامەکان

**بەڵگەنامەی (١)**

**وتاری: ئەنجوم یامولکی**

ئەو مەولوودنامە خوێندنەوەیە کە ڕۆژی چوار شەممەی حوزەیرانی ١٢٠١ لە (کۆمەڵەی تەعالیی ژنانی کورد)دا سازکرا، خاتوو ئەنجوم یامولکی گوتارێکی پێشکەش کرد، وا ئەو بەشە گرنگەی گوتارەکە کە سەرنجراکێش بوو لە خوارەوە بڵاو دەکەینەوە:

خانمە بەڕێزەکان.

کۆمەڵەی تاعالیی ژنانی کورد کە بۆ مەبەستێکی زۆر بەرز پێک هێنراوە، ئەم مەولوودە پیرۆزە بە دەستپێکی کۆششەکانی خۆی دەژمێرێت. پێشتر هەموو شتێک لە جەنابی هەق و دوالیی بە ناوی میللەتی کوردەوە داواکارین کە ئەمە بە خێر و سەرکەوتنی گەورەوە بەردەوام بێ، وێڕای سوپاسکردنی ئەو خانمانە کە بەشدارییان لەم کۆبوونەوەیەدا فەرمووە.

داوای یارمەتیتان بۆ گوتنی چەن قسەیەک لێ دەکەم.

خانمان، ئێمەی کورد کە (انما المؤمنون اخوة)مان کردووە بە لایەنێکی دەرکەوتنی ئەو موسوڵمانیەتە کەوا نەتەوە جیاجیاکانی بە برا کردوون. مانای وایە ئێمە لە سەدەکانی رابردووەوە خۆشەویستی راستەقینە و بەهێزترین دۆست و پشتیوانی میللەتی تورکین. ئەمڕۆ چارەنووسی میللەتان شێوەیەکی دیکەی بەخۆوە گرتووە. هەر کاتێک ماف بە هەر کەسێک بدرێت، ئێمەش داوای مافی خۆمان دەکەین. چونکە ملیۆنەها کورد لە ئارادان و کوردستانێکی گەورەش هەیە، گشتمان بە هەموو بوونێکمانەوە قەرزاری سوپاس و پێزانینی ئەوانەین کە دەیانەوێ بۆ بەدیهێنانی ئومێدە پیرۆزەکانمان زیاتر لە کۆشش دابن. ئەو خۆشەویستیەی کە دەرهەق بە میللەتەکەیان هەیانە، بە فیداکاری خۆیان سەلماندویانە. ئەو خانم و برادەرانە کە بە هەڵەداوان هاتوونە بەشداری رێ و رەسمی گووشادی کۆمەڵیان گرتووە، پەیمانیان لەسەر بەڵێنی کورد داوە و وەک پێشینان گووتوویانە: (کورد لە قسەی خۆی پەژیوان نابێتەوە)، ئەمانیش بە هەموو شێوەیەک یارمەتی بدەن و هەرچیەک کە بۆ بەرزی کوردایەتی پێویست بکات بە بێ دوو دڵی بیکەن.

من متمانەم بە قەناعەتی خۆم هەیە و دەڵێم کورد بۆ هەموو شتێک بەڵێن نادات، بەڵام ئەو بەڵێنە کە دای، لێی پەژیوان نابێتەوە. ئەوەتا ئەو خانمانە کە چوونەتە نێو ئەم

کۆمەڵەیە، کوردن و ئەوانەن کە کوردیان خۆش دەوێ. مەبەستی ئێمە لە روودا راوەستانی کوردایەتی نییە، بەڵکو پشتیوانی کردنە و ناساندنی خۆمانە، هەروەکو یاداشتە پێشکەش کراوەکەی شەریف پاشا کە بۆ داکۆکی لە مافی کورد بۆ پاریس نێردراوە، لەم مەبەستە جیا نابێتەوە. دڵی موسوڵمانانی راستەقینە هیچ کاتێک لە یەکدی جوێ نابێتەوە، چونکە ئاینێکی توندوتۆڵ هەیە پێکەوە گرێیان دەدات. خوا یار بێ لەمەودوا ئێمەی نەتەوەی ئیسلام مەبەستی دادپەروەری و بەختەوەری دەکەینە رێبەر و بۆ راگەیاندنی گونجانی ئیسلام لەگەڵ شارستانیەتی و مرۆڤایەتیدا تێ دەکۆشین و جم و جووڵەکانمان بۆ ئەوە دەکەین بە نموونە.

به یارمەتیتان، دەمەوێ بە یەک دوو قسە باسی ئامانجی کۆمەڵەکەتان بکەم. خانمان، مەبەستی کۆمەڵ ئەوەیە چەند ژن و منداڵی کورد لەم وڵاتەدا یارمەتیان گەرەک بێ، ئیشیان دەست بخات و ئیدارەخانەیان بۆ گوشاد بکات و بە کردنەوەی قوتابخانە وردیلەکانیان بۆ خوێندن بانگهێشت بکا. ئەوانیش کە توانای وانەگوتنەوەیان هەیە، مامۆستایەتیی شانازی پێکراو بخرێتە ئەستۆیان. دەمەوێ بڵێم: کۆمەڵە بە پێی تین و توانای خۆی یارمەتی نەختینە و خەستەیی پێشکێش دەکات، ئەم مەولوودە پیرۆزە دەبێتە یەکەم یەکتر ناسینی نێوان ئەو خانمە بەڕێزانە کە کوردن و کوردیان خۆش دەوێ.

خوا یار بێ گەلێ کۆبوونەوەی وەکو ئەمە و کۆنفرانس و گفتوگۆ و شتی دیکە بە یەکترمان دەناسێنن و زۆر دەسکەوتی خێرداریش لەم یەکتر ناسینەدا بۆ میللەتەکەمان پەیدا دەبێ.

کۆمەڵە بۆ پێچانی برینەکانی میللەت پێویستی بە فیداکاری ئێوەیە. هەر کوردێک دەستی یارمەتیتان بۆ درێژ بکات و هەر فیداکارییەک بە سەرکەوتویی بەجێ بهێنێ، ئەوا بە راستی بەدیهاتنی ئومێدە میللیەکانمان دەبینین. جەنابی هەق هەمیشە میللەتەکەمان بەختەوەر بکات.

سەرچاوە: گۆڤاری ژین، ژ٢٢، ٢ی تەموزی ١٣٣٥ی رۆمی (١٩١٩)

ئەم بابەتە لە رۆژنامەی ئاڵای ئازادی ژمارە (٢٣٤)، ١٩٩٧/٦/١٦دا بڵاوکراوەتەوە.

**بەڵگەنامەی (٢)**

Fo: ٦٣٩٧/٣٧١

تلگرافی مەندووبی سامیی عێراق

بۆ وەزارەتی موستەعمەرات

٢٦ی ئابی ١٩٢١

رۆژی ١٩٢١/٨/٢٨ لە کاتژمێر ١٢.٤٠ بە دەست دائیرەی موستەعمەرات گەیشتوە ژمارە (٤٣١)

رۆژنامەی (Daily Telegraph) رۆژی ١٣ی تەمموزی ١٩٢١ وتارێکی لەژێر ناوی – کۆماری کوردی- تێدایە، ئەم وتارە تەفسیرێکی ناواقعی تەواو دەداتە باسی ئیعلانکردنی کۆماری کوردیی لە دیاربەکر لە لایەن مستەفا پاشاوە و بە سەرۆکایەتی خۆی.

مستەفا پاشا لەو کاتەی گەیشتووەتە ئێرە، واتە چەند هەفتەیەک لەمەوبەر، بەغدای بەجێ هێشتووە ئاخۆ دەتوانرێ شتێ بکرێ بۆ هاندانی سەرنوسەری ئەم رۆژنامە لێپرسراوە، بۆ خۆ دوورکردنەوە لە بڵاوکردنەوەی راپۆرتی تاکید نەکراو و نابەجێی وەها.

کۆکس (د. شێرکۆ فەتحوڵلا، ل ٥٠)

**بەڵگەنامەی (٣)**

Fo: ٦٣٤٦/٣٧١

تلگرافی مەندووبی سامی عێراق

بۆ وەزارەتی موستەعمەراتی بریتانیایی

١١ی ئایاری ١٩٢١

ژمارە ٤٧٦ نهێنی

گەورەم

١. سەبارەت بە نووسراوی نهێنیتان ژمارە ٣٥٨ لە مێژووی ١٩٢١/٤/٢١دا ژمارە ٤٦٧٦/٤٤، بەڕێزەوە دەتوانم بڵێم کەوا پێ دەچێ یۆنانییەکان هەوڵی دیراسەکردنی ئەگەرەکانی هاندانی کوردەکان بدەن لە ئاژاوە دروست کردن بۆ کەمالییەکان لە ناوچەکانی سەر سنووری رۆژهەڵاتیان.

وەکو بەڕێزتان ئاگادارن، هەموو پلانێک بۆ لاوازکردنی کەمالیستەکان بە ڕێی هێزی

چەکەوە کەم تا زۆر بەشێکی نادیاری تێدا بووە، بۆ راستکردنەوەی کوردەکان لە دژیان، هەروەها هەردەم ژمارەیەک لەو کوردانە خاوەن بیری نەتەواییەتی هەبوون کە ئارەزووی خستنە گەڕی پلانی وایان کردووە، لە بەر ئەوە کەمالیستەکان بە بەردەوامی دژی دانی هەر ئۆتۆنۆمییەکی راستەقینەی کوردەکان بوون، کە زۆر کەمترە لە مافی سەربەخۆیی.

٢. لەگەڵ ئەوەشدا، هەتا ئەگەر راپەڕینی یەککگرتووی کوردەکانیش مومکین بێت، من دڵنیام لەوەی ئاخۆ سەرکردە لێپرسراوەکانی کورد زۆر ئامادە بن بۆ هاوکاری سەرزارەکی لەگەڵ یۆنانیەکان، چونکە بە هۆی هەستی ئاینی و رەگەزییەوە زەحمەتە کوردەکان لەسەر پلاتفۆرمێکی وەها یەک بگرن.

ناوی ئەو دوو کەسە لە نووسراوی بەڕێزتاندا هاتووە، هەندێ گرنگن، بەڵام بە زەحمەت دەتوانرێ وەکو سەرکردە، بە واتا راستەقینەکەی حسێبیان بۆ بکرێت.

٣. مستەفا پاشا ئەفسەرێکی تورکی زۆر ناسراوە و بە ئەسڵ خەڵکی سلێمانییە. هەندێ دوای شەڕی جیهانی یەکەم وەکو پشتگیریی کەرێکی بەهێزی سیاسەتی فەرید پاشای دژ بە کەمالیستەکان، ناوبانگی دەرکرد. دوا کاری سەرۆکی دادگای عەسکەریی تایبەتی بوو کە بۆ سزادانی تاوانبارانی بە کۆمەڵ کوشتنی دڕندانەی خەڵک و تاوانبارەکانی تری شەڕ دامەزرابوو. لەم بوارەدا حەماسەتێکی وا بەهێزی نواند کە جێی تەقدیر بوو، ئەمەش بووە هۆیەک کە تورکە نەتەوە پەرەستەکان رقێکی زۆریان لێ هەڵسێ. بە ماوەیەکی کورت دوای کەوتنی حکوومەتی فەرید پاشا لە ئۆکتۆبەری رابردوودا، مستەفا پاشا بە تۆمەتێکی دروستکراو لە ئەنجامی جموجۆڵی لە کاتی مەحکەمەی عەسکەریدا گیرا. تەنیا بە هۆی تێهەڵچونی مەندووبی سامی بریتانییەوە بوو کە بە حەوت مانگ حوکمی بەند کردن رزگاری بوو، پێش تەواو کردنی ئەم ماوەیە عەفو کرا و بەربوو. پێش ماوەیەکی کورت لە میزۆپۆتامیاوە موافەقەتم بۆ وەرگرتووە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەوێ. هیوادارم بەم زووانە لەبەر سودی تایبەتی خۆی و بە هۆی ئەوەی کە مانەوەی لێرە جێی رەزامەندی نییە، بگەڕێتەوە.

٤. مستەفا پاشا راستگۆ و نیازپاک و بە توانایە، بەڵام زۆر وردبینی و دووربینی نییە. تەنیا وەکو ئامرازێک لەبەر دەستێکی وریادا بێت، ئەگینا سودی هەندە زۆر نییە. لەوانەیە ئەگەر بە شێوەیەکی دروست رێگەی بۆ دابنرێت مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت بە نمونە ئیدارەی بریتانیایی لە میزۆپۆتامیا سوودگەێن بێت، بەڵام بە تاکید ئەو کەسە نییە بە گشتی بتوانێت قەناعەت بە کوردەکان بکات بۆ بڕیاردان لەسەر هاوکاری ئاشکرا و

روون لەگەڵ یۆنانییەکاندا.

ئەو راپۆرتەی سەبارەت بە مستەفا پاشا و ئەوانی تر هەندێ پلانی وایان لە خەیاڵدا بووە پشت ئەستورە بەو راستییە. کاتێ ئاگادار کرا کە دەتوانێ بچێت بۆ میزۆپۆتامیا، مستەفا پاشا پرسیاری ئەوەی لێ کردم کە ئاخۆ دەتوانێ هەندێ لەو ئەفسەرە کوردانەی کە بە ئەسڵ خەڵکی سلێمانین لەگەڵ خۆیدا بباتەوە، بۆ ئەم مەوزوعە هانم نەداوە. لە بەر ئەوەی زەمینەی ئارەزووم بۆ ئاسانکردنی تەنیا دەرچوونی خۆیەتی بە شەخشی.

٥. مەعلوماتم کەمترە لە بارەی «حەقی بەگی کورد»ەوە، بەڵام ئەوەی شایانی باسە ئەوەی لەم چەندانەدا داوای یارمەتی دانی لێکردم، بۆ ئەوەی لە رێگەی بەغداوە لە رێگەی کۆمەڵێ لەو پیاوماقوڵانەی کوردەوە بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی بۆ ناوچەی دیاربەکر، وا حیسابی بۆ دەکات گوایە کاتێ شەڕی یەکەمی جیهانیی دەستی پێکرد، ئەم لە دەستی تورکەکان هەڵهات بۆ پاریس و لەوێ پەناهەندە بووە و لە دوایشدا چووە بۆ ئەسینا و کاتێ تورکیا داخلی شەڕ بووە ئەو لە میسر بووە. لە میسر وەکو دوژمن گیرا و ناردرا بۆ ماڵتە تا دوای تەواوبوونی شەڕیش بە چەند مانگێک لەوێدا مایەوە. پاشان وەکو یەخسیری شەڕ نێردرایەوە بۆ ئەستەمبووڵ و لەو کاتەوە هەر لێرەیە. وا پێ دەچێ کاتێ لە ماڵتە بووە لە هەندێ شەڕو هەرادا بەشداری کردووە، کە ژمارەیەک لە تورکی تێدا کوژراوە، بەڵام دەڵێ دادگای عەسکەری بریتانیایی کە لەو مەوزوعەی کۆڵیوەتەوە عەفوی کردووە، ئیدعای ئەوە دەکات کە سەرۆکی عەشیرەتی مەلیکانە. پیاوێکی بە قەڵافەت و دەست رۆیشتووە، بەڵام وا پێدەچێ سەرەڕۆ و لە شێوەی کۆمیتەچییەکان بێت.

٦. «عەزیز حەقی بەگ»م لە بەردەستدابوو، کاتێ نووسراوی ناوبراوی بەڕێزتانم پێ گەیشت. بە هۆی ئەو مەعلوماتانەی بەدەست ئێوە گەیشتووە، وا پێدەچێت باشتر بێت بڕیار لەسەر شێوەی هەر کارێک ئەگەر پێویست بکات بۆ بەڕێزتان بەجێبێڵم، بە ئاگاداری کردنم لە بڕیاری بەڕێزتان لەم بارەیەوە خۆشحاڵ دەبم.

٧. لە کۆتاییدا سەرنجی بەڕێزتان رادەکێشم بۆ ئەو تلگرافەی لە ١٩٢١/٥/٣ بە ژمارە ٣٢٠ بۆ ئێوەم ناردوە، لە هەمان مێژوودا بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیایم ناردوە. من هەتا ئێستاش هیچ زانیارییەکی تەواوم نییە سەبارەت بە جوڵانەوەی کوردەکان دژی کەمالیستەکان، کە ماوەیەک لەمەوبەر لە رۆژهەڵاتی سیواس دەستی پێکردووە. دیارە گرنگیەکی تەواوی هەبووە بووەتە مەترسیی لە ئەنقەرە و پێویستی بە هێرشی عەسکەری

بەهێز هەبووە. من هیچ سەرچاوەیەکی وام لەبەردەستا نییە کەوا تێبگەم ئەم جووڵانەوەیە تەشەنەی کردووە بۆ دەرەوەی ناوچەی قزڵباش، یاخود کوردە عەلەوییەکان، کە ژمارەیان لە ناوچەی دێرسیم زۆرە.

ئەم جوڵانەوەی کوردە عەلەوییەکان لە جوڵانەوەیەکی ناوچەیی زیاتر حسابی بۆ ناکرێت کەمالیستەکان بە هۆی ئەوەی لە بارەی چەک و تەنزیمی عەسکەرییەوە بەهێز ترن، دەتوانن جوڵانەوەکە دامرکێننەوە.

مەندووبی سامی

هۆراس رامبۆلد

**بەڵگەنامەی (٤)**

File NO,١٤/١٣,secret Kurdistan policy.New delhi.India.١١١.Vil

زۆر نهێنی، کەرکووک ١٩٢٣/١/٢٣

لە جی. چاپمان

بۆ راوێژکاری بەریتانیی لە کەرکووک

یاداشت

هەروەکو پێشتر لە کاتی گەڕانەوەماندا بۆ سلێمانی نوسیبووم، گۆڕانکاری بەرچاو لە هەڵوێستی شێخ مەحمود و ئەوانە روویداوە کە کاروباری سلێمانیان بەدەستەوەیە. شێخ مەحمود پێی وتم ئامادەیە فەرمانی ئێمە جێبەجێ بکات و بڕیاری داوە کە هیچ مەسەلەیەک بەبێ پرسی ئێمە نەهێنێتە گۆڕێ، ئەوە بەڵگەیە کە شێخ قادر و کۆمەڵەکەی ئێستا لای شێخ مەحمود کاریگەری زۆریان هەیە و جێگای متمانەی ئەون، بەڵگەیە شێخ مەحمود لە سلێمانی توانیویەتی پابەندی بکات یان بەسەریاندا زاڵ بێت.

شێخ قادر دڵنیای کردم کە ئێستا لە حکوومەتەکەی شێخ مەحموددا سەرۆک وەزیرانە سەردەمی بێ متمانەیی لە نێوان شێخ مەحمود و بریتانییەکان کۆتایی هات، هەستێکی گشتی لە سلێمانی هەیە، ئەویش پەیڕەوکردنی رێنمایی ئیدارەی بریتانییە، لەگەڵ هەموو هەوڵێک بۆ گەیشتن بە چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کورد لە عێراق. حاجی مستەفا پاشا هەمان بۆچوونی بۆ دووبارە کردمەوە، دەیووت هەتا ئێستاش زۆر کۆسپ هەن لە بەردەم دامەزراندنی حکوومەتێکی مەدەنی هاوچەرخدا لە کوردستان، هەموو بەرپرسان ئەو راستیە دەزانن.

هەرچەندە خەڵکی سلێمانی رزگاریان نەبووە لە هەموو ئەو شوێنەوارانەی کە تۆقاندن کە کاتی قەیرانەکە شارەکەی گرتبووەوە، بەڵام رێژەیەک ئۆقرەیی هەیە و ئەو قەناعەتە هەیە کە حکوومەتی شێخ مەحمود لەسەر ڕێڕەوی پێشکەوتن بڕوات، وەکو بەڵگەیەک لەسەر نیاز پاکی شێخ مەحمود رێگەی بە عەقید سدیق پاشا عەقیدی رووس داوە لە سلێمانیەوە بچێ بۆ بەغدا.

**بەڵگەنامەی** (٥)

فەرمانگەی تۆماری گشتی

وەزارەتی فڕۆکەوانی ٤١٢/٢٣

بەشی ٢

X/M ٤٥٨٣

بارەگای هێزی ئاسمانی

هێزەکانی بریتانیا لە عێراق/ بەغدا

ئاماژە بە ئای/٤٠٧ مێژووی ٣ی ئایاری ١٩٢٧

بۆ/ ئەفسەری کاروباری تایبەت – مووسڵ

ئەفسەری کاروباری تایبەت – کەرکووک

ئەفسەری کاروباری تایبەت – سلێمانی

بیرهێنانەوە

ئاماژە بە نووسراوی بارەگای هێزی ئاسمانی ئای/٤٠٧ لە ٦ی ئایاری ١٩٢٧دا، لیستی ناوی ئەو کەسایەتیانەتان بۆ دەنێرین کە لە نامەی وەرگیراوی (١)دا سڕابووەوە.

عەقیدی

هەیئەی ئەرکانی ئیستخبارات

بارەگای هێزی ئاسمانی- عێراق

دەرەوەی سووریا

سلێمانی:

حاجی مستەفا پاشا: نفوزێکی کەمی هەیە، حەماسی نەماوە، تەنها قسە دەکات.

شێخ عەلائەدین: وا ڕاهاتووە کە هەندێ نفوزی هەیە، بەڵام کە هات بۆ ئێرە، هەندێ شتی

هێناوە لەگەڵ دیندا ناکۆکە، ئەوەش وای کرد نفوزی کەم بێتەوە، برایەکی هەیە هێشتا لای کوردەکان قورسایی خۆی لەدەست نەداوە.

کەرکووک:

زێن ئەلعابدین[7]: شارەزایە، بەڵام سەقامگیر نییە. هیچ نفوزێکی نییە.

سەید ئەحمەدی خانەقا: خەڵکی ناوچەکەیە، زۆر هۆشیارە، خاوەن نفوزە و خۆشەویستە.

هەولێر:

عەزیز بەگ کوڕی حاجی مستەفا پاشا، ئەفسەری سوارەیە و عێراقییە و پێدەچێ زۆر لە باوکی باشتر بێت.

مووسڵ:

جەمال بەگی بابان: زیرەکە و مەغرورە. لە خێزانێکی زۆر باشە، نەوەی سلێمان پاشای دامەزرێنەری سلێمانییە، لە قەڵاچۆلانەوە چووە بۆ ئەوێ.

بەغداد:

دکتۆر شوکری محەمەد سەگبان: بە هۆی ئەوەی وەک پزیشک رەفتاری باش نەبووە لەگەڵ نەخۆشەکان، نفووزی کەمی کردووە، ویستوویەتی ببێت بە نائیب و بەڵێنی زۆری داوە کە هیچیان جێی باوەڕ نەبوون

دکتۆر هـ.مورادیان: کەسێکی خراپە، دژی بریتانیاییەکانە.

هەوڵ ئەدەم زیاتر لەسەر کوردەکانی حەلەب بزانم.

رائید

ئەفسەری پەیوەندییەکانی بریتانیا

٧. کوڕی فانی ئەفەندیی خەڵکی سلێمانی و دانیشتووی شام بووە، برای مەسعود فانییە، ساڵانی بیست خەریکی جموجۆڵی سیاسی بووە.

**بەڵگەنامەی (٦)**

(٥٠٦٩/٣٧١:Fo)

لە نووسینگەی نوێنەری باڵای بریتانیا-ئەستەمبووڵ- ١٩٢٠/٣/١٥

وەزیری دەرەوە- لەندەن

نووسراوم بە ژمارە ٣٠٦م/٢٠٧٠ بە مێژووی ئازاری ١٩٢٠ تایبەت بە هەڵوێستی شەریف پاشا، شەرەفمەندم ئاگادارتان بکەمەوە کە بڵاوبوونەوەی ڕێکەوتننامەی شەریف پاشا کاردانەوەیەکی زۆری لێ کەوتوەتەوە.

١. جوداخوازە کوردەکان بەو ڕێکەوتننامەیە دڵخۆشن، بەڵام هەندێ ناوەندی دیکەی کورد دەیانەوێت خەڵک هان بدەن دژی ڕێکەوتننامەکە. هەندێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن لێرە پەیوەندییان بە ڕێکەوتننامەکەوە هەیە، وەکو مستەفا بابانی و نەعیم بابانی سەر بە خانەوادەی بەناوبانگی بابان، بەڵام سەبارەت بە مستەفا پاشا ئەوا نوێنەرایەتی دەستەبژێری ڕۆشنبیری کورد دەکات، کە شوێنەواری زۆری بەجێ هێشتووە و ناتوانێ لە هەستی جوداخوازی نەتەوایەتی کوردی تێ بگات، بەڵام نەعیم پاشا نوێنەرایەتی ڕەوتی ئیسلامی دەکات کە ئیسلامی لە سەرووی هەموو گوزارشتێکی دیکەوە داناوە.

٢. ڕەوتی نەتەوایەتی جوداخوازی کوردی هەندێ سەرنجیان هەیە لە کەسایەتی شەریف پاشا، وەکو گوێم لێ بووە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە شەریف پاشا بەم دواییە بەرژەوەندی تورکی لە سەرووی بەرژەوەندی کوردی داناوە، هەروەها گوێم لێ بووە بەم دوایە شەریف پاشا بووەتە سەرۆکی کومەڵەی ئیسلامی- لقی پاریس، کە وەکو بەدیار دەکەوێ کۆمەڵەیەکی ئیسلامی مەرکەزییە و نووسینگەی لە لەندن کردووەتەوە، بە ژمارە ١٥٦ شەقامی فیلت.

٣. ئەم پاشکۆیە ناوی هەندێ شوێن و کەسایەتی تێدایە کە داواکارییان دژ بە ڕێکەوتننامەی شەریف پاشا و نۆبار پاشا ناردووە.

**بەڵگەنامەی (٧)**

(Fo:٣٧١/٧٧٨١)

بارەگای مەندووبی سامی لە بەغدا

نامەی مەندووبی سامی بەریتانی پێرسی کۆکس

بۆ وەزیری موستەعمەراتی بریتانیا وینستۆن چەرچڵ

ژمارە نهێنی ب/ ٢٧/٣٤ مێژوو ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٢٢

سێر (گەورەم)

بەڕێزەوە وەرگێڕاوی نامەی مستەفا پاشا سەبارەت بە سەفەری ئەم دواییەی بۆ ناوچەی «ورمێ»تان بۆ دەنێرم بۆ ئاگاداری.

مستەفا پاشا ئەفسەرێکی تورکە و خەڵکی سلێمانییە. لە نیسانی پار داوای ئیجازەی لە مەندووبی سامی شاهانە لە ئەستەمبووڵ کرد بۆ گەڕانەوە بۆ ئەم وڵاتە (مەبەستی عێراقە) لەسەر تەزکیەی پێشەکیی مەندووبی سامی ئەستەمبووڵ، موافەقەم لەسەر گەڕانەوەی کرد و لە مانگی حوزەیران گەیشتە بەغدا. سەبارەت بەم مەوزوعە، سەرنجتان بۆ نامەی مەندووبی سامی مەلەکی لە ئەستەمبووڵ رادەکێشم کە بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ناردوە بە ژمارە (٣٨٠/٣٦٧/٢١) ٤٧٦ و مێژووی ١١ی ئایاری ١٩٢١.

لەسەر داوای من، مستەفا پاشا بە شێوەیەکی کاتی لە بەغدا مایەوە. هەرچەندە لێرە بێکار و بێ تاقەت بوو و حەزی دەکرد بەرەو سلێمانی بچێت بۆ رێکخستنی کاروباری تایبەتی خۆی. لەسەر ئەساسی ئەوەی هیچ هۆیەک بەدەستەوە نەبوو بۆ هێشتنەوەی بۆ ماوەیەکی نادیار و رازی بوونی ئەفسەری سیاسیی سلێمانی لەسەر گەڕانەوەی، ئیجازەم پێدا بەغدا بەجێ بهێڵێت و لە ئۆکتۆبەر بۆ سلێمانی لەسەر ئەساسی ئاشکرای ئەوەی کە لە کردەوە و مەواقیفەکانی لە لایەن ئەفسەری سیاسیی سلێمانییەوە ئاراستە دەکرێت.

ئەگەر ئەو دیعایە نەبوایە کە تەعین دەکرێت بە موتەسەڕیفی سلێمانی کە بۆ ماوەیەکی کورت دەوامی کرد، گەیشتنی مستەفا پاشا، سەرنجێکی کەمی راکێشا. لە بەر ئەوەی لە خێزانێکی مەحەلیی ناودار نییە و هیچ لە ناوچەکە ناسراو نییە، پەیمانی داوە کە ئەفسەری سیاسیی سلێمانی بە تەواوی لە جوڵانەوەی خۆی ئاگادار بکات و بەبێ ئیجازەی ئەو لە سنووری ئێران نەپەڕێتەوە.

راپۆرتی مەقەڕی گشتی ئەستەمبووڵ بە تاریخی ١٩٢١/١٠/٤ نێردراوە لەگەڵ نامەی نهێنیتان بە تاریخی ١٩٢١/١٠/٢٧ باسی مێژووی رابردووی پاشایان تێدایە، ئەم راپۆرتە

وا پێ دەچێت وێنەیەکی زۆر گەورە کراوی گرنگی ناوچەی مستەفا پاشا و نفووزی لە کوردستانی خواروو پیشان بدات و منیش بە باشم زانی بە تەلەگرام لێپرسراوانی بەریتانی لە ئەستەمبووڵ لە حەقیقەتی مەوزوع ئاگادار بکەم.

(تەماشای نووسراوی ژمارە Co/٨٩ بە مێژووی ٢٦ تەشرینی دووەمی ١٩٢١ مان بکەن) سەفەری مستەفا پاشا بۆ ناوچەی ورمێ بەبێ ئیجازە کرا و بێ ئەوەی ئەفسەری سیاسیی سلێمانی یاخود من ئاگادار بین و بە بیستنی پەڕینەوەی لە حدود فەرمانی گرتنیم دەرکرد، کاتێ دەگەڕێتەوە. بەڵام لێکۆڵینەوەی زیاتری دوای گەڕانەوەی قەناعەتی پێ کردم کە پەڕینەوەی لە سنوور بە هۆی بە هەڵە تێگەیشتنەوە بووە و هیچ مەبەستێکی ئەنقەستی نەبووە بۆ فەرمان شکاندن. لەم حاڵەدا ڕێگەم پێدا لە سلێمانی بمێنێتەوە بە مەرجێ بە نووسین پەیمانی ئەوە بدات کە بەبێ ئیجازە وەرگرتن سلێمانی بەجێ نەهێڵێت لە داهاتوودا پلانەکانی بخاتە بەردەم ئەفسەری سیاسیی بۆ موافەقە لەسەر کردن پێش ئەوەی دەست بە هیچ پڕۆژەیەک، یا سەفەر بکات.

ئەو نامەیەی کە باسی سەفەرەکەی دەکات- وێنەیەکی تەرجەمەکراوەی لەگەڵ ئەم نامەیەدایە- لە لایەن چاودێری عەسکەرییەوە گیرا بوو، بەڵام ڕێگەی ئەوەیان دابوو بگاتە جێگەی خۆی، بەلای منەوە بەڵگە نامەیەکی مێژوویی و سیاسیی زۆر گرنگە و روناکی بەکەڵک دەخاتە سەر کەسایەتی و داواکارییە سیاسییەکانی سمکۆ، هەرچەندە تەقدیری مستەفا پاشا سەبارەت نرخی جوڵانەوەی سمکۆ بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، تەقدیرێکی رۆشنبیرانەیە.

هەروەها سەرنجتان بۆ ئەو فاکتە رادەکێشم کە مستەفا پاشا لە ماوەی سەفەرەکەی وا پێ ناچێ کە خۆی وەکو نوێنەری بریتانیا نیشان دابێ یاخود پێشنیازی ئەوەی کردبێ کە بریتانیا بە هیچ شێوەیەک یارمەتی یا هانی کوردانی دەدات دژی تورک.

هەروەها ئەوەش دەڵێم، کە لەوانەیە ئیدیعای مستەفا پاشا کە لە بڕگەی کۆتایی نامەکەیدا هاتووە بناغەیەکی راستی هەبێت. سەبارەت بەوەی تا رادەیەک یارمەتی داوە بۆ دژایەتی کردنی پڕوپاگەندەی تورکەکان لە ناو عەشایرەکانی سەر سنوور و هەوڵی داوە بۆ دوورخستنەوەیان لە یارمەتی تورکەکان دژی عێراق.

مەندووبی سامی

پێرسی کۆکس

**دەقی نامەی مستەفا پاشا بۆ عەبدولعەزیزی کوڕی**

سلێمانی

بۆ کوڕی خۆشەویستم عەبدولعەزیز بەگ

کاتێ لە سەفەرەکەم بۆ سنووری ناوچەی سمکۆ (سمایل ئاغا) گەڕامەوە، نامەکەتان کە بە مێژووی ١٩٢١/١٠/٢٠ لە وەڵامی ئەو نامەیەی بە تاریخی ١٩٢١/٩/١٣دا بۆم ناردبوون، لەگەڵ دوو نامەی تر کە بە تاریخی ١٩٢١/١٠/٦ و ١٥ی ئەیلوول کە بە کوڕانی نەقیبەوە ناردبووتان بە دەستم گەیشتن.

بە درێژی ئەو شتانەتان بۆ دەنووسم کە بە چاوی خۆم بینیوومە سەبارەت بە وەزعی ئێستا. رۆژی دووشەمە مێژووی ٣١ تشرینی دووەمی ١٩٢١ کاتژمێر یازدەی پێش نیوەڕۆ سلێمانیم بەجێ هێشت و بۆ ناوچەی مەنگوڕ بە ڕێگەی «وێزنە» کەوتمە ڕێ، بابەکر ئاغا و عەباسی سەلیم ئاغای برای خەڵکی وریا و بەخشندەن.

حومکدارانی بریتانی رێزێکی باش لە بابەکر ئاغا دەگرن و مووچەیەکی باشی پێ دەدەن، ناوچەکەیان زۆر سەلامەتە و ئاژاوەکانی حیزبی ئیتیحاد و تەرەقیی ئەنادۆڵ کاری تێ نەکردووە. عەشیرەتەکەی بەهێزە و سەرکردە جیاکانی خزمی یەکترن. عەشیرەتەکانی دەوروبەری – مەنگوڕ، مامەش، گەورک، دیبوکری و بەگزادە بێ گرفتن. دوا عەشیرەت (بەگزادە) لە ناوچەی سەقز و دەوروبەری دەژین و عەشیرەتێکی بەهێزن.

عەشیرەتی بابەکر ئاغا هەڵوێستێکی باشیان هەیە بەرامبەر بە زازای بانەی ناوچەی شنۆ و هەروەها بەرامبەر بە شکاکی ژێر دەسەڵاتی سمکۆ کە تا رۆژئاوا و سەرووی رۆژئاوای ورمێ درێژ ئەبێتەوە. عەشیرەتی نورەدین لە لایەن سەرکردەکانی رێکخراوە و لە وەزعی ئێستای پەیوەندییەکان ئاگادارن و هێزی شەڕکەریان ئامادەیە و لە نێوان ٢٥٠٠ بۆ ٣٠٠٠ سوارە و نزیکەی ٤٠٠٠ پیادەیان هەیە.

ئەمانە پیاوی نیشتمان پەروەر و دڵسۆزن، بە تەواوەتی لەوە دەگەن کە سەربەستی و بەرژەوەندی کوردستانی خواروو و خۆشگوزەرانی نەتەوەی کورد ئیعتماد دەکاتە سەر پێڕەوکردنی سیاسەتی ئینگلیزی تێکدەری حیزبی ئیتیحاد و تەرەقیی ئەنادۆڵی لە هەموو ئەنادۆڵ و کوردستانی باکور، گشت دانیشتوانی ناوچەی پشدەر و سەردەشت و گوندەکانی تری سەر سنووری ئێران، لەژێر سەرۆکایەتی میر عەبدوڵڵا و میر ئاوا، ژیانێکی ئارام و پڕ لە ئاسایش دەبەنە سەر.

بە هۆی ئەوەی عەشیرەتێکی بچوکی رەواندز دوای سیاسەتی حزبی ئیتیحاد و تەرەقی کەوتووە و بە هۆی جولانەوەی هەڵەکانی چەند کۆنە ئەفسەرێک کە ناتوانن بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، دانیشتوانی رەواندز و ناوچەکە تا رادەیەکی زۆر لە ناخۆشیدان، لە هەموو شوێنێک بە دوای چارەیەک دەگەڕێن بۆ رزگار بوون.

هەرچەندە پیاوی تێگەیشتووی تەواو هەیە بۆ دامرکانەوەی ئەم جولانەوەیە و بەرقەرار کردنی ئاشتی، دەسەڵاتداریێتی بریتانی تا رادەیەک ئامادە نین هیچ هەنگاوێکی کاریگەر بنێن، یاخود لە راستیدا گرنگی بەم کارە نادەن، چاوم بە ئاغای بایز سەرۆک عەشیرەتی ئۆجاک کاخدر کەوت کە لە ناوچەی ئەڵوەتان دەژیت و لە لایەن عەشیرەتەکانی مەنگوڕ و مامەش و پیرانەوە باش ناسراوە.

هۆیەکانی شەڕی ئەنادۆڵ و هێرشی یۆنانییەکان و کارە دڕندانەکانی حزبی ئیتیحاد و تەرەقی لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا و هەروەها هێرشە ناقانونییەکانی بۆ سەر دانیشتوانی بۆرسە سمیرنا لە دوای پەیمانی شەڕ راگرتن و هەروەها راپەڕینیان دژی سوڵتان و گوێنەدانیان بە داخوازییەکانی خەڵک.

سەرم لە (خدر خانی عەزیز)دا لە نزیک ناوچەی مێرگیان و خۆشحاڵی خۆم بۆ دەربڕی و سەبارەت بەوەی لە ئاشتیدان لەگەڵ عەشیرەتەکانی هاوسێیان و جولانەوەی ئەنادۆڵی کاری تێیان نەکردووە کە لەژێر پەردەی ئیسلامدا هەموو کارێکی دڕندانە ئەنجام دەدەن.

دوای جێهێشتنی مەنگوڕ لە رۆژی ٢١ تشرینی یەکەمی ١٩٢١دا گەیشتمە سابلاخ، لەوێ بینیم دانیشتوانی بەرەو عەشیرەتەکانی دراوسێ (دیبوکری و موکری) بە وەزعێکی پەشۆکا و ناخۆشەوە رادەکەن.

گوتیان هۆی ئەمە هاتنی ئێرانییەکان بوو لە میانداوەوە بەرەو عەشیرەتەکانی شکاک لە ورمێوە بۆ شەڕ کردن لە ناو شار بوون. لەگەڵ ئەوەی بۆم روونکردنەوە کە بەهەڵەدا چوون، لە راکردن بەردەوام بوون، چونکە تاقیکردنەوەی تاڵی رابردوو ئازاری دەدان.

لە کاتێکدا بیرم لە رایەکانی Dil khorason دەکردەوە، سەیرم کرد نزیکەی ٣٠٠ سوار بەرەو لای من دێن، دوایی تێگەیشتم ئەمانە پیاوی هەمزە ئاغای مامەش و شێخ عەبدوڵڵا ناسر بوون (نوێنەری سمایل ئاغا شکاک و سەید تەها) بۆ رایی کردنی عەشیرەتی دیبوکری و مەنگوڕ نێرابوون.

شەو لە دیوەخانی شێخ عەبدوڵڵا مامەوە، گفتوگۆیەکی دوورو درێژم لە گەڵدا کردن، شەو تەلەفۆن بۆ سەید تەها بیراندز و سمکۆ لە چەهریق – مەقەڕی شکاک – کرابوو، هەواڵی

گەیشتنی منیان پێدا بوون. خەڵکەکە زۆر خۆشحاڵ بوون بە مانەوەم، لەوێ ماوەی دوو ڕۆژ مامەوە، پەناهەندەکان بۆ لادێیەکانی خۆیان گەڕانەوە و دوکانەکان یەک لە دوای یەک کرانەوە.

دوای جێ هێشتنی سابلاغ بەرەو لای سەید تاها بیراندزە بەڕێ کەوتم، ڕۆژێک لەوێ مامەوە. بە هۆی ناساغیەوە برازاکەم لەوێ جێ هێشت. لەگەڵ سەید تەها بە ورمێدا بۆ لای سمکۆ بەڕێ کەوتین. لە ڕێگە بە تەلەفون ئاگاداریان کردین کە هێزی شکاک دەچن بۆ سەر ئەو سوپایەی کە لە نێوان «خۆی» و «تەورێز» دامەزراوە. (ئەم تەلەفۆنانە ساڵی پار لە دوای گرتنی ورمێ لە لایەن شکاکەوە لە سەنتەرە گرنگەکان دادەنران) کاتێک گەیشتینە چەهریق، بیستم بەشێک لە لەشکری سوارە و پیادە و بەشێک لە تۆپخانەی سمکۆ ڕووەو سەڵماس بەرەو پێشەوە دەچن. بۆ بەیانی چاومان بە سمکۆ کەوت. لە گفتوگۆیەکی درێژدا ئەم پرسیارانەی خوارەوەم لێ کرد:

پرسیاری یەکەم: ئاخۆ ئامانجی ڕاستەقینەت چییە لەو عەمەلیاتانەی لە دوو ساڵی رابردوودا لە دژی حکوومەتی ئێران کردووەتە؟

وەڵامی سمکۆ: ئێران دوژمنێکی دڕندەی کوردە، ئێستا ئەوەی لە توانامدا بێت دەیکەم بۆ ڕێکخستنی کوردەکان و ڕزگارکردنیان لە زوڵم وزۆریی ئێران. بۆیە ساڵی پار شاری ورمێ و ناوچەی دەوروبەریم گرت – کە لە رابردوودا کوردستان بوو- هەروەها شاری سەڵماس، ئەمساڵیش سابلاغم لە ئێرانییەکان پاک کردەوە.

پرسیاری دووەم: کەواتە ئامانجتان ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستانە، بەڵام بۆ پێش هەموو شتێک ناوچەی وان و ئەرزڕۆم و بتلیس و هەکاری و خارپووت ڕزگار ناکەیت و خەڵکەکەی ڕێک ناخەیت، ئەو خەڵکەی کە لە دروست بوونی کۆمیتەی ئیتیحاد و تەرەقییەوە لە چەوسانەوەدایە و ئێستاش لەژێر حوکمی مستەفا کەمال تەحەمولی کارە وەحشییەکان دەکات. مستەفا کەمال ئەو پیاوەیە دان بە خەلیفەی وەحیدەین نانێ و دژی کار دەکات. بۆچی بەیداخی نەتەوایەتیت دروست نەکراوە بۆ ئەوەی بۆ حکوومەتە بێگانەکان ڕوون بێتەوە کە مەبەستت خوێن ڕشتن نییە، بگرە مسۆگەرکردنی سەربەخۆییە بە ڕێگەیەکی دروست و پاک، باشتر نییە دوای کۆتاییهاتنی مەسەلەی مستەفا کەمال بەبێ خوێنڕشتن داوا لە حکوومەتی ئێران بکرێت و چاوەڕێی وەڵام بکەیت؟

وەڵامی سمکۆ: پێم باشتر بوو لە ئێرانەوە دەست پێ بکەم. بە کارێکی ڕاستم نەزانی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکەکاندا بپچڕێنم، چونکە بە چەک و تفاق یارمەتیم دەدەن. وا

تێ ناگەم ناردنی نامە بۆ حکوومەتی بێگانە پێویست بێت، چونکە ئەوان دەزانن ئێمە عەشایەری نەخوێندەوارین و رێکخراو نیین. جگە لەوەش، دەبیستم ئۆرووپا لەم کاتانەدا ئارام و هێمن نییە و هەریەکە و لەگەڵ ئەوی تر خەریکە، ئێمە تا لە توانامانددا هەیە خەبات دەکەین بۆ ئەوەی ماوە بە ئێرانییەکان نەدەین دووبارە ورمێ و سابڵاغ بگرنەوە، ئێمە هەتا پیاوێکی شکاک مابێت، لە بەرهەڵستی کردنی ئێرانییەکان کۆڵ نادەین.

پرسیاری سێیەم: چی وای لێ کردن ئەو ٨٠٠ ژاندرمەی ئێران لە ئەیلوولی ساڵی پار گیرابوون، بیانکوژن؟

وەڵامی سمکۆ: لە کاتێکدا ئێرانییەکان هەموو هەلێک بەکاردێنن بۆ دژایەتیکردنی کوردەکان و پیلانی جۆراوجۆر دەگێڕن دژ بە من و بە هۆی ئەوەی دانیشتوانی سابڵاغ و ناوچەکە کوردن، بە پێویستم زانی بەرەو ئەم شێوە کارە بچم. ئێرانییەکان شەڕیان لە ناو شاری سابڵاغ قەبوڵ بوو، دوای چەند سەعاتێک شەڕە تۆپ و تفەنگ ئێرانییەکان شکان و بەشێکیان وازیان هێنا و بەشەکەی تریش لەگەڵ «مەلەکزادە» تەسلیم بوون، ئەمن زۆربەی ژاندارمە گیراوەکانم ناسییەوە، ئەوانە بوون کە لە شەڕی گەورەی دەریاچەی ورمێدا بەشدارییان کردبوو، دوای داگیرکردنی رووسی، ورمێ بوو بە سەنتەرێکی گرنگی سوپایی و ئاسن و دارێکی زۆر لە شوێنێک بە ناوی «حەیدەر ئاباد» کۆکرایەوە، لەم شوینەدا دوای شەڕێک لەگەڵ ئێرانییەکان کە بە سەرکەوتنی ئێمە تەواو بوو، ئەمانە گیران، دوای ئەوەی پەیمانی ئەوەیاندا کە جارێکی تر دژی کورد شەڕ نەکەن، جل و بەرگ و پارەیان پێ درا و بەرەڵاکران. ئەمانە دووبارە بە مەبەستی تاڵانکردن و کوشتنی کورد، لەگەڵ ئێرانییەکاندا کەوتنەوە، بۆیە کوشتمن و نزیکەی چوارسەد پیاو بوون.

پرسیاری چوارەم: هۆی شەڕتان لەگەڵ ئاسوورییەکان چیی بوو؟ تکایە دەتوانم پێت بڵێم بۆچی مار شەمعون – کە سەرۆکی دینییانە- بە کەسێکی ئاشتی خواز و هەواداری کوردەکان ناسرا بوو، کوژرا؟

وەڵامی سمکۆ: وەسف کردنی هەڵسوکەوتی دڕندانەی دژ بە کورد کە تورک و دواتریش رووسەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا پێی هەڵسان، کاتێکی زۆری دەوێت، لەوانەیە ئێستا ئێوەش بیستبێتان، بۆیە تەنها باسی قەزییەی مار شەمعون دەکەم.

لە کاتی گیروگرفتەکان لە نێوان کورد و ئەرمەنەکان لە کوردستانی باکوردا، ئاسوورییەکانیش هاوکاری ئەرمەنییەکانیان کرد، بەو هۆیەوە تورکەکان ئاسوورییەکانیشیان چەوساندوەتەوە، دوای شۆڕشی رووسی، سوپای رووس لە ساباڵغ و ورمێ کشایەوە،

تفاقێکی یەکجار زۆری شەڕیان بەجێ هێشت و ژمارەیەکی زۆر تۆپ و ڕەشاش و تفەنگ و گوللەیان بە ئاسووریان دا

هەندێ ئەفسەری ڕووسیایی و لێپرسراوی ئەوروپایی لەگەڵ ئاسوورییەکان لەوە ئاگادار بوون کە ئێران تفاقی کەمە و ناتوانێ بەرگری لە خۆی بکات، لەبەر هۆی سیاسیی و عەسکەری و ئابووری لەگەڵ ئاسوورییە چەکدارەکان یەکیانگرت و هەوڵی داگیر کردنی ئازەربایجانیاندا کە سەنتەرێکی گەورە بوو لە نێوان ئەرمەنستان و کوردستان و ئێرانیاندا. بە هۆی ئەوەی کورد هاوسێ و دۆستی کۆن بوون، خەتی بەرەوپێش چوونی سوپا شەڕکەرەکان بە ناو ئازەربایجاندا لەوێوە بۆ تاران، بۆ ئاسوورییەکان مسۆگەر کرابوو.

بێجگە لەمە، لە حاڵەتی سەرکەوتنی ئاسوورییەکان بە سەر ئێرانییەکاندا، یەکەمیان وەهمی ئیعلانکردنی سەربەخۆیی هەکاری و بەتلیس کە لە سەریاندایە، رادەگەیەنن، بۆیە ئەوان ئەمەیان بە پێویست دەزانی بۆ پاراستنی پەیوەندیی باش لەگەڵ کوردەکان، بە تایبەتی شکاکەکانی هاوسێیان و هێزە کوردییەکان بۆ بەرەوپێش چوون بەرەو ئێران. بەم شێوەیە دەستیان کرد بە چاوبەستنەوە و هەڵخەڵەتاندنی کوردەکان.

ڕۆژێک مار شەمعون لەگەڵ کۆمەڵێک سوارەی بەهێزی ئاسووریی و ئەرمەنی هات بۆ چاوپێکەوتنم، بەو مەبەستەی بە یارمەتی کوردەکان بەسەر ئێراندا بدەن. لە وەڵامدا پێم گوت کە بۆچوونەکەی زۆر بەجێیە، ئەوەشم پێ وت کە پێویستە من قسە لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان بکەم و قەناعەتیان پێ بکەم، لە ماوەی چەند ڕۆژێک لە شوێنی دیاریکراودا لە ئەنجامەکەی ئاگاداری دەکەمەوە. «مار شەمعون» بەرەزامەندی گەڕایەوە.

دەسەڵاتدارانی ئێرانی کە لە پلانی مار شەمعون ئاگاداری کرابوون، پیاوێکی تایبەتی خۆیان نارده لام و داوایان لێ کردم کە هاوکاریی ئاسوورییەکان نەکەم و لە هەمان کاتدا وەعدی خەڵاتیان پێدام ئەگەر بتوانم مار شەمعون بکوژم. لە بەر چەند هۆیەک فکرەی کوشتنی مار شەمعونم قەبوڵ کرد کە مەبەستی داگیر کردنی کوردستانی باکوری لەسەردا بوو. لە ڕۆژی دیاریکراودا مار شەمعونم کوشت و کۆتایم بە نیازەکانی هێنا. لەسەرەتادا فارسەکان زۆر خۆشحاڵ بوون، حاکمی خۆیان نارد بۆ ورمێ و دەستیان کرد بە حوکمڕانی وڵات، بەڵام لە دواتردا لە دژی مەقامی من جوڵانەوە و لەو ناوچەیەدا کاری دڕندانەیان ئەنجامدا. پەیوەندی دۆستانەمان ورده ورده کەم بووەوە، لە دوای چەند شەڕێک لەساڵی پار لە داگیرکردنی ورمێدا سەرکەوتم و دەسەڵاتی خۆم لەو ناوچەیەدا

دامەزراند.

پرسیاری پێنجەم: هیچ ئاسووری لە جۆلە مێرگ بەجێ ماون؟ چەند هەزار ئاسووریم لە ناوچەی بەغدا دیتوە و خەریکی پەیدا کردنی ولاغ و شتی تر بوون بۆ سەفەرکردن، چەند کاروانێک بەغدایان بەجێ هێشت؟

وەڵامی سمکۆ: تەلەگرامێکم لەسەر لەشکری هێزی (وان) پێگەیشت کە لەلایەن مستەفا پاشاوە (یەکێک لە سەرۆک هۆزەکانی کورد بوو لە باکوری کوردستان) لە ئەنقەرە دامەزراوە، با میرزا بۆتانی بخوێنێتەوە.

دەقی تلیگرامەکە:

«حکوومەتی یۆنانی، بە سەرۆکایەتی مەلیک بە پشتگیری کردنی بریتانیا بە پارە و یارمەتی زۆر لەگەڵ ئێمەدا لە حاڵەتی شەڕدایە، ئێستا داوای یارمەتی لە حکوومەتەکانی ئەوروپا دەکات بۆ ناوبژیکردن و شەڕ راگرتن.

ئاگاداری ئاسوورییەکانی ناوچەی هەکاریی کوردستانی سەروو بە هاندان و یارمەتیی حکوومەتی بەریتانیایی خەریکی گەڕانەوەن لە رێگەی جەزیرە و زاخۆوە. ئێمە کاری پێویست دژیان دەکەین. تکایە تۆش کاری عەشیرەتی پێویست بکە بۆ رێگە گرتن لە گەڕانەوەی ئاسوورییەکان لە رووسیا و ئێرانەوە».

ئەمە ئەو هەواڵانە کە پێم گەیشتووە، هەوڵ دەدەم رێگە لە کۆکردنەوەی ئاسوورییەکان لە ناوچەی هەکاری بگرم، چونکە دوژمنی گەورەی منن و تورکەکانیش تەئکیدی بڕیاری من دەکەن.

پرسیاری شەشەم: لە ناو کوردەکان هیچ رێکخراوێکی نەتەوایەتی هەیە؟ بۆ نمونە بەیداخی تایبەتی؟ چۆن ناوچە داگیرکراوەکان بەڕێوە دەبەن؟

وەڵامی سمکۆ: لەم ساتەدا رێکخراوی هەمیشەیی نییە، من تەنیا هاوڵاتییەکی کوردم. با وڵات رزگار بێت، گرنگ نییە کێ دەبێتە حاکم. لەم بارەوە من هیچ مەبەستێکی تایبەتم نییە. سەبارەت بە بەیداخ، بە رای من پێویست نییە، بەڵام شکاکەکان بۆ هەر سوپایەک هەروەکو دەبینن بەیداخێکی جیاوازیان دروست کردووە.

پرسیاری حەوتەم: کەواتە ئامانجتان نەتەوایەتی تەواوە، واتە کورد، وانییە؟ ئەگەر وایە بۆ دوای داگیر کردنی سابلاغ، دوکانەکان تاڵان کران و چەند کەسێک کوژران، لەوانە قازی لەتیف کە پیاوێکی خاوەن جێگە و رێز بوو؟ سابڵاخ دەکەوێتە رۆژهەڵات و خواروی رۆژهەڵات و سەروی رۆژهەڵاتی ناوچەی «مەرگەوەر» کە عەشیرەتی دیبوکری و بڵباس و

مەنگوڕ و مامشی و پیران دەگرێتەوە و سەنتەرێکی گشتییە بۆ گەورک و عەشیرەتەکانی تر. وەکو ئاگادارن پەیوەندی دانیشتوان لەگەڵ ئەم عەشیرەتانەدا دۆستانەیە، ئاخۆ گیرو گرفت لە نێوان ئەم عەشیرەتانەدا و شکاک پەیدا نابێت؟ ئاخۆ ئاڵۆزی نێوان عەشیرەتەکان لە لایەن ئێرانەوە هان نادرێت؟ بەگوێرەی ئەوەی بەر گوێم کەتووە ماڵ و موڵکی حاجی ئێلخانی –سەرۆکی بەڕێزی دێبوکوری – تاڵان کراوە. لەوانەیە بەشێک لە مەنگور وگەورک و ناوچەی سەقز لە دژی تۆ یەک بگرن.

وەڵامی سمکۆ: کاتێ هێرشمان بردە سەر ساباڵخ، خەبەرمان بۆ هەموو سەرۆک عەشیرەتەکان نارد، بەڵام نەهاتن و هیچ نوێنەری خەڵکی ساباڵخ بە دیار نەکەوت، ئێرانییەکان شەڕیان لە ناو شاردا قەبوڵ کرد، شەڕ بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو. لە هێرشێکدا شار گیرا و لە شکاکیش کوژراو و بریندار هەبوو، دانیشتوان و عەشیرەتەکان تێکەڵاو ببوون و تۆپ و ڕەشاش لە جادەکاندا دەتەقێنران، لە تواناندا نەبوو ڕێگە لە تاڵانکردن بگرین، هەرچەندە من دژی وەستام، هەوڵ دەدەم دڵنەوایی دانیشتوان بکەم، ئێمە شک لە مەنگوڕ و دێبوکری دەکەین وەکو باستان کرد، بەڵام ئەوە ناهێنێ بە هێندی هەڵگرین. حاجی ئێلخانی لە باتی ئەوەی لەگەڵ حاکمی ئێراندا بمێنێتەوە بە ناوی کوردایەتیەوە هاواری کرد «لەگەڵ من وەرە بۆ شەڕ»، عەشیرەتی مامەش زۆر دڵسۆزن لەگەڵ ئێمە. هەمزە ئاغای کوڕی خوالێخۆشبوو محەمەد ئاغا بە حاکمی ساباڵخ دامەزراوە و کەریم ئاغای برای بە حاکمی ناوچەی هەمەدان دادەنێ. خەڵکی بانە و گەورکی هاوسێیان مانگێک لەمەوبەر (ئەمە دوای گرتنی ساباڵخ) ئێرانییەکانیان لە سەقز دەرکرد و شارەکەیان گرت. سەبارەت بە تاڵانکردن، حکوومەت لە سنەوە ٣٠٠- ٤٠٠ ژاندرمەی لەسەر داوای دانیشتوانی سەقز نارد و بانەییەکانیان لە سەقز دەرپەڕاند و چوار پێنج لە حەرەسە شەخسییەکانی من (واتا سمکۆ) ڕزگاریان بوو.

پرسیاری هەشتەم: وا بڵاوە کە ئامانجتان لە بەرەو پێشەوە چوونتان بۆ ناو ئێران، تۆڵە سەندنەوەی شەخسییە. ئێرانییەکان هەموو هەلێکیان بۆ سوودی خۆیان بەکار هێناوە، برای خۆشەویستت و باپیرت و چەند خزمێکی تریان کوشتویت. نزیکەی دوو ساڵ لەمەوبەر بە بۆمبێک کە بۆتیان ناردبوو، براکەتیان کوشت، ئەوان دەڵێن ئەم جوڵانەوەتان لەدوای ڕوودانی ئەم بۆمبەوە دەستی پێ کردووە؟

وەڵامی سمکۆ: دەزانم تۆ باش ئاگاداری هەموو مەسەلەکانی، تۆ دەزانی ئەمە هەموو لە نێوان کوردان ڕووی داوە چۆن باپیرانم سمایل خان عەلی خان و خەڵکی تر دەستی

ئێرانییەکان بە ئیدعای زاڵمانەی جیاواز کوژران، من ئێستا بۆ نەتەوەی کورد خەبات دەکەم، بەڵام تۆڵەی خۆشم لە ئێرانییەکان هەر دەکەمەوە.

ئەمەی سەرەوە ئەو گفتوگۆ و پرسیار و وەڵامە بوو کە لە نێوان من و سمایل خاندا شەوی ۱۹۲۱/۱۰/۱۹ کرا.

بەیانی دووبارە لە ژوورێکی تایبەتدا لەگەڵ سمکۆ و سەید تەها یەکترمان گرتەوە، ئەم گفتوگۆ گرنگ و نهێنیەی خوارەوەمان کرد:

جەنابی ئاغا، ڕۆژگاری ئەمڕۆ وەکو سەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵا نییە، حکوومەتە ئەوروپاییەکان و ئەمریکا بە وردی سەیری ڕووداوەکانی کوردستان دەکەن، حکوومەتێکی مەزنی وەکو بریتانیا سلێمانی و ناوچەی دەوروبەری بەڕێوە دەبات، چاودێری هەموو لایەنێکی بزوتنەوەی کورد دەکات و ئەگەر هەر ڕێگەیەک یا سیاسەتێکی نەگونجاو بگرێتەبەر بریتانیا لە وەرگرتنی هەڵوێستی سیاسیی  یاخود عەسکەری ناسڵەمێتەوە.

ئەگەر ڕاست بێت کەوا ڕێکەوتنت لەگەڵ نەتەوە پەرەستەکانی ئەنادۆڵ هەیە، ئەوا بە حوکمی ئەوەی ئەوان ڕێز و ئیعتیباری عالەمی پێشکەوتوویان لەدەست داوە، ئامانجە نەتەوەییەکانی تۆش وەدەست نایەن و هیچ یارمەتیەک لە هیچ شوێنێ وەرناگریت. ئێوە دەزانن جوڵانەوەی وا بێ یارمەتی و هاوکاری حکوومەتە ئەوروپاییەکان بە تایبەتی حکوومەتی بریتانیایی، سەر ناگرێت. زلهێزەکان وەکو هەڵگەڕاوە تەماشای کەمالییەکان دەکەن، هەروەها خەلیفەش وەکو توندڕەو حسێبیان بۆ دەکات. ئەمە هۆی ئەوەیە یۆنانیەکان بەرەو ئەنقەرە هێرشیان برد و ئێستا خۆیان بۆ هێرشی تر ئامادە دەکەن. هەتا زۆربەی دانیشتوانی ئەنادۆڵ پێشوازی لە داگیرکردنی یۆنانییەکان دەکەن و ڕقیان لە کەمالییەکانە. کەمالییەکان دوژمنی هەرە گەورەی کوردن، لەوانەیە بەڕێزتان بزانن کورد تا چ ڕادەیەک لە ساڵی ۱۹۰۸ەوە زوڵمی لێ کراوە. یۆنانییەکان لە کەمالییەکان باشترن، لەبەر ئەوە ئەوان پێشکەوتوو، کەمالییەکان جاهیلن.

ئەگەر دەکرێ پەیوەندی لەگەڵ یۆنانییەکان پەیدا بکە و کوردەکانی ئەنادۆڵ لە دڕندەیی کەمالییەکان ڕزگار کە و حکوومەتی بریتانیی لەم کارەتان ئاگادار بکە و بەیانێک بۆ ڕۆژنامە ئەوروپاییەکان بنێرە. بۆ چافەرە کردنی گیروگرفتەکانت لەگەڵ ئێراندا، سود لە وەزعەکە وەر بگرە و بکەوە قسە کردن لەگەڵ حکوومەتی ئێرانی بۆ حەل کردنیان. ئەو ناوچانە نوێنەری حکوومەتی بریتانیایی یان ئەوروپایی یاخود سوپای لێ نییە، بە ئاشتی ڕازییان بکە و بەلای خۆتا ڕایان کێشە. ئەگەر بەم شێوە کار بکەیت، وا تێ دەگەم

حکوومەتە ئەوروپاییەکان گوێ لە داواکارییەکانت رادەگرن.
ئەم خاڵانەی سەرەوەم بەم شێوەیە وەڵام درانەوە:
– ئەمن رقم لە کەمالییەکانە، بۆ کورد بە دوژمنێکی خراپتریان دەزانم لە ئێرانییەکان، بەڵام جارێک خەبەرم بۆ حکوومەتی بریتانیایی ناردوە و پێم راگەیاندن کە حەز ناکەم دژی سیاسەتیان بوەستم. ئێمە بەردەوام پێویستمان بە یارمەتی بریتانیا هەیە. با تەئکیدی ئامادەیی خۆیان بکەن بۆ یارمەتی و پشتگیرییان ئەو کاتە بە تەواوی بە گوێرەی ئارەزووی ئەوان ئەجوڵێمەوە. ئێمەی کە پێویستی سەرەکیمان چەکە، ئەگەر ئەوە مسۆگەر نەکرێت، توشی گیرو گرفت دەبین. بۆ دڵنیا کردنی حکومەتی بریتانیایی لە ئارەزووی لایەنگری کردنیان، سەید تەهام نارد بۆ بەغدا لە ئایاری ١٩١٩، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو. ئێستا من و سەید تەها پەیمانی شەرەف دەدەین ئەگەر حکوومەتی بریتانیا چەکمان بۆ دابین بکات، راستەوخۆ، یان لە رێی دۆستە کۆنە وەفادارەکانی سەرکردەکانی عەشیرەتی پشدەرەوە، ئەگەر جێمان نەهێڵێ بۆ رەحم و زەوقی ئەفسەرە سیاسییەکانیان و راستەوخۆ بەرگریمان لێ بکەن، ئەگەر حکوومەتی بریتانیایی لە رێی ئێوەوە یاخود لێپرسراوەکانیان خاڵەکانی ئێمە قەبوڵ بکات، ئەوا ئێمە ناوچەی وان و ئەرزرۆم و سیواس و هەکاری و بەتلیس لە کەمالییە نەتەوەپەرەستەکان پاک دەکەینەوە، دەرسێکی باشی ئەوانەی رەواندز و شوێنەکانی تر دەدەین ئەمە قسەی کۆتاییمانە و بۆ دڵنیا کردنتان سوێند بە شەرەف دەخۆین، هەروەها ئێمە دەتوانین ئەنقەرەش بگرین، ئەگەر بریتانیا بێ دەنگ بێت لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانین ئێرانییەکان لە سنە وەدەرنێین.
بەم شێوەیە کۆتاییمان بە گفتوگۆکانمان هێنا و لەگەڵ سەید تەها بەرێکەوتن بۆ ئەوەی لەگەڵ هێزی سوارە و پیادە و تۆپخانە یەک بگرنەوە کە ئەو شەوە بەرەو سەڵماس دەچوون. منیش گەڕامەوە بۆ ورمێ و لە دوایشدا بۆ سابڵاخ.
ئەمیر ئەرشەد سەرۆکی عەشیرەتی قەرەداخ لە ئازەربایجانی ئێراندایە، دەنگ هەیە کە لە نێوان شەش تا حەوت هەزار سوارەی ئازا و چل تا پەنجا تۆپ و ژمارەیەکی باش رەشاشی هەیە. بە گوێرەی جم و جۆلی ئێستای سمکۆ حکوومەتی ئێرانی ئەمیر ئەرشەدی هەڵبژاردوە بۆ جێ بەجێ کردنی پلانەکانی و پارەیەکی زۆری پێداوە. ئەویش هێزی لە شوێنێک بە ناوی «شەرەفخانە» کۆ کردووەتەوە کە کۆنترۆڵی دەوروبەری باکوری دەریاچەی ورمێ و «تەبریز گوزار خەیات» دەکات. پێشەنگی لەشکرەکەی تا تەورێز و خۆی چووە و پاسدارەکانی تا سنووری سەڵماس چوون. بۆ سەغڵەت کردنی سمایل

ئاغا «سمکۆ» بەشێک لە سوارەی قشڵەی خۆی بۆ «شاکر یاکی» کە دەکەوێتە نێوان سەڵماس و خۆی، کاتێ لە یەک جیا بوینەوە سمایل ئاغا هێرشی بردە سەر ئەو هێزانە.

بە گوێرەی خەبەرێکی تەلەفۆنی کە کاتێ گەڕامەوە پێم گەیشت، سمکۆ بەشێک لە هێزی پیادەی لەسەر گردۆلکەکانی بەرامبەر بە خۆی دامەزراندوە و لەگەڵ باقی هێزی تۆپخانە بەرەو پێشەوە چووە. لەگەڵ سوارەکانی ئەرشەد کە لە شەرەفخانە و ناوچەی «تاسوج» هاتبوونە پێشەوە، بەڵام شەڕیکی یەکلاکەرەوە نەبووە و ئەرشەد و سوارەکانی تێکشابو و – بێشک خەسارەت لە هەردوولا کەوتووە. سمکۆ دوایان نەکەوت و کاتی گەڕایەوە لە ڕێگە گوندی سەیس و تاجەدین و دوو گوندی تری سوتاندوە و تاڵانی کردوون و خەڵکەکەی بە دیلی لەگەڵ چەند دیلێکی ئەرشەد هێنا بۆ سەڵماس. ڕۆژی ٢٦ی تشرینی دووەم ورمێم بەجێ هیشت و بەرەو سابڵاخ ڕۆیشتم، بە هۆی ئەوەی خەتی تەلەفون لە نێوان ئەم شوێنانە پچرابوو، نەمتوانی هیچ زانیاریەک لە بارەی شەڕی سمکۆ و سوارەکانی ئەرشەد لە ڕۆژی ٢٦ و ٢٧ەوە دەست بێنم.

لەسەر داوای چەند سەرۆک عەشیرەتێک بەرەو گوندی دیار بەکر (یەکێک لە گوندەکانی عەبدوڵڵا ئاغا) چووین، چاوپێکەوتنم کرد لەگەڵ عەلی ئاغای ئێلخانی و کەریم ئاغا و چەند سەرۆک عەشیرەتێکی تردا.

کەریم ئاغا – سەرۆکی مامەش و برای هەمزە ئاغا- لەگەڵ مارف ئاغای برای بەیەکەوە گەیشتن و باسی وەزعی ئێستایان کرد. بە هۆی ئەوەی پەژارە و ناڕەزایی خۆیان دەربڕی، ڕەخنەیان لە جوڵانەوەی سمکۆ گرت، بە هۆی ئەوەی باسەکە گرنگ بوو، مناقشە تا نیوەشەو بەردەوام بوو و بەیانیش درێژەی کێشا. لەسەر مەوزوعی سابڵاخ، بەشێکی باش لە عەشیرەتەکان دژی کردەوەی سمکۆن. ئێرانیش سود لەو وەزعە وەردەگرێت و بەردەوامە لە پڕوپاگەندەی خۆی. ئەوان بێزارن لە کەمالییەکان، لە کاتێکدا سەرۆک عەشیرەتەکان خەریکی موناقشە کردن بوون لە دیاربەکر، خەبەرێک گەیشت سەبارەت بەوەی شەڕێکی قورس لە ناوچەی نێوان سەڵماس و تەورێز ڕوویداوە، لە نێوان سێ هەزار سوارەی سمکۆ و چوار تا پێنج هەزاری ئەرشەد، شەڕەکە گەیشتە شەڕی دەستەویەخە، نزیکەی ٣٠٠ پیاو لە هێزی سمکۆ و ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ئەرشەد کوژران. لە ئەنجاما ئەرشەد شکا و بەرەو تەورێز کشایەوە. شکاک تۆپێک و ژمارەیەکی زۆر دیلیان گرت. دەڵێن ئەم هەواڵانە دوای ئەوەی من سابڵاخم بە جێهێشت، شەو بە شێخ عەبدوڵڵا گەیشتووە. هەروەها ئەو پیاوەی خەبەرەکانی بیستبوو، بۆ کەریم ئاغای گێڕاوەتەوە. بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی کە

له ڕێگەی گەڕانەوەمدا بۆ سلێمانی پێم گەیشتوون، بانەییەکان دووبارە خۆیان ساز داوە، بە نیازی گرتنی سەقزن و لەم بارەوە چاوەڕێی یارمەتی سمکۆ دەکەن.

کوڕەکەم- هەوڵ دەدەم یەکسەر یان لە ڕێگەی دەسەڵاتدارانی بەغداوە وەعدەکانی سمکۆ و سەید تەها بگەیەنم، بەڵام سەلماوە کە ئەوان خۆپەرستن. سڵاو ڕێزم بگەیەنە بە فەهمی ئەفەندی. بەداخەوە کە ناکرێ هەموو شتێک بنووسرێت، سەبارەت بە گیروگرفتی ئەرمەنییەکان قسەم لەگەڵ سەید تەها کرد، وا پێی دەچێ رای وەکو ئێمە بێت.

بە هۆی کردەوە خراپەکانی حکوومەتی ئەنقەرە، ئێستا سمکۆ متمانە بە ئەرمەن و ئاسوورییەکان ناکات و تا رادەیەک ترسی لێیان هەیە، چونکە لە مایسی ١٩١٩ بۆمبێک لە لایەن ئەرمەنییەکانی یەریڤانەوە ئامادە کرابوو «محەمەد عەلی شازادە» بە ناوی وەلی عەهدەوە بۆمباکەی بە «محەمەد حوسین میرزا»دا نارد بۆ «مەکرەم ئەلمولک» ئەویش ناردی بۆ حاکمی خۆی «شەوکەت ئەلسوڵتان»، بۆ ئەوەی بینێرێ بۆ سمکۆ، ئەم بومبە بە جوانی لە ناو قووتویەکی بچوکی شیرینیاتی دانرابوو. «شەوکەت ئەلسوڵتان» بە پیاوێکی باوەڕ پێکراوی خۆی بە دیاری بۆ سمکۆی دەنێرێت. کابرا کە دەگاتە سەڵماس هەست بە خەتەری مەسەلەکە دەکات قووتوەکە دەدات بە پیاوێکی هەژار و داوای لێ دەکات بیبات بۆ سمکۆ، پێشی دەڵێت کە ئەمە دیارییە و بە هۆی نەخۆشیەوە خۆی ناتوانێت بیبات. پیاوە هەژارەکە یەکسەر قووتوەکە دەبات بۆ سمکۆ و ئەویش شک دەکات و دەڵێت ترسم هەیە ئەوە بۆمب بێت. کوردەکان هەوڵ دەدەن بیکەنەوە، بەڵام سمکۆ لەبەر ئەوەی گوێی لە چرکەی ناو قووتوەکە دەبێت، خۆی بە ئەرزدا دەدات کاتێ بۆمبەکە دەتەقێ براکەی سمکۆ دەکوژرێت و چەند کەسێکیش بە قورسی بریندار دەکات، ئەم ڕووداوە هەموو شکاکی هەژاندووە. لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکە دەکرێت و حکوومەتی ئێرانی زانیاری وا دەدات کە بۆمبەکە لە لایەن ئەرمەنییەکانی «یەریڤان»ەوە دروست کراوە. لەبەر ئەم هۆیە سمکۆ لە ڕێکەوتن لەگەڵ ئەرمەنییەکان  دوور دەخاتەوە.

لە کاتی ڕووداوەکانی سابڵاخدا، کەسێک بە ناوی «باشیمون» بە هەڵە کوژرابوو، کە ئەمریکایی یاخود فەرەنسایی بوو، چوار ژنی ئەمریکایش ڕووت کرابوونەوە، بەڵام هەمزە ئاغای مامەش کە گەیشتبوە ئەوێ ئەمانەی پاراستبوو. ئەم ڕووداوە لە ڕۆژی ٥ی سەفەری ١٣٤٠ی قەمەری (بەرامبەر بە ٨ ئۆکتۆبەری ١٩٢١) ڕوویدا، لە ڕۆژی ١٧ی هەمان مانگدا ژنەکان بە چاودێری پیاوەکانی هەمزە ئاغا نێردران بۆ (Bughian)، لەوێشەوە بۆ تەورێز.

چاوم بە کارتێکی ئەوان کەوت کە ئیمزای خۆیان بۆ هەمزە ئاغا ناردبوو لە بەر بەسەلامتی گەیشتنیان بۆ (Bughian) ئاگاداریان کردبوو. ئەوە ناوەکانت بۆ دەنووسم بە داخەوە یەکێکیان Miss Aughian کە کاتێ لە ئەستەمبووڵ گیرابووم، لەگەڵ نەجمەدین ئەفەندی کەرکووکی زادە هاتەلام. سێیەکەی تریش ,Miss Bachimont, Miss Wama Schohnood Miss Elmas Sahoon ئەم ئافرەتانە ئێستا لە تەورێزن و سەلامەتن.

بە هەموو ئەوانەی ئاگادارن رابگەیەنە کە لەم سەفەرەم بۆ کوردستانی سەروو، دوو سەد لیرەی زێڕم سەرف کردووە، هەروەها ئاگاداریان بکە کە قەرزارم. ئەو خەڵکەی کە هاتن بۆ بەغدا بەبێ من ناتوانن هیچ بکەن، دوای بیستنی ئەوەی کە کەمالییەکان داوای یارمەتیان لە کوردستانی سەروو کردووە و کوردەکانیش خەریکن بە دەنگیانەوە بچن بۆ چەند سەرۆک عەشیرەتێکم روون کردەوە کەمالییەکان دژی سوڵتانن و دوای ئەوەی بەیانی سوڵتانم لەم بارەیەوە بە چاپکراوی بۆیان نارد، لە جیاتی ئەوەی بەلای کەمالییەکاندا بشکێنن، رقیان لێیان دەبێتەوە.

کەمالییەکان بەم سەفەرم زۆر نارەحەت بوون خەڵاتی هەزار لیرەی زێڕیان داناوە بۆ هەر کەسێ بمگرێ، یاخود بمکوژێ. هەندێ لە فەرمانبەران لە بەر ئەوەی، لە ناوچەی وان و دیاربەکر باسی منیان کردووە سزا دراوون. بەڵام هیچ کامێک لەمانە ناتوانن یەکێک لە پیاوە راستەقینەکانی ئێمە بگرن، هەروەها بە بیستنی ئەوەی کە هەندێ لە کەمالییەکان لە رەواندزن، بە دزییەوە چووم بۆ ئەوێ لەگەڵ فەرمانبەر و کەسانی هاوڵاتی خۆمان تەرتیباتی باشمان کرد.

شکانی راپەڕینی ئەنقەرە ئاشکرایە و کاتی راکردنیان بۆ ئەوروپا نزیک بووەتەوە. لەم سەفەرەدا ناخۆشی زۆرم دیوە، چونکە خەڵکەکە ناتێگەیشتوون و لە هیچ قسەیەک ناگەن، تا چەن کەرەتێک دووبارەی نەکەیتەوە و گوێ لە هیچ رایەک ناگرن، بێجگە لە هی خۆیان، هەتا ئەگەر حاکمی کوردستانیش بیت، ناتوانی چارەی بکەیت.

تێبینی: کورە خۆشەویستەکەم، ئەم کوردە نا مونەزەمانە پێش ناکەون، مەبەستم ئەوەیە بڵێم سمکۆ ناتێگەیشتوە و چونکە کەمالییەکان بە چەک یارمەتی دەدەن، نێوانی لە گەڵیدا باشە. دوا قسە و بە کورتی بێ کەڵک و بێ بەرە.

مستەفا

# بەڵگەنامە
# فەرمییەکانی



79

British High Commission,
Constantinople.
11th May, 1921.

No. 476.
(3809/337/21).

E 5713
MAY 18 921

SECRET.

My Lord,

With reference to Your Lordship's Secret despatch No. 358 of the 21st of April, (4676/4676/44), I have the honour to state that it appears to me quite possible that the Greeks may have been exploring the possibilities of encouraging the Kurds to give the Kemalists trouble on their Eastern borders. As Your Lordship is aware, every scheme for reducing the Kemalists by force of arms has included more or less vague plans for raising Kurdistan against them, and there have always been a certain number of Kurds imbued with Kurdish National ideas who have been anxious to see some such plan put into execution, as the Kemalists have been consistently opposed to giving the Kurds any real autonomy, much less independence.

2. I doubt, however, whether, even if United Kurdish action were possible, responsible Kurdish leaders would be very ready to enter into formal relations with the Greeks, as religious and racial sentiment would make it difficult to unite Kurds on such a platform. The two persons named in Your Lordship's despatch under reference are of some interest, but can hardly be regarded as leaders in any true sense.

3. Mustafa Pasha is a well-known Turkish Officer belonging by origin to Suleimanié. He came into great prominence.......

The Right Honourable,
The Earl Curzon of Kedleston, K.G., P.C.,
etc., etc., etc.

تلگرافی مەندووبی سامی عێراق بۆ وەزارەتی موستەعمەراتی بریتانیایی

prominence some time after the Armistice as a staunch supporter of Ferid Pasha's anti-Kemalist policy. His last part was that of President of the special Court-Martial for dealing with massacrers and other war criminals. In this capacity he shewed a praiseworthy zeal, and incurred much odium in Turkish nationalist circles. Soon after Ferid Pasha's [redacted]fall last October, Mustafa Pasha was arrested on a trumped-up charge arising out of his activities on the Court-Martial, and it was only owing to the intervention of this High Commission that he escaped with a sentence of 7 months' imprisonment, and was pardoned before he even completed that term. I have recently obtained from Mesopotamia permission for his return to that country, and I hope he may shortly go there, as his presence here is undesirable in his own interest.

4. Mustafa Pasha is honest, well-meaning, and energetic, but he is too indiscreet to be of great value except as an instrument in careful hands. Properly handled he might be useful, e.g., to the British Authorities in Mesopotamia, but he is certainly not the man to induce Kurds generally to commit themselves to definite co-operation with the Greeks. The report that he and they may have some such plan in their minds derives neverthe-less support from the fact that when told that he might go to Mesopotamia he broached the question of his being allowed to take some other Kurdish officers of Suleimanié origin with him. I have not encouraged him in this, as my grounds for wishing to facilitate his departure from here are personal to himself.

5. I know less about Kurd Hakki Bey, but is is significant.........

significant that he recently applied to me for facilities to proceed to Bagdad en route for his own country in the neighbourhood of Diarbekr, with a select company of other Kurdish notables. His account of himself is that he was in Paris, a fugitive from the Young Turks, when the general war broke out; that he then went to Athens; and that he was in Egypt when Turkey entered the war. He was imprisoned in Egypt as an enemy and sent to Malta, where he remained throughout the war and the first months of the Armistice. He was eventually repatriated to Constantinople as a Turkish prisoner of war and has since been here. He seems to have been involved in some brawl in Malta in which certain Turks were killed, but he states that he was acquitted by the British Military Court which dealt with the matter. He claims to be head of the Melikan tribe. He is a well set-up man, but appears to be of the adventurer or <u>comitadji</u> type.

6. I had Kurd Hakki Bey's application under consideration when I received Your Lordship's despatch under reference. In view of the information which has reached you it seems preferable that I should leave it to Your Lordship to decide what, if any, action should be taken. I should be glad to be informed of Your Lordship's decision regarding this.

7. In conclusion, I would refer Your Lordship to my telegram to Bagdad of the 3rd of May, which was repeated to the Foreign Office in my telegram No. 320 of the same date. I am still without any definite information regarding the anti-Kemalist movement, which broke out some time ago among the Kurds in the country east of Sivas. It appears to have been of sufficient importance to cause apprehension in

Angora..........

Angora and to necessitate strong military action. I have, however, no reason to suppose that it has had any extension beyond the Kizilbash or Alevi Kurds, who are numerous in the Dersim and the country adjoining it, or that it amounts to more than a local insurrection, which the Kemalist authorities with their superior military organisation and equipment are capable of repressing.

I have the honour to be, My Lord,
with the highest respect,
Your Lordship's most obedient,
humble Servant

Horace Rumbold

HIGH COMMISSIONER.

By air mail.

5813
6 FEB 22

53
283

No. Secret. B.
27/34

The Residency.

Baghdad the 20th January 1922.

Sir,

I have the honour to forward for your information a translation of a letter written by Mustafa Pasha describing his recent tour through the Urmia district.

Mustafa Pasha is a Turkish officer of Sulaimani origin. In April of last year he applied to His Majesty's High Commissioner, Constantinople, for permission to return to this country. On the latter's earnest recommendation I sanctioned his return, and he arrived in Baghdad in June. In this connection I would refer you to despatch No.476(3309/307/21) dated 11th May, 1921, from His Majesty's High Commissioner, Constantinople, to the Secretary of State for Foreign Affairs.

To file attached

At my request Mustafa Pasha remained in Baghdad temporarily; he was however restless and without occupation here and anxious to proceed to Sulaimani to arrange his private affairs; accordingly as I had no reason for detaining him indefinitely, and as the Political Officer, Sulaimani, had no objection to his return, I gave him permission to leave Baghdad and he went to Sulaimani in October on the clear understanding that he would be guided in his conduct and attitude by my Political Officer. Except for a rumour, which was short-lived, that he was to be appointed Mutasarrif of Sulaimani, his arrival attracted little attention as he

تلگرافی مەندووبی سامی عێراق بۆ وەزارەتی موستەعمەراتی بریتانیایی

comes of an obscure local family and is hardly known in the district. He undertook to keep the Political Officer Sulaimani fully informed of his movements and not to cross the Persian frontier without permission.

A report from General Headquarters, Constantinople, dated 4th October, 1921, forwarded with your Secret despatch dated 27th October, 1921, contains an account of the previous history of Mustafa Pasha. The report appeared however to convey a most exaggerated impression of the local importance of Mustafa Pasha and of his influence in Southern Kurdistan, and I thought it advisable to inform the British authorities at Constantinople by telegram of the true facts of the case (vide my despatch No.C.O/89 dated 26th November, 1921.).

Mustafa Pasha's tour in the Urmia district was carried out without permission and without previous reference either to the Political Officer, Sulaimani, or to myself, and on hearing of his having crossed the frontier I ordered his arrest on his return. Further enquiries however on his return satisfied me that in crossing the frontier he had acted under a genuine misapprehension and had no deliberate intention of disobeying orders. In the circumstances I allowed him to remain at Sulaimani on condition that he gave a written undertaking not to leave Sulaimani without permission, and to submit his plans in future to the Political Officer for approval before embarking on any project or journey.

The letter describing his tour, of which a translation is now enclosed, was intercepted by the military censor, but has been allowed to proceed to its destination. It seems to me to be a document of considerable historical and political importance, and throws much useful light on Simko's character and political aspirations, while the estimate formed by

Mustafa Pasha of the value of Simko's activities to the Kurdish Nationalist movement is instructive.

I would also draw your attention to the fact that, in the course of his tour, Mustafa Pasha does not appear to have represented himself as being in any way an emissary of the British, or to have suggested that the British were giving any sort of assistance or encouragement to the Kurds against the Turks. I would also add that there is probably considerable justification for the claim, made by Mustafa Pasha in the closing passages of his letter, that he helped to counteract to some extent Turkish propaganda among the Kurdish frontier tribes and to dissuade the latter from assisting the Turks against 'Iraq.

I have the honour to be,

Sir,

Your most obedient,

humble servant,

(sd) P. Z. Cox.

HIGH COMMISSIONER FOR 'IRAQ.

The Right Honourable

Winston S.Churchill, P.C., M.P.,

Secretary of State for the Colonies,

Downing Street, London.

.. 53 206

Sulaimani 19th December 21.

My dearest son,

Abdul Aziz Bey.

I received your letter dated 20th October 1921 (in reply to mine of the 13th September 1921) together with yours dated 15th September and 6th October 1921, the latter addressed c/o the Naqib's sons, on my return from my expedition to the boundaries of Simko (Ismail Agha).

Regarding the present situation I will give you some details of which I have been an eye witness.

At 11 o'clock on Monday the 21st November I left Sulaimani and proceeded to the boundaries of Mangur[1] tribes via Vezna. Babakr Agha[2] and his brother Abbas Selim Agha are intelligent and kind and Babakr Agha is well respected by the British authorities and is getting sufficient salary. Their boundary is very safe, and they are not being influenced by the mischievious movements of the Anatolian Union and Progress party. His tribe is a strong one and the various chiefs are related to each other; the neighbouring tribes, Mangur, Mamish, Ghaurek, Dibukri[3] and the Bey Zadah, are peaceful; the last named is a strong tribe living around Sakiz and in the neighbouring district.

1. 800 rifles West of Sauj Bulak.
2. Chief of Pizhdur Kurds 4000 rifles R. Bank Zab River on both sides of frontier.
3. Sections of the Mukri tribe South & South West of Sauj Bulagh, 1500 rifles.

They (Babakr Agha's tribes) are retaining a good position towards Bana-Saqz of Sahna district and even towards the Shikak,[4] under the control of Simko which extend up to the west and north west of Urmia.

4. Simko's tribe N.W. of Urmia.

The tribe of Nur-al-Din, being organised with chiefs who are aware of the present condition of affairs, have ready a fighting force of between 2500 and 3000 Cavalry and about 4000 Infantry.

These being conscientious and patriotic men understand full well that the liberty and the welfare of Southern Kurdistan and the happiness of the Kurdish nation depend upon adopting the British policy in this respect and refusing

to

R. bank of Lesser Zab, close to frontier.

to join the ruinous policy of the Anatalian Union and Progress party in the whole of Anatolia and Northern Kurdistan. Thus, the entire population of Pishdur District, Sardasht and other villages of the Persian boundary, are enjoying a peaceful life under their chiefs, Miraveah and Mirabdullah.

On account of the small tribe of Rawandus having joined the Union and Progress party, and owing to the mischievious movements of some ex-officers, who were unable to return to their homes, the population of Rawandus and district is suffering to a great extent and they are seeking every xxxxx where for a means to effect their liberation.

Although there are enough intelligent men to smash this movement and restore the peace, the British authorities do not somehow feel inclined to take any active steps or rather they do not attach importance to it.

1. A man with very little influence

2. 200 rifles Northern slopes of Zerdan Dagh.

3. 380 rifles N.W of Rania & further N.W across the frontier.

I interviewed Agha-i-Bais[1] the chief of Ojak Kiak[2] Heder Tribe, who is very well known by Mangur Marash and Pilan[3] tribes also, and who lives at Al Watan.

The Anatolian war and the Greek invasion are due to the atrocities of the Union and Progress party in the Great War and to their irregular attacks on the population of Brussa and Smyrna after the Armistice, and to their revolt against the Sultan, and their opposition to the wishes of the people.

I visited Kian Kheder Khan Aziz, in the vicinity of Mirghian, and expressed my satisfaction that they were at peace with the neighbouring tribes and that they were not affected by the Anatolian movement, which under the veil of Islamism was committing all sorts of atrocities.

After leaving the Mangur, I arrived at Sauj Bulagh on the 9th of October 1921, where I witnessed the population emigrating to the neighbouring tribes (Diarbakri and Mukri)

in

in a disorderly and pitiful state, the reason for which, they stated, was the advance of the Persians from Miandoab and of the Shikak tribe from Urmia to fight in the town. Although I explained to them they were deceived, they continued to emigrate, tormented by their bitter experience of the past. While contemplating the view of Dil Khorason I noticed about three hundred mounted men advancing to my direction, who, I came to understand, were the followers of Hamish Hamza Agha[1], and Sheikh Abdullah Nasir (representative of Ismail Agha (Simko) of Shikak and Saiyid Taha)[2] sent to conciliate the Dibakri and Mangur tribes.

1. A chief of the Persian Mamash.

2. Of Neri. Leading Kurd working with Simko.

3. Nephew of Saiyid Taha

4. N.W. of Urumia near Salmas.

I passed the night at Shaikh Abdullah's[3] residence. I had a long interview with them.

At night the news of my arrival was telephoned to Saiyid Taha at Berandez and to Simko at Charik[4], the head-quarters of the Shikak.

My two days' stay there very much pleased the population and the emigrants returned to their villages and the shops began to re-open one by one.

After leaving Sauj Bulagh I proceeded to Saiyid Taha at Brandeze, where I remained for a day. Having left my nephew there, on account of his ill-health, I, together with Saiyid Taha, proceeded to Simko Agha, passing by Urmia.

On our way we had a telephone message to this effect: The Shikak forces are to move on the troops which have appeared between Khoi and Tabriz. (This telephone was organized and fixed in important centres last year, after the Shikak occupation of Urmia).

On arrival at Charik I heard of the advance of Simko's Infantry, Artillery and part of his Cavalry towards Salmas.

We met Simko in the morning and during our long interview I put to him the following questions:-

Q.1. What is the real object which you wish to gain by all these operations against the Persian Government during

